# کۆوانەکانی ڕەوانبێژی

د. ئیدریس عەبدوڵڵا
مامۆستای ماددەکانی (ڕەوانبێژی) و (شێوازگەری) لە بەشی کوردی
کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین

ناوی کتێب: کۆوانەکانی ڕەوانبێژی
نووسەر: د. ئیدریس عەبدوڵڵا
نەخشەسازی بەرگ:
نۆرەی چاپ: یەکەم
تیراژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانە: منارە ـ هەولێر
ساڵی چاپ: ٢٠١٣
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.

***

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لە بارەی ڕەوانبێژییەوە | ٩ |
| مێژووی ڕەوانبێژی | ٩ |
| پێناسەی ڕەوانبێژی | ١٢ |
| بەشی یەکەم: جوانکاری | ١٣ |
| جوانکاری وشەیی | ١٤ |
| جوانکاری واتایی | ١٤ |
| یەك: هونەرەکانی جوانکاری وشەیی | ١٥ |
| یەکەم: ڕەگەزدۆزی | ١٥ |
| یەك: ڕەگەزدۆزی تەواو | ١٥ |
| دوو: ڕەگەزدۆزی ناتەواو | ١٨ |
| ١ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا | ١٨ |
| ٢ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها | ٢٠ |
| ٣ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد | ٢١ |
| ٤ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی | ٢٤ |
| ٥ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی | ٢٥ |
| ٦ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی | ٢٨ |
| دووەم: هێنانەوە | ٣٠ |
| سێیەم: گێڕانەوە | ٣٥ |
| چوارەم: گەڕانەوە | ٤٤ |
| پێنجەم: پاتکردنەوە | ٤٧ |
| جیاوازی نێوان (گێڕانەوە) و (پاتکردنەوە) | ٥٢ |
| شەشەم: بوونی پێویستە | ٥٣ |

| | |
|---|---|
| حەوتەم: لێیوەرگرتن | ٥٦ |
| هەشتەم: تێکهەڵکێش | ٥٩ |
| جیاوازی نێوان لێیوەرگرتن و تێکهەڵکێش | ٦٢ |
| نۆیەم: دوو سەروا | ٦٣ |
| دەیەم: دواخستن | ٦٧ |
| یازدە: هاوبڕی | ٦٩ |
| دوازدە: پێنجخشتەکی | ٧٢ |
| جیاوازی نێوان پێنجخشتەکی و پێنجین | ٧٢ |
| پێنجخشتەکی لە شیعری کوردی | ٧٣ |
| سێزدە: چوارخشتەکی تێکەڵ | ٧٧ |
| چواردە: ڕەنگامە، یان مولەممەع | ٧٩ |
| ١ـ مولەممەعی داهێنراو | ٧٩ |
| ٢ـ مولەممەعی تێکهەڵکێشکراو | ٨٠ |
| دوو: هونەرەکانی جوانکاری واتایی | ٨٣ |
| یەکەم: دەستپێکی دڵگیر | ٨٣ |
| دووەم: کۆتایی دڵگیر | ٨٦ |
| سێیەم: دژیەك | ٨٨ |
| دژیەکی فەرهەنگی | ٨٩ |
| دژیەکی نافەرهەنگی | ٩١ |
| چوارەم: بەرامبەری | ٩٣ |
| جیاوازی نێوان (دژیەك) و (بەرامبەری) | ٩٥ |
| پێنجەم: پێچەو پەخشە | ٩٦ |
| جیاوازی نێوان (بەرامبەری) و (پێچەوپەخشە) | ٩٧ |
| شەشەم: موشاکەلە | ١٠٠ |
| حەوتەم: جوانی بایس | ١٠٣ |
| هەشتەم: بادانەوە | ١٠٦ |
| نۆیەم: کۆکردنەوە | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| ١١١ | دەیەم: لێککردنەوە |
| ١١٢ | یازدە: وەصف |
| ١١٣ | دوازدە: لۆمەکردن |
| ١١٤ | سێزدە: وەصفی لە بەرگی لۆمە |
| ١١٥ | چواردە: لۆمە لە بەرگی وەصف |
| ١١٨ | پازدە: جەختی وەصف وەکو لۆمە |
| ١٢١ | شازدە: جەختی لۆمە بە وەکو وەصف |
| ١٢٣ | هەڤدە: پۆشین |
| ١٢٤ | یەکەم: پۆشینی ڕووت |
| ١٢٤ | دووەم: پۆشینی پالاَو |
| ١٢٥ | سێیەم: توانج پۆشی |
| 128 | هەژدە: جێگۆڕین |
| 130 | نۆزدە: فرەواتایی |
| 132 | بیست: بەهەڵەبردن |
| ١٣٥ | بیست و یەك: خۆ هەڵەکردن |
| ١٣٦ | هۆیەکانی (خۆهەڵەکردن) |
| ١٣٧ | جیاوازی نێوان (بەهەڵەبردن) و (خۆهەڵەکردن) |
| ١٣٨ | بیست و دوو: گردکردنەوە |
| ١٤١ | بیست و سێ: هەڵوەشاندنەوە |
| ١٤٢ | بیست و چوار: ڕوونکردنەوە |
| ١٤٤ | بیست و پێنج: وەرچەرخان |
| ١٤٥ | بەشی دووەم ڕوونبێژی |
| ١٤٥ | باسەکانی ڕوونبێژی |
| ١٤٦ | باسی یەکەم: لێکچوواندن (تەشبیە) |
| ١٤٦ | بنەڕەتەکانی لێکچوواندن |
| ١٤٦ | ـ بنەڕەتی سەرەکی لێکچوواندن |
| ١٤٧ | أ ـ لێیچوو |

| | |
|---|---|
| ب ـ لەوچوو | ١٤٧ |
| ٢ـ بنەڕەتی ناسەرەکی لێکچوواندن | ١٤٧ |
| أـ ئەوزار | ١٤٧ |
| ب ـ ڕووی لێکچوون | ١٤٧ |
| جۆرەکانی لێکچوواندن | ١٤٨ |
| ١ـ لێکچوواندنی ڕەهای درێژە (تەشبیهی تام) | ١٤٨ |
| ٢ـ لێکچوواندنی ڕەهای پوختە (تەشبیهی موڕسەلی موجمەل) | ١٤٨ |
| ٣ـ لێکچوواندنی جەختاوی درێژە (تەشبیهی موئەککەدی موفەصصەل) | ١٤٩ |
| ٤ـ لێکچوواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی بەلیغ) | ١٥٠ |
| ١ـ لێکچوواندنی هەستی هەستی (تەشبیهی حسی حسی) | ١٥١ |
| ٢ـ لێکچوواندنی (ئەقڵی ئەقڵی) | ١٥٢ |
| ٣ـ لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی | ١٥٣ |
| ٤ـ لێکچوواندنی هەستی ئەقڵی | ١٥٤ |
| سێیەم: چەند جۆرێکی دیکەی لێکچوواندن | ١٥٤ |
| ١ـ لێکچوواندنی یەکخەر (تەشبیهی تەسویە) | ١٥٤ |
| ٢ـ لێکچوواندنی کۆ (تەشبیهی جەمع) | ١٥٥ |
| ٣ـ لێکچوواندنی پێچراو (تەشبیهی مەلفوف) | ١٥٥ |
| ٤ـ لێکچوواندنی بڵاو (تەشبیهی مەفروق) | ١٥٦ |
| ٥ـ لێکچوواندنی ئاوەژوو (تەشبیهی مەقلوب) | ١٥٧ |
| ٦ـ لێکچوواندنی نائاشکرا (تەشبیهی زمنی) | ١٥٩ |
| ئەوزارەکانی لێکچوواندن | ١٦٠ |
| مەبەستەکانی لێکچوواندن | ١٦١ |
| باسی دووەم: خواستن | ١٦٦ |
| پایەکانی خواستن | ١٦٧ |
| خواستنی ئاشکرا | ١٦٨ |
| خواستنی درکاو | ١٧١ |
| باسی سێیەم: خوازە | ١٧٤ |

| | |
|---|---|
| یەك: خوازە بە پەیوەندی شوێنی | ١٧٤ |
| دوو: خوازە بە پەیوەندی کاتی | ١٧٦ |
| سێ: خوازە بە پەیوەندی ژمارەی | ١٧٧ |
| چوار: خوازە بە پەیوەندی ئاوەڵناوی | ١٧٨ |
| پێنج: خوازە بە پەیوەندی بەرکاری | ١٧٩ |
| شەش: خوازە بە پەیوەندی ئامێری | ١٨٠ |
| حەوت: خوازە بە پەیوەندی کەرتی | ١٨٢ |
| هەشت: خوازە بە پەیوەندی گشتی | ١٨٤ |
| نۆ: خوازە بە پەیوەندی ڕابردوویی | ١٨٦ |
| دە: خوازە بە پەیوەندی ئایندەیی | ١٨٧ |
| یانزە: خوازە بە پەیوەندی هاوسێیەتی | ١٨٨ |
| باسی چوارەم: درکە | ١٨٩ |
| بەشی سێیەم: واتاناسی | ١٩١ |
| دەروازەیەك بۆ واتاناسی | ١٩١ |
| باسەکانی واتاناسی | ١٩١ |
| باسی یەکەم: هەواڵ (خەبەر) | ١٩١ |
| ١ـ هەواڵی بێگومان ڕاست | ١٩٢ |
| ٢ـ هەواڵی بێگومان درۆ | ١٩٢ |
| ٣ـ هەواڵی گوماناوی | ١٩٣ |
| ١ـ هەواڵی درووست | ١٩٣ |
| ٢ـ هەواڵی خوازەیی | ١٩٤ |
| باسی دووەم: دارشتن | ١٩٩ |
| ەکەم: دارشتنی بێلەداخوازی | ١٩٩ |
| دووەم: دارشتنی داخوازی | ٢٠٠ |
| یەك: فرمان | ٢٠٠ |
| ١ـ فرمانی درووست | ٢٠٠ |
| ٢ـ فرمانی خوازەیی | ٢٠١ |

| | |
|---|---|
| دوو: نەهێشتن | ٢٠٤ |
| سێ: پرسیار (أستفهام) | ٢٠٥ |
| پرسیاری درووست | ٢٠٦ |
| پرسیاری خوازەیی | ٢٠٦ |
| چوار: خۆزی (التمنی) | ٢١١ |
| خۆزی درووست | ٢١٢ |
| خۆزی خوازەیی | ٢١٢ |
| پێنج: بانگکردن (نیدا) | ٢١٣ |
| بانگکردنی درووست | ٢١٥ |
| بانگکردنی خوازەیی | ٢١٥ |
| باسی سێیەم: تایبەتی | ٢١٩ |
| بنەڕەتەکانی تایبەتی | ٢١٩ |
| ١ـ تایبەتی درووست | ٢٢١ |
| ٢ـ تایبەتی دراوەپاڵ | ٢٢١ |
| ١ـ تایبەتی مەرجدار | ٢٢٢ |
| ٢ـ تایبەتی بێ مەرج | ٢٢٣ |
| باسی چوارەم: کورتبڕی | ٢٢٥ |
| یەکەم: کورتبڕی بە لابردن | ٢٢٥ |
| دووەم: کورتبڕی کورتکردنەوە (ایجاز قصر) | ٢٢٨ |
| باسی هەشتەم: درێژبڕی | ٢٣٠ |
| یەکەم: حەشو | ٢٣٠ |
| دووەم: ئیغال | ٢٣١ |
| سەرچاوە | ٢٣٢ |
| پوختەی ژیانی زانستی ئیدریس عەبدوڵڵا | ٢٣٦ |


❊❊❊

له بارەی ڕەوانبێژییەوە

ڕەوانبێژی واتە گوتن و نووسین بەو شێوەیەی ڕەوانەو کاریگەری تایبەتی لەسەر دەروونەکان هەیە.. ئەوەش مێژووەکی دوورو درێژی هەیە.

مێژووی ڕەوانبێژی

له وەتەی ئادەمیزاد هەوڵی ئەوەی داوە، جۆرە گوتارێك دابێنێت، جیا بێت لە گوتەی ئاسایی سەرزاری خەڵك، بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر درووست بکات و گۆڕان بەرهەم بێنێت، هونەرەکانی (ڕەوانبێژی)ش پەیڕەوییان لێکراوە، بەڵام بێ ئەوەی داهێنەران ئەو هونەرانەیان پۆلێنکردبێ و یاساکانیان خستبێتە ڕوو.

باوکە ئادەم و نوح و ئیبراهیم و برایانی تریان لە پێغەمبەران (درودو سڵاوی خوایان لەسەر)، یەکەمینی ئەو کەسانەن، کە بە زمانێکی پڕ ڕەوانبێژی و جوان پەرستشی خوای گەورەیان کردبێ و بە بەهێزترین و کاریگەرترین زمان بانگەوازییان بۆ یەکتاپەرستی و ئاینەکانیان کردبێ.

هندییەکانیش پێش یۆنانیەکان، پەیان بەو جۆرە کاریگەرییە زمانییە بردبوو، کە کتێبی ئاینی خۆیان پێ نووسرابۆوە، دەیانزانی زمانی کتێبەکە کاریگەرترە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتنی خۆیان، بەڵام لە بارەی ڕەوانبێژییەوە وەکو زانستێکی پڕ هونەر، شتێکی ئەوتویان نەدەزانی.

لە سەردەمی یۆنانیەکان، وردە وردە ئەو هونەرانەی (ڕەوانبێژی) دەستنیشانکران، کە بە هۆیانەوە گوتار لە سادەیی ڕزگاری دەبێت و دەقی ئەدەبی لێ بەرهەم دێت.

لای یۆنانیەکان ڕەوانبێژی سەرەتا وەکو هونەرێك بوو بۆ داهێنانی گوتار، دواتریش بۆ هەموو دەربڕینێکی زمانی سوودی لێوەرگیرا، تا لەوەش زیاتر وای لێهات، ڕەوانبێژی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرە شیعرییەکانی تر توانی بۆ هەموو ئەدەب درێژببێتەوە، چونکە سەرەتا وەکو ئاماژەی بۆ کرا، چەند ئامۆژگارییەکی سادە بوو، بۆ پێشکەشکردنی دەربڕین، دواتر وردە وردە فراوانبوو و بووە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری هونەری لەیەکجیا، کە هەریەکەی بنەماو یاسای تایبەتی خۆی هەبوو بۆ داهێنان، بەمەش ئیدی وای لێهات، چ سیاسی و چ شانۆنووس و

چ شاعیر و وتارخوێنی ئاینیش، کەم یان زۆر، کەسیان نەتوانن چاویان لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بپۆشن و بەبێ ئەو هونەرانە شتێکی پڕ کاریگەری و بەهێز پێشکشەش بکەن.

دوای یۆنانیەکان لەلای عەرەب و فارس و کوردو نەتەوەکانی تریشەوە، بایەخ بە لێکۆلینەوە ڕەوانبێژییەکان درا.

لای یۆنانیەکان یەکەم کەس، کە ئاماژەی بە هەندێ هونەری ڕەوانبێژی کردبێ (ئەرستۆ)یە، ئەویش لە هەردوو کتێبەکانی: (هونەری شیعر) و (هونەری دوان)، ئەرستۆ کە هات لە دەقە ئەدەبی و سیاسیەکانی سەردەمی خۆی کۆڵیەوە (شانۆنامە و خیتابە)، بۆی دەرکەوت ئەم دەقانە بەسوود وەرگرتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەهێزتر و جوانتر دەبن.

دوای ئەوە (هۆراس)ی ڕۆمانی هات، ئەویش لە (هونەری شیعر)ی خۆی جەختی لەسەر گرنگی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردەوە.

پاش ئەمانە عەرەبەکانیش هەریەکە لە (فەڕائ) و (ئەبوعوبەیدەی کوڕی موسەنا) و (جاحز) و (سەکاکی) و (ئیبن و موعتەز)و... دەیانی دیکە گرنگییان بە ڕەوانبێژی داو هونەرەکانی ڕەوانبێژییان بەرەو فراوانتری هێنا.

لای کوردانیش، لە زووەوە شاعیرانی کلاسیك و خەتیبە موسلمانەکان لە وتارەکانی هەینی و موحازەراتی تریان، بە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە زمانی خۆیان بەهێز و کاریگەر کردووە، بەڵام وەکو لێکۆلینەوە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، لە سەدەی بیستەمەوە گرنگی بە ڕەوانبێژی دراوەو شتی لە بارەوە نووسراوە.. گرنگترین نووسینەکان بریتینە لە:

١ـ یەکەم کەس کە لەسەر ڕەوانبێژی نووسیبێ (شێخ نوری شێخ صالح)ە، ئەو لە زنجیرە وتارێکی بە ناونیشانی (ئەدەبی کوردی) لە ساڵانی (١٩٢٦ـ١٩٢٧) لە ڕۆژنامەی (ژیان) بێ ئەوەی باسی لە وشەی ڕەوانبێژی کردبێ، لە ئەڵقەکانی (١٨ـ٢٥) تیشکی خستۆتە سەر هەندێ هونەری ڕەوانبێژی.

٢ـ (عەلائەدین سەجادی) لە ساڵی (١٩٦٨) لە کتێبی (ئەدەبی کوردی) تیشکی خستۆتە سەر هەندێ هونەری ڕەوانبێژی.

٣ـ مامۆستا (عەزیز گەردی) لە ساڵەکانی (١٩٧٢ و ١٩٧٥و ١٩٧٨) لە سێ بەرگدا ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە.

٤ـ (سەجادی) دیسانەوە لە ساڵی (١٩٧٨) وەکو کتێبی تایبەت بەو زانستە (خۆشخوانی) نووسیوەتەوە.

٥ـ (کامل بەسیر) کتێبی (زانستی ئاوەڵواتا).

٦ـ (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) کتێبی (بەدیع و عەروزی نامی) لە ساڵی (١٩٩١) بە چاپگەیاندووە.

٦ـ دیسانەوە: عەزیز گەردی کتێبێکی دیکەی مەنهەجی لەم بارەیەوە نووسیوە، بە ناونیشانی: ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان و پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان.. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، لە ساڵی ١٤٢٣ هیجری، ٢٠٠٢ زاینی کراوە.

٧ـ (ئیدریس عەبدوڵڵا) شەش کتێبی لە بارەی ڕەوانبێژییەوە بە چاپگەیاندووە.. سێ کتێبی لە بارەی (جوانکاری) چاپبووە.. ئەوانیش: کتێبی (جوانکاری لە ئەدەبی کوردی) لە ساڵی (٢٠٠٣) لە سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپبووە.. لە ساڵی ٢٠١٢ش دوو کتێبی بە ناونیشانەکانی (جوانکاری شیعری نوێی کورد) و (جوانکاری شیعری کلاسیکی کورد) لە هەولێر لە دەزگای موکریانی بە چاپ گەیشتووە.. نامە دکتۆراکەشی بە ناونیشانی (لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)یە، پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.. لە ڕۆژی (٢٠١٠/٩/١٨) بەرگری لێ کردووەو دواتر لە ساڵی (٢٠١١) لە لایەن ئەکادیمیای کوردی چاپکراوە.. کتێبی پێنجەمی بە ناونیشانی (شێواز)ە، کە تایبەتە بە شێوازەکانی ڕەوانبێژی و ساڵی ٢٠١٢ لە هەولێر بە چاپی گەیاندووە.. کتێبی شەشەمیشی ئەو کتێبەی بەردەستە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (کۆوانەکانی ڕەوانبێژی) و ئەمەیان پوختەی ئەو کتێبانەی پێشوویەتی.

جگە لەوانەش هەندێ نامەی دکتۆراو ماستەر و باسی دەرچوون و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە:

٨ـ عەبدولسەلام سالار عەبدولڕەحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەری پێشکەشکراو بە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، شەوالی ١٤١٠هیجری، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠زایینی.

٩ـ نەوزەت ئەحمەد عوسمان، وێنەی ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەری پێشکەشکراوە بە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، جەمادی ئاخیرەی ١٤١٢هـ، کانونی یەکەمی ١٩٩١م.

لەگەڵ چەندین نامەی تریش، لەژێر ناونیشانەکانی (شێواز) و (وێنەی شیعری)، کە زۆربەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەر گوزارشت لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیش دەکەن.

پێناسەی ڕەوانبێژی

زۆرێکی زانایان لە بارەی ڕەوانبێژییەوە دوواون و گوتوویانە: بریتییە لە درێژبڕی بێ زیادەو کورتبڕی بێ کەمی.

کەچی جاحز پێچەوانەی ئەوانە دواوەو گوتوویەتی: بریتییە لە پێکانی واتا و خستنەڕووی مەبەست بەبێ زێدەڕۆیی و کورتکردنەوە.

هەیشە تەنیا لە کورتبڕیی بە جوان دیوە، ئەوەتا هاڕونی ڕەشید گوتوویەتی: ڕوونبێژی دوورکەوتنەوەیە لە درێژبڕی و نزیکبوونەوەیە لە مەبەست و گەیاندنی واتا بە وشەی کەم و واتای زۆر.

هەیشە گرنگی بە وێنە داوەو گوتوویەتی: رەوانبێژی هیچ نییە، ئەوە نەبێت واتا بە باشترین وێنەی گۆکراو بگەینرێتە دەروون، وەکو ڕەوانبێژ و ڕەخنەگرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە.

لەمانەی سەرەوەدا وەکو بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ڕەوانبێژی لە خانەی ئەم پێنجانە کورتکراوەتەوە:

١ـ کورتبڕی جوان لە دەربڕین

٢ـ گەیشتنی واتای تەواوی زۆرتر لە وشەکان

٣ـ درێژبڕی جوان و واتای تەواوی کەمتر لە وشەکان

٤ـ یەکسانی لە نێوان قەوارەی وشەو واتادا

٥ـ خستنەڕووی واتا بە وێنە

## بەشی یەکەم: جوانکاری

(جوانکاری) یەکێکە لە سێ بەشەکانی زانستی ڕەوانبێژی.. لە عەرەبیدا (البدیع)ی پێدەگوترێت، وشەیەکە لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لە: (داهێنانی شت)، یان بە واتایەکی تر (البدیع) بەو شتە دەگوترێ کە : (بۆ یەکەمجار دادەهێنرێ).. لە قورئانی پیرۆزدا لەیەکێ لەو شوێنانەی باس دێتە سەر پەسنی خودای میهرەبان، (خودای گەورە) دەفەرموێت: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَاوَاتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ سورەتی ﴿البقره﴾ ئایەتی (١١٧).. واتە: خودا داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، کاتێ فەرمان بە هاتنەدی شتێك بدات، دەفەرموێت: ببەو دەبێت.. هەر لە قورئانی پیرۆزدا لە شوێنێکی تر، کاتێك (خودای گەورە) ڕووی فرمان لە پێغەمبەرەکەی دەکات (دروودو سڵاوی خودای لێ بێ)، دەفەرموێت: ﴿قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعٗا مِّنَ ٱلرُّسُلِ﴾ سورەتی ﴿الأحقاف﴾ ئایەتی (٩).. واتە: بڵێ من تازانەی پێغەمبەران نیم.. واتە یەکەمجار نییە پێغەمبەرێکتان بۆ بێ، کە منم، بەڵکو بەر لە منیش پێغەمبەرانی تر هاتوون (درووديان لەسەر بێ).. لە فەرموودەشدا هاتووە: (کل بدعة ضلالة).. واتە: هەموو تازەهێنراوێك لە بۆ خانەی پەرستشە وەقفییەکان گومڕاییە.

لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیشدا (جوانکار) بە دوو واتا دێت:

١ـ ڕازێنەوە، بووك جوانکەر

٢ـ دەست ڕەنگین، بە هونەر

هەرچی (جوانکاری)شە، ناوێکی واتاییە، پێکهاتووە لە ئاوەڵناوی بکەری لێکدراوی (جوانکار) و (ی)، کە وەك پاشگرێکی دروستکردنی ناوی واتایی هاتۆتە سەر (جوانکار)ی ئاوەڵناو، (ناوە واتایی)یەکەی لێدروستکردووە، کە (جوانکاری)یەو بەسەریەکەوە واتە: ئەو کارە جوانانەی هەرکەسێك لە بواری پسپۆڕی خۆی ئەنجامیان دەدات.

بەڵام لە (ڕەوانبێژی)دا لای کوردو عەرەب (جوانکاری) واتایەکی تر دگەینێ، ئەویش: ئەو زانستەیە کە ڕووە جوانەکانی دەربڕینی پێدەناسرێتەوە، دوو جۆری هەیە:

١ـ جوانکاری وشەیی

٢ـ جوانکاری واتایی

جوانکاری وشەیی

باسێکی سەرەکی جوانکارییە.. مەبەست لێی جوانکردنی دەربڕینە، با هەندێك جار واتاش بە دوای ئەوەوە جوان بکرێت، نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر هەر دەربڕینێکی گوتار لێرەدا بۆ هاوواتاکەی گۆڕا، جوانییەکە نامێنێت.

بە واتا.. ئەم جۆرەی جوانکاری وشەیی: لە لایەنی ئاوازو مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵەو ئاوازی وشەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستونیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەیەوێ لە ڕووی مۆسیقای بەهێزی دەربڕینەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر، یان بیسەر درووست بکات.

جوانکاری واتایی

باسێکی دیکەی جوانکارییە.. لێرەدا جوانکردنەکە بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێك لە هونەرەکانی بە مانای جوانکردنی دەربڕینیش دێن، نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینێکی دەقەکە بە هاوواتاکەی گۆڕدرا، جوانکاریە ئاماژە بۆکراوەکە ناگۆڕێت، چونکە مەبەست لەم جوانکارییە جوانکردن و باشکردنی مانایە.

بە واتا.. ئەم جۆرەی جوانکاری وشەیی: لە لایەنی ئاوازو مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵەو ئاوازی وشەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستونیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەیەوێ لە ڕووی مۆسیقای بەهێزی دەربڕینەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر، یان بیسەر درووست بکات.

❊❊❊

## یەك: هونەرەکانی جوانکاری وشەیی

یەکەم: ڕەگەزدۆزی

ڕەگەزدۆزی (الجناس).. بریتییە لە بوونی دوو وشە لە دەربڕیندا وەکو یەك، یانیش لێکچووبن و لە واتادا جیاوازبن.. ئەمەش دوو جۆری هەیە، بریتینە لە: ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو.

یەك: ڕەگەزدۆزی تەواو

بریتییە: لە بوونی دوو وشە، لە شێوەدا وەك یەك و لە واتادا جیاوازبن.. واتە: ژمارەو شێوەو جۆر و ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەك بن.. بۆ نمونە:

ـ کاوە کە هەڵیکرد ئاڵا

گەل لە قەڵای زۆردار ئاڵا... کامەران موکری

لەم دێڕە هۆنراوەیەدا، دوو وشەکانی (ئاڵا) لە هەر دوو نیوە دێڕدا (رەگەزدۆزی تەواو) دروستدەکەن، چونکە دەبینین هەردوو وشەکان جۆری پیتەکانیان یەکە، پێکهاتوونە لە (ئـ ـ ا ـ ڵ ـ ا).. ژمارەی پیتەکانیان بە هێندەی یەکە، هەردووکیان لە (چوارپیت) پێکهاتوون.. شێوەی پیتەکان لە هەردوو وشەدا وەك یەکە، بە یەك شێوەش بەدوای یەکتردا ڕیز بوونە.

ئەگەر لە ڕووی واتاشەوە سەرنجیان بدەین، دەبینین: لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ئاڵا) بە واتای بەیداخ و پەرچەمی خەبات و شۆڕش هاتووە.. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (ئاڵا) فرمانێکەو بە واتای کۆبوونەوەی خەڵکی دێت بە دوای (ئاڵا)کەی شۆڕشی (کاوە)و ڕاپەڕین و پەلاماردانی ئەو خەڵکە لە دژی قەڵای زۆردار، بەوەش ڕەگەزدۆزی تەواو دروستبووە.

تێبینی: مەرجی وەك یەکی (شێوەی پیتەکان) لە هەردوو وشە، هەندێ جار دەشێ نەشبێ و شێوەی پیتەکان لە وشەی یەکەم و دووەم بگۆڕێ، بەڵام مادام یەك جۆرن، هەر یەك مۆسیقایان دەبێ و هەر بە یەك شت دەژمێردرێن، کار لەوە ناکات (ڕەگەزدۆزی تەواو)ی نێوان دوو وشەکان بشێوێ.. بۆ نمونە:

ئەتۆ لەلای خۆت خاوەن پیرەوی

کەچی دەبینم سەگت پیێ ڕەوی... سامی عەودال

لێرەدا وشەکانی (پێڕەوی) و (پیێ ڕەوی) لە ڕووی شێوەی پیتەکانیان، پیتی دووەمیان شێوەکەی لێك جیایە، لە یەکەمیان (یـ) و لە دووەمیان (یێ)یە.. بەڵام لە ڕووی مۆسیقاوە دوو وشەکان وەکو یەکن و سیێ مەرجەکانی ژمارەو جۆر و ڕیزبەندی پیتەکانیان وەکو یەکەو لە واتاشدا لێکتر جیاوازن، بۆیە (ڕەگەزدۆزی تەواو)یان درووست کردووە.

چەند نمونەیەك بۆ شیکار کردن

١ـ خاترم چەند ڕۆژ خەستەی خەمان بوو
چاوانی سەرم وەك چاوان وابوو... پیرەمێرد

٢ـ بۆ ژیر و خاوەن دیدە
بوون بۆ بوونی شاهیدە... جەمال بێدار

٣ـ تۆ بووی کە خوات پێمان ناساند
تۆ تۆوی باوەڕت وەشاند... جەمال بێدار

٤ـ قورینگ چڵەی زستان دەبڕن
چاویان لە کوردستان دەبڕن... سوارەی ئیلخانی زادە

٥ـ کاتیێ شاعیر گڕ دەگریێ
پێنووسەکەی لە باوەشی پەنجەکانی
بە توند دەگریێ... جەمال گردەسۆری

٦ـ بیێ ڕووبەستیێ
هەی دیێ هەی دیێ
دیێ بە دیێ دیێ... خدر کۆساری

٧ـ نالی نییەتی سیحری بەیان حیکمەتی شیعرە
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قودڕەتی ئینشا... نالی

٨ـ دوێنیێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەڕامەت

ئەمرۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو نەدەمت بوو... نالی

٩ـ وەرە لادە لە دونیا بێ لەمەولا ڕووت لە مەولا بێ

دڵ و جان و وجوودت هەر نیساری شاهی (لەو لا) بێ... سەید ئەحمەدی نەقیب

١٠ـ دواڕۆژی ڕەش بەدی دەکەن

کەچی هێشتا بەدی دەکەن...دلزار

١١ـ گەر چڵکن نەبی لاشەت ناخورێ

زەنگینیش نەبی ماڵت ناخورێ... سامی عەودال

١٢ـ ئەوەی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی

لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی.. مەلای گەورە

١٣ـ هەرچەندە کە ڕووتم بە خودا مایلی ڕووتم

بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە... نالی

١٤ـ تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چابێ چانەبێ

هەرکەسێکی هەمنشینی چانەبێ پێت چانەبێ... مەلا صالحی حەریق

١٥ـ ئومێدی سەر لە سەر دەرکەن ئەوانەی ڕاست و ڕووناکن

قەڵەم هەر سەر قەڵەم مۆم بۆ مقەست هەر بۆ ئەویش چاکن... پیرەمێرد

***

دوو: ڕەگەزدۆزی ناتەواو

بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە یەك، یان زیاتر لە مەرجێکی چوار مەرجەکانی (ڕەگەزدۆزی تەواو) لە دەست دەدات، واتە: بەشێکی گرنگی (ڕەگەزدۆزی)یە، لە دوو وشە

پێکدێت، کە تا ڕادەیەك لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لێکچوونەکە تەواو نییە، لە واتاشدا هەردوو وشەکان لە یەکتری جیاوازن و هەریەکەو واتای سەربەخۆی خۆی هەیە.

ئەوەش جۆری زۆرە، لەوانە: (جودا و کەرتی و زیاد و هاوکێشی و... هیدیکە).

١ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا

بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارەو شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەك یەك بێ، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لە یەکتری جیاواز بن.. بۆ نموونە:

ـ وانەی شەهیدیت ئەوەندە بەرزە

کۆشکی دوژمنی پێ هاتە لەرزە... ڕەنجدەری پاوە

وشەکانی (بەرزە) و (لەرزە) ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری جودا درووست دەکەن، چونکە لە یەك پیتی یەکەمیان لە یەك جیاوازن.

ـ هەر لە یادمە دەنگی مەشکەی پڕ

ئاگری تەپاڵە، تەپەی نان و گڕ... خورشیدە بابان

وشەکانی (پڕ) و (گڕ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری جودا درووست دەکەن، چونکە لە یەك پیتی یەکەمیان لە یەك جیاوازن.

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ ئەووەل و ئاخر ئەتۆی ئەی زاتی پاك

نەوعی ئینسانت درووستکرد تۆ لە خاك... ڕەشاد موفتی

٢ـ کە هاتی دونیا گۆڕا          خۆشەویستی لێ چۆڕا

فێرت کردین واتای ژین          چۆن بەرەو بەرزی بچین... قاسم گەلاڵی

٣ـ سەگ بە گورجی گەیشتە سەر ئاوێ    ویستی گەر بسرەوێ لەوێ تاوێ... ئیبراهیمی ئەفخەمی

٤ـ دوور لە هاوار،

دوور لە جێگا،

باری خستبووە لا ڕێگا... حەسیب قەرەداغی

٥ـ چ سەوداییێکە وا یاران کە بێ سەودا لە سەرمایە

غەم و تەم میحنەت و هیجران وەکو خەڕقە لە بەرمایە... میرزا غەفور

٦ـ ئاخر زەمانەو دنیا بازییە   ئیمان زاییفەو شەیتان ڕازی یە... حەمە عەلی ڕەحیم پوور

٧ـ تۆ چەندە بارێکی قوڕسی   بەسەر لاشانی غەمەوە

چەمۆڵەیەکی چەند مۆنی   بەنێو چاوانی تەمەوە... مارف ئاغایی

٨ـ تیشکی خۆری ئازادی گەل

دە زووکە زوو

ڕوو نیشاندە لە لێوی کەل...سەعدوڵڵا پەرۆش

٩ـ گەر ڕەفیقت یاری صادق بێ چ باکی ڕێگەتە

گەر کەسی بەدخوت لەگەڵدا بێ جەهەننەم جێگەتە... جەنەڕاڵ ئەمین فەیزی بەگ

١٠ـ میر بە سەد منەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت

دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت... شێخ ڕەزا

١١ـ بە بیرت دێ زەمانێ چووینە باڵەك.. بە پێخواسی نە کەوشم بوو نە کاڵەك... حاجی قادری کۆیی

١٢ـ لە تەئریخا ئەڵێت بازێ بە بازێ.. وتی تاکەی بژین بێ قەدر و نازێ... مینە جاف

١٣ـ هەتاکەی وێڵی سەحراو دەشت و کێوان.. هەتاکەی بێ تەقالای ڕزق و شێوان... مینە جاف

١٤ـ سبەینان ڕاتبەیان دۆشاوو ماست بوو.. بەڵام ئێوارە چێشتێکی بە ڕاست بوو... حەیدەری

١٥ـ هەوارەو هەوار هەر داخ وە کۆڵ بای.. چوون مەجنون داییم وامەندی چۆڵ بای... مەجزوب

١٦ـ لە شەوانا باش دەخەوێ   درەخت لە لەنجەی دەکەوێ... جەوهەر کرمانج

***

٢ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها

لێرەدا ئەو دوو وشانەی، کە ڕەگەزدۆزییە ناتەواوەکە درووست دەکەن، لە ژمارەو شێوەو ڕیزبوون و جۆری پیتەکانیان دەشێ لێکجیابن، بەڵام هەردووکیان یەك ڕەگیان هەیە.. بۆ وێنە:

ـ بۆ مەرگ سەرە ئەگرن

یەك بە دوای یەکا ئەمرن... محەمەد حسێن بەرزنجی

لە نێوان وشەکانی مەرگ و ئەمرن ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوڕەگەزی هەیە، چونکە هەردووکیان لە چاوگی (مردن) وەرگیراون.

ـ ماوەیەکە

لە یەکتری دابڕاوین

نا لە یەکیان دابڕاندین... عەبدولڕەحمان بێلاف

وشەی دابڕاو: (ئاوەڵناوی کراوی داڕژاو)ە.. وشەی (دابڕاند): فرمانی ڕابردووی تێپەڕێنراوە.. هەردووکیان لە چاوگی (دابڕان)ەوە دروستبوونە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (ڕەها) دروست دەکەن.

چەند نمونەیەك بۆ شیکار کردن

١ـ لە تەماشاکردنی هەوری لەکاچوو ڕاهاتووم

دەشزانم بەندەکانی ناو بەندیخانە بۆ پڕ هیوان... سەباح ڕەنجدەر

٢ـ فاتیحەی لادێ ماڵ بەقوڕ دەگرێ

مردوو بە ڕێی خۆی، زیندووی پێ دەمرێ... موفتی پێنجوێنی

٣ـ ئەمە بە خوێندنەوەی یەك قەسیدەی بوردەیە

کە بۆم بخوێنییەوە پڕ لە شەوق و زەوق و صەفا... چڕوستانی

***

٣ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد

بریتییە لەو ڕەگەزدۆزییەی، ئەو دوو وشەیەی دروستی دەکەن، جۆرو شێوەو ڕیزی پیتەکانیان یەك بێ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێ، یەکێکیان پیتێك، یان دووپیت، یان سێ پیتی لەوی تر زیاتربێت.. ئەمەش دوو جۆری هەیە:

یەك: جاری وا هەیە وشە زیادەکە لە پێشتر دێت و وشە کەمترەکە لە دواوەی دێت، لە یەك دێڕبن، یان لە دێڕی لەیەك جیا.. بۆ نمونە:

ـ لە وەتەی هەم

خەم بە دڵی من ئاشنایە

لێوەکانم

لە زەردەخەنە یاخین و

چاوەکانم

فرمێسکیان کۆتایی نایە... بێلاف

وشەی (ئاشنایە) لە دێڕی دووەمدا بە سێ پیتی سەرەتای لە وشەی (نایە)ی دێڕی شەشەم زیاترە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (زیاد) درووست دەکەن.

دوو: جاری واش هەیە وشە پیت کەمترەکە دەکەوێتە پێشەوەو وشە پیت زۆرەکە دەکەوێتە دوای ئەو، جا لە یەك دێڕ بن، یان لە دوو دێڕی لەیەك جیا.. بۆ نمونە:

ـ ئەی هەتووانی جەرگی بابە

ئەو بابەی سینەی کەبابە... خدر کۆساری

(باب) و (کەباب) دوو وشەن دووەمیان بە دوو پیت لەوەی یەکەم زیاترە، بەوەش (ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری زیاد) بەرهەم هاتووە.

سەبارەت بەو شوێنەش کە زیادییەکەی لێ درووست دەبێ، دەشێ زیادیەکە بکەوێتە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی وشە پیت زیادەکە.. بۆ نمونە:

یەك: ئیمشەو هەر خەمەن جە دەروون جەمەن

یانێ وەهارەن، ماتەمەن تەمەن... سەباحی جەباری

(ماتەمەن) بە دوو پیتی سەرەتای لە وشەی (تەمەن) زیادە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد درووست بووە.

دوو: سەلامێکە دیاریمان دیارە

لە دار و بەردی ئەو دار و دیارە... حاجی قادری کۆیی

(دیاری) بە پیتێکی کۆتاییی لە وشەی (دیار) زۆرترە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد درووست بووە.

سێ: چاکی سینەم بۆچی ئەو خەیاتە نایدورێتەوە

چاوی بیماری وجودی کردمە دەرزی و دەزی... دیوانی حاجی قادری کۆیی

(دەرزی) بە یەك پیتی ناوەڕاستی لە وشەی (دەزی) زیادە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد درووست بووە.

## چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ لەو کەسانەی کوردیان ناوە... شتی وا ڕووی نەداوە... شێخ نوری شێخ صالح

٢ـ ئەنالّم ئەلّێم: تۆ وەك ئاوێنەی... بۆ شوێن دەستکردی کردگار وێنەی... پیرەمێرد

٣ـ ئەی برادەران با بچینە یاری... نەوجەوانیمان لێ بدا دیاری... پیرەمێرد

٤ـ کە دەلّێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە... چەندە مەلّبەندی ئێمە شیرینە... پیرەمێرد

٥ـ لاوانی تازەی کورد وەرن... بەهرە لە ژینمان وەرگرن... پیرەمێرد

٦ـ ئەبینم هەرچی بانگی ئەکەمێ... دەمی گیراوە، ئاخ بۆ هاودەمێ... پیرەمێرد

٧ـ ئەوەی تەنیا جولّانەوەی پێ ڕەوابێ... هەلّگەڕانەوەی زەحمەتە

گەڕانەوەی چەند ساتێکە... پڕ گریان و زەردەخەنە... عەبدولڕەحمان بێلاف

٨ـ دنیا باغێکە ژیان گولّیەتی... ئازادی زادی گەلاّو چلّیەتی...دلّزار

٩ـ ئەگەر جورعەی ڕەقیبت لا گولاّوە

نەکەی بیخۆیەوە پیس و گلاوە... حاجی قادری کۆیی

١٠ـ لەم دونیایەدا بەر لەوەی کە دەرچین...

دەبێ ڕێبازمان بزانین لەسەر چین؟..نەجات ئەسپیندار‌ی

١١ـ یەك بە سەد ئەجری هەیە هەر ئیشی باش

با نەچێ وەقتت بە بێهودەو بەلاش... ڕەشاد موفتی

١٢ـ تۆ نەبی دەردمان دەرمان کەی ئیتر... بۆمان نەماوە تەدبیرێکی تر... موفتی زادە

١٣ـ ئەی ئەو کەسانەی چاوتان دەبینی... بۆچی بە وردی نانۆڕنە دینی... سامی عەودال

١٤ـ دەوری خیانەت کەوتووە... هێزی میللەت سەرکەوتووە... عوسمان مستەفا خۆشناو

١٥ـ هەواڵ نەهات

شەماڵ نەهات

لە بەیانیشا خۆری من

هەر هەڵنەهات!... شێرکۆ بێکەس

١٦ـ لە شەڕی نێوان دار و با... لك زۆرترین زیان دەبا... مارف ئاغایی

١٧ـ لەو دیو دیوار

کە تاسە ئەیبەستێ قەتار

بۆ دەرەوەی زیندانی تار

هەنگی گیان ئەفڕێ بۆ دوور

بۆ ناو بەهار... محەمەد صالح دیلان

١٨ـ لە دووکەڵی گەردەلولی ستەما

لە لێلایی کەفی بیابانی تەما... لەتیف هەڵمەت

***

٤ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی

بریتییە لە بوونی دوو وشە، ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانیشیان لەیەك جیابێ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان یەکسان بێ، لە هەمان کاتدا لەسەر یەك کێشیش بن.. بۆ وێنە:

ـ دارێك هەبوو

داری بەڕوو

پێیان ئەوت: داری ژییان

داری زیندوو... شێرکۆ بێکەس

وشەکانی (هەبوو) و (بەڕوو) ژمارەی پیتەکانیان یەکسانە، هەر یەکەیان چوار پیتن، بەڵام پیتەکانی یەکەم و سێیەمیان لەیەکجیایە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر یەك کێشن، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (هاوکێشی) درووست دەکەن.

ـ گوڵ خونچەی شادی

لەناو دەروونی ڕوونمانا ئەڕوێ

جریوەی ئازادی

لە تیشکی دیدەی گەشمانا هەڵدێ... عوسمان محەمەد هەورامی

وشەکانی (ئەڕوێ) و (هەڵدێ) ژمارەی پیتەکانیان یەکسانە، هەر یەکەیان پێنج پیتن، بەڵام پیتەکانی یەکەم و سێیەم و چوارەمیان لەیەکجیایە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر یەك کێشن، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (هاوکێشی) درووست دەکەن.

تێبینی: لە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی، ئەو تایبەتمەندییانە هەیە:

١ـ دەبێ لە ژمارەی پیتەکانیان یەکسان بن.

٢ـ دەبێ جیاوازییان لە شێوەو جۆری زیاتر لە دوو پیتیان بێ.

٣ـ دەبێ پیتە نەبزوێنەکانیان وەك یەك بن، ئەو جیاوازییەی هەیە لە پیتە نەبزوێنەکانیان بێ.

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ باوك هاتە دەنگ، گوتی: زانیتان... واتەی پەندەکەی باب و باپیران... بێخەو
٢ـ بە هێوری دەتوێمەوە... بۆ بەر پێی خۆم دەڕژێمەوە... حەسەنی دانیشفەر
٣ـ ئەبێ بگەڕێ بۆ ژیان
ئەبێ کۆرپە بەخێو بکا
نە شاخ بکا نە شێو بکا... محەمەد سالّح دیلان
٤ـ ئەم شەو
ئەستێرەیەك دەڕژێ
منارەیەك بنکۆڵ دەبێ
زەنگێك دەشکێ... بێلاف
٥ـ ئەگەر خوات ناسی بپاڕێرەوە... بە زمانی خۆت بـــــــلالێرەوە... پیرەمێرد.
٦ـ موئمینین دائیم دەکەین تەحمیدی تۆ.. زۆر بە دڵخۆشی دەکەین تەوحیدی تۆ... ڕەشاد موفتی
٧ـ هەر کەسێ بڕوا بە گوێرەی ئەمری وی.. هیچ نەترسێ، سەهلە ڕێگەو حەشری وی... ڕەشاد موفتی
٨ـ زەکاوەت کانییێکە، تۆی دەراوی... خەتی ئیقراری نووسیوە زەهاوی... حاجی قادری کۆیی
٩ـ هەر گەلێ ڕێی سەرفیرازی گرتەبەر.. تاجی بەرزی و سەربەخۆیی کردەسەر...دلّزار
١٠ـ ئالأی ئازادی دەشەکێتەوە.. وەك هەموو گەلان دەحەسێتەوە...دلّزار
١١ـ ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب
ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب
کەوتۆتە چ بەحرێکەوە خنکاوە دڵی من... بێخود
١٢ـ دەردی محەمەد دیسان دیویاوە.. زامی کۆنەو نۆ هەمووی کولیاوە... موفتی زادە
١٣ـ سەلامی من لە جەمعی ساکنی مەئموری مەعمورە
لە سایەی ئیلتیفاتی ئێوە میرزا شاد و مەسرورە... میرزا غەفور
١٤ـ وا چەتری هەڵدا گوڵی هەناران.. وەرنە تەماشای فەسڵی بەهاران... سامی عەودال
٥ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی

بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارەی پیتەکان و جۆری پیتەکانیان وەکو یەکن، بەڵام شێوەی پیتەکانیان وەکو یەك نینە، ڕیزبوونی پیتەکانیشیان تەواو بە پێچەوانەی یەکن.. بۆ نمونە: وشەکانی: (حوور) و (رووح).. وشەکانی: (شەڕ) و (ڕەش).. وشەکانی: (کەو) و (وەك)و بەم شێوەیە.. بۆ نمونە:

ـ نەك هەر خۆمان

بگرە هەتاکو سروشتی

ئاوی، شاخی، تا درەختی

ناو نیشتمان

ئێمە چۆنین لەگەڵ یەکا

ئەوانیش وان!... شێرکۆ بێکەس

وشەکانی (ناو) و (وان)، هەر یەکەیان سێ پیتن، لە یەك جۆرن (ن) + (ا) + (و).. بەڵام بە پێچەوانەی یەکترییەوە ڕیزبوونە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی دروست دەکەن.

جاری واش هەیە پێچەوانەییەکە تەواو نییەو ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواوێکی پێچەوانەیی دروستکراوە، بۆ نمونە:

ـ فەرقی ناکەس لەگەڵ سەکان ناکەم.. ها بە عەکسی بخوێنەوە ناکەس... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا حاجی بە ئاشکرا دەڵێت: (ناکەس) و (سەگان) لەلای من وەکو یەکن و چ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، دەفەرموو هەریەکە لە وشەکان بە پێچەوانەوە بخوێنەوە، بزانە وایە، یان نا؟ لە ڕاستیشدا وایەو تەواویش وا نییە، چونکە وشەی (ناکەس) ئەگەر لە لای کۆتاییەوەی بۆ پێشەوەی بخوێنرێتەوە، دەبێتە (سەکان)!! بە هەمان شێوە (سەکان)یش ئەگەر لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتای بخوێنرێتەوە، دەبێتەوە (ناکەس)!! ئەدی چۆن شاعیر (ناکەس) و (سەگان)ی پێکەوە کۆکردۆتەوە؟! ئەمە لەبەرئەوەی شیعرەو بە شێوەیەکی ناتەواو هونەرە ڕەگەزدۆزییەکە، دروستکراوە.

چەند نمونەیەك بۆ شیکار کردن

١ـ ئەمجارەیان نەکەی بڕۆی
بێدەنگ و کڕ
دەنا ڕکت لێهەڵدەگرم
لێت دەبم بە بڵێسەو گڕ... ئاسۆی عەبدوڵڵا

٢ـ ڕەنگە سیمات وەکو هی کەژ
بە ئێوارانی زستانان
تەمێکی قوڕس دایگرتبێ
ئەو چاوانەت کە دوو کانی روونی نوور بوون
وەکو ئاسکێ کەوا بێچووی ڕاونرابێ
چەند جار جەرگی سووتێنرابێ
لێلاییان داهاتبێ... ئەنوەر قادر محەمەد

٣ـ تۆ بڵێی ئەمڕۆ
دڵی ماندووی
وەك باڵەکانی کەوێکی سەرپەڕێنراو
نەشێوابێ؟!... بەمۆ

٤ـ بۆچی وەك کەو جنسی خۆم ڕاکێشمە ژێر داوی بەڵا
دانی گەنمی ناو قەفەز ناخۆم و گیاو گەپڵەم بەسە... پیرەمێرد

***

٦ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی

جۆرێکی دیکەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوە، بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە وشەی دووەمیان کەرتی یەکەمی وشەی یەکەمیانە، واتە: وشەی دووەم لە ڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لە وشەی یەکەم کەمترە، کە ئەوەش وابێت، کەوابێ واتای هەردوو وشەکەش لە یەکتری جیادەبنەوەو هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆی دەبێت، دیارە لێرەدا بە لای هەندێ لە ڕەوانبێژانی عەرەب و کوردیش مەرج ئەوەیە وشەی کەرتکراو لە پێشەوەو ئەو کەرتە وشەی لێیشی کراوەتەوە ڕاستەوخۆ بەدوای خۆیدا بێتەوە، بێ ئەوەی هیچ وشەو دەستەواژەیەك نێوانییان بکات.. بۆ نمونە:

(شارستان شار جێناهێڵێ)، (باغەوان باغەکەی فرۆشت)، (دەنگخۆشەکە دەنگی نووسا)، لە هەموو ئەو نمونانەی پێشوو دەبینین، هەمیشە کەرتە وشەی دووەم بە ڕاستەوخۆیی لە پاش کەرتی یەکەمی هاتووەو واتاشیان جیاو سەربەخۆیە، ئەوەتا لە نمونەی یەکەمدا: وشەی (شارستان) کە بکەرەو گوزارشت لەو کەسە دەکات، کە خەڵکی شارە، یان خاوەن بەهاو نەریتە ژیاری و شارستانییە بەرزەکانە، وشەی (شار)ی لێ کراوەتەوە، کە واتایەکی دیکەی هەیەو بریتییە لەو باژێڕە گەورەی دامەزراوەی جۆراوجۆر و دوکان و کۆشك و سەراو فەرمانگە جۆراوجۆرە خزمەتگوزارییەکان و شتانی دیکەی تیایەو بەوە لە گوند جیادەکرێتەوە.

لە نمونەی دووەمیش وشەی (باغەوان) ئاوەڵناوی بکەرە وەکو ناوو بکەر هاتووە، لە دوای خۆی وشەیەکی دیکەی لێ کراوەتەوە، کە ئەویش وشەی (باغ)ە، ناوی ئەو شوێنەیە، کە داری میوەجاتە جۆراوجۆرەکان لەخۆ دەگرێت.

لە نمونەی سێیەمیش، وشەی (دەنگخۆشەکە) وەکو ناوێکی لێکدراوی ناسراوو بکەری ڕستەکە هاتووە، وشەی (دەنگ)ی لێکراوەتەوە، کە ئەو هێما زمانیانەیە، هەر مرۆڤێك، یان مەخلوقێکی تر دەریدەبڕێت.

لە ئەدەبیاتی کوردی و لە قسەی ئاسایی خەڵکیش، گەلێ جار ئەو هونەرە قسەو دەربڕینەکان جوان و سەرنجڕاکێش و کاریگەر دەکات، ئاوازێکی خۆشیان بۆ درووست دەکات، لە شیعری نوێیش گرنگی پێدراوە، لە خوارەوە چەند نمونەیەك لەو بارەیە دەخەینە بەرچاو.

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ هیوا ڕۆڵە ڕۆ کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ

ئەو کوڵمە ئاڵە نەرم و نۆڵە ڕۆ... گۆران

٢ـ لە هەڵپەڕکێی زەماوەندی خۆرەتاودا

گەییە مەبەست

پەڕەیەکی ڕێڕەوی ڕێی

بۆ تەوژمی تێکۆشانی

کاروانی نوێی کانیاوەکان

هەڵدایەوە... موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

٣ـ قەیناکا تۆزێك تۆزی لێ نیشتوە

پیشەی قەدیمە، کە جێی هێشتووە... پیرەمێرد

٤ـ داپیرە ڕەقە بە تەقە تەقە

زوڵمی زۆردار زۆر ناحەقە... عەزیزی مەلای ڕەش

٥ـ من ئاگردانی ئاگرم

ژان دەخوات و

برین سەرم تێدەخات و

هەر ناشمرم... جەوهەر کرمانج

٦ـ گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم... شەبچراغی شەبی کوردستانم... مەلای جزیری

٧ـ شەوچرای شەوی کوردستانم ڕۆ... هیوای دوارۆژی نیشتمانم ڕۆ... دلزار

٨ـ گەر حەقیقەت حەق بدا من یارێکی دڵدار دەوێ

ویش وەکو من سوختە جان و دڵ چوو کورەی نار دەوێ

دائیمەن دەر خەوف و دەهشەت دڵ لە ڕێی جەببار دەوێ

زاهیرەن ئەهلی بوت و ناقوس پەرست زوننار ئەوێ

باتینی عالەم بە (تەحتەل ئەرز) تا لەوح و قەڵەم... شێخ ئەحمەدی کۆر

دووەم: هێنانەوە

هێنانەوە (التصدیر)، یان (رد العجز عن الصدر).. بریتییە لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە، یان هاوڕەگەز، یەکیان لە کۆتایی دێڕەکە دێت، ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان سەرەتای نیوە دێڕی دووەم، یان ناوەڕاستەکەی.. لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

١ـ هاتنی یەك لە وشەکان لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم و ئەوی دیکە لە کۆتایی دێڕەکە.. وەکو:

ـ ژین بۆ گەڵاوێژ ببوو بە پەرژین

ئێستا لە دوای ئەو بێزارە لە ژین... پیرەمێرد

(ژین) لەم دێڕەدا دوو جار هاتووە، یەکەمیان لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم و ئەوی دووەمیشیان لە کۆتایی دێڕەکەدا هێنراوەتەوە.

٢ـ هاتنی یەك لە وشەکان لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و ئەوی دیکەش لە کۆتایی دێڕەکە.. وەکو:

ـ خودا هاوشانی نییە

هیچ کەش هاوسانی نییە... جەمال بێدار

لەم دێڕەدا وشە هێنراوەکە (نییە)ە، وشەی یەکەمی کەوتۆتە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و وشەی دووەمیش کەوتۆتە کۆتایی دێڕەکە، بەوەش (هێنانەوە) درووست بووە.

٣ـ هاتنی یەك لە وشەکان لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی یەکەم و ئەوی دیش لە کۆتایی دێڕەکە.. بۆ نمونە:

ـ چۆن باست بکەم جوانی بیٚ پایان

خاکی زێڕینم کوردستانی جوان... بێخەو

لەم دێڕەدا وشەی (جوان) کە لە کۆتایی دێڕەکەدا هەیە، لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی یەکەمیش هێنراوەتەوە، بەمەش (هێنانەوە) درووستبووە.

٤ـ وشەی یەکەم لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەم و وشەی دووەمیش لە کۆتایی دێڕەکە.. وەکو:

من لە غەمت ڕێگەییێکم کەوتەبەر

خوانی بەهەشتەو سەفەری هەفت خوان... حاجی قادری کۆیی

(خوان) لە سەرەتای دێڕی دووەم هاتووەو لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەو هاوواتانە.

٥ـ وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی دووەم و وشەی دووەمیش لە کۆتایی دێڕەکە.. وەکو:

دڵ و رووحم لە کن یارە کە هەر دوو صاحیب ئیدراکن

لە خۆم خۆشم ببم غائیب لە من یارم نەبێ غائیب... حەمدی

(غائیب) لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی دووەم هاتووەو لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەو هاوواتانە.

لە شیعری (ئازاد)یش ئەم دیاردەیە هەیە، لەوێش بە شێوازی لە یەکجیا دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

١ـ جاری وا هەیە وشەی یەکەم هەموو دێڕی یەکەم و وشەی دووەمیش لە کۆتایی دێڕی دووەم دەهێنرێتەوە، بۆ نمونە:

ـ پەلە هەورێ

دەمی نایە

دەمی گەرمی پەلە هەورێ... بێلاف

لەم دێڕەدا وشەی (پەلە هەوێ)ی یەکەم لە تەواوی دێڕی یەکەم هاتووە، بۆ جاری دووەمیش لە کۆتایی دێڕی دووەمیش هێنراوەتەوە.

٢ـ جاری وا هەیە وشەی یەکەم لە سەرەتای کۆپلەو وشەی دووەم لە کۆتایی کۆپلەکەدا دەهێنرێتەوە، بۆ نمونە:

ـ خاك نابێ بە ئێمە
نابێ بە خاوەنی ئێمە
دەبێ بگەڕێمەوە بۆ خاك... عومەر سەیدە

(خاك) لە سەرەتای کۆپلە و لە کۆتایی کۆپلەکەش هێنراوەتەوە، بەوەش (هێنانەوە)ی درووستکردووە.

٣ـ جاری وەها هەیە وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی دێڕێکی کۆپلەو وشەی دووەم لە کۆتایی کۆپلەکە دەهێنرێتەوە، بۆ نمونە:

ـ بڵێ، بە یار بڵێین بە یار یاری نازدار
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار منی هەژار
خۆزگەم بە پار... گۆران

(خۆزگەم بە پار) لە ناوەڕاست و لە کۆتایی کۆپلەکەش هێنراوەتەوە، بەوەش (هێنانەوە) درووستبووە.

تێبینی:

ئەمانەی پێشوو هەموویان نمونەی هێنانەوەی هاوشێوەیی بوون، بەڵام هێنانەوەی هاوڕەگەزیش هەیە، ئەویش بریتییە لەو هێنانەوەیەی، ئەو دوو وشانەی دەهێنرێنەوە، هاوشێوە نینە، بەڵام هاوڕەگەزن و یەك بنچینەیان هەیە، بۆ نمونە:

ـ پیاوێکمان ئەمرێ تەعزێی بۆ دەگرین
بۆچ بۆ گەلاوێژ نەگرین تا دەمرین... پیرەمێرد

لەم دێڕەدا وشەی (ئەمرێ) لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی یەکەم هاتووەو وشەی (دەمرین)یش لە کۆتایی دێڕەکە هێنراوەتەوە، هەردووکیان یەك ڕەگەز و بنچینەیان هەیە، کە چاوگی (مردن)ە، بۆیە بەمجۆرە هێنانەوەیە دەگوترێت، (هێنانەوەی هاوڕەگەزی)

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ توخوا بەسە دەی تەبابن
دوور لە ئاژاوەو هەرا بن
سەرگەردانی ماڵوێرانە
لەجێی شادی هەر گریانە
توخوا تاکەی
دەی بەسە دەی... عوسمان محەمەد هەورامی

٢ـ وەری وەری یەك دوو
سێ چوار گەڵا وەری... مارف ئاغایی

٣ـ هەی نائومێدی، هەی نائومێدی
هەی ڕەنجەڕۆیی، هەی نائومێدی... پیرەمێرد

٤ ـ من فرمێسکم
بەڵێ بەڵێ من فرمێسکم
لەناو چاوی هەژارانا
لەنگەر دەگرم... کەمال فەرەج تۆفیق

٥ـ باڵندەیەك بووم بۆ بەختیاران
جریوەم ئەهات لە لای باڵندان... پیرباڵ مەحمود

٦ـ بۆ نامناسی
پێم بڵێ بۆ... جەمال گردەسۆری

٧ـ ـ سەرنج بدەن
لە ئەستێرەکەی (داود)دا
شەش بەندیخانەی سێگۆشە
لە ناوەندیا
مانگێکی
دایکی عەرەبی
تیا ڕەش پۆشە
سەرنج بدەن... شێرکۆ بێکەس
٨ـ چوومە زمناکۆ ڕاگوزەرگای لەیل
هیچ کەسم ندی نە شیرین نە لەیل... پیرەمێرد
٩ـ لە ناو جەنگەڵ لە دەورەی دێ
وا دووبارە دەنگی شـــــــووم دێ... بێخەو
١٠ـ ـ سڵاڤ بۆ چیایێ بێخێرێ
سڵاڤ بۆ خابیرێ زەلال
هزار هزار ماچ و سڵاڤ... سعاد سلێڤانەیی
١٢ـ وەرە خوارێ
سەری ئەستێرەکان مەبڕە
بەری کلاوڕۆژنە مەگرە
ئەی میوانە بچکۆلەکەم
وەرە خوارێ... عەبدوڵڵا پەشێو
١٣ـ بەپیری ئەو مەهە چووم و بەسەر چووم
پەری بوو، ئەو نەبوو، شەوبوو، بەسەر چووم... مەحوی
١٤ـ عالەم خەریکی ڕوتبەو پارەیە... هەر تۆ بەتەنیا جەرگت پارەیە... بێکەس
١٥ـ مەرگی ڕۆژانەم زۆر دیوە... من بۆیە هەرگیز نامرم... عەبدولڕەحمان بێلاف

سێیەم: گێڕانەوە

لە عەرەبیدا (الترديد)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە بەکارهێنانی چەند جارەی وشەیەك، یان دەستەواژەیەك بەو مەرجەی هەرجارەی لە پاڵ شتێکەوە هاتبێت.. بۆ نمونە:

ـ نزار ئەڵێ

بەهار سەوزە

منیش سەوزم... محەمەد ساڵح دیلان

(سەوز) وشەیەکە دووجار لە پاڵ وشەکانی (بەهار) و (منیش) گێڕدراوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە)ی دروستکردووە.

ـ دار ئەمرێ

ڕووبار ئەمرێ

هەژار ئەمرێ

زۆردار ئەمرێ

مانگ و ڕۆژ ئەترازێن و ئەبن چۆڵ

مرۆ ئەبنە نیشتەجێی گۆڕستانی چۆڵ... محەمەد حسێن بەرزنجی

وشەی (ئەمرێ) چوار جار لە پاڵ وشەکانی (دار) و (ڕووبار) و (هەژار) و (زۆردار) گێڕدراوەتەوە، ئەوەش گێڕانەوەیە.

ـ بەم نەزرە سەیرەو بەم قوربانییە

خوا کاری زۆرەو کەس ئاگا نییە... ئەحمەدی موفتی زادەپاتکردنەوە

(بەم) وشەیەکە پێکهاتوە لە (بە ئەم) بەڵام (ئە)یەکە کورتبۆتەوەو هەر (بەم) ماوەتەوە، دووجار لە پاڵ وشەکانی (نەزر) و (قوربانی) گێڕدراوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە)ی دروستکردووە.

## چەند جۆرێکی گێڕانەوە

١ـ گێڕانەوەی ئامرازی ئەمری نائاشکرا:

ـ با ڕاپەڕین، با وریا بین

ئێشك بگرین، بە ئاگا بین... بێخەو

(با).. ئامرازی دروستکردنی شێوازی ئەمری نائاشکرایە، جارێك لە پاڵ وشەی (ڕاپەڕین) و جارێکی دیکە لە پاڵ وشەی (وریابین)دا گەڕێنراوەتەوە.

٢ـ گێڕانەوەی ناوی واتایی:

ـ ساڵ سووڕایەوە کاتی بـــەهارە

کاتی گوشادی و هەڵمەت و کارە... بێخەو

(کات) کە دوو جار لە پاڵ وشەکانی (بەهار) و (گوشادی و هەڵمەت و کار) گەڕێنراوەتەوە، ناوێکی واتاییە.

٣ـ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی:

أـ ئامرازی پەیوەندە (لە):

ـ سا دروودی خودات لەسەر

ئەی ئەو مامۆستا گەورەیەی

لە ڕاستگۆیی

لە دڵسۆزی

لە دڵپاکی

لە خەمخۆری

لە مێژوودا وێنەت نییە... جەلالەدین نەجمەدین

(لە) ئامرازی پەیوەندییە، پێنج جار لە پاڵ وشەکانی (ڕاستگۆیی) و (دڵسۆزی) و (دڵپاکی) و (خەمخۆری) و (مێژوو)دا هێنراوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە) درووست بووە.

ب ـ ئامرازی پەیوەندی (بۆ):

ـ بۆ ڕووناکی، بۆ هیوای پیرۆزی گەل

وادەیە ئەمڕۆ، دەبا هەڵمەت بەرین... بێخەو

(بۆ) کە لە پاڵ وشەکانی (ڕووناکی) و (هیوای پیرۆز)دا دوو جار گەڕێنراوەتەوە (ئامرازی پەیوەندی)یە.

ج ـ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بە):

ـ بۆیە هەرگیز

ڕۆڵانی کورد

بە کوڕ بە کچ

بە باوەڕێکی ئاگرین

بە خورپەییێکی دڵتەزێن

بەبێ بەزین

لە ڕووبەری شانۆی خەبات

ئاڵاینە گژ

دوژمنانی بێ دەسەڵات...سەعدوڵڵا پەرۆش

لەم کۆپلەیەدا ئامرازی پەیوەندی (بە) پێنج جار لە پال وشەکانی (کور)، (کچ)، (باوەڕێکی ئاگرین)، (خرپەییێکی دڵتەزێن)، (بێ بەزین) گێڕدراوەتەوە.

٤ـ گێڕانەوەی ئامرازی نەفی:

ـ خوشك و برایان منیـــش لە لادێ

نە زەویم هەبوو، نە مال و، نە جێ... بێخەو

لە نیوەدێڕی دووەم لە پاڵ وشەکانی (زەوی) و (ماڵ) و (جێ) سێ جار (نە)ی ئامرازی نەفی گێڕدراوەتەوە.

٥ـ گێڕانەوەی ئامرازی نەفی و ئامرازی پەیوەندی

ـ نە لە تۆ ئەگەم
نە لە خۆم
نە لە مەیلی دڵی پڕ سۆم... ڕێدار سابیر

(نە) ئامرازی نەفییە، (لە) ئامرازی پەیوەندییە، سێ جار لە پاڵ وشەکانی (تۆ) و (خۆم) و (دڵ) گێڕدراوەتەوە، بەوەش (گێڕانەوەی ئامرازی نەفی و ئامرازی پەیوەندی) بەسەریەکەوە دروستبووە.

٦ـ گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری مەرجی:

ـ گەر دەتەوێ
تێنوێتی گیانت بشکێنێ
گەر بە تەمای
تەمی ڕەشی دڵەڕاوکێ
لەسەر دڵت بتارێنی
ئەگەر شەیدایت
ئاسوودەیی
کامەرانی
بۆ خۆت و نەوەو گشت گەلت
بە دەست بێنی
گەر پێت خۆشە
برایەتی و دادپەروەری
بچەسپێنی
ئەوا بڕۆ

دیوەخانی دڵت چۆڵکەو

تەنها قورئانی تیا دانێ... جەلالەدین نەجمەدین

(گەر) ئامرازی لێکدەرە، چوار جار لە پاڵ ڕستەکانی بەدوای یەکداهاتوودا گێڕدراوەتەوە، بەوەش (گێڕانەوە) درووست بووە.

٧ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی پرس:

ـ کام ڕەنگ جوانە کام ڕەنگ جوانە

بۆ لەچك یا دەسماڵی شان یا کوڵوانە... محەمەد صالح دیلان

(کام) ئاوەڵناوی پرسە، دوو جار لە پاڵ وشەی (ڕەنگ) گێڕدراوەتەوە.

هەر لەم دێڕەدا: (یا) ئامرازی لێکدەرە دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دەسماڵ) و (کوڵوانە) گێڕدراوەتەوەو بەوە (گێڕانەوە) درووست بووە.

٨ـ گێڕانەوەی ئاوەڵفرمانی پرس:

ـ چەن بە ئاهەنگ چەن سیحراوی

ئەگەڕێ قاز یان مراوی... گۆران

(چەن) ئاوەڵفرمانی پرسە، دووجار لە پاڵ وشەکانی (ئاهەنگ) و (سیحراوی) گێڕدراوەتەوە، بەوەش (گێڕانەوە) درووست بووە.

٩ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی نادیار:

ـ هەر سەرگەردان هەر ئاوارە هەر برسی

بۆچی باشە پێت بڵێم با، ئەپرسی... گۆران

(هەر) ئاوەڵناوی نادیارە سێ جار لە پاڵ وشەکانی (سەرگردان) و (ئاوارە) و (برسی) گێڕدراوەتەوە، بەوەش گێڕانەوە درووست بووە.

١٠ـ گێڕانەوەی ئامرازی بانگکردن:

ـ لە کوێی ئەی شادومانی ئەی هیوای بەرزی ژیانی دڵ!

لە کوێی ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی کامەرانی دڵ! ... بەختیار زێوەر

(ئەی) لە پاڵ شادومانی و هیواو تاقە ئەستێرە سێ جار گێڕدراوەتەوەو جوانییەکی خۆشی بە خوێندنەوە بەخشیوە.

١١ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی ژمارە:

ـ مەرد و ئازاو لێهاتووین

یەك دین و دڵ و یەك ڕووین... جەمال بێدار

ئاوەڵناوی ژمارەیی (یەك) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دین) و (ڕوو) گێڕدراوەتەوە.

١٢ـ گێڕانەوەی ئاوەڵفرمانی نادیار:

ـ پەروەدگارم زیندووە

هەر ئەبێت و هەر بووە... جەمال بێدار

(هەر) ئاوەڵفرمانی نادیارە، لێرەدا جیایە لەوانەی سەروو کە وەسفی ناویان کردبوو، لێرەدا وەسفی فرمان دەکات، بۆیە ئاوەڵفرمانی نادیارەوە گێڕانەوەی درووستکردووە.

١٣ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەم ....ە):

ـ ئەم هەموو خوشك و کوڕە لاوانە

ئەم دایکە پاك و دوور لە تاوانە

شەلالی خوێن کەی هەر بە ئارەزوو

تفوو لە چارەو ئاکارت تفوو...دلزار

(ئەم... ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ نزیك، دوو جار لە پاڵ گرێیەکانی یەکەم و دووەم گێڕدراوەتەوە.

ـ کەچی ئەو خوێنە ڕژاوە
ئەو ئێسك و گۆشتە سووتاوە
ئەو قوڕگە نوزەتیاماوە... محەمەد ساڵح دیلان

(ئەو...ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ دووری تاك، شاعیر سێ جار لە پاڵ وشەکانی (خوێن) و (ئێسك و گۆشت) و (قوڕگ)ی گێڕاوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە)ی درووستکردووە.

١٤ـ گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (یا):
ـ هەڵسە بڕۆ
دونیا مەیدانی ڕەهەندە
یا گریان چاوت ماچ دەکا
یا لەسەر لێوت دەپشکوێ
گوڵی خەندە... عەبدولڕەحمان بێلاف

(یا)ی ئامرازی لێکدەر دوو جار لە پاڵ دوو ڕستەدا گێڕدراوەتەوە.

١٥ـ گێڕانەوەی فرمان:
ـ ئەڵێ مردن
ئەڵێ سووتان
ئاوارە بوون
ئەڵێ وڵات بەجێهێشتن
بۆ تۆو بۆ هاونیشتمانت
بۆ تۆ و بۆ خێزانەکانت
بۆ ناو بەهار
بەهار بەهاری دوانزە مانگ... محەمەد ساڵح دیلان

(ئەڵێ) فرمانێکە شاعیر سێ جار لە پاڵ وشەکانی  (مردن) و (سووتان) و (وڵات بەجێهێشتن)ی گێڕاوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە)ی درووستکردووە.

هەر لەو نمونەیەدا: وشەی (بۆ) ئامرازی پەیوەندییە، شاعیر پێنج جار لە پاڵ وشەکانی (تۆ) و (هاونیشتمانت) و (تۆ) و (خێزانەکانت) و (ناو بەهار)ی گێڕاوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە)ی درووستکردووە.

### چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ ئەی نازەنین ئەی بەرگ ئەرخەوانی
وتەی گەرمم لەگەڵ تۆیەو ئەیزانی... محەمەد صالح دیلان

٢ـ وەرە ڕوونێ منالّی پیر
بۆی ڕامێنە بیرکەوە بیر
ژمارەی مەنزومە چەندن؟
ئەستێرەکان چەند ئەوەندن؟
یەك و خاڵ دانێ هەزاران
بە ملیۆنان، بە ملیاران
بە بست، بە گەز
بە غار، بە بەز
بە مانگ ، بە ساڵ
خاڵ دانێ، خاڵ
ڕیزیان بکە، بیان کە هاوێر
دەتوانی بیژمێری؟ نەخێر! ... د. عەلی شەریعەتی (و: هەژار موکریانی)

٣ـ نە کوکوختییەك
نە پاسارییەك
بۆ سپێدەی من ناخوێنن... عومەر سەیدە

٤ـ بەڵام ئێستا لە گشت شوێنێك
هەر شیوەنەو هەر واوەیلا
منی شاعیر یەك شیعریشم بۆ نانووسرێ
دەزانی بۆ؟
(مەزاجی کوردەواریم تێکچووە دەروێش عەبدوڵڵا)... مارف ئاغایی

٥ـ نۆ مانگ نۆ ڕۆژو نۆ سەعات
چاوەچاوبووی تا نۆرەت هات
ئەتۆش وەکو جوجیلەی مەل
مایتەوە تا هەڵکەوت هەل
تۆکڵت شکاند، پەردەت دڕاند
بەرەو ژین لەمپەرت پەڕاند... د. عەلی شەریعەتی

***

چوارەم: گەڕانەوە

بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەمیدا، یان لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمیدا، بۆ جەختکردنەوە لەسەر واتای ئەو وشە، یان ئەو وشانەی، لە ناوەڕاست، یان کۆتایی دێڕی یەکەمیدا، یان نیوەدێڕی یەکەمیدا هێناونیەتی، مەبەستیش لەمە تۆخکردنەوەی ئەو وشەیەیە، کە دووبارە دەگەڕێتەوە سەری، جا ئەمەی لەبەر پیشاندانی دەسەڵاتی شیعری خۆی بێت، وەها بکات، یان لەبەر جوانییەك کە بە هۆیەوەی چێژێکی ئەدەبی خۆشتر بۆ شیعرەکەی درووست دەکات، یان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو بارەی بێ، کە گوزارشتی لێ کردووە، یان لەبەر هەر پێویستی و جوانکارییەکی تر، کە شاعیر بە پێویستی دەزانێت.

شیاوی باسە: (گەڕانەوە) نە نووسەرانی کورد و نە نووسەرانی عەرەبیش ئاماژەیان بۆ نەکردووە، بەڵام وەکو حاڵەتێك لە شیعری کوردیدا، بە لای من گرنگ و جوانەو شایانی ئاماژە بۆکردنە، چونکە ئەمەش شێوازێکی تایبەتەو لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.. بۆیە من وەهای ناودەنێم و دەیخەمە خانەی (جوانکاری وشەیی).. بۆ نمونە:

ـ دەمی بەهار
بەهاری دیارەو دیار
مەست بە بادەی زێڕی گزنگ
کاتی ئاورنگ
هەر یەك نمی
لەسەر گیا
هەر حەوت ڕەنگەکە ئەنوێنیٚ
ڕێچکەی چیا
بەرگی بەڵەك ئەنەخشێنیٚ... محەمەد ساڵح دیلان

لە یەکەم دێڕی ئەم پارچەیە، شاعیر باسی (بەهار)ی کردووە، دواتر لە سەرەتای دێڕی دووەم، واتە دێڕی پاشتر یەکسەر جەختی لەسەر (بەهار)ەکە کردۆتەوەو زیاتری ڕوونکردۆتەوە، بەوەش ئەوەی تۆخکردۆتەوە، کە مەبەستی لە (بەهار) کامەیە.

ـ سبەی جیاواز دەبیٚ لەگەڵ ئەمڕۆ
ئەمڕۆش جیاوازە لەگەڵ دوێنیٚ
بێگومان دوێنێش جیاوازی بوو لەگەڵ پێریٚ
پێرێش لەگەڵ ڕۆژانی پێش خۆی
هەموو ڕۆژەکان لەگەڵ یەکدی جیاوازن... عەلی شێخانی

لەم چەند دێڕەی سەروو دەبینین لە کۆتایی دێڕی یەکەم شاعیر باسی لە (ئەمڕۆ) کردووە، لە سەرەتای دێڕی دووەم گەڕاوەتەوە سەر (ئەمڕۆ).. دواتر لە کۆتایی دێڕی دووەم باسی لە

(دوێنیٚ) کردووه، له سەرەتای دێڕی سێیەم گەڕاوەتەوه سەر (دوێنیٚ).. هەر له کۆتایی دێڕی سێیەم باسی له وشەی (پێریٚ) کردووه، له سەرەتای دێڕی چوارەم گەڕاوەتەوه سەر وشەی (پێریٚ).. دواتر هەر له دێڕی چوارەم باسی له وشەی (ڕۆژانی پێش خۆی) کردووه، له سەرەتای دێڕی پێنجەم گەڕاوەتەوه سەر وشەی (هەموو ڕۆژەکان). بەوەش (گەڕانەوه)یەکی جوانی درووستکردووه.

## چەند نمونەیەك بۆ شیکاکردن

١ـ زۆر دەپاڕاوه له وەقتی صەفوەتی
تاکو خوا ئەزیەت نەداتن ئومەتی
ئومەتی ڕاست بن بکەن شەرم و حەیا
خواپەرست بن تەرك بکەن ڕێگەی ڕییا... ڕەشاد موفتی
٢ـ بولبول له باغی جەننەتیٚ، دایم دەخوێنیٚ، عەندەلیب
صەد ئافەرین لەو صوحبەتەی شادبین بە یاری عەن قەریب
شادبین بە یاری نەو نەمام، بەو دڵبەری شیرین کەلام
شاه و سەڵاتین بۆی غولام، باڵا نەمامی دل فریب... شێخ ئەحمەدی کۆر
٣ـ خوا عێوەزی کرد ئەو هەواو بانه
نیشانەی پاییز زەردی خەزانه
خەزانی داوه درەخت خوەرەتاو
بیٚ شك پاییزه چیگۆ بووه ئاو... کاکه حەمه عەلی ڕەحیم پوور
٤ـ گۆتییان ئەی فەخری عالەم مەرحەبا
مەرحەبا نازداری ئادەم مەرحەبا... ڕەشاد موفتی
٥ـ پانزه ڕۆژێکه خەریکی کارم
کار وەکو خۆیەو بار نابیٚ بارم...

***

پێنجەم: پاتکردنەوە

(پاتکردنەوە) لە عەرەبیدا (التكرار)ی پێدەڵێن، بریتییە لەوەی شاعیر وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك بێنێ، چەند جارێك پاتی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەومەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێت. بە واتە: نابێت وشەو دەربڕینەکان نە لە ڕووالەت و نە لە گوزارەدا، هیچ گۆڕانیان بەسەر دابێت.. بۆ وێنە:

ـ لە دوورەوە ناوت بیستووم
ناشارەزا خۆشت ویستووم

گوایه لەگەڵ شیعرەکانم زۆر ژیاوی

شەواهەی شەو تەزووی شیرنیان پێداوی

نەتناسیوم

نەتناسیون

بڕوا بکە نەتناسیوم... عەبدوڵڵا پەشێو

(نەتناسیوم) دووجار لەسەر یەك هاتووەو پاتکراوەتەوە.

## چەند جۆرێکی پاتکردنەوە

یەکەم: پاتکردنەوە بە پێی جۆری پاتکراوەکە، واتە بە پێی کەسایەتی پاتکراوەکە، کە لە نێو ڕستەدا دەوردەبینێت، دەشێت ئەم جۆرانەی هەبێت:

١ـ پاتکردنەوەی وشە

أ ـ پاتکردنەوەی وشەی شەکوا

ـ ئای ئامان ئامان سووتام، خۆشە وەك نوقڵی بادام

ڕەگی ڕۆحیان دەرکێشام، لیرەکانیان دەرهێنام... پیرەمێرد

(ئامان) وشەی دەربڕینی دادو شەکوای حاڵە، دوو جار لە نیوە دێڕی یەکەم پاتکراوەتەوە.

ب پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان

ـ لەگەڵماندا دێت و دەچێت

هێدی هێدی بەرزمان دەکاتەوە... سەباح ڕەنجدەر

(هێدی) وشەیەکی سادەیە، ئاوەڵفرمانی چۆنییە، دوو جار لە پاڵ فرمانی بەرزماندەکاتەوە پاتکراوەتەوە، بەوە (پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان) درووست بووە.

ج ـ پاتکردنەوەی وشەی نەفی.. بۆ نمونە:

ـ کە میوان هات سەری ئەبڕین گۆشتەکەی

نەئـ، نەئـ، تخوا بابە ئەوە قەت نەکەی... پیرەمێرد
(نەئـ) وشەی نەفییە، لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار پاتکراوەتەوە.

د ـ پاتکردنەوەی (چاوگ).. وەکو دەڵێت:
ـ یەکبوونە یەکبوون ئاواتی گەلان
یەکبوونە مایەی ژینی کامەران... بێخەو
(یەکبوون) کە لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم دووجار بە دوای یەکتردا هاتووە، (چاوگ)ێکی لێکدراوە.

٢ـ پاتکردنەوەی گرێ.. بۆ نمونە:
ـ هەوای هاوینە، هەوای هاوینە
ئەمساڵ هاوینمان زۆر لێ بەقینە... پیرەمێرد
(هەوای هاوینە) گرێیەکی ناوییە دوو جار لە نیوە دێڕی یەکەم پاتکراوەتەوە.

٣ـ پاتکردنەوەی (ڕستە).. وەکو:
ـ ئەی منالە قشتەکانی
پێتەختی ئەشق و کارگەو گوڵ
ئەمڕۆ لە چاوم سڵ بکەن
سڵ بکەن
سڵ... (پەشێو)
(سڵ بکەن) ڕستەیەکە لە کۆتاییدا سێ جار پاتکراوەتەوە، جاری یەکەم و دووەم وەکو یەکەو جاری سێیەمیش بە کورتبڕی پاتکراوەتەوەو (بکەن)ەکەی لێکرتێنراوە، بەڵام بە هەمان واتای (سلکردن)یش هاتووە.

دووەم: بەڵام بە پێی ژمارەی وشە، یان دەستەواژەو ڕستە پاتکراوەکە، دەشێت پاتکردنەوەیەکی دوویی، یان سێیی، یان چواری و پێنجی و شەشی و بەم شێوەیە بە پێی مەودای دێڕەکە زۆر، یان کەم بێت:

١ـ پاتکردنەوەی دوویی.. بۆ نمونە:

ـ دڵ بە پەرۆشە، دڵ بە پەرۆشە

خەبەرێکم بیست دڵ بە پەرۆشە... پیرەمێرد

(دڵ بە پەرۆشە) ڕستەیەکە دوو جار لە نیوە دێڕی یەکەم پاتکراوەتەوە.

٢ـ پاتکردنەوەی سێیی.. ئەو پاتکردنەوەیە، کە وشە پاتکراوەکە سێ جار بە دوای یەکدا دێت.. بۆ نمونە:

ـ کەی تۆم دیوە کەی ئەتناسم کەی کەی کەی

دڵداری چی پەیمانی چی حەی حەی حەی... گۆران

(کەی) و (حەی) هەردووکیان سێ جار بە دوای یەکدا پاتکراونەتەوە.

٣ـ پاتکردنەوەی شەشی.. ئەو پاتکردنەوەیە، کە وشە پاتکراوەکە شەش جار بە دوای یەکدا دێت.. بۆ نمونە:

تا بمێنێ نوری چاو و هێزی پێم

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم... هێمنی موکریانی

(دێم) شەش جار بە دوای یەکدا پاتکراوەتەوە.

## چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ دێینەوە، دێینەوە

ئێمە دێینەوە

بەرەو وڵاتێکی وێران

بەرەو شارو شارۆچکەکان

بەرەو گوندە ڕووخاوەکان... کامەران مستەفا

٢ـ بەتەنیا جێم مەهێڵە، بەتەنیا جێم مەهێڵە

ئەمشەو زریان دەمچێنێ، ئەمشەو زریان... ڕەفیق سابیر

٣ـ ئاگادارین، ئاگادارین... گوڕکەری چینی زۆردارین... بێخەو

٤ـ هاتم هاتم بۆ مەبەستێ... کەس نییە لە ڕووم بووەستێ... بێخەو

٥ـ وەك ئەستێرە هاوار ئەکەین

به ناو گەرووی تاریکییا

ئەجریوێنین

ئەجریوێنین

له ئاسۆی دەم بەیانییا... ئەژی گۆران

٦ـ بمانبوورن دلۆپ دلۆپ خوێنی ڕژاو

مسقاڵ مسقاڵ

گۆشتی له ئێسقان جیاوەبووی

لەشی شەهیدی نەناسراو... مارف ئاغایی

٧ـ زانین باڵە بۆ سەفاو گەشت... ئەتبا ئەتبا بەرەو بەهەشت... جەمال بێدار

٨ـ ئەللا ئەللا

له شکۆی یادی پیرۆزت

وای کە یادت چەند شیرینەو

لەگەڵ خۆی شادی دەهێنێت!! ... جەلالەدین نەجمەدین

٩ـ له زۆر گۆشەی ئەو وڵاتە قەڵای سەختی زۆردارەکان

لەژێر زەبری هێزی کورددا

ڕووخێنراوە... ڕووخێنراوە... کەمال فەرەج تۆفیق

١٠ـ بابە بابە

دایە دایە

تو ئەو خوایە

تاکەی ئەم هەراو هۆریایە... عوسمان محەمەد هەورامی

١١ـ ڕاپەڕین، با ڕاپەڕین

بەرگی سستی دادڕین... بێخەو

١٢ـ لەژێر سەقفێکا کۆڵەکەی نییە

کە ڕووخا ڕووخا ڕووگیری چییە؟... پیرەمێرد

١٣ـ بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز... گۆران

١٤ـ تا چاوی یادم بڕ بکا

بەتەنیا نیم

لەگەڵتانم، لەگەڵتانم... ئازاد دلزار

١٥ـ شیعر نییە

ئەوە ڕۆح و ئەوە گیان و ئەوە لەشی شاعیرێکە

تك تك تك تك

دەتوێتەوەو هیچ کە سێك هەستی پێ ناکا... مارف ئاغایی

١٦ـ من هەڵەبجەم هەڵەبجەم

لە کۆڕی شەیدایانا

دانسقەو هەڵبژاردەم... عوسمان محەمەد هەورامی

❊❊❊

## جیاوازی نێوان (گێڕانەوە) و (پاتکردنەوە)

(گێڕانەوە) و (پاتکردنەوە) وەك دوو هونەری جوانکاری وشەیی، ئەگەرچی هەردووکیان بریتیی بن لە دووبارەو سێ بارەکردنەوەی وشە، یان گرێ و ڕستەو دەربڕینەکان، بەڵام ئەم جیاوازیانەشیان هەیە:

ئەو وشەیەی لە (گێڕانەوە)دا چەند جارێك دووبارە دەکرێتەوە، هەر جارەی دەبێت خرابێتە پاڵ وشەیەك، بەڵام ئەو وشەی لە (پاتکردنەوە) دووبارە دەکرێتەوە، ئەگەر هەر چەندجاریش پاتکرابێتەوە، هەر دەبێ لەتەك یەك بێن و نابێت وشەیەك، یان ڕستەو دەستەواژەیەك جیاوازی بخاتە نێوانیان، بۆ وێنە:

ـ کێ گۆشیکردی؟ کێ پێی گەیاندی

کێ دەرسی دادای؟ کێ تێی گەیاندی...دلێزار

لەم دێڕەدا، ئەگەر چی لە هەردوو نیوە دێڕدا (کێ) چوار جار پاتکراوەتەوە، بەڵام نێوانیان هەیە، جارێك خراوەتە پێش (گۆشیکردووی)، جاری دووەم خراوەتە پێش (پێی گەیاندی)، جاری سێیەم کەوتۆتە پێش (دەرسی دادای)، جاری چوارەم کەوتۆتە پێش (تێی گەیاندی).. بۆیە بەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە دەڵێین (گێڕانەوە)، واتە دوای ئەوەی وشەیەك سەرەتا بەکار هاتبوو، ئێستا دووبارە پێویستی لە شوێنێکی ترو لە پاڵ وشەیەکی تردا دووبارەی کردۆتەوە.. بەڵام لە نموونەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە:

ـ فرمێسك قەتاری بەست و

ڕژایە سەر ئاگردانی لاڕێی ژوان

باری باری... جەوهەر کرمانج

(باری) دوو جار پاتکراوەتەوە و پاتکردنەوەی بە هۆیەوە بەرهەم هاتووە.

***

شەشەم: بوونی پێویستە

لە عەرەبیدا (لزوم ما یلزم)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە وەکیەکی و هاوشێوەهاتنی پیتێك، یان چەند پیتێکی بەر لەو پیتەی، کە لە هۆنراودا ڕەوی (سەروا) و لە پەخشاندا (سەروادار) درووست دەکات، ئەمەش (سەروا) و (سەروادار)ەکان جوان و ڕێکتر دەکات لە شێوە، بۆ سەر زار خۆشتر گۆ دەکرێن، بەر لە گەیشتنمان بە کۆتایی ڕستە، یان دێڕە شیعرییەکە، دەزانین کۆتاییان بە چی دێت.. بۆ نمونە:

ـ نەشئەیەك بدە بە گیانی مردووم
ڕووناکی چاوی هەوا کوێر کردووم... پیرەمێرد

ئەم دێڕەش دوو وشەکانی کۆتاییی، کە کەتوونەتە بەرانبەر یەك بریتینە لە وشەکانی (مردووم) و (کردووم)، ئەوانە وشەی سەروانە، (د) پیتی ڕەوییە، (ر) پێش ڕەوییەو بونی پێویستەیە، (وو) و (م) پاش ڕەوینە.

جۆرەکانی بوونی پێویستە

بە گوێرەی ژمارەی ئەو پیتانەی دەکەونە پێش پیتی ڕەوی و بوونی پێویستە درووست دەکەن، ئەم جۆرانەی بوونی پێویستە هەنە:

١ـ بوونی پێویستەی یەك پیتی: لێرەدا تەنیا یەك پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی دێت.. بۆ نمونە:

ـ خوێندەواری چرای ژینە
سەرچاوەی بیرو زانینە
ڕێگەی ئاواتی شیرینە
هۆشیارییەو ڕاپەڕینە... بێخەو

لەو پارچەیەدا (ن) پیتی ڕەوییە.. (ی) کە لە پێش (ن)ەکە هاتووە (بوونی پێویستە)یە، بۆیە وشەکانی سەروای دێڕەکە (زانینە) و (ڕاپەڕینە) زۆر بە ئاسانی و خۆشی گۆ دەکرێن.

٢ـ بوونی پێویستەی دوو پیتی: لێرەدا دوو پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی دێت.. بۆ نمونە:

ـ بەینێکە خولیای حەزوو ئارەزووم
سەرگەرمی کۆڕی بەزم و ئاهەنگە
نەشئەی ئارامی دەروونی تینووم
وەکو تریفەی سەر گۆمی مەنگە... شێرکۆ بێکەس

ئەم دوو دێڕە بە وشەکانی (ئاهەنگە) و (مەنگە) سەوادارکراون، (گـ) پیتی ڕەوییە، سەروای درووست کردووە، پیتەکانی (ە)و (ن) پێش ڕەوینە، بوونی پێویستەن، سەرواکەیان تۆکمەو بەهێز کردووە، (ە)ی کۆتایی پاش ڕەوییە.

تێبینی: دەشێ پیتەکانی بوونی پێویستە سێ و چواریش بن.

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ ئەشێ بکرێن
بە هەوێنی گڕی زۆردار
ئەشێ لە کوورەی مردنا
ببن بە کۆتەرەی ئازار
بە قرچەی ئێش
لە کۆتاییشا.. بە چنگێ
لە خۆڵەمێش... شێرکۆ بێکەس

٢ـ بەو ئومێدەی
بەم دیداری یادی بوونە
زیاتر گوڕمان تێبێتەوە
دڵمان زێدەتر لە جاران
بە ئەوینی تۆی خۆشەویست
پڕببێ و گەشببێتەوە... جەلالەدین نەجمەدین

٣ـ

بە سووکی تێمەگە ئەم خاکە لاتان زۆر بەقیمەت بێ
هەمووی هەر خاکی دەست و پێ و، چاوو لێوو زارێکە

ئەگەر تۆ هەڵکەنی، سا ناودڵی خاك بۆت بەدەربێخی
چ جێگای ئاوەدانی بێ، چ جێگای شوێنەوارێکە
ئەگەربێت و بەچاوی دڵ سەرنج بگری، دەزانی تۆ
کە شار وێران بووە، وێرانەیە ئێستاکە شارێکە.. عەونی
٤ـ گوڵ غەرقی ئاو و ڕەنگە
غونچە دەم و دڵ تەنگە
نێرگز گێژو دەبەنگە
بولبول لەسەر ئاهەنگە
ڕۆژێکی شۆخ و شەنگە
لوتفێ بکە درەنگە... حەمدی
٥ـ ئەی شەهیدان ئابڕۆی ئەهلی مەحەببەت با نەچێ
لەم مەسافی عەشقەدا بمرن بسووتێن بێ تەلاش
وا بەسەر تەختی هەواوە وەك سولەیمان عاشقت
تاجدارە هەرکەسێ سووتا وەکو پووش و پەلاش
ئەی سەنەم ئاوێنەیی ڕوومەت نیشانی خۆر مەدە
نەك بە جارێ گڕ لە گەردوون بەربدا عەکسی جەلاش... حەمدی

***

حەوتەم: لێیوەرگرتن

لە عەرەبیدا (اقتباس)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لەوەی پەخشان یان شیعر شتێك لە قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، یان هەر گوتەو دەربڕینێکی بەهێز لە خۆ بگرێت، بەڵام مەرج لێرەدا ئەو دووانەیە:

١ـ وەرگێراوەکە لە ڕستەیەکی سادە کەمتر نەبێت.

٢ـ نابێ ئاماژە هەبێ، کە ئەو گوتەیە وەرگێراوە.

بۆ نموونە:

ـ لەسەرمە جێی بێنم تا هەم

کە: (من لا یرحم لا یرحم) ... خدر کۆساری

(من لا یرحم لا یرحم) فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، شاعیر بەم دێڕەی خۆی تێکەڵکردووە، بەوەش لێیوەرگتن (ئیقتیباس) بەرهەم هاتووە.

ـ ئەنجامی درۆ وایـــــە

درۆزن دوژمنی خوایە... مەدحەت بێخەو

(درۆزن دوژمنی خوایە) پوختەی بیر و ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلامە، وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە نەفرەت لە کەسانی درۆزن کراوە، بۆیە زانایان ئەوەی لە دەقە قورئانییەکە گەیشتوون، هێناویانە لەوەیان پوخت کردۆتەوە، کە دەڵێت: (درۆزن دوژمنی خوایە).

.

## چەند نموونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ لە زاڵم چاکە ناوەشێتەوە... گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە... پیرەمێرد

ـ برای دووەم ماڵـــــــــــــــــی دزرا.. سۆراغ نەکراو ئاو و ئاو چوو... مەدحەت بێخەو

٣ ـ نەزیلەی باپیران وایە... شەو بۆ مێران وەك قەڵایە... سوارەی ئیلخانی زادە

٤ـ چۆن بێسوودە، ئەو ناڵینە... بەرد هەر لەجێی خۆی سەنگینە... حەسەنی دانیشڤەر

٥ـ بەڵام ئێستا لە گشت شوێنێك

هەر شیوەنەو هەر واوەیلا

منی شاعیر یەك شیعریشم بۆ نانووسرێ

دەزانی بۆ؟

(میزاجی کوردەواریم تێکچووە دەروێش عەبدوڵڵا)... مارف ئاغایی
٦ـ خۆزیا لاوێتیم دەگەڕایەوەو پێم ڕادەگەیاند
کە پیری چی کرد؟ چ ئازارێکی بە گیانم گەیاند!
بەڵام لاوێـی هەرگیزاو هەرگیز ناگەڕێتەوە
بەردیش کە بخزێ تازە شوێنی خۆی ناگرێتەوە...دلزار
٧ـ دەبارێ وا دەبارێ
بەفر گەییە گۆی دارێ
ماڵمان لە پشت حەوت کێوە
چوار دەورمان گورگ و خێوە... ئازاد دلزار
٨ـ بەهار نامەوێ جوانیت ببینم
بەرانبەر جوانیت دەڕژێ ئەسرینم
جوانیم بۆچییە؟
کە من غەمبار بم
دڵ بریندار و زۆر بە ئازار بم... جەمال گردەسۆری
٩ـ خۆ دەزانم
ئێستاش چاوی پەشیمانیت لە گریانە
بەڵام چی بکەین، چی بکەین گیانە
نەتزانیوە
لە جێی قوزەڵقورت سندانە... جەمیل ڕەنجبەر
١٠ـ لە تێنوێتی ئەم ڕێگایەی
بە خوێنی ئێمەو هەزاران
ملیۆنەها مرۆڤ مەستە
(وێڵین بە دوای ڕێبوارێکا
کلیلی کردنەوەی دەرگای

هیوای ئەم گەلەی لە دەستە) ...عوسمان مستەفا خۆشناو

١١ـ هەر چەند ئەزانم

کە بای هەناسەم

تۆزی خەرمانی خەمی دەروونم

بۆ ئێوە دێنێ

بەڵام گوێ بدەنە

ئاهەنگی دڵی ماندووم کە دەڵێ:

(هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە

دە بنوو، درەنگە، بۆ خەوت نایە) ... مارف ئاغایی

١٢ـ شەوێ پیاوێك لە بەفرا ما، نەمرد ئاگرێکی دووری دی

لەلای من نائومێدی کفرە، ئەم ئاگرەی دڵم بو کێ... پیرەمێرد

١٣ـ میحوەری ڕووحەو ڕەئیسی هەیئەتی بەزمی وجود

با وجوودا عەرشی ڕەحمانە ئەڵێن عینوانی دڵ... حەمدی

١٤ـ لە دەوری دووریبیا پەستم دەروون پڕ دەرد و زوخاوم

ئەجەل دێ بمکوژێ نامناسێ چی بکەم نامرم و ماوم... پیرەمێرد

١٥ـ سەرانسەر دونیا بدەیتە پاوە... چاوچاو ناوینێ ئەگوستە چاوە... موفتی زادە

١٦ـ شا بە سەپانی خۆی ڕاناگرێ... ئەم سەرزەمینە بە فلسێك ناکڕێ... پیرەمێرد

١٧ـ با گرتن تەمی ترسم لا ئەبا... بریندار نەبێ شێر هەڵمەت نابا... پیرەمێرد

***

هەشتەم: تێکهەڵکێش

(تێکهەڵکێش) لە عەرەبیدا (التضمین)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە تێکهەڵکێش کردنی ڕستەو گوتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیرێك لە نوێ دایدەرێژێت، جا گوتەو ڕستەکە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بێت، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشەویست بێت (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، یان پەندێکی پێشینان، یان نیوە دێڕو دێڕە هۆنراوەی شاعیرێکی تر، یان

تەنانەت شیعرێکی تەواوی شاعیرێکی تر، یان هەر دەربڕینێکی تربێت، بەو مەرجەی لە سنووری ڕستەیەکی سادە کەمتر نەبێت و ئاماژەش هەبێت، کە ئەم ڕستەیە وەرگیراوەو بەشێکی دیکە نییە لە گوتاری خودی شاعیرەکە.

ئەم هونەرە یەکێکە لە هونەرە وشەییە دەوڵەمەندەکانی (جوانکاری)، چ ئەوانەی لەسەر کێشی عەمەوودی، چ ئەوانەی لەسەر کێشی ئازادیش شیعریان هۆنیبێتەوە، لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە (پەخشان)یش نووسەر پەنای بۆ دەبات، نووسەر زۆرجار وتەکانی خۆی لەم ڕێگەیەوە بە وتەی کەسانی تر بەهێز دەکات.. بۆ نمونە:

فەرمووت: (لە ئادەمن گشت)

ـ گەورەو بچوك وردو درشت ـ

(ئەویش بۆ خۆی لە خاکە)

ئیتر هەر چاکە چاکە... مەلا عەبدی

تێکهەڵکێش بە فەرموودەی پێغەمبەرە (درودو سلاوی خوای لەسەر)، شاعیر فەرموودەی ((کلکم من أدم وأدم من تراب))ی وەرگرتووە، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە لە دوو ڕستەدا کورتبۆتەوە، هەر ڕستەیەی بە جارێك بە شیعرەکەی تێکهەڵکێش کردووە.

ـ ئێجگار تامەزرۆی لیقاین و

ساتێك چۆکدادان لە حوزوور

وەکو بێخود بە زمانی حاڵ

ناڵەو فوغانمانە لە دوور:

(هەروەك منداڵە کوردێ

کە ون بووبێ لە باوکی

ئەگریم بەرەو مەدینەو

هەر باوە باومە)... جەلالەدین نەجمەدین

(هەروەك منداڵە کوردێ

که ون بووبیٚ له باوکی

ئەگریم بەرەو مەدینەو

هەر باوە باومە)..

ئەم پارچەیە، لە بنجدا دێڕە شیعرێکی (بێخود)ی شاعیرە، ئەو گوتوویەتی:

ـ وەك منداڵە کوردیٚ کە ون بووبیٚ لە باوکی

بەرەو مەدینە دێم و هەر باوە باومە... بێخود

شاعیر بە دەستکارییەکی کەم وەریگرتووەو بەوەش (تێکهەڵکێش)ی درووستبووە.

## چەند نمونەیەك بۆ شیکاکردن

١ـ بەڵیٚ قوربان

یەکەم کەس بووی تێتگەیاندین

ئافرەت لەسەر شانۆی ژینا

خوا ڕۆڵی گەورەی پێداوە

پایەدارە، خاوەن ڕێزە

بە هاوەڵانت دەفەرموو:

(چاك بن لەگەڵ ئافرەتانا

چاکترینتان ئەوەتانە

لەگەڵ هاوسەریدا چاك بیٚ

زۆر بە لەبزو نەرم و نیان و دڵپاك بیٚ

ئافرەتان هاوتای پیاوانن) ... جەلالەدین نەجمەدین

٢ـ ئەمشەو بینیم

بۆ هەمیشە لێك هەڵبڕاین

دەڵێن: خەون

به پێچەوانەی ڕاستییە... مارف ئاغایی

٣ـ بیستوومە لە کۆنە پیاوان

سەرگوزشتەی خاوەن ناوان

لە سەخڵەتا خۆش دیارن

هەر زۆرەکوژەی زۆردارن... سوارەی ئیلخانی زادە

٤ـ بەهێز ئەبێ بێهێز بخوات... مێژوو ئەڵێ: ژین وا ئەڕوات... شێرکۆ بێکەس

٥ـ مانگت ئەوا گیرا وەکو حەمدی ئەلێ تا بەر ئەبێ

هەر لە تەشتی سینەیی زامارو تەپلی سەر ئەدەم... عەلی کەمال باپیر

٦ـ گوتت: چۆنی؟ چلۆنت تێگەیێنم؟.. ئەشێ دوای جوانە مەرگان، جوان بمێنم؟.. دانیشفەر

٧ـ بە عارەبی صاف، بە دەنگێکی ڕەق... ئەیگوت: ادخنوا من دخان الشرق... پیرەمێرد

٨ـ خۆتان دەڵێن: ئەگەرچی مەشهوری خاص و عامە

هەر ڕێوییەك گەڕابێ ئازاترە لە شێران... حاجی قادری کۆیی

٩ـ لاوی کورد مەردە لە مردن قەتعیەن باکی نییە

پەندی پێشینانە ڕاستە ( بەرخی نێر بۆ سەربرین)... پیرەمێرد

١٠ـ چڵکی دەستەماڵی دنیا وەك دەلێن

ماڵپەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن... هێمنی موکریانی

١١ـ تۆز لە قوڕ هەڵناستێ قسەی پێشوو تەواوە

نێرە گورگ چۆن دەزێ؟ لە کام مێژوودا زاوە... سامی عەودال

## جیاوازی نێوان لێیوەرگرتن و تێکهەڵکێش

لێیوەرگرتن ئەوەیە ئاخاوتن شتێك لە قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەی پێغەمبەر (درودو سلاوی خوای لەسەر)، یان پەندی پێشینان، یان هەر باسێکی تر لەخۆ بگرێ، بێ ئەوەی

ئاماژەی بۆ ئەوە بکات، کە ئەمانەی لە کویێ وەرگرتووە، بەم تێکهەڵکێش کە شتێ لەمانە وەردەگرێ، ئاماژەی بۆ دەکات، کە ئەم وەرگیراوە هی فلانە سەرچاوەیە.

کەوابێ ئەگەر بەرهەمێك ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەییێکی لەخۆیدا هەڵگرتبوو، ئاماژەیشی کردبوو، کە ئەوە ئایەتی پیرۆز، یان فەرموودە، یان هەر شتێکی دیکەیە، ئەوە لێیوەرگرتن نییەو تێکهەڵکێشە. بۆ نمونە حاجی قادری کۆیی فەرموودەی هێناوەتە نێو شیعرەکەی و گووتوویەتی:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین
(أطلبوا العلم ولو بالصين)
نێر و مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە... حاجی قادری کۆیی

ئەمە تێکهەڵکێشە بە فەرموودە، چونکە ئاماژەی کردووە، ئەوەی وەریگرتووە فەرموودەیە.

بەڵام هەمان ئەو فەرموودەیە (بێکەس)ی شاعیر دەیهێنێت و بە هۆیەوەی مەبەستە شیعرییەکەی دەوڵەمەند و بەهێز دەکات، کەچی شێوازی وەرگرتنی فەرموودەکەی لێیوەرگرتنەو تێکهەڵکێش نییە، ئەوەتا دەڵێت:

(أطلبوا العلم ولو بالصين)ی گەر تێبگەی تەمام
قەتعییەن تەحصیلی عیلم و مەعریفەت ناکەی حەرام... بێکەس

٢ـ لێیوەرگتن جوانتر و کورتتر و شێوازەکەی لە تێکهەلکێش بەهێزترە.

***

نۆیەم: دوو سەروا

لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا (التشريع)ی پێدەڵێن.. ئەم هونەرە تایبەتە بەشیعر.. بریتییە لە بوونی دوو (سەروا)ی لەیەك کات بۆ هۆنراوەیەك.. کە دەشڵێین دوو (سەروا)ی لەیەك کات بۆ هۆنراوە، مەبەستمان ئەوەیە، ئەگەر بۆ نموونە ژمارەی بڕگەکانی دێڕە هۆنراوەیەك (١٣)

بڕگەبێ، لە کۆتایی بڕگەی هەشتەمی دێڕەکەو هەتا کۆتایی هۆنراوەکەش لەو شوێنە بە شێوەیەك هۆنراوەکە سەروادار بکرێت، کە ئەمە (سەروا)ی یەکەمی هۆنراوەکەیە.. ئینجا ئەو پێنج بڕگەیەش، کە لەهەر نیوە دێڕێك و تا کۆتایی هۆنراەکە دەمێنێ، دووبارە بە شێوەیەکی تر ئەوەش سەروادار بکرێت، ئەمەش سەروایەکی دووەمی هۆنراوەکەیەو بەو شێوە هۆنراوانە، کە ئاوا سەروادار دەکرێن، دەگوترێت هۆنراوەی (دوو سەروا)یی.. بۆ وێنە:

١ـ لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا... تاقە ستارە

نەبووی لە وەرزی دەستکورتی منا... ئاشکراو دیارە

هەر لەبەر ئەوە ڕووم لێ وەرگێڕای... یەکەم تەصادوف

دڵەی حەساس نا بەردم پیشان دای... بەڵام تەئەسسوف!! ... گۆران

ئەم شیعرە هەر دێڕێکی لە بەشی یەکەم سەروایەك و لە بەشی دوەمیش سەروایەکی دیکەی هەیە، دەکرێ ببێتە دوو شیعری بەم شێوەیە:

ـ لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا

نەبووی لە وەرزی دەستکورتی منا

هەر لەبەر ئەوە ڕووم لێ وەرگێڕای

دڵەی حەساس نا بەردم پیشان دای... گۆران

ئەم پارچەیە سەروای دێڕی یەکەمی لە وشەکانی (حوسنا) و (منا) دایە، (ن) پیتی ڕەوییە، (ا) پاش ڕەوییە.. دێڕی دووەمیش سەرواکەی لە وشەکانی (وەرگێڕای) و (دای) دایە، (ا) پیتی ڕەوییە، (ی) پاش ڕەوییە.

ـ تاقە ستارە

ئاشکراو دیارە

یەکەم تەصادوف

بەڵام تەئەسسوف!! ... گۆران

هەرچی ئەو پارچەی دووەمەشە، ئەویش سەروای دێڕی یەکەمی لە وشەکانی (ستارە) و (دیارە) دایە، (ر) پیتی ڕەوییە، (ە) پاش ڕەوییە.. دێڕی دووەمیش سەرواکەی لە وشەکانی

(تەصادوف) و (تەئەسسوف) دایە، (ف) پیتی ڕەوییە.. بەوەش (جووت سەروا)ی درووستکردووە.

٢ـ دایە گیان لەم دیو شوورە بەرزەکە...       واقت وڕماوە
دوو چاوت لەنێو سینگی ئاسۆکە...       گۆمی خوێناوە
گوێت لە ئاوازی کەمانی مردن...       وا حەپەساوی
لێی ئەدا بەتین دەستڕێژی دوژمن...       بۆیە شێواوی... عوسمان مستەفا خۆشناو

ئەم پارچە شیعرە هەر دێڕێکی لە بەشی یەکەم سەروایەك و لە بەشی دوەمیش سەروایەکی دیکەی هەیە، دەکرێ ببێتە دوو شیعری بەم شێوەیە:

ـ دایە گیان لەم دیو شوورە بەرزەکە
دوو چاوت لەنێو سینگی ئاسۆکە
گوێت لە ئاوازی کەمانی مردن
لێی ئەدا بەتین دەستڕێژی دوژمن... عوسمان مستەفا خۆشناو

ئەم پارچەیە سەروای دێڕی یەکەمی لە وشەکانی (ئاسۆکە) و (بەرزەکە) دایە، (ك) پیتی ڕەوییە، (ە) پاش ڕەوییە.. دێڕی دووەمیش سەرواکەی لە وشەکانی (مردن) و (دوژمن) دایە، (ن) پیتی ڕەوییە.

ـ واقت وڕماوە
گۆمی خوێناوە
وا حەپەساوی
بۆیە شێواوی... عوسمان مستەفا خۆشناو

هەرچی ئەو پارچەی دووەمەشە، ئەویش سەروای دێڕی یەکەمی لە وشەکانی (وڕماوە) و (خوێناوە) دایە، (و) پیتی ڕەوییە، (ە) پاش ڕەوییە.. دێڕی دووەمیش سەرواکەی لە وشەکانی (حەپەساوی) و (شێواوی) دایە، (و) پیتی ڕەوییە، (ی) پاش ڕەوییە.. بەوەش (جووت سەروا)ی درووستکردووە.

چەند نمونەیەك بۆ شیكاكردن

١ـ چنگێکی ئاسنینی ڕەش ڕایکێشاوم
لەچوار دیواری قووچ و کەش خزێنراوم
ئەوەندەی کەڵڵە بیژنێ ئاسمانی شین
چاوی وەك کونی سوژنێ پرقاڕ و قین
ئاراستەی نێو چەوانم و دوو چاومە
ڕێگری شیعرەکانم و هەنگاومە
ویلم بەدووی پڕشنگێکا گەش و ئاڵە
بەدووی ئاوازی زەنگێکا زۆر زولاڵە... دیلان

***

٢ـ شیرین.. بەستەی گولاڵەی سوور تریفەی مانگم
شیرین.. گەشەی ئەستێرەی دوور گفت و گۆو بانگم
شیرین.. تیشکی ڕۆژی دەم کەل بۆ وێرانەی دڵ

شیرین.. هاژە و جریوەی مەل          بۆ وەنەوشە گوڵ... دیلان

**٣ـ** نەبریقەی شەونمی سەر          چیمەنی قەراغ
نەخەندەکەی تازە غونچەی          درەختانی باغ
نە کەروێشکەی دەغڵی بنار          نە هاژەی چاوە
نە ئەو بۆنە سەرمەستکەرەی          ئەگریچە خاوە... دیلان

**٤ـ** ئەی مانگ بۆ لێلە تریفەت ئیمشەو          هەڵبزرکاوە
چاوی کەژاڵت وەك چووبێتە خەو          سیس و ژاکاوە
بریقەی گۆنای درەوشەدارت          زەردوخاکییە
شەوق و چریسکەی گەشی ڕووخسارت          کەم ڕووناکییە... دیلان

***

دەیەم: دواخستن

بریتییە لە دواخستنی بەشی دووەمی گوتە، کە لە پاشان و لە شوێنێکی دیکە دەخرێتە ڕوو، ئەوەش جوانییەك بە دەربڕین دەبەخشێت و چێژێکی خۆشی لێ بەرجەستە دەبێت.. لەم بارەیەوە (مارف ئاغایی) نمونەی جوانی هەیە، لەوانە:

ـ چەند ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووەو
هیچ دڵپڕێك
چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و
هیچ بیسەرێك
چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شیعر و
هیچ خوێنەرێك
نادۆزمەوە
کە فرمێسك و ئاواز و شیعرم جێ بێڵم... مارف ئاغایی

لەم کۆپلەیەدا دەبینین، کە خوێنەر ڕستەی یەکەم دەخوێنێتەوە: (چەند ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووەو)، دەگاتە دەستەواژەی (هیچ دڵپڕێك)، ئەم دەستەواژەیە دیارە بکەری ڕستەی بەدواداهاتووە، کە ڕستەی وەڵامی مەرجە، چونکە ڕستەی پێشوو ڕستەی فرمانی مەرجە، بەڵام کە درێژە بە خوێندنەوە دەدات، دەبینێ، شاعیر وەڵامی مەرج دوا دەخات و ڕستەیەکی دیکەی مەرجی دەکاتەوە: (چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و) دیسانەوە دەگاتە سەر دەستەواژەی (هیچ بیسەرێك)، کە ئەوەش بکەری ڕستەی وەڵامی مەرجی ئەم ڕستە مەرجەی دووەمەیە، بۆیە خوێنەر دیسانەوە چاوەڕوانی فرمانی مەرجە، بەڵام دیسانەوە شاعیر ئەو فرمانە دوا دەخات و ڕستەی سێیەمی مەرجی دەکاتەوە، دەڵێت: (چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شیعر و هیچ خوێنەرێك)، ئینجا فرمانێك دێنێ، ئەوەی لە دوو قۆناغەکانی پێشوو دوای خستبوو، بۆ هەر سێ ئەو ڕستانەی سەرووی دەکاتە فرمانی مەرج و دەڵێت: (نادۆزمەوە، کە فرمێسك و ئاواز و شیعرم جێ بێڵم)!! بەمەش ئینجا واتای مەبەست ڕووندەبێتەوەو خوێنەر تێدەگات مەبەستی شاعیر لە سەرەتاوە چی بووە، ئەوەش (دواخستن)ە، جوانییەکی ئەدەبی و چێژێك پێشکەش دەکات.

ـ ئەوا من هەمیشە لەژێر تریفەی مانگی تەنیا

لەژێر منارە چۆلەکەی شاری غوربەت

لە پەنجەرەو لە تەك ئاسەوارەکانی مەچکۆ

لەبەر دەرگای قەڵا وەهمکوژەکانی شار

لە لای پەیکەرەکەی زەعیم

لەکن ئاوەکەی کەسك و سۆر

لەلای قەسرەکەی عەتاوڵا

لە مزگەوتی شێخی چۆلی

وەستاوم و گوڵم پێیە... کەریم دەشتی

لەم پارچەیەدا شاعیر حەوت ڕستە دێنێ، هەموویان یەك فرمانیان دەوێت بۆ ئەوەی تەواوبن، بەڵام هیچیان تەواو ناکات و ئەو فرمانانەیان پێنادات و دوای دەخات، تا لە کۆتاییدا لە ڕستەی هەشتەم، ئینجا فرمانەکە دێنێ و واتای هەموو ئەوانەی پێشوو بەو فرمانە دەبەستێتەوە.

***

یازدە: هاوبڕی

عەرەب (الموارده)ی پێدەڵێن.. ئەم شێوازە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە دوو کەس لە دوو شوێنی جودا، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەك بێ، بە یەك زمان، یان بە دوو زمانی جودا، هەمان شت دەڵێن.. بۆ نمونە:

مەلای جزیری لە دێڕێکی فەلسەفی بەرزی گوتوویەتی:

ـ حوسن و جەمالی جانان، نادێرتن تو پایان

هەرچی نەبن بیدایەت، ئەصلەن نەهن نیهایەت... مەلای جزیری

لەولاوە شاعیرێکی عەرەب، کە شیعرەکەی لە لایەن (نەبیل شعیل)ی کوەیتی کراوەتە گۆرانی، گوتوویەتی:

ـ اللی ما لو أول

أكيد ما لو تالي... نبيل شعيل

تەماشادەکەین ئەم شیعرە عەرەبییەو ئەو نیوەدێڕەی دووەمەی مەلای جزیری، تەواو یەك شتن و دەڵێی وەرگێڕدراوی یەکن، بەڵام ماوەیەکی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەش کەوابێ لە یەك وەستەدا هەردوو شاعیر ئەقڵیان هەمان شتی بڕیوە، بۆیە هەمان شتیان گوتووە.

نمونەیەکی تر:

کورد دەڵێن: تاس دەڵێ بپسێم بەڵام نەزرینگێم!

عەرەب دەڵێن: ((كما يكون الأب يكون الأبن)). کەریم شارەزا

نمونەیەکی تر:

کورد گوتویانە: مردن خۆشترە لە شەرمەزاری!.. بمری باشترە، بەڵام نەوەك شەرمەزاری دونیاو قیامەتان بی!

یابانی دەڵێن: مردن باشترە لەوەی لەگەڵ شەرمەزارییەکەت بژی!

عەرەب دەڵێن: النار ولا العار. واتە: بکەویە ئاگری باشترە، نەك بکەویە شەرمەزاری.

نمونەیەکی تر:

کورد دەڵێن: ((گیا لەسەر پنجی خۆی شین ئەبێ)).

عەرەبیش گوتویانە: (ابليس الأبالسة).. ئیبلیسی ئیبلیسەکانە: واتە: کەسێکە لەنێو کاری خراپدا زۆر ڕۆچووە، تا شەڕو ئاژاوەو خراپە هەبێت، بەلای کاری چاکدا نایێت. کورد دەڵێت: ئەوەندە فڕوفێڵچییە شەیتان دەستی بە کلکی خۆیەوە گرتییە، تیلکی پێوە نەکات.

نمونەیەکی تر:

کورد دەڵێن: کوڕ شایی نەدەزانی، دەیگۆ عەرد خوارە!

ئینگلیز گوتویانە: A bad Workman Blames His Tools

واتە: کرێکاری خراپ گلەیی لە کەرەستەکانی دەکات!

نمونەیەکی تر:

کورد دەڵێن: بە قەد بەڕەکەت پێت ڕاکێشە.

عەرەب دەڵێن: پێت بە قەد لێفەکەت درێژ کە.

سوودی ئەم شێوازە

١ـ ئەم شێوازە تێمان دەگەینێ، کە ئەزموون و تێڕوانین و تێگەیشتنە مرۆییەکان، زۆر جار دووبارە دەبنەوەو زۆر لە یەکتری نزیکن.

٢ـ ئەگەر دوو شتمان لای دوو نەتەوە بینی، شتەکان زۆر پێك دەچوون، مانای ئەوە نییە، دووەمیان لە یەکەمیان وەرگرتووە، نەخێر، بەڵکو زۆر جار ئەمە بە هۆیەکانی: هەمان ئەزموون و هەمان بینین و هەمان واقیع لای هەر دوو نەتەوە، یان هەردوو ئەدیب درووست بووە.

***

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

ـ خۆت خۆت بناسه. سوقڕات

ـ خراپترین عەیبمان گرنگیدانمانه به عەیبەی خەڵکی دی. جبران خەلیل جبران

ـ ئەوەی وەڕسم دەکات، ئەوە نییە، که تۆ درۆت کرد، بەڵام ئەوەی وەڕسم دەکات ئەوەیە، که لەمەولا ناکرێ بڕوا به تۆ بکرێت. نیتشه

ـ دەشێ له ڕابردوو، یان له ئایندەدا هەندێ کۆمەڵگا ببینیەوه به بێ زانست و فەلسەفه بـن، بەڵام هیچ کۆمەڵگایێك نییه بەبێ ئاین. بریجسۆن

ـ نهێنیت دیلی خۆته، که ئاشکرات کرد، تۆ دەبییه دیلی ئـەو. عـەلی کـوڕی ئـەبی تالـب (ڕەزای خوای لێ بێ)

ـ ئەگەر دەتەوێت بەبێ لۆمه بژیت، هیچ مەڵێ و هیچ مەکە، ئەوکاته کەس لۆمەت ناکـات. ولیەم کرۆب

ـ تیرهاوێژ دەبێ پەله نەکات، چونکه که تیر هاوێژرا، ناگەڕێتەوە. شیرازی

ـ پەشیمانی ماره به خۆی وەدەدات. ئیدوارد ویانس

ـ له بارەی شتێکەوه که نایزانی شەرم مەکە، چونکه ئەگەر جارێـك نـەزان بـی، زۆر باشـتره لەوەی به درێژایی تەمەنت لەسەر نەزانینەکەت بەردەوام بی. یوسف سوباعی

ـ ئەوەدایکم بوو، منی کرده ئەو پیاوە. ئەدیسۆن

ـ بەر لەوەی تینو بیت، بیر هەڵکەنە. داناییێك

ـ هەندێ کەس که گەورەن لەبەر ئەوەیه دەوروبەرەکەیان بچووکن. مارك تۆین

❊❊❊

دوازده: پێنجخشتەکی

ئەمە هونەرێکی شیعری فارسییە، شاعیرانی کلاسیکی کوردیش پەیڕەوییان لێیکردووە، هەمیشە هونەرێکی شیعری تێکهەڵکێشکراوە، چونکە بینای ئەم هونەرە شیعرییە بەوە دەبێت، شیعرێکی ناوداری شاعیرێك وەربگیرێ و بکرێتە بناغە بۆ شیعرێکی پێنجخشتەکی نوێ، لەو پێنجخشتەکییە نوێیە هەمیشەو بە ڕیز دێڕی یەکەمی شیعرە بەناوبانگەکە دەکرێتە بناغەی پێنجخشتەکییەك، کە سێ نیوەدێڕی یەکەم، هی شاعیرە تازەکەیەو نیوەدێڕەکانی چوارەم و پێنجەمیش هی شاعیرێکی دیکەیە، کە لەبەر جوانی و بەهێزی شیعرەکەی کراوەتە بناغەی پێنجخشتەکییەکە.

هەر لەبەر ئەو هۆیەی سەرووشە، ئەم شێوازەی نووسینی شیعرە وەکو یەك لە هونەرە جوانکارییە وشەییەکان دەژمێردرێ.

جیاوازی نێوان پێنجخشتەکی و پێنجین

لە پێنجخشتەکیدا هەمیشەو بە ڕیز دێڕی یەکەمی شیعرێکی بەناوبانگ دەکرێتە بناغەی پێنجخشتەکییەکە، کە سێ نیوەدێڕی یەکەم، هی شاعیرە تازەکەیەو نیوەدێڕەکانی چوارەم و پێنجەمیش هی شاعیرێکی دیکەیە، ئینجا دێڕی دووەمی شیعرە ناودارەکە دەکرێتە بناغەی پێنجخشتەکی دووەم و شاعیری خاوەن پێنجخشتەکییەکە سێ نیوەدێڕی تر دەخاتە سەر ئەویش، بەم شێوەیە تا شیعرە ناودارەکە دەگاتە کۆتایی، هەر دێڕێکی بە ڕیزە دەبێتە بناغەی پێنجخشتەکییەکی شیعرە نوێیەکە، ئەوەش کەوابێ هەموو شیعرێکی پێنجخشتەکی شیعری تێکهەڵکێشە.

بەڵام پێنجین جیایە، چونکە لە پێنجیندا هەموو پێنج دێڕەکان هی خودی شاعیرەکەن.

جوانی پێنجخشتەکی

١ـ جەختکردنەوە لەسەر واتا بەهێز و جوانەکانی پێشوو، کە شاعیرانی پێشوو پێشکەشیان کردووە.

٢ـ فراوانکردنی وێنە شیعرییە کۆنەکان.

٣ـ بەرەوپێشبردنی بیر و ڕامانە پێشووەکان.

٤ـ بەرەوپێشبردنی ئەزموونە کەسییە سەرکەوتووەکان.

٥ـ تێکەڵاوکردنی داهێنانی نوێ بە کۆن.

پێنجحشتەکی لە شیعری کوردی

گەلێ لە شاعیران سوودی زۆریان لەم هونەرە وەرگرتووە، یەك لەو شاعیرانە (حەمدی)یە، سوودی زۆری لەم هونەرە وەرگرتووەو هاتووە شیعری (مەحوی) و (سالم) و (کوردی) و (حافزی شیرازی) و هی دیکەی وەرگرتووەو کردوونی بە بناغە بۆ پێنجخشتەکییەکانی، ئەمەی خوارەوە نمونەی یەکێ لە پێنجخشتەکییەکانی (حەمدی) نە:

١ـ پێنجخشتەکی حەمدی لەسەر شیعری مەحوی:

بە سەرما پێ دەنێ لەم ئەرزەدا بێ ڕێم دەڵێ یا شێخ

کە دەستی کەوتە کار عادەتیەتی جێ پێم دەڵێ یا شێخ

دەڵێی نورە لە فانۆسی دڵا بێ جێم دەڵێ یا شێخ

چ شۆخە ئاگرم تێبەردەدات و پێم دەڵێ یا شێخ

بە خاشاکی دەوت شوعلە عەسامە دەستی پێ دەگرم... حەمدی

سێ نیوەدێڕی یەکەم هی (حەمدی) و دوو نیوەدێڕەکانی چوارەم و پێنجەم هی (مەحوی)نە، بەمە پێنجخشتەکییەکی تێکهەڵکێشکراو درووستبووە.

٢ـ دوو پێنجخشتەکی بێبەش لەسەر شیعری هەردی:

ـ بە دەستی خۆی لەدەستی دا، کەچی ئێستا پەشیمانە

ئەڵێ چیم کرد، لەگەڵ خۆما، لە بۆ نامەردی بێگانە

بەرم دەن، باوەڵامی دەم، بلێم پێی، مەردو مەردانە

(بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت خەشیمانە

ئەگەر ژەهریش تێدابوو، گوناهی خۆتە بیزانە).. بێبەش

ئەم پێنج خشتەکییە، سێ نیوە دێڕی یەکەمی هی (بێبەش)ە، دوو نیوە دێڕەکەی تریش هی (هەردی)یە، (بێبەش) وەك بناغەیەك بۆ پێنج خشتەکییەکەی خۆی هێناوییەتی و بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێشی کردووە.

جاری تریش شاعیر چەند دێڕێکی هۆنراوەی شاعیرێکی تر وەردەگرێ و هەر دێڕێکی دەکاتە بناغەی پێنج خشتەکییەکی خۆی بۆ وێنە:

ـ بەبێ مەی مەستەکی مەستم، دڵم یەکجاری غەمناکە
چ کەس نابێتە خزمی کەس، زەمانێکە کە ئێستاکە
هەزار سوندم بە زاتی خوای نییە تاکی، بەبێ تاکە
(سەرم سوڕماوە نازانم چ شەخصێ بێ غەش و چاکە
لە ناو ئەو قەومەدا کێ یە، لەگەڵ هاوجنسی خۆی پاکە؟!)

لە خەڵکی لادە، خۆت لادەی، ئیتر نابین شکستی تۆ
زەرەر نابینی، نابینن زەرەر خەڵکی لەدەستی تۆ
ئەڵێم گەر خاوەنی هەستی، هەیە یەك زەڕڕە هەستی تۆ
(لەلام واباشە ئێستاکە بە کەس پشتی نەبەستی تۆ
لەخزم و دۆست و ئاشنایان هەتا دەتوانی هەر ڕاکە)

لەوان دەرکەوت و دوورکەوتبە، هەتا ئەتوانی تۆ لێیان
لە ڕێیان لادە بێ ڕێنە، ئەگێڕی چاکەیی کێیان
(ئەقاریب کەلعەقاریب) ڕاستە (بێکەس) نێرە گەرمێیان
(کەس و کارت وەکو مارن، ئومێدت هیچ نەبێ پێیان
لەژێر سایەی ئەوان دەرچوو، برادەر خۆتی لێ لاکە).. بێبەش

سێ دێڕەکانی یەکەمی هەر پێنجخشتەکییەك هی (بێبەش)ەو دوو نیوەدێڕەکانی نێو کەوانەو دامێنی ئەو پێنج خشتەکییانەی سەرەوەش، هی (بێکەس)ی شاعیرن، ئەو لە شیعرێکیدا ئەوەی

گوتووە کە پێنج دێڕە، ناونیشانەکەی بریتییە لە (کە پارەت بوو خزم زۆرە)، (بێبەش) ئەم سێ دێڕەی لێوەرگرتووەو هێناونی وەك بناغەیەکی پێنج خشتەکییەکانی خۆی، تێکەڵ بە هۆنراوەکەی خۆی کردووە.

**٣ـ پێنجخشتەکی بێکەس لەسەر شیعری پیرەمێرد**

جاری واش هەیە شاعیر تەواوی شیعری شاعیرێکی تر وەردەگرێ و هەر دێڕێکی دەکاتە بناغەی پێنج خشتەکییەکی خۆی.. بۆ وێنە:

ـ قەدری میللەتتان بە جارێ شکان
نەحەیاتان ما، نە ناوونیشان
باری تەعنەتان، واهاتە سەرشان
(وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان)... بێکەس

ئەم پێنج خشتەکییە یەکێکە لەو حەوت پێنج خشتەکییانەی (بێکەس)ی شاعیر، کە لەسەر بنەمای شیعرێکی حەوت دێڕی (پیرەمێرد)ی شاعیرەوە هۆنیویەتییەوە.. (بێکەس) هەر حەوت دێڕە هۆنراوەکەی لە (پیرەمێرد) وەرگرتووە، هەر دێڕێکی کردووەتە بناغەی پێنج خشتەکییەکی، بەم شێوەش تەواوی شیعرە وەرگیراوەکەی، بە هۆنراوە پێنج خشتەکییەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە.. کە لەبەر درێژی لێرەدا هەر ئەو پارچەیەی سەرەومان بەباش زانی.. بۆ لێوردبوونەوەی زیاتریش دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ هۆنراوەکەی (بێکەس) لە دیوانەکەی خۆیدا.

**٤ـ پێنجخشتەکی حەیدەری لەسەر شیعرێکی ئەحمەد حەمدی بەگی صاحێبقڕان**

ـ وەکو فەرهادی خۆکوژ ڕوو لە کێوم
هەموو دەم هەر گەڕیدەو سەر بە خێوم
بە ڕەنگی زەردەوە بە وشکی لێوم
(تەماشاکەن قوڕێکی شل دەپێوم

له کاسەی دیدە خوێنی دڵ دەپێوم)... حەیدەری

٥ـ پێنجخشتەکی ڕازی لەسەر شیعری ئەخۆل

ـ لە یادت دەرنەچم هەرگیز کە مەرگی جوانی چەن تاڵە
سەرم دانێ لەسەر ڕانت کە شەنگم حاڵم بێ حاڵە
سەیری باڵای نەمامم کە، کە هێشتا بەرهەمی کاڵە
(ئەوا جێت دێڵم ئەی دایە بە عومری بیست و یەك ساڵە
لە بێخ و ڕیشە دەرهاتم وەکو لالەو گوڵی ژاڵە)... ڕازی

تێبینی:

دەبێ ئەوە بگوترێ لە تێکهەڵکێشی پێنجخشتەکی مەرج نییە لە ناو هۆنراوەکە بگوترێ ئەم دوو دێڕەی کۆتایی پێنجخشتەکییەکان هی یەکێکی دیکەن، چونکە لێرەدا باو وایە لە سەرووی هۆنراوەکە دەنووسرێ: پێنجخشتەکی فلان لەسەر هۆنراوە، یان بەیتێکی فلان.

***

سێزدە: چوارخشتەکی تێکەڵ

چوارخشتەکی تێکەڵ: ئەو چوارخشتەکییەیە، کە ژمارەیێك چوارینی بەدوای یەك لەخۆ دەگرێت، لە هەموویاندا سێ نیوەدێڕی یەکەم هی خاوەنی چوارخشتەکییەکانەو نیوەدێڕی چوارەم لە شاعیرێکی تر وەرگیراوە، کراوەتە بناغەو لەسەر ئەوەوە بینای چوارخشتەکییەکە کراوە، ئەوەش هونەرێکی تێکهەڵکێشییەو لە بوواری داهێنان و جوانکاری شیعریدا بەهای تایبەتی خۆی هەیە.. جوانی ئەم هونەرەش لەوەدایە:

١ـ دوو ئەزموون پێکەوە تێکەڵ دەکات.

٢ـ واتا فراوان و بەهێزتر دەکات و دەشێ بەڵگەی جوان و سەرنجڕاکێش بۆ ئەو گوتانە بێنێتەوە، کە لە شاعیرێکی دیکەی وەرگرتووەو کردوویەتییە بناغە بۆ چوارخشتەکییەکانی خۆی.

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نمونەی جوانی لەوجۆرە دەبینینەوە، هەندێ لەو نمونانە، بۆ وێنە:

١ـ حەمدی لە یەك لە چوارخشتەکییە تێکەڵکێشەکانیدا هاتووە، نیوەدێڕێکی شاعیری فارسی (حافزی شیرازی)ی وەرگرتووەو کردوویەتییە بناغە بۆ تەواوی چوارینەکانی، کە ژمارەیان حەوت چوارینە.. ئەوەتا لە یەکێکیاندا دەڵێت:

ـ نامەرد موغەننی وەقتی مەقاماتە نەسرەوی
توخوا قەتارێ خۆشە بە ئەبیاتی مەولەوی
یاخۆ بە سۆزی شۆرەوە بەیتێکی مەولەوی
(تا خواجە میخورد بغزلهای پهلوی)... حەمدی

نیوەدێڕی چوارەم هی حافزی شیرازی و سێ نیوەدێڕەکانی سەروو هی حەمدی خۆینە، بەوەش چوارخشتەکی تێکەڵ بەرهەمهاتووە.

٢ـ هەر حەمدی شاعیر لە یەك لە چوارخشتەکییە تێکەڵکێشەکانی تریدا هاتووە، نیوەدێڕێکی (فیردەوسی)ی شاعیری فارسیی وەرگرتووە، کردوویەتییە بناغە بۆ تەواوی چوارینەکانی، کە ژمارەیان نۆ چوارینە.. بۆ نمونە:

ئەگەر دەیبوو زەڕڕە وەفاو و هونەر

بسر بر نهادی مرا تاج زر

ئەنیسی سولەیمان ئەبووم هودهودی

اگر مادر شاه بانو بدی... حەمدی

نیوەدێڕی چوارەم هی فیردەوسی و سێ نیوەدێڕەکانی سەروو هی حەمدی خۆینە، بەوەش چوارخشتەکی تێکەڵ بەرهەمهاتووە.

٣ـ دیسانەوە حەمدی لە یەکێکی تر لە چوارخشتەکییە تێکەڵکێشەکانی تریدا، هاتووە نیوەدێڕێکی شاعیری دیکەی فارسی وەرگرتووە، ئەگەرچی ناوی شاعیرەکەی دیارینەکردووە، بەڵام کردوویەتییە بناغە بۆ تەواوی چوارینەکانی، کە ژمارەیان نۆ چوارینە.. بۆ نمونە:

شێخ کە پۆلیسی دەوێ و عەسکەری سوارەو پیادە

بۆ هەموو فیتنەو و شۆڕش کە بووە ئامادە

دەستی هەڵگرت لە خوداو دینی کە کرد ئازادە

(این همه از پی انست که زر میخواهد)... حەمدی

نیوەدێڕی چوارەم هی شاعیرێکی فارسی نەناسراوو سێ نیوەدێڕەکانی سەروو هی حەمدی خۆینە، بەوەش چوارخشتەکی تێکەڵ بەرهەمهاتووە.

***

چوارده: ڕەنگامە، یان مولەممەع

مولەمەع بریتییە لە شیعرێك، یان چەند دێڕێکی شیعر، کە بە زیاتر لە زمانێك نووسرابن، بەو مەرجەی بەکارهێنانی هەر زمانێك بۆ کەمتر لە نیوەدێڕێك، یان ڕستەییێك کورتنەبووبێتەوە، جا بە دوو زمان مولەمەعەکە نووسرابێ، یان بە سێ زمان، یان بە چوار زمان، هەروەها دەبێ هەموو شیعرەکەش هی خودی شاعیرەکە خۆی بن، نەك شتی لە شاعیرانی تر وەرگرتبێ، دەنا دەبێتە مولەممەعی تیکهەڵکێشراو.

مولەممەعی داهێنراو و مولەممەعی تێکهەڵکێشراو

١ـ مولەممەعی داهێنراو

وەکو گوترا مولەممەعی داهێنراو ئەو مولەممەعەیە ئەو شیعرەی نووسراوەو مولەممەعکراوە، بە هەر چەند زمانێك بێت، هەموویان هەر لە داهێنانی شاعیرەکەن.. بۆ نمونە:

ـ تمنيت من الدهر ندائی أزمنا نادی

گوتی: هەرچی تەمەنناکەی لە دنیا غەیری من نادا... حاجی قادری کۆیی

ئەم مولەممەعە بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسراوە، هەردوو نیوەدێڕەکان هی خودی حاجی قادری کۆیینە، بەوەش مولەممەعێکی داهێنراو درووستبووە.

ـ ئەی سەییدی جووان و جەوان مەرد و موحتەرەم

یا ناقص العطية، ويا قاصر الهمم... مەلا مەعروفی کوکایی

ئەم مولەممەعەش بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسراوە، هەردوو نیوەدێڕەکان هی خودی مەلا مەعروفی کۆکاییینە، بەوەش مولەممەعێکی داهێنراو درووستبووە.

***

٢ـ مولەممەعی تێکهەڵکێشکراو

بریتییە لەو هونەرەی لە نێوان (مولەممەع) و (تێکهەڵکێش)دایە، لە لایێك (مولەممەع)ەو لەولایشەوە (تێکهەڵکێش).. ئەمە بەوە پێکدێ، کە شاعیرێك گوتەی کەسێك، یان دوو سێ کەسی نەتەوەکانی دیکە، یان شیعری شاعیرێك، یان دوو سێ شاعیری نەتەوەکانی تر وەربگرێ و بە زمانی نەتەوەیی خۆیان، ئەو گوتەو دێڕە وەرگێراوانە بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێش بکات.

عەزیز گەردی تێبینی کردووەو ئاماژەی بەوە داوە، کە: زۆرجار مولەممەع و تێکهەڵکێش بە ناو یەکدا دەچن. بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ئەم جۆرە خانەیێکی تایبەتی لە نێوان هەردوو هونەر بۆ دابنرێ و بە ناوێکی سەربەخۆ جیابکرێتەوە، بەڵام لەوە زیاتر لە بارەی ئەم جۆرەی نەنووسیوەو نمونەی بۆ دەستنیشان نەکردووە.. بۆ نمونە:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

(أطلبو العلم ولو بالصين)

نێر و مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهیی فەرموو، دینی نییە... حاجی قادری کۆیی

نیوە دێڕی دووەمی ئەو پارچەیە فەرموودەیێکی پێغەمبەرە (درودو سڵاوی خوای لەسەر) و بە زمانی عەرەبییە، شاعیر بە شیعرە کوردییەکەی خۆی تێکهەڵکێش و مولەممەع کردووە، بەوەی (مولەممەعی تێکهەڵکێشراو) بەرهەم هاتووە.

جۆرەکانی مولەممەع لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە

بە پێی ژمارەی ئەو زمانانەی مولەممەعی پێ دەنووسرێت، چەند جۆرێکی مولەممەع هەیە، لەوانە:

١ـ مولەمەعی بە دوو زمان.. کە دەشێ یەکیان کوردی وز ئەوی تریان عەرەبی بێ.. بۆ نمونە:

ـ ئەی بێ بەدەل و شەریك و تەنها... ﴿ما أعظم شأنك تعالى﴾!... حاجی قادری کۆیی

هەروەها دەشێ یەك لە زمانەكان كوردی و ئەوی دیكە فارسی بێ.. بۆ نمونە:
ـ فەقر و سەروەت بۆ بەشەر هەردوو گرفتاری نییە
میحنەتی جاری نییە
هر كرانبود تمنا بیشتر از اب و زاد
واقعا ازاد زاد... حەمدی

٢ـ مولەممەعی بە سێ زمان.. لێرەدا شیعرە مولەممەعەكە بە سێ زمان دەنووسرێت.. بۆ نمونە: مەحوی مولەمەعێكی بە سێ زمانی كوردی و عەرەبی و فارسی هەیە، لە پارچەیەكی هاوسەنگە، تیایدا دەنووسێت:
ـ مەحمودی (فی السما)یە، حەبیبی خودایە ئەو
مەقبولی بارەگایە، ئەوە موختارو موستەفا
(صلى علیه الاهنا ما یلیق بە)
(مع صحبە وأله والأهل ذي الصفا)
تشویش حال من تو ز تخلیط من بفهم
ز اهل زمانە بس كە رسد بر دلم جەفا... مەحوی
ئەم پارچەیە مولەممەعێكی هاوسەنگە، بەڵام لە هۆنراوەكەدا هەمووی سێ زمانەكە بە هاوسەنگی نەهاتووە.

## چەند جۆرێكی تری مولەممەع

١ـ مولەممەعی هاوسەنگ: ئەوەیە شاعیر لە سەرەتاوە تا كۆتایی، بە ڕێكی دوو، یان سێ، یان چوار زمان بەكاربێنێ، جا هەمووی هی خۆی بن، یان لە شوێنانی تری وەرگرتبن.. بۆ نمونە:
نالی شاعیر لە پارچەیەكیدا بە دوو زمانی كوردی و عەرەبی دەنووسێت:
ـ ما عاد لك البان ولا اللینە لینا
اژ عد لك الباریو حسنا وجمالا

من گریە ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و ئەوتۆ لوئلوئی لالا... نالی

٢ـ مولەممەعی لاسەنگ: مەبەست لێی ئەو مولەممەعەیە، کە ئەو زمانانەی لە شیعرەکە بەکارهاتوون، بە قەد یەك بەکار نەهاتبن.. بۆ نمونە:

ـ سلام الله منی کل یوم
لە ئەصحابانی صاحێب غیرەت و دین
لە بێ عاری هەموویان کەوتە یادم
ڕموزی ئیتتیحاد و ئیتتیفاقم... حاجی قادری کۆیی

ئەم دوو دێڕە بەشی پێشەوەی قەسیدەیێکی حاجی قادری کۆییە، کە پێکهاتووە لە (٣١) دێڕە شیعر، تەنها نیوە دێڕی سەرەتای یەکەم دێڕی قەسیدەکە بە عەرەبی نووسراوە، ئەوی دیکەی هەمووی بە زمانی کوردی نووسیوە، بەوەش مولەممەعی لاسەنگ درووست بووە.

جوانی ڕەنگامە

١ـ شاردنەوەی هەندێ شت بە زمانەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم، کە ئەم زمانانە لای خوێنەری ئاسایی و زۆرێکی خوێنەرانی باشیش دەشێ ئاشکرا نەبن، بەوەش شاعیر جوانییەکی واتایی بۆ شیعرەکەی بەرجەستە دەکات.

٢ـ هونەرێکە بۆ پیشاندانی دەسەلاتی شاعیر بەسەر زمانەکان لە کلاسیکدا ڕەواجی پێدراوە.

٣ـ پڕکردنەوەی ئەو پێویستیانەی شیعر لە هەر زمانێك، کە بە تەنیا وشەکانی زمانە نەتەوەییەکە فریای شاعیرەکە ناکەوێت بۆ گەیاندنی ئەو واتایانەی دەیەوێت بییانگەینێت.

٤ـ ئەو خاڵەشی دێتە سەر: بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانە نەتەوەییەکەو شیعرە نەتەوەییەکەیە، بە وشەی زمانی و بیر و واتای جوان و بەهێزی نەتەوەکانی تر.

دوو: هونەرەکانی جوانکاری واتایی

یەکەم: دەستپێکی دڵگیر

ئەمە لە عەرەبیدا (براعة المطلع) و (براعة الأستهلال)یشی پێدەگوترێت.. یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی جوانکاری (البدیع)، بریتییە لەوەی: شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕەکەی (صەدرِی دێڕەکەی) بە گوتەیەکی ناسك و ئاسان دەست پێبکات، کە هیچ زۆر لەخۆکرنێکی تێدا نەبێت و لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکرابێ، ئەم دێڕەی لە دێڕەکانی دوای خۆی سەربەخۆ بێت، بەڵام بە ئاماژە، نەك بە ڕاستەوخۆیی مەبەستی شاعیر لە تەواوی هۆنراوەکەی لەخۆ بگرێت، وشەکانی گونجاو بن لەگەڵ ئەو بابەتەی گوزارشتی لێ دەکەن، واتە: ئەگەر بابەتە گوزارشتلێکەرەکەی حەماسی بوو، ئەویش وشەکانی قەبە و توند و پڕ لە حەماسەت بن و بەرانبەر بخەنە جۆش و خرۆش، ئەگەر بابەتەکەشی سۆزاوی بوو، وشەکانیشی ناسك و سادەو سۆزجولێن بن.

بە کورتی: دەستپێکی دڵگیر ئەوەیە یەکەم دێڕی هۆنراوە، بە هۆییێك لە هۆیەکان زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ببات، کە هۆنراوەکە باسی دەکات، دەبێ وشەکانی ناسك و دەربڕینەکانی جوان و بیری ڕوون و واتای بەهێز بێت.. بۆ نمونە:

ـ ئەی حەددی کبرییات، وەڕای فەهمی ماسیوا

وەی حەصری ئیعتیلات لە وەهمی مە ماوەڕا... ئەدەب

ئەمە دێڕی سەرەتای هۆنراوەیەکی (میصباحول دیوان ـ ئەدەب ـ )ە، کە تایبەتی کردووە بۆ ستایش و سەناکردنی خودای گەورە، وشەکانی دێڕەکە هەمووی وشەو دەستەواژەکانی قەبەو سەنگین و پڕ لە واتاو ڕێزێکی تایبەتن، (حەددی کبریات) و (وەڕای فەهمی ماسیوا)، (ئیعتیلات)، هەموو تایبەت و پڕ واتاو بە نرخن، شیاون بۆ ستایشی خوای گەورە بەکاربهێنرێن، واتە: ئەی ئەو زاتەی ئاستی شکۆداری و مەزنایەتیت لە سەرووی تێگەیشتنی ئێمەو مانانەوەیە، ئەوەی بچووکی وەکو ئێمە لە بارەی تۆی بەرزو پایەبڵند و شکۆدار بۆی دەچێت، زۆر بچووکترە لەوەی تۆ هەیت و شیاوی باشتر بتناسین.

لەم دێڕەدا ئاشکرا و ڕاستەوخۆ تیشك نەخراوەتە سەر ئەوەی هۆنراوەکەی باسی خوای گەورەو تاك و تەنیای بەتوانا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەك هەیە، کە بابەتی هۆنراوەکە زاتی عەزیم و گەورەی خوای بەدەسەڵاتە، بە گشتی دێڕەکە هەموو مەرجێکی دەستپێیکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

ـ یەك لەمعەیی ئەنوارە سەراپایی پەیەمبەر

ئەمسالِّی بە سایەش نییە ئەعزایی پەیەمبەر... حەمدی

ئەم دێڕە دەستپێکی هۆنراوەییێکی جوانی (حەمدی)یە لەسەر پێغەمبەر (درودو سلاّوی خوای لەسەر)، هۆنراوەییێك کە سەرەتای بە وەصفی پێغەمبەر دەست پێبکات (درودو سلاّوی خوای لەسەر)، دیارە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، کە بە یەك دێڕ لەسەری بنووسرێ، بۆیە ئەوە ئاماژەیە، کە هۆنراوەکە باس لە چی دەکات. شێوازی ئەم دێڕە بەهێزە، وشەکانی جوان و کاریگەرن، واتاکەی ڕوون و بەهێزە، بەوەش (دەستپێیکی دڵگیر) بەرهەم هاتووە.

ـ تا فەلەك دەورەی نەدا، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبی میهری موبارەك تەڵعەتی پەیدا نەبوو... نالی

ئەمە دێڕی سەرەتای هۆنراوەیەکی (نالی)یە، بە بۆنەی کۆچی دوایی سلێمان پاشای بابان و هاتنە سەرتەختی ئەحمەد پاشای بابانی کوڕیەتی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چ پەیوەندی بە دێڕەکانی دوای خۆیەوەی نییەو بە خوێندنەوەی تەنها ئەو دێڕە، کەس لەوە ناگات کە دەبێت لە پاشتر شاعیر چی بڵێت، چونکە بە ئاشکرا باسی لە فەلەك و سووڕانەوەی کەشکەلانی فەلەك و ئاوابوونی ئەستێرەو مانگەکانی دەکات، بەڵام ئەمە بە ئاماژە ئەوە لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کە تا مانگێکی زۆر ڕوون و گەش بەسەر نەچێت، کە سلێمان پاشایە، مانگێکی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو گەش، کە ئەحمەد پاشایە دەرناکەوێت. دەبینین دێڕەکە هیچ زۆرلەخۆکردنێکی تێدانییەو وشەکانی جوان و ناسك و پڕ سۆزن و هەموو مەرجێکی دەستپێیکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

ـ گوتم بە بەختی خەواڵوو: بەسە ئەتوو بی خودا

لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا... حاجی قادری کۆیی

ئەم دێڕە هی سەرەتای هۆنراوە بەناوبانگەکەی (حاجی قادری کۆیی)یە، دوای بێزاربوونی شاعیر لە دوورە وڵاتی هۆنراوەتەوە، ئاماژەیەکی تێدایە، کە گوزارشت لە ئەولا دەکات، کە ناوەوەی وڵات و (کۆیە)ی زێدی خۆیەتی، بابەتەکە سۆزئامێزەو وشەکانیش کرۆزانەوەیەکی ناسك و جوان لەخۆ دەگرن، کە شاعیر دێت لەبەر نەفسی خۆی دەلاڵێتەوەو دەیداتە خوا، بۆ ئەوەی دڵی نەشکێنێت و لەگەڵیدا ڕێککەوێت، گەشتێکی خەیاڵی بەرەو کۆنەهەوارەکەی بکەن. بە کورتی دێڕێکە هەموو مەرجێکی دەستپێکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

ـ بە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو

نە مەحکومی عەجەم نە سوغرەکێشی ئالی عوسمان بوو... شێخ ڕەزای تالەبانی

ئەمە یەکەم دێڕی هۆنراوە بەناوبانگەکەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە، کە تیایدا بۆ ڕۆژانی سلێمانی سایەی بابان دەگەڕێتەوە، هەردوو نیوەدێڕەکانی یەکەم و دووەم لە ڕووی واتاوە تەواوکەری یەکن و لە یەك ئاستی بەهێزدا هاتوون، دەستەواژەی (دارولمولکی بابان) بۆ (سلێمانی) بەکارهێنراوە، کە مەبەست لە باسکردنی سلێمانی ئەوسا دەرخستنی پایە سەربەخۆو دڵگیرەکەیەتی، بۆیە دەستەواژەی ئاماژەبۆکراو زۆر بە جوانی لەگەڵ مەبەستی ئەوبابەتەدا یەکدەکەوێت، کە شیعرەکەی بۆ هۆنراوەتەوە. هەموو مەرجێکی دەستپێکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

***

دووەم: کۆتایی دڵگیر

عەرەب (براعة المقطع)ی پێدەڵێن.. جۆرێکە لە (کۆتایی جوان)، بەڵام شتێکی لەو زیاترە، بریتییە لەو دوا بەشەی ئاخاوتن، کە بە هۆیەك لە هۆیەکان وا دەکات، هەست بەوە بکرێ، کە ئەمە کۆتاییە.. جوانی ئەم هونەرەی (کۆتایی دڵگیر)یش لە چەند شتێك دایە، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەیان کورتبکەینەوە:

١ـ چێژی ئەدەبی خۆش دەبەخشێت.

٢ـ ئامۆژگارییەکی هێندە بەهێز پێشکەش دەکات، هەمیشە هەر لە بیر دەمێنێتەوە.

٣ـ وشەکانی مۆسیقی و خاوەن کێشێکی خۆشن و لە بیردا دەمێننەوە.

شێوەکانی دەرکەوتنی کۆتایی دڵگیر

١ـ دەشێ شاعیر تۆمەت بداتە پاڵ قەڵەم، بەوەی کەوا توانای نووسینی نەماوە، چونکە شکاوە، یان مەرەکەبی تیانەماوە، کە ئەمە یەکێکە لە شێوازە بەهێزەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، شاعیر کە پەنا دەباتە بەر ئەم شێوازە، ئیتر ناڵێت هۆنراوەکەم تەواو بوو و بە خواتان دەسپێرم، یان وەکو حەکایەت گێڕانەوە ناڵێت، (منیش کلاشم دڕاو چیم پێ نەبڕا)! بەڵکو بە شێوازێکی هونەری جوان و دڵگیر دەڵێت: (خامەکەم نووکی شکا)، یان (خامەکەم مەرەکەبی نەما)، بەم شێوەیە خوێنەر لەوە حاڵی دەکات، کە هۆنراوەکەی گەیشتە کۆتایی، دیارە ئەوە لە هەمان کاتیشدا خۆدزینەوەییێکی جوانە لە چیتر درێژکردنەوە، شاعیریش بەهێزەوە پیشان دەدات، چونکە گوایە قسەو باس و فیکر و داهێنانی دیکەی مابوو، لەبەر نەمانی ئەوانە نییە هۆنراوەکەی بە کۆتا دێنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە قەڵەمەکەی چیتر نانووسێ، یان بە هۆییێکی تر پەکی کەوتووە.. بۆ نمونە:

ـ گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو

کەچی لە بەختی کەچم، خامە نووکی لێرە شکا... حاجی قادری کۆیی

(خامە نووکی لێرە شکا) ئاماژەیە بەوەی کەوا ئیتر بەمە هۆنراوەکە هاتە کۆتایی. وشەکانی ئەم دێڕەش هەموویان ڕوون و ئاشکران و واتای جوان و تەواو دەگەینن، شێوازەکەش

وەکو گوتمان شێوازێکی جوان و بەهێزە، بۆیە ئەمە بە یەك لە کۆتاییە دڵگیرەکانی حاجی قادری کۆیی دادەنرێت.

(حەمدی)ش سەر بە هەمان قوتابخانەی کلاسیکە، بۆیە ئەویش سوود لە هەمان شێوازی کلاسیك وەردەگرێت، ئەوەتا دەڵێت:

ـ زمانی خامە مووی لێ دێ، لە باسی زوڵفی جانانە

بە دەست حەمدی نییە چ بکەم، کە نانووسێ قەڵەم گەر خەت... حەمدی

کەوابێ تۆمەت دانە پاڵ خامە بە نەمانی توانای نووسینی، ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە شیعرەکەی گەیشتە کۆتایی.

٢ـ جگە لەوەی سەروو، هەندێ جاری دیکە شاعیر ڕوو دەکاتە خۆی و داوای وازهێنان لە خۆی دەکات، بەوەش دیسانەوە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە شیعرەکەی لێرەدا ئیتر بە کۆتا دەگات.. بۆ نمونە:

ـ ئەدیب و عاقڵی، لەم بەحرە وەك (...)ی بن گۆم

گەلێکی ون بووە (حاجی)، وەچاکە لێی دەرچین... حاجی قادری کۆیی

شاعیر لێرەدا ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە ئەم باسەی کردوویەتیانەوە باسێکی ئاوکێشەو زۆر کەس تیای دەرنەچووە، بۆیە داوای لە خۆی کردووە، کە ئەویش وازبێنێ و چیتر درێژی نەکاتەوە، ئەوەش هۆکارێکی دیکەی جوانە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بەوەی کەوا شیعرەکەی گەیشتە کۆتایی، لەولاشەوە وشەکانی ئەم دێڕە شیرین و واتا ڕوون و بەهێزن و شێوازی دێڕەکە کاریگەری جوانی هەیە، هەموو ئەوەش دەیبەنە خانەی کۆتایی دڵگیر.

***

سێیەم: دژیەك

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، لای عەرەبکان بە زاراوەکانی (الطباق والمطابقة، والتطبيق والتضاد والتكافوء) ناودەبرێت، بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشە، کە ئەو وشانە لە ڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەك بن، بۆ نمونە: ڕەش و سپی، پاك و پیس، جوان و ناشرین، گەورەو گچکە، پاك و ناپاك...هتد. بۆ نمونە:

ـ عەکسی چاوی تۆ لە چاوی دا بە خواری تێدەگەی

کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا... نالی

خوار و ژوور و خێر و شەڕ دوو جووتە وشەی دژو پێچەوانەی یەکن و هەر یەکەیان لە فەرهەنگدا ڕەگی سەربەخۆیان هەیە، بەوەش دژیەکی درووستبووە.

ـ کە چاوساغی بە کوێری هەنگاو مەنێ... ئەهریمەن داوت لەبەر پێ دادەنێ... نەجات ئەسپیندارەیی

چاوساغ و کوێر دوو سیفەتن، وشەی دژو پێچەوانەی یەکن و هەر یەکەیان لە فەرهەنگدا ڕەگی سەربەخۆیان هەیە، دژیەکی فەرهەنگین.

## گرنگی دژیەك

١ـ لەلایەك جوانییەك بە دەربڕین دەبەخشێت.

٢ـ لەولاوەش لە واتای دەق فراوانتر دەکات، کاتێك کە دەڵێیت (دەر و ژوور)، (شەو و ڕۆژ)، (پاك و پیس) گەڕاوم، یان بینیومە، یان هەرشتێکی تر، واتە هیچت نەهێشتۆتەوە لە ڕووی ئەو فرمانەی بەکارت هێناوە تاقیت نەکردبێتەوەو سوودت لێ وەرنەگرتبێت، هەر ئەمە وا دەکات مەبەستەکانی قسەکەر ڕوونتریش بێت، لەوەی تەنیا یەك لایەنی دوو وشە دژیەکە بەکاربهێنێت، لەبەر هەموو ئەوانە لە کۆنەوە ئەدەب گرنگی زۆری بەو شێوازە داوەو دەکرێ بڵێین: ئەدیب نییە لە دەربڕینەکانی دژیەك بەکارنەهێنێ.

## جۆرەکانی دژیەك

بە پێی جۆری ئەو وشانەی دژیەکەکە درووست دەکەن، دوو جۆر دژیەکی لەیەك جودا هەیە، ئەوانیش بریتینە لە: دژیەکی فەرهەنگی و دژیەکی نافەرهەنگی.

دژیەکی فەرهەنگی

لە عەرەبیدا (طباق الأيجاب)ی پێدەڵێن.. بریتییە لە بوونی دوو وشەی هەر لەبنجدا دژو پێچەوانە بە واتای یەکتری، هەر وەك (باش و خراپ)، (پاك و پیس)، یان بە واتایەکی تر، لەم جۆرە دژیەکەدا، دوو وشەکانی (دژیەك) لە فەرهەنگدا دوو سەرچاوەی لەیەکجیاییان هەیەو پەیوەندی نێوانیان، پەیوەندییەکی سروشتییە، نەك پەیوەندییەکی دروستکراو.. بۆ وێنە:

ـ بە ڕوئیەتی ماهی مونیر، شاهی بەشیر و هەم نەزیر

تۆی صاحیبی فەزڵی کەبیر، ڕوویی تۆ شەمسی ئەزهەرە... شێخ ئەحمەدی کۆر

(بەشیر) و (نەزیر) دوو وشەی خاوەن دوو ڕەگی تایبەت و سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان درووستکردووە.

ـ هەر پایەداران ناویان زیندووە

پیاوی بێ کەڵك پەست و مردووە... بێکەس

(زیندووە) و (مردووە) دوو وشەی خاوەن دوو ڕەگی تایبەت و سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەردووکیان فرمانن، دژیەکی فەرهەنگییان درووستکردووە.

## چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ لە ئەزەل تا ئەبەد خوا خوایە... جیلوەییێکە کە پڕ دوو دنیایە... حەمدی

٢ـ لابدا هەر کەس لە ڕێگەی شەرع و دین

قوڕ بەسەر خۆی پاشی مردن ڕۆژی ژین... ڕەشاد موفتی

٣ـ غەیری تۆ کێ قادرە بڕوا دەمێ لەم ڕێگەوە

یەعنی ئیزهاڕی کەلامی تاڵ و شیرین پێکەوە... ناری

٤ـ وان لە گێژی بەحری جەهلا، وەرنەدەر ئەی گەنجەکان

عیلمە پاپۆڕی نەجاتتان تێبکۆشن ڕۆڵەکان... عاصی

٥ـ داخۆم خاوەنی بەرزی و نشێوی... لە کارخانەی غەیب چی بۆ نووسیوی... موفتی زادە
٦ـ جارێك کەم و زۆر غەدرت لێکرا
بە تورەو گرژی مەیکە بە هەرا
هێمن لەسەرخۆ بکەن گفتوگۆ
هێندەی پێناچێ دەبنەوە برا... برژاو
٧ـ بە پارەو پوولی زۆرت مەنازە
چەند جار گۆڕاوە لە کۆن و تازە
ئەوەی پەسند و ئاواتەخوازە
کردەوەی چاکە، جێگەی شانازە... برژاو
٨ـ بەگەرمای هاوین، بەسەرمای زستان... تێری و برسییەتی لەلام بوون یەکسان... حیلمی
٩ـ ئەمن بۆ فیرقەتی ئەو ڕۆژ و شەو دائیم دەناڵێنم
لە دووری من هەمیشە ئەو کە خۆش خەندان و مەسرورە... کوردی
١٠ـ دەوڵەمەند و ئەهلی دنیا قەت مەکەن فکری غرور
وا ئەجەل کەوتۆتە شوێنتان دائیمەن نێزیك و دوور... عاصی
١١ـــ صاعیقەو بەرقی نحوسەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردە بارانە بە مەخصوصی لەسەر موڵکی بەبان... سالم
١٢ـ کوردی ئامان سەد ئامانت بێ کە ئەمشەو جومعەیە
تا سبەی قەت نەبییە غافل تۆ لە زیکری قادری... کوردی
١٣ـ هەور ئەگری بۆ گوڵ، گوڵ پێئەکەنی
باوك و فرزەندەی بێ ڕەحم دەنوێنی... پیرەمێرد
١٤ـ لەزەتی مردن بە سەد ساڵی ژیان ناگۆڕمەوە
گەر بزانم، تۆ لەگەڵما دێیە سەر قەبرانەکەم... شێخ نووری

***

دژیەکی نافەرهەنگی

ئەمە لە عەرەبیدا (طباق السلب)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە بوونی ئەو دوو وشە بە یەك دژو پێچەوانانەی، کە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشەو بنجێکی ڕەسەن و سەربەخۆی نییە، بەڵکو هەردووکیان لە بنجدا هەر یەك ڕیشەو ڕەگیان هەیە، بەڵام وشەی دووەم لەسەر بنەمای دژایەتی و پێچەوانەیی بۆ وشەی یەکەم درووست دەبێت، بە واتا: وشەی دووەم هەمیشە دەبێتە نەرێی وشەی یەکەم.. بۆ نمونە: (هات) و (نەهات).. دەبینین هەریەکە لەم دوو وشانە لە فەرهەنگدا لە ڕیشەیەکی سەربەخۆ و خاوەن کەسایەتی تایبەتی خۆیانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو وشەی دووەم، کە (نەهات)ە، نەرێی وشەی (هات)ەو هەر لەسەر بنەمای ئەو درووستبووە، بەڵام بە چەمکی پێچەوانەیی، بۆیە بەمجۆرە دژیەکە دەگوترێت: (دژیەکی نافەرهەنگی).. بۆ نمونە:

ـ **محەممەد** بوو بە غەیری وی نەبوو کەس بچتە سەر سیدرە

درودی خوا لەسەر ئیسم و لە موسەممایی **محەممەد** بی... ڕەشاد موفتی

(بوو) و (نەبوو) دژیەکی نافەرهەنگین، چونکە دووەم لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەم بووەتەوە نەرێ و پێچەوانەی.

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ دیدە نابینایە وەك یەعقوب لە هیجرانی عەزیز

تۆی خودای صاحیب مەکان و تۆی خودایی لا مەکان... سالم

٢ـ من لە بێ بەرگی مەحەم پرسی کە بۆچ ڕووتی؟ وتی

ڕەببی من شێت بم ئەگەر شادبم بە بەرگی عارییە... نالی

٣ـ ئەگەرچی یاوەر و یاوەر بوون بە دوژمن... خەمی بێ یاوەری یاوەرە ئەمشەو... کوردی

٤ـ دارا لە نەدارا بووەتە کێوی زلەو بەرز

وا دوورە پەرێز ملکەچ ئەکا بۆ سەلەم و قەرز... چروستانی

٥ـ مەسرورە بە خوێن ڕێژی و غەمناکە بەچاکی

خۆشحاڵە بە ناپاکی و بێزارە لە پاکی... ئەحمەدی خانی

٦ـ لە ناکەس کارییا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عوموم

خودا تۆ بمژییێنە، تا لە ژێر قاپی کەسێ دەمرم... مەحوی

٧ـ حاجی کەسێکە بێکەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ

گوێی لێدەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان.. حاجی قادری کۆیی

٨ـ عالەمێکم دی نەخۆش و، یەك کەسی ساغم نەدی

دوور لە مەردانی خودا، غەیری قورمساغم نەدی.. حاجی قادری کۆیی

٩ـ مەڕوانە ئەمڕۆ کە بە ڕوومەت گوڵی تاکی

بڕوانە سبەینێ، کە لە نێو دامەنی خاکی.. هەردی

١٠ـ خواناس و مەلاو بەناوو بێ ناو

خونکارە هەژارە پیرە یان لاو... ئەحمەدی خانی

***

چوارەەم: بەرامبەری

یەکێکی دیکەیە لە هونەرە گرنگەکانی جوانکاری وشەیی، لەسەر بنەمای دژیەکی نێوان چەند وشەیەکی بەرامبەر بەیەك هاتوو دادەمەزرێت، بەڵام لە (دژیەك) بەهێزتر و جوانترەو دەسەلاتێکی گەورەتری خاوەنەکەی پیشان دەدات.. لە عەرەبیدا (المقابلە)ی پێدەڵێن.. بریتییە لە بوونی بە لانی کەم چوار وشە، دوویان لە بەشی یەکەمی ئاخاوتن و دووەکانی تر لە بەشی دوای ئەوەوە بێن، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان هەر وشەیەکی بەشی یەکەم و وشە بەرامبەرەکەی لە بەشی دووەمدا پەیوەندییەکی دژیەکی بێت.. بۆ نمونە:

ـ با وجودی ئەم هەموو تەکلیفە گێژیان کردووم

کورِ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شوودەکەم... شێخ ڕەزای تالەبانی

لە نیوە دێڕی دووەمدا، سەرەتا وشەکانی (کورِ)و (ژن) هاتوون، ئینجا لە کۆتایی ئەم نیوە دێڕەدا وەك بەرامبەری وشەکانی پێشوو، دوو وشەی (کچ) و (شوو) هاتوون. پەیوەندی نێوان (کچ) و (کورِ) پەیوەندی دژیەکی و پەیوەندی نێوان (شوو) و(ژن)یش دیسانەوە پەیوەندی (دژیەك)ییە، بەوەش نموونەییەکی (بەرامبەری) لەو دێڕەدا بەرجەستەبووە.

ـ تۆ یوسفی نەو حوسنی لەسەر میسری جینانی

من پیرم و فانی

لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم

هەروا بە تەماتم... نالی

لێرەش لە دێڕی یەکەمدا لە بەشی یەکەمی گوتەکە دوو وشەی (تۆ) و (یوسفی نەو حوسن) هاتوونە، لە پاشان بە دوای ئەوان دوو وشەی تر هاتوونە، کە بریتینە لە (من) و (پیری).. (من) لە بەرامبەر (تۆ) و (پیری) لە بەرامبەر (یوسفی نەو حوسن) وەستاون، کە پەیوەندی نێوان ئەم وشانە لەگەڵ یەکتری (دژیەکی)یە، بۆیە بەمەش (بەرامبەری)یەکی تر درووستبووە.

***

## چەند نموونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ تەیبە کە یەعنی ڕۆژ و شەوی تیبی عالەمە

ڕۆژی کە وشکە شەو تەڕە کافور و عەمبەرە... نالی

٢ـ نەمان و مانی عالەم تابیعی وەختی موعەییەن بێ

بە من چی مردنی دوژمن لە مانی دۆستانم چی... حەمدی

٣ـ بنواڕە بوونی ئەووەلت و چوونی ئاخیرت

هاتی چ ڕووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس... نالی

٤ـ نە ئەمرێکم بەجێ هێنا دڵی پێ خۆش بکەم جارێ

نە خۆم لادا لە نەهییێکت موفەڕڕەح بێ کە ئیمانم... حەمدی

٥ـ بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام

بە زستان دڵشکستەی بەردی سەرمام... نالی

٦ ـ کە ڕۆژی وەصلی ئاوابوو بە چاو گریان نەکەم چی بکەم؟

شەوی هیجرانی وا داهات کە دڵ بریان نەکەم چی بکەم؟... صافی هیرانی

٧ـ لە جێگەی شادی و بەزم و پێکەنین

بەشی من هەر غەم، مەینەت و قارە... لوتفی

٨ـ لە زوڵماتی جەهلدا نین، کەچی مەجهولن و غائیب

لە عینوانی عیلمدا نین، کەچی مەعروف و مەعلومن... حەمدی

***

## جیاوازی نێوان (دژیەك) و (بەرامبەری)

دەشێت گرنگترین جیاوازی نێوان (دژیەك) و (بەرامبەری) لەوەدا کورت بکرێتەوە، کەوا: (دژیەك) لەو دێڕو ڕستانەدا بەرجەستە دەبێت، کە تیایاندا بە تەنیا دوو وشەی دژبەیەك دێن.. بەڵام (بەرامبەری) لەو دێڕو ڕستانەدا بەرجەستە دەبێت، کە بەلانی کەم تیایاندا وشە دژیەکەکان لە چوار وشە کەمتر نەبن، جا ئەگەر زیاتریش بن ئاساییە، بەڵام بەو مەرجەی لە بەشی یەکەمی گوتەکە دوو وشە، یان سێ وشەو زیاتربێت، لە بەرامبەریشیاندا لە بەشی دووەمی گوتەکە بە قەد ژمارەی ئەوانەی پێشوو وشەی تر هاتبن، نەك بەو شێوەی کە هەر جارەی وشەیەك هاتبێ و یەکسەر دژیەکەکەی بەدوایدا هاتبێ، چونکە بەو شێوەیە ئەگەر دێڕێك زیاتریش لە چوار وشەی دژیەکی تیاهاتبێت هەر (دژیەك)ەو (بەرامبەری)ی دروست نەکردووە.. بۆ وێنە:

ـ هەرچی کە هەیە، لە زۆر هەتا کەم

گشتی ڕائەکا، لە بوون بۆ عەدەم... لوتفی

ئەوەتا لەم دێڕەدا، لە نیوەی یەکەمی وشەکانی (زۆر) و (کەم) بەدوای یەکدا هاتوون و (دژیەك)یان دروستکردووە، لە نیوەی دووەمیشیدا وشەکانی (بوون) و (عەدەم) هاتوون و (دژیەك)یان دروستکردووە، ئەم جۆرە دێڕانەش بە نموونەی (دژیەك) دەناسرێن، چونکە وەك گوتمان دوو وشە دوو وشە نەهاتوون، بەڵکو هەرجارەی وشەیەك هاتووە، یەکسەر دژەکەشی بەدوایدا هاتووە. بەوەش (بەرامبەری) دروست نەبووە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم دێڕەی خوارەوە بکەین:

ـ لە جێگەی شادی و بەزم و پێکەنین

بەشی من هەر غەم، مەینەت و قارە... لوتفی

دەبینین، لە نیوە دێڕی یەکەم، لەو دێڕەدا، وشەکانی (شادی) و (بەزم) و (پێکەنین) هاتوون، بەرامبەریشیان لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەکانی (غەم) و (مەینەت) و (قار) هاتوون، بەوەش (بەرامبەری) یان دروستکردووە.

***

پێنجەم: پێچەو پەخشە

لە عەرەبیدا (اللف والنشر)ی پێدەگوترێت.. ئەوەیە چەند وشەیەك بە دوای یەك بێنی و پاشان بە قەد ئەوانەوە وشەی تر بێنی، کە پەیوەندییان بە وانەی پێشەوە هەبێ، بێ ئەوەی دیاری بکەی کام وشە بۆ کام وشە دەگەڕێتەوە، چونکە خوێنەر دەتوانێ هەر وشەیەك بۆ ئەوە بباتەوە، کە پەیوەندی پێوە هەیە.. دیارە لێرە مەرج ئەوەیە ژمارەی وشەکانی بەشی یەکەمی گوتەکەو ژمارەی وشەکانی بەشی دووەمی گوتەکە بە قەد یەك بن و پەیوەندی نێوانیشیان دەشێت بەیەکەوە گونجان و بۆیەك شیان و پەیوەستی و دژیەکی یان هەر پەیوەندییەکی تر بێت، بەڵام پەیوەندی نێوان هەموویان دژیەکی نەبێت، چونکە لەو بارەدا دەبێتە (بەرامبەری).. بۆ نمونە:

ـ عەجەب نالی بە قووەت و حیکمەت ئەدای دەکا

مەعنای زۆروگەورە، بەوشەی کەم و بچووك.. نالی

لە بەشی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمی ئەو دێڕە، سێ وشەی (مەعنا) و (زۆر) و (گەورە) بە دوای یەکدا هاتوون، لەبەشی دووەمیشدا، دوا بە دوای ئەو سێ وشانەو وەك بەرامبەری ئەوان، سێ وشەی (وشە) و (کەم) و (بچووك) هاتوون، بۆ ئەوان دەگەڕێنەوە.. پەیوەندی نێوان (مەعنا) و (وشە) پەیوەندییەکی بە دوای یەکدا هاتووە، چونکە کە (وشە) هەبێ، دەبێت (مەعنا)ش هەبێت، کە (مەعنا)ش ببێ، دەبێت (وشە)ش ببێ.. هەرچی پەیوەندی نێوان وشەکانی (کەم) و (زۆر) و وشەکانی (گەورە) و (بچووك) یشە پەیوەندییەکی دژیەکییە، بەمەش (پێچەوپەخشە) مان بۆ دروستبووە.

ـ جگەر کون کە، خوێنی گریە بەردە، سینە هەڵبدڕە

نیگاهێ کە، ببینە کاری تیرو نەشتەرو خەنجەر... مەحوی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر سێ شتی بە دوای یەکدا پێچاوەتەوە، کونکردنی جگەرو، بەردانی خوێنی گریەو، هەڵدڕینی سینە، دوابەدوای ئەمانەش لە نیوە دێڕی دووەمدا باسی لە کاری (تیر) و (نەشتەر) و (خەنجەر) کردووە، دیارە (تیر)ەکە بۆ کونکردنی جگەر ، (نەشتەر)ەکە بۆ شەقکردنی چاو و بەردانی خوێنی تیا قەتیس ماوی گریە ، (خەنجەر)ەکە بۆ هەڵدڕینی سینە

بەکار دەهێنرێن، بەمەش (پێچەوپەخشە)یەکی (سێ بە سێ) ییمان بۆ دروست دەبێت، چونکە پەیوەندی نێوان هەموو جووت وشەکان بە دوای یەکەوە، پەیوەندییەکی بە یەك گونجاوییە.

## جیاوازی نێوان (بەرامبەری) و (پێچەوپەخشە)

لە (بەرمبەری)دا، هەمیشە وشە بەرامبەرەکان، ئەگەر چوار بن و ئەگەر شەش و ئەگەر هەر چەندێکیش بن، پەیوەندی نێوانیان، پەیوەندی دژیەکییە، بەڵام لە (پێچەوپەخشە)دا پەیوەندی نێوان دوو بەرامبەرەکان دەشێت پەیوەندی بە دوای یەکدا هاتن، یان بەیەکەوە گونجان، یان لە هەندێ جاردا دژیەکی و هەر پەیوەندییەکی تریش بێت.

## چەند جۆرێکی پێچەوپەخش

١ـ پێچەوپەخشی ڕێك: ئەو (پێچەوپەخشە)یەیە، کە وشەکانی ڕیزی دووەمی بەڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی دێن.. بۆ نمونە:

ـ ئەی بوون و نەبوونی نەفەست، مان و نەمانم
بێ نەقدی هەوا، مردن و سەوداتە ژیانم... چروستانی

لە بەشی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (بوون) و (نەبوون) بە ڕیز هاتوون و بە یەك پێچراونەتەوە، دوا بە دوای ئەوانیش لە بەشی دووەمدا بەڕێز و لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی وشەکانی (مان) و (نەمان) هاتوون.. (مان) لە بەرامبەر (بوون) و (نەمان) لە بەرامبەر (نەبوون)، ئەوەش (پێچەوپەخشە)ی ڕێکە.

٢ـ پێچەوپەخشی ناڕێك: ئەو (پێچەوپەخشە)یە، کە وشەکانی ڕیزی دووەمی بە ناڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی ڕیزی یەکەمیدا هاتبن.. بۆ نمونە:

ـ گوتم: ئەی ماه: دڵی من، بە دڵی خۆت بکڕە
گوتی: بەردی بە قیمەت بە کەبابی نادەم... نالی

له نیوه دێڕی یەکەمدا، شاعیر (دڵی من) و (دڵی خۆت)ی هێناوە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا دوا بە دوایان وشەکانی (بەردی بەقیمەت) و (کەباب)ی هێناوە.. (بەردی بەقیمەت) لە بەرامبەر (دڵی خۆت) و، (کەباب) لەبەرامبەر (دڵی من)، بەمەش پێچەوپەخشەیەکی نارێك دروستبووە.

**٣ـ پێچەوپەخشی تێکەڵ ـ نادیار ـ**

بریتییە لەو پێچەو پەخشەی، کە کاتێك لە بەشی یەکەمی گوتە دوو شت، یان سێ شت، یان زیاتر دێن و لێکدەپێچرێن، لە بەشی دووەمی گوتەکە، لەبەرامبەر ئەوان بە قەد ژمارەی ئەوان شتی تر دێنەوە، بەڵام دیار نییە، کە کامە شتی بەشی دووەمی گوتە بە ڕوونی بۆ کامە شتی بەشی یەکەم دەگەڕێتەوە، چونکە دەشێت هەریەکە لە وشەکانی بەشی دووەم بۆ هەردوو، یان هەرسێ وشەکانی بەشی یەکەم بگەڕێنەوەو لەگەڵیان هاوپەیوەندی بن.. بۆ نمونە:

ـ وەسمان حەبەش و حەمەشین و ئەحمەدی حاجی

دەم دەم دەوەڕن، وەك سەگ و تولە و تانجی... شێخ ڕەزای تاڵەبانی

لەم دێڕەدا لە نیوەدێڕی یەکەمدا وشەکانی (وەسمان حەبەش) و (حەمەشین) و (ئەحمەدی حاجی) بەدوای یەکدا هێنراون و لێکپێچراون، ئەمە (پێچ)ەکەیە، دواتر لە نیوەدێڕی دووەمدا وشەکانی (سەگ) و (تولە) و (تانجی) بۆ ئەم سێ وشانەی سەروو پەخشکراونەتەوە، ئەوەش (پەخش)ەکەیە، بەڵام نادیاریەکی پێوەدیارە، ئاسان نییە بزانرێ، کامەیان لەو سێ وشانەی بەشی دووەم، بۆ کامە لە سێ وشەکانی پێشوو دەگەڕێنەوە، بەوەش (پێچەوپەخشی تێکەڵ ـ نادیار ـ) بەرهەم هاتووە.

***

چەند نمونەیەك بۆ شیكاركردن

١ـ خۆمن هەمیشە بولبولی حەزم، فەرهادو مەم و نالی و مەولەوی ئاسا، بە دوای نازدار حەیرانەكەی شیرین و زین و حەبیبە و خاتوو عەنبەرەوە دەگەڕا...

٢ـ سیاپۆشن لە داخی خەتت و خاڵ و لێوو ڕوو و زوڵفت

وەنەوشەو میسكی چین و ئاوی خزرو لالەو و عەنبەر... مەحوی

٣ـ منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێكم بچووك

هەتا ناشتوانم بفڕم بخوێنم بە باڵ بە دەنووك... گۆران

٤ـ ئێستێ گیرۆدەی بە دەستی دوژمنم

دێوی شەڕ دیارەو لە بۆیە من ونم... حەسەنی دانیشڤەر

٥ـ عەشقان فەرهاد و مەجنون دلبەران شیرین و لەیل

نسبەتەن دیارە كە ئێمەش وەك ئەوانین و لەوین... حەمدی

***

شەشەم: موشاکەلە

ئەم هونەرە بریتییە لە باسکردنی شت بە وشەی غەیری خۆی، لەبەرئەوەی کەوتۆتە هاوەڵێتی ئەو، جا بە درووست (تحقیق) بێ، یان بە خەملاندن (تقدیر).. بۆ نمونە:

ـ پاداشتی خراپە خراپەییێکی وەکو خۆیەتی.

لێرەدا مەبەست لە خراپەی دووەم پاداشتی دادگرانەیە بۆ خراپەکەی یەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هاوەڵێتی ئەودا هاتووە، بە هەمان وشە پاداشتەکە بە خراپە ناوزەد کراوەتەوە، ئەوەش درووستەکەیە.

هەرچی خەملاندنەکەیە، لە قورئانی پیرۆزدا (سیبغەتوڵڵا) لە بری (ئیمان بە ئەڵڵا) هاتووە، ئەوەش خەملاندنەکەیە، کە بە واتای ئەوە هاتووە، ئیمان وەکو (سیبغەتوڵڵا)یەو دڵان خاوێن و جوان دەکاتەوە.. بۆ نمونە:

قەرزدارێك بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلەکەی هەندێ پارەی لە یەکێك لە هاوڕێکانی قەرزکردبوو، ساڵێکی زیاتر پێچوو، نەیبوو قەرزەکە بداتەوە، خاوەن قەرزیش شەرمی دەکرد داوای پارەی خۆی بکاتەوە، ڕۆژێکیان ژن و پیاوەی قەرزار دەچنە ماڵی کابرای خاوەن قەرز، ژنەکە دەڵێت: ساڵێك و سێ مانگە ئۆتۆمبێلکمان کڕیوە.

کابرای خاوەن قەرز بە هەڵی دەزانێ، بۆ ئەوەی قەرزەکەیان بەبیربێنێتەوەو دەڵێت: چۆن چۆن؟! نا ئەوەندە نابێت، ئۆتۆمبێڵتان کڕیوە!

ژنە بێ ئاگا لەوەی کە چۆن تێکەوتووە، دووبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: بە خوا ساڵی پار لە ئەوەندەی ئەوەندە کڕیومانە؟

کابرای خاوەن قەرز دەڵێت: وەڵڵا ئەگەر وا بێ! گەلەك لە مێژە سەیارەتان کڕییە!!

ـ یانیش دەڵێن: لە هەژارێکیان پرسی: شیعری (نالی)ت پێ خۆشترە، یان شیعری (بێکەس)؟

هەژارەکە وەڵام دەداتەوە: وەڵڵاهی لەفەیەکم پێ خۆشترە.

ـ ئاغایەك بە شوانەكەی خۆی گوت: هەر چاكە چاكە!

شوانەكەش لەبەر ئەوەی زۆری حەز لە (چایە) بوو، ڕستەكەی بە شێوەیەكی دیكە دووبارەكردەوە، گوتی: ئەرە وەڵڵا گەورەم.. هەر چا كە چاكە!

ـ لە جوتیارێكیان پرسی
چاوەڕوێی چی؟
پێتان بدەین تۆوی نایاب
یان پەینی كیمیاوی زۆر چاك
گوتی: سوپاس
چاوەڕوانین خوا بارانمان بۆ ببارێنێ.
واتە: چاوەڕووانی هیچ نینە لە ئێوە.

لە شیعری كلاسیكیشدا نمونەی موشاكەلە زۆر بەرچاو دەكەون، لەوانە:

ـ سەد قوببەیی خەورنەق و سەددی سكەندەری
ناگاتە بەیتە كاولی (نالی) و مەتانەتی... حاجی قادری كۆیی

(قوببەیی خەورنەق و سەددی سكەندەری) ئەمانە شتی ماددینەو چوێنراون بە (بەیتە شیعری نالی)، لەبەرئەوەی لە هاوەڵێتی یەك هاتوون، شاعیر هەلی وەرگرتووەو گوتوویەتی بەیتە كاولی نالی، كە لە ڕاستیدا كاول سیفەتی بەیتی درووستە كە (ماڵ)ە، نەك (بەیتی شیعر)، مەتانەت و هێز و قایمیش هەر هی بەیتە لە بەردو ئاسن درووستكراوەكانە نەك هی بەیتە شیعر، بەڵام چونكە پێكەوە هاتوون شاعیر هەلی وەرگرتووەو موشاكەلەی لێ درووستكردووە.

ـ وەك موحەمەد حەنیفە بەیتی مەتین
نییە ئیللا حەساری قوستەنتین... حاجی قادری كۆیی

ئەمەش بە هەمان شێوەی پێشووە، بەڵام ئەمجارە بە هەڵگەڕێنراوەیی، چونکە بەیتی محەمەد حەنیفە چیرۆکە شیعرەو واتاییە، کەچی حەساری قوستەنتینییە لە ماددەی بەهێز و سەخت دروستکراوە، ئەمە لەبەر هاتنی وشەی بەیتەکە، کە شاعیر هەڵی پێ وەردەگرێ، دێت موشاکەلەکەی پێ درووست دەکات و دوو شتی ماددی و مەعنەوی پێکەوە دەبەستێتەوە، کە لە ڕاستیدا پێکەوە نابەسترێنەوەو ناشێ پێکەوە بەراورد بکرێن، ئەمەش جوانییەکی دڵگیر پێشکەش دەکات.

ـ خۆ لابدەن لە باری گرانی حقوقی خەڵك

بنوارە هەڵگری کە لە فیلەی حەماڵ ئەچێ... حەمدی

باری گرانی حقوق جیایە لە باری گرانی شتانی تر، چونکە شتانی تر کە باردەکرێن لەسەر مل، یان لەسەر هەر شتێکی تر شتی ماددیینە، بەڵام (حقوق) شتێکی مەعنەوییە، شاعیر لەبەرئەوەی ئەم دووشتانە پێکەوە هاتوون، موشاکەلەی درووستکردووەو بە گاڵتەو بۆ خۆشی ئەوەی حەقی خەڵکی لە ملە، ئەو کەسەی بە فیلەی حەمال چوواندووە، کە چ لێکچوواندنێك لە نێوان هەردووکیاندا نییە.

ـ کاشکێ ئەوسا ئەسیری دەستی ئینگلیزی دەبووم

نەك بکەومە داوی زلف و پەرچەمی پڕ پێچی یار... حەمدی

موشاکەلە، چونکە ئەم دوو ئەسیرییە چ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، کە لە نیوەدێڕی یەکەم باسی ئەوە دەکات: خۆزگا ئەسیری ئینگلیز دەبووم، عەقڵ بۆ ئەوە دەڕوات، کە ئێستا دەڵێت: بەڵام ئێستا بوومەتە ئەسیری ئەم وڵاتە لە ئینگلیز خراپترە، کەچی کە دێڕەکەی تەواو دەکات و دەڵێت: نەك بکەوتمایەتە دیلی زولفی ئەو یارە!! ئەمە خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە بەهەڵەچووە، شاعیر موشاکەلەی لە نێوان دوو شت کردووە، کە ئەوانیش سوپای داگیرکەری ئینگلیز و کاریگەری پەرچەمی یارن، ئەم دووشتەش لە دوو کەناڵێ لێکتر جیاوازن و یەك شت نینەو دووەم جێگەی یەکەم ناگرێتەوە، بەوەش موشاکەلە بەرهەم هاتووە.

حەوتەم: جوانی بایس

لە عەرەبیدا (حسن التعلیل)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لەوەی ئەدیب بە ئاشکرا، یان بە پۆشراوی هۆی زانراوی شتێك پشت گوێ بخات و بێت هۆیەکی ئەدەبی جوان بۆ شتەکە بێنێتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی مەبەستیەتی.. واتە ئەو هۆیەی شاعیر بۆ دۆخەکانی دێنێتەوە زادەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆیەتی، نەك هەڵقوڵاوی واقیع و ڕاستەقینە.

بە واتایەکی تر: جوانی بایس لێکدانەوەی تایبەت و شاعیریانەی شاعیرە بۆ ئەو بار و دیاردانەی لە سروشت، یان لە دەوروبەری خۆی ڕوودەدەن، بەڵام بێ ئەوەی باس لە هۆیە زانستی و درووستەکەیان بکات، کە لەبەرچی وەهان، چونکە هێنانەوەی هۆی درووست ئیشی زاناکانە، نەك ئیشی شاعیر.. بۆ نمونە:

ـ ئەی مەهی دوو هەفتە تا شەمس و قەمەر تۆیان نەدی

دانەگیرسان ئەو میسالی ئاگر ئەمیان گڕ نەبوو... حاجی قادری کۆیی

شاعیر لێرەدا ڕوو لە مەهی دوو هەفتە، دەکات (کە مەبەست لە مەهی دوو هەفتە یارە جوان و دڵگیرەکەی خۆیەتی) و دەڵێت هەتا خۆر و مانگ ڕووی جوانی تۆیان نەدی، ئەوان ئاوا دانەگیرسان و تیشکی زێڕین و جوانی خۆیان پەخش نەکرد، واتە بەلای شاعیرەوە هۆی داگیرسانی خۆر و گڕگرتنی مانگ بۆ دەرکەوتنی یارەکەی و کەوتنە بەرچاوی خۆر و مانگ دەگەڕێتەوە، چونکە کە خۆر و مانگ ڕووی یارەکەی شاعیریان وەها بە درەوشاوەیی و جوانییەوە بینی، ئیرەییان پێ هات و هەوڵیاندا ئەوانیش وەکو ئەم ڕووی جوانی خۆیان وەدەربخەن. ئەمەش دیارە لێکدانەوەی شاعیرە بۆ بە جوانی دەرکەوتنی خۆر و مانگ، چونکە هۆی درووستی دەرکەوتنی خۆر و مانگ بەو شەوق و جوانی و بەخشینی گەرمییە، ئەوە نییە کە لێرەدا شاعیر دەیڵێ، ئەوانە ئیرەیی بە کەس نابەن و ئیرەیی بردن ئیشی مرۆڤە، نەك هی مانگ و خۆر، بەڵام هۆی درووستی بەو شێوە دەرکەوتنی مانگ و خۆرە، ئەو هۆیەیە کە خودای گەورە کاتێك مەخلوقاتەکانی خۆی خەلقکردووە، ئەو ئەرکەی بە مانگ و خۆر بەخشیوە، ئەوانیش ئەدای ئەرکی خۆیان دەکەن. شاعیر لەم حەقیقەتەی لاداوە، چونکە ئەمە هۆی ڕاستەقینەیە لە لایەن زانایانی ئاین و فەلەکناسییەوە ئەم هۆیە دەخرێتە ڕوو، بەڵام شاعیر

ئیشی ئەوە نییە، ئیشی درووستکردنی وێنەی جوان و کاریگەرە، بۆیە وەکو شاعیرێك بە خەیاڵی شاعیرانەی خۆی بەڵگەو هۆکار بۆ دۆخ و دیاردەکان دادەنێ، نەك وەکو زانایان، ئەمەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکان و بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

ـ لە ئیجلالی گوڵا شەیدایە بولبول دۆستی ئیقبالە
وەك ئەهلی ئێستە ئەلبەتتە بەشی هیجرانە تا مردن... حەمدی

شەیدابوونی بولبول لە لای شاعیر لەبەر جوانی گوڵە، بەڵام نە بولبول شەیدایەو نە جوانی گوڵیش ئەو کاریگەرییەی لەسەر بولبول هەیە، وەکو کەسێك لەسەر کەسێکی دیکە دەشێ ببێ، چونکە شەیدابوون سیفەتی مرۆڤە دراوەتە بولبول، ئەوەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکەو بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

چەند نمونەیەك بۆ شیکارکردن

١ـ عاشقی ڕەنگی خەزانی تۆیە بۆیە دێ بەهار
فەسڵی هاوین گەرمی مەیلی بەفرەکەی زستانتە... حەمدی

٢ـ هەنگامی وەصڵە شەستپەڕ و مینا بە یەك ئەگەن
پەردەی زەفافە قەوس و قەزەح ڕاکشایەوە... حەمدی

٣ـ خوێنی ئەمەندە گەرمە گوڵی ئاتەشی سەحەر
لوئلوئی شەونمی لە مەراقا توایەوە... حەمدی

٤ـ لە بەرقی ڕەنگی شەرواڵی حەیا دامێنی هەڵماڵی
لە تەقەی دەنگی خلخاڵی لە گەردوون زوهرە داماوە... حاجی قادری کۆیی

٥ـ داغداری ڕوخییە لالەیی حەمرا لە چەمەن

نەرگسە چاو لەبەری غەمزەیی غەممازی ئەوە... حاجی قادری کۆیی

٦ـ گەر بە ئومێدی ویصاڵی شامی زلفی تۆ نەبێ

سەر لە کەل دەرنایەنێ هەر نایەوێ ئەو مانە ڕۆژ... حەمدی

٧ـ هەر لە ئاوابوونی ڕۆژانایە ماتەم دەیگرێ

عەرزی ئەندامی دەکا دیارە لە ڕەشپۆشانە شەو... حەمدی

٨ـ خەرامان لە دەوری گوڵستان چنار

خەریکن دەکەن مەشقی باڵای یار... حەمدی

٩ـ لە دنیادا سەری موو غەم نەماوە

لە دەورەم گردە بۆیە میسڵی کێوم... حەمدی

١٠ـ شەو وتی ئەولادی ڕۆژم ڕووڕەشی بۆ مایەوە

نووری وەششەمسی لە وللەیلا نەدی، کەس ئاشکار... حەمدی

١١ـ لە داخی بەفر و زستان و کڕێوە

چیای ڕازاندبۆوە خاکە لێوە... هێدی

***

هەشتەم: بادانەوە

عەرەب (رجوع) و (مغایرە)یان بۆ بەکارهێناوە.. بریتییە لەوەی، کە لە پێشدا قسەیەك بکەیت و بە دوای قسەکردنەکە ڕاستەوخۆ نکۆلی و لالوتی لە قسەکە بکەیت، شتەکە بە جۆرێکی تر هەڵبگێڕیتەوە.. بۆ نمونە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کە هەر (رجوع)ی بەکارهێناوەو گوتوویەتی: ئەوەیە وتاریٚ بڵێیت و پاشان بگەڕێیەوە سەری بە معارەزە.

کەواشبیٚ قسەکردن و پەشیمان بوونەوە لێی بۆ ئەوەی شتێکی پێچەوانە بڵێیت، ئەمە ڕاگۆڕین و بادانەوەیەو شێوازێکی دەربڕینە، لەبەر گەلیٚ هۆ دەکەوێتە نێو شیعریش، جا لە دێڕێکدا بەرجەستە بێت، یان لە دوو دێڕی هاوشێوەدا.. بۆ نمونە:

ـ ئەوا لە دوورەو پەیابوو جوانیٚ

مەڵیٚ جوان، بڵیٚ مانگی تابانیٚ... ئەحمەدی موفتی زادە

سەرەتا شاعیر وەصفی دەرکەوتنی کەسێك دەکات (مەبەست پێغەمبەرە ـ درودو سلاوی خوای لەسەر ـ)، بە جوان ناوی دەبا، دواتر لەو وەسفەی بادەداتەوەو دەڵیٚ: نا وەهای وەسف مەکە، بەڵکو بڵیٚ مانگی تابان بوو هات، کە ئەمە واتە هێندە جوان بوو، وەصف ناکریٚ، ئیدی چۆن بڵێین جوان بوو و بەس؟!

ـ گەرچی تا ئێستا گوتوومە: تێبگەن، زوو پێبگەن

بەم قسانەم ئێوە قەت باوەڕ مەکەن، سەگ بووم وەڕیم... بێکەس

لە نیوەدێڕی یەکەم داوای تێگەیشتن و پێگەیشتنی کردووە، بەلام لە نیوە دێڕی دووەم لەوە پەشیمان بووەتەوەو بایداوەتەوە.

## جوانی ئەم هونەرە

بادانەوە هونەرێکی قەشەنگی جوانکارییە، جوانییەکەی لەوەدایە شاعیر بە ئاشکرا، یان بە نائاشکرا شتێك دەزانێت و دواتر لێی لادەدات، یانیش شتێك دەڵێت زۆر پێی پشت

ئەستوورەو بە دڵنیاییەوە دەیڵێت، لە پاشان زوو ترسی پێچەوانەو لێتێکچوونی بۆ درووستدەبێت، بۆیە بە زوویی پەشیماندەبتەوەو ڕای خۆی دەگۆڕێت.

## جۆرەکانی بادانەوە

بە پێی ئەو مەودایەی (بادانەوە)ی تیا ئەنجام دەدرێ، دوو جۆری (بادانەوە) هەیە، بریتینە لە:

١ـ بادانەوە لە سنووری تاکەدێڕ

ـ بە بە بادی سەرسەڕی سەردی ئەوت من ناشکێم ئەمما
برا پشتی شکاندووم بێکەسی بەستوویەتی باڵم... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا قسەکەر گوتوویەتی من ناشکێم، ئەوەش بڕیارێکی گشتییە، لە پاشان گوتوویەتی: برا پشتی شکاندووم! دیارە ئەوەش (بادانەوە)یە، چونکە شکان بە هۆی مردنی برا، یان ونبوونی، یان بە هەر هۆیەکی دیکەش بێ، هەر شکانە، ئەوەی نەشکێ، بە هیچ هۆیەك لەم هۆیانە نابێ بشکێ.

٢ـ بادانەوە لە دوو باری لێکجیا

جاری وەها هەیە شاعیر لە هۆنراوەییێکیدا کە لە بارێکی دیاریکراو گوتوویەتی، شتێکی گوتوەو لە بار و هۆنراوەییێکی تر پێچەوانەی گوتووە.. بۆ نمونە: حاجی قادری کۆیی لە دوو بەیتیدا کە بەراوردی نێوان خۆی و نالی دەکات لە ڕووی داهێنانی شیعرییەوە، خۆی زۆر بچووك پیشان دەدات و دەڵێت: ئەوا دێڕێکی نالی بە شیعرەکەی خۆم تێکەڵدەکەم، بۆ ئەوەی بزانن من قەت وەکو ئەو نابم، دەنووسێت:

بە تەزمین فەردەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەك گەوهەر نابێ... حاجی قادری کۆیی

بەڵام هەر حاجی لە شوێنێکی تردا لەم ڕایەی دەگۆڕێت و بادەداتەوە دەڵێت:

ـ بەجێ ما (نالی) وەك (نالّی)، بە پاش کەوت کوردی وەك گەردی
کە حاجی غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەندانی... حاجی قادری کۆیی

(حەمدی)ش هەمان شێوازی هەیە، بۆ نمونە لە دێڕێکیدا گوتوویەتی:
من غولامی تۆم تەنەززوول قەت دەکەم بۆ تەخت و تاج
بێ سولەیمانی دەکا هودهود بە تاجی ئیحتییاج... حەمدی

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر بەم پرسیارەی مەبەستی ئەوەیە بڵێ: ئەی یار! من مادام غولامی تۆمە قەت بۆ تەخت و تاج تەنازوول ناکەم، ئەمە هەواڵێکە بە (قەت) نەفیکراوەو بە (دەکەم)ی ڕانەبردوو لە نێو ڕستەییێکی پرسدا بەستراوەتەوە، ئەوەش کەواتە بەردەوامی هەیەو قەت تەنازوول بۆ تەخت و تاج ناکات، بەڵام هەر زوو دەترسێ ئەو غولامییەی نەمێنێ، بۆیە ڕای دەگۆڕێ و دەڵێ: بەڵام بۆ نا خۆ ئەگەر سولەیمان نەما، ئەوا هودهود ناچارە پەنا بۆ (تاجی)ش ببات! واتە: بەڵام بۆ نا؟! خۆ ئەگەر تۆ نەمای، ئەوا دوورنییە ناچاربم تەنازوول بکەم و چۆن هودهود بە هۆی سولەیمان پێغەمبەرەوە (درودو سلاوی خوای لەسەر) پشتئەستوور بوو، دواتر کە ئەو نەما ناچار بوو پەنا بۆ تاجی ببات، دەشێ منیش تۆم نەمێنێ تەنازوول بۆ هەریەکێکی زۆر کەمیش بکەم! ئەمەش بادانەوەیە لە بڕیارێك کە پێشتر داویەتی.

***

نۆیەم: کۆکردنەوە

(کۆکردنەوە) لە عەرەبیدا (الجمع)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت، یان زیاتر لە ژێر بەیداخی بڕیارێکەوە.. بۆ وێنە:

ـ پشتیوانی، بینایی، شەرعی مەتین

شیرو بەخشین و خامەیی ڕەنگین

بەو شەشە دین موحافەزە دەکریٚ

یەکیٚ مرد لەو شەشانە، دین دەمریٚ... حاجی قادری کۆیی

لە دێڕی یەکەمدا، شاعیر هاتووە شەش شتی کۆکردۆتەوەو بە دوای یەکیدا ڕیز کردوون، کە بریتین لە: (پشتیوانی ـ بینایی ـ شەرعی مەتین ـ شیر ـ بەخشین ـ خامەی ڕەنگین)، هەر هەموویانی لەژێر بەیداخی ئەو بڕیارەدا کۆکردۆتەوە، کە لە دێڕی دووەمدا بەسەریاندا دەبڕیٚ، تیایدا دەڵێت: (بەو شەشە دین موحافەزە دەکریٚ)، ئەگینا هەر یەکە لەو شەشانە لە ئەوانی تر دابڕێنرا، ئەوا دینیش دەکەوتە مەترسی و لە ژیان دادەبڕیٚ.

ـ کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن

پێکەوە پووش و ئاگرو نەوتن... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر سەرەتا باسی لە (کورد) کردووە، ئینجا لە دوای ئەوە بە دوو سیفەتی (نەزان)ی و، (پاشکەوتن)ی کە بەدوای یەکی کۆکردوونەتەوە پەسنی ئەو (کورد)ەی داوە، لە نیوە دێڕی دووەمیش هەر بۆ پەسنی (کورد) سیٚ سیفەتی تر لە دوای یەك کۆدەکاتەوە، کە کاتیٚ لەگەڵ یەکن ئەم کوردانە وەك (پووش و ئاگرو نەوت) وان و ناتەباو دژ بەیەکن، ئەوەش جۆرێکی تری (کۆکردنەوە)یە.

***

## چەند نموونەیەك بۆ شیكاركردن

١ـ گوڕەی بەهارییە ئێستێكە شاخ و داخی وڵات
پڕە لە لالەوو نەسرین و نەرگسی شەهلا... حاجی قادری كۆیی

٢ـ قەومەكان بەو زاتە وا حوكمی لە سەر بەحڕو بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ، هەر كەسێ صاحێب مەڕە
دێم بە گژیا، دەیدڕم، گەر (فی المپل) شێری نەڕە
بانەقەومێت و نەزانن، ئەو هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بزنی شەل و كاوڕی گەڕو بەرخی لەڕە.. شێخ ڕەزا

٣ـ ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین... هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین... بێكەس

٤ـ ئەمانە زادەیی ئەفكارِو خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و كەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما... حاجی قادری كۆیی

٥ـ كپی و ناڵین وسكاڵاو زاری
پەستی و بێزاری، دەردی بێكاری
كزی باوەڕو سستی ئەنوێنن
تای تین و وزەی گیان ئەپسێنن... جەمال بێدار

٦ـ دوعای نیوە شەو و ناڵەی سەحەرگاهـ نەبووە تەئسیری
بە ئومێدی ویصاڵی تۆ ئەمانە حەمدی تەی ناكا... حەمدی

٧ـ وەك تریشقە ئاگر دەگرن، هەوری ڕەحمەت ناگرن
ئەژدەها دەگرن بە قەد دێوێك و عیبرەت ناگرن... حەمدی

٨ـ خەوم بێهۆشی یە، بەرگم پەلاشە... خۆراكم خوێنە، شادیم شینە، بێ تۆ.. كوردی

***

دەیەم: لێککردنەوە

(لێککردنەوە) لە عەرەبیدا (التفريق)ی پێدەگوترێت.. بە تەواوی پێچەوانەی کۆکردنەوەیە.. لە (کۆکردنەوە)دا دوو شت، یان پتر، لە فرمانێك یان خاسە وێژێك و (بڕیارێك) کۆدەکرێنەوە، کەچی لێرەدا دوو شت یان زیاتر کە پێکەوە دێن، لێکدەکرێنەوەو جیاوازی نێوانیان دەخرێتەڕوو.. بۆ وێنە:

ـ دڵی شاد ئاگای لە شێواو نییە
لەش ساغ خەبەری لەداماو نییە
سوچی کەس نییە، هەروەها بووە
ئازاد کوا ئاگای لە گیراو نییە؟.. باباتاهیری عوریان

لەم چوارینەدا، شاعیر (دڵی شاد) و (دڵی شێواو)ی لێککردۆتەوە.. لە نیوە دێڕی دووەمدا (لەش ساغ) و (داماو) ی لێککردۆتەوە.. لە نیوە دێڕی چوارەمیشدا پیاوی (ئازاد)و پیاوی (گیراو)ی دیسانەوە لێککردۆتەوە.

ـ داری دنیا هەر کەسێکی تێگەیی... میوەیی خامی هەیەو میوەی گەیی... حاجی قادری کۆیی

دوو میوەی داری دنیا لێکتری جیاکراونەتەوە، یەکیان (خاو)ەو ئەوی تریان (گەییو)، بەوەش (لێککردنەوە) درووستبووە.

ـ ئەم قەومی کوردە زۆر گەورەی بووە
بەڵام هەر یەکەی بۆ لایەك چووە
نادر و کەریم خان کەوتوونە ئێران
عەزیزی میسرە سەلاحەدینمان... پیرەمێرد

لەم دوو دێڕەدا شاعیر باس لە کەسایەتییە گەورەکانی گەلی کورد دەکات، لە پاشان سێ لەو گەورانە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەوەی کەوا دووانیان، کە (نادر و کەریم خان)ن کەوتوونەتە ئێران و (سەلاحەدین)یشمان کەوتۆتە میسرو بووەتە عەزیزی ئەوێ، ئەوەش لێککردنەوەیە.

یازدە: وەصف

شێوازێکی دەربڕینی جوان و کاریگەرە، لە کۆنەوە خەڵك بە گشتی و ئودەباش لە بەرهەمەکانیان بە تایبەت، سوودیان لێ وەرگرتووە، مەرجیشی ئەوەیە، وەصفەکە بۆ شتەکان ناڕاستەوخۆ بێت، نەك پیاهەڵدانی ڕاستەوخۆ بێت لە بۆیان.. بۆ نمونە:

ـ لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ...

قوببەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا شاعیر کە باسی بەهاری کۆیە دەکات، ڕاستەوخۆ ئەوە ناڵێت، کە ئەم بەهارە چەند سەوزو دڵگیرە، بەڵام دێت بە بەرزتر لە سەوزاییە دڵگیرەکانی کشمیری دادەنێت، ئەو کشمیرەی کە لە سەرچاوەکاندا لەبەر سەوزی و جوانی بە (بەهەشتی خوا لەسەر زەوی) وەصفکراوە، دەی باشە ئەگەر ئەو کشمیرە لە بەرامبەر جوانی کۆیەدا خۆی نەگرێت و وەکو تۆپێکی یاری تورهەڵبدرێت، ئەدی باشە دەبێ کۆیە لە وەرزی بەهاردا چەند جوانبێت، چونکە ئەم شێوازە وەصفێکی ناڕاستەوخۆ و گەورەی کۆیەی کردووە، ئەوەش جوانییەکی زۆری بەخشیوە.

ـ ئەی وەتەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە

ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە... حەمدی

شەیدابوونی کوردستان لە لایەن ڕۆم و عەجەم و لە پاڵ ئەوانیشەوە هەموو دونیا بۆ کوردستان، ئەمە مانای دەوڵەمەندی و جوانی و هەبوونی هۆکارەکانی ژیانی باشە لە کوردستان، ئەوەش وەصفێکی جوان و شاراوەی وڵاتە لە لایەن شاعیرەوە.

جوانی وەصفکردن

١ـ ئاشکراکردنی خەڵك و خووە جوان و بەهێزەکان و ناساندنیان بە خەڵکی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وشیاربېنەوەو سوودیان لێ وەربگرن.

٢ـ بەرهەمهێنانی شێوازی هونەری و ڕەوانبێژی جوان بۆ گەیاندنی پەیام، جیا لە قسەی ئاسایی، کە ئەم شێوازە هونەری و ئەدەبییە ڕۆڵی گەورەتر دەبینێ، لە هێنانەدی مەبەست.

دوازده: لۆمەکردن

بریتییە لە لۆمەکردنی هەر کەس و شتێك، کە لە دەوروبەری نزیك، یان دووری شاعیرن و بە هۆیەك لە هۆیەکان بە ڕەوای دەزانێ لۆمەیان بکات.. ئەمەش شێوازێکی دەربڕینی جوانە، لە کۆنەوە خەڵك بە گشتی و ئودەباش لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیان بە شێوەییێکی تایبەت، سوودیان لێ وەرگرتووە.. بۆ نمونە:

١ـ تۆ لە ئەرزای بۆ لە ئێمە لوتی خۆت کردە سەما

مەعریفەت بنوێنە باوی چەشم بەندی وا نەما... حەمدی

لۆمەکردنی شاعیر لەم دێڕەیدا لە خووێکی خراپی ناژیارییە، کە ئەویش خوی لوتبەرزییە، لەگەڵ ئەو بەرامبەرە دەدوێت و لۆمەی دەکات، کە وەهایەو داوای لێدەکات، وشیاربېتەوە، چونکە سەردەمی ئەوە نەماوە.

٢ـ کامی کچ و هەتیوی شیرین بێ ڕای دەکێشن

هاوار دەبەنە بەر کێ؟! پەشمە دەخیل و ئامان! ... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا لۆمەی شاعیر ئاراستەی میللەتە، کە ئەگەر کوردستان کرا بە ئەرمەنستان، ئەوسا بەم شێوەیەتان لێ دێ و چ چارێکیشتان نامێنێ، مەگەر هاوار بۆ ئەم و ئەو ببەن، کە ئەمەش کارێکی نارەواو ناشرینە، ئەدی بۆچی ئێستاکە وەها بێخەمن و تا کار لە کار نەترازاوە، بەرگرییەك ناکەن؟! بۆیە لۆمەیان دەکات و دەیەوێت بەم شێوەیە وشیاریان بکاتەوە.

## جوانی لۆمەکردن

١ـ ئاشکراکردنی خەڵك و خووە خراپەکان و ناساندنیان بە خەڵکی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وشیاربېنەوەو گۆڕانیان تیا درووست ببێت.

٢ـ بەرهەمهێنانی شێوازی هونەری و ڕەوانبێژی جوان بۆ گەیاندنی پەیام، جیا لە قسەی ئاسایی، کە ئەم شێوازە هونەری و ئەدەبییە ڕۆڵی گەورەتر دەبینێ، لە هێنانەدی مەبەست.

سێزدە: وەصفی لە بەرگی لۆمە

وەصفی لە بەرگی لۆمە لە عەرەبیدا (المدح بما یشبە الذم)ی پێدەگوترێت.. ئەو گوتەیەیە، کە تیایدا شاعیر سەرەتا لە بەرگی لۆمە کۆمەڵە پەسنێکی خراپ، بۆ شتێ، یان یەکێ ئاراستە دەکات، بەڵام لە پاشان بەشێوەیەکی تر بڕیار دەدات و دەریدەخات کە ئەو گوتانەی پێشووی کە لە بەرگی لۆمە دەبینران، نەك بە لایەوەی لۆمە نەبووە، بەڵکو وەصف بووە.. بۆ وێنە:

ـ خزمینە مەدەن پەنجە لە تەك عەشرەتی جافا

مێروولە نەچێ چاکە وەگژ قوللەیی قافا

خوێنڕێژو شەڕەنگێزو عەدوبەندو تەن و مەند

کامیان کە گەنە، شێرە لە مەیدانی مەصافا.. شێخ ڕەزرا

خوێنەر کاتێ سێ نیوە دێڕەکانی یەکەمی ئەم پارچەیە دەخوێنێتەوە، سەرەتا وا هەست دەکات، شاعیر هاتووە لۆمەی عەشیرەتی جافی کردووەو کۆمەڵێ سیفات و کردەوەی خراپی خەڵکانی ئەو هۆزەی بە لۆمەوە خستۆتە ڕوو، بە شێوەیێك، کە تا سەر ئێسقان قێزیان لێدەکات و پێیان دڵتەنگە، بەڵام لە دوا نیوەدێڕدا، کە دەڵێت: (کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەصافا)! ئینجا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو صیفەت و کردەوانەی سەروو، کە شاعیر خستویەتییە پاڵ پیاوانی ئەو عەشیرەتە، نەك بۆ ئەوەیە، بە هۆیەوەی ناشرینیان بکات و خۆیشی ڕەتیانبکاتەوە، بەڵکو زۆر دڵخۆشە بە بوونی ئەو ڕەوشتانەیان و وا دەزانێ لە سای ئەو ڕەوشتە چاکانەیاندایە، هەموو هەر شێرن، ئەمەش (وەصفی لە بەرگی لۆمە)یە.

ـ ئێستەش نالێم وەرن ڕێزی لێ بگرن

من هەر دەلێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن... هێدی

لەم دێڕەدا نیوە دێڕی یەکەم کە دەڵێت (ئێستەش نالێم وەرن ڕێزی لێ بگرن)، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە لۆمەی وەسفکراوی کردووە، بەڵام لە پاشان کە دەڵێت (من هەر دەلێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن)، بەمە خوێنەر بۆی دەردەکەوێت سەرەتا بەهەڵە تێگەیشتووە، چونکە مەبەستی شاعیر وەسف کردنە، نەك لۆمەکردن، ئەوەش (وەصفی لە بەرگی لۆمە)یە.

چوارده: لۆمە لە بەرگی وەصف

(لۆمەی لە بەرگی وەصف) لە عەرەبیدا (الذم بما يشبه المدح)ی پێدەگوترێت، پێچەوانەی (وەصفی لە بەرگی لۆمەیە) بریتییە لەو دەربڕینەی، کە شاعیر تێیدا سەرەتا بە باشی ستایشی یەکێك، یان شتێك دەکات و پەسنی دەدات، بەڵام دواتر دەریدەخات، کە لە گوتەکەی مەبەستی لۆمەیە نەك وەصف.. بۆ وێنە:

ـ گوڵە باغ گوڵە باغ گوڵی باغی

بێ عەقل و زۆر بێ دەماغی... فۆلکلۆر

لەم دێڕەدا بە گوڵەباغ وەصفی بەرامبەر دەکرێت، خوێنەر وا دەزانێ پەیامی دێڕەکە وەصفکردنە، بەڵام کە دێڕەکە تەواو دەبێ، دەردەکەوێ مەبەست لۆمەیەو لە بەرگی وەصف پێشکەش کراوە.

ـ ئەتۆ زەمم دەکەی، مەدحت دەکەم من

جەزای قەولی درۆ، با هەر درۆبێ... نالی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر هاتووە، ڕوو لە هاوڕێکەی دەکات، ئەوەی کە هەمیشە لۆمەی دەکات، بەهەق و ناهەق بە بەرچاوی خەڵکانەوەی دەیشکێنێت، بەڵام پێی دەڵێت: کەچی من وەکو تۆ نابم بتشکێنمەوەو بە خراپییەکانت دا بڵێم، بەڵکو من وەصفت دەکەم، ئەمەش لە خۆیدا وەصف دەگەینێت، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا، کە شاعیر دێتە سەر وەڵامی ئەوەی، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا، بڕیاری کردنی داوەو دەڵێت، بۆیە مەدحت دەکەم، چونکە کە تۆ لۆمەی من دەکەی، درۆدەکەی، منیش بە هەمان شێوە دەبێ پاداشتی تۆ بدەمەوە، بۆیە ئەگەرچیش وەصفت لێ نەهێت، بەڵام وەصفت دەکەم.. لێرەشدا تێدەگەین، کە مەبەستی شاعیر لۆمەیە نەك وەصفکردنی بەرامبەری، ئەگەرچیش لە قاڵبی وەصفکردندا لۆمەکەی ئەنجام بدات، ئەوەش لە ڕەوانبێژیدا (لۆمەی لە بەرگی وەصف)ی پێدەڵێین، لەم نموونەیەدا، شاعیر بە ئاشکرا هۆی لۆمەکردنی بەرامبەرەکەی ئاماژە پێکردووە.

بەڵام جاری وا هەیە، شاعیر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ هۆی لۆمەکردنی بەرامبەرەکەی دەکات، بۆ وێنە:

ـ ئەگەر شیعرێ بڵێم و نەشری کەم هیچم لە کەس ناوێ

لە فیکرا پەیڕەوی مەرحومی زاتی شێخ ڕەزا ناکەم.. موفتی پێنجوێنی

لەم دێڕەی (موفتی پێنجوێنی)دا، سەرەتا وای پیشان دەدات، کە (شێخ ڕەزا) لە لای زۆر بەڕێزو گەورەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دێت گلەیی و لۆمەیەکی ئاراستەی (شێخ ڕەزا) دەکات، ئەویش وەنەبێ بڵێ (شێخ ڕەزا) ئەو سیفەتە خراپەی هەبووەو جێی خۆیەتی بەر لۆمەی بخەین، بەڵکو وەك ئاماژەمان بۆ کرد، سەرەتا شێخ ڕەزا زۆر هەڵدەنێ، لە دواییدا بە ناڕاستەوخۆیی لەوەی دەیڵێت، کە من لەسەر نەشرکردنی شیعری خۆم داوای هیچ شتێ لە کەس ناکەم وەك شێخ ڕەزا، ئەمە ئەوە دەگەینێت، کە شێخ ڕەزا لەم بارەیەوە سیفەتێکی خراپی بووەو لەسەر شیعرەکانی داوای شتی لە بەرامبەرەکانی کردووە.. بۆیە لە ڕاستیدا ئەگەرچیش بەرگی وەصف لە لایەن شاعیرەوە کرابێتە بەر ئەو دێڕەی لە بەرامبەر شێخ ڕەزادا، بەڵام لە ناواخندا لۆمەی دەکات و جۆرێکە لە (لۆمەی لەبەرگی وەصف)دا.

جۆرێکی تری (لۆمەی لەبەرگی وەصف) ئەوەیە، کە سەرەتا شاعیر پەسنێکی پەسندراو دەدات، بەڵام لە پاشان یەکسەر پێچەوانەکەشی دەڵێت.. بۆ وێنە:

ـ شکلی تەکیەو خانەقاهی شێخەکان

واقیعەن ڕەنگینە، ئەمما بۆ ڕیان... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا، سەرەتا شاعیر دانی بەوە داناوە، کە شێوەی تەکیەو خانەقای شێخەکان جوان و ڕەنگینن، ئەمەش وەصفێکی چاکە، بۆ ئەو خانەقاو تەکیانە، کەچی دوای ئەوە هەر بە ئاشکرا دێت عەیبێکی گەورەیان باس لێوە دەکات، ئەویش ئەوەیە دەڵێت ئەو شوێنانە ئەگەرچی دەبێ بۆ خواپەرستی بینا بکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەو مەبەستە بینا نەکراون و ڕیاکارییان تێدا دەکرێت، ئەوەش لۆمەیەکی گەورەیە ئاراستەی ئەو دەامەزراوانەی دەکات، بۆیە گەرچی سەرەتا وەصفێکیشی کردبن، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی وەصف نییەو (لۆمەی لەبەرگی وەصف)ە.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکارکردن

١ـ شێخی من بەو غایەتە پشتی لە عالەم کردووە

صورەتی خۆشی لەنێو ئاوێنە پشتی تێ دەکا... حاجی قادری کۆیی

٢ـ توخودا مەنعی مەکەن هەرچی بکا حاجی فەرەج

چونکە خوا فەرموویەتی ﴿لیس علی الأعمی حرج﴾ ... حەمدی

٣ـ کە پیربووم تێگەیشتم دەستی گرتم

لە کەسب و کار و تەحصیلی مەعانی... حاجی قادری کۆیی

٤ـ شای ئەو دەمە ناوی ئەژدەهاك بوو

شای چی؟ وەك شێری سامناك بوو...

هێدی

٥ـ وەڵڵا لەسەر ئەو جوانییە

فڕی بە دنیاوە نییە... هێدی

ـ شەڕی وا هەر نابێتەوە

یاخوا بڕواو نەیێتەوە... هێدی

***

(جەختی وەصف بە وەکو لۆمە) و (جەختی لۆمە بە وەکو وەصف)

ڕەوانبێژەکان جەختی وەصف بە وەکو لۆمەو جەختی لۆمە بە وەکو وەصف لە یەك شوێندا باس دەکەن، ئەمەش چونکە هەردوو بابەتەکان لەسەر یەك شێوازی ڕەوانبێژی دامەزراون.

لێرەدا نووسەر لە ڕستەی یەکەمدا، سەرنجی خوێنەر بۆ واتایەك ڕادەکێشێ، جا بە وەصف بێ، یان بە لۆمە، پاشان بە هۆی ئەو ئامرازە جیاکەرەوەی دەیخاتە سەرەتای ڕستەی دووەم، یەکەمجار بە هەڵەی دەبات، وای لێدەکات، چاوەڕووانی ئەوەبێت، کە ئێستا لە ڕستەی دووەمدا شتێکی پێچەوانەی ئەوەی یەکەم دەڵێت، بەڵام کە ڕستەکە تەواو دەکات، ئینجا خوێنەر تێدەگات، کە ئەم ڕستەی دووەمەش، هەر بۆ جەختکردنەوەو پشتگیری واتای ڕستەی یەکەم هاتووە، وەك لە خوارەوە بە نموونەوە باس لە هەردوو جۆرەکان دەکەین.

پازدە: جەختی وەصف وەکو لۆمە

ئەمە لە عەرەبیدا (تأکید المدح بما یشبه الذم)ی پێدەگوترێت، دوو جۆری هەیە:

یەکەم: سەرەتا لە پەسندراودا نەفی لۆمەیەك دەکرێت، ئینجا بە هۆی یەکێ لە ئامرازەکانی جیاکردنەوە بە باشەوە وەصف دەکرێت.. بۆ وێنە:

پیاوێکی بێ عەیبە، بەڵام چ دەکەی یەکەکی تری وەکو ئەو نییە؟!

لەم نموونەیەدا، سەرەتا نووسەر هاتووە نەفی ئەوەی کردووە، کە ئەو پیاوەی پەسنی دەدات، هیچ عەیبێکی هەبێت، ئەمەش بێگومان وەصف کردنییەتی، کەچی لە ڕستەی دووەمدا، کە ئامرازی جیاکردنەوەی (بەڵام) دێنی، سەرەتا زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە ئێستا یەکێ لە عەیبە خراپەکانی دەڵێت، بەڵام کە ڕستەکەی تەواو دەکات، دەڵێت (چ دەکەی یەکەکی تری وەکو ئەو نییە؟!)، ئینجا خوێنەر تێدەگات، کە ئەم ڕستەی دووەمەش هەر وەصفی بەباشی کابرایەو دەرخەری ئەوەیە، کە لەچاکییەکانی بێ وێنەیە، کەسێکی تری هاوشێوەی نییە، بۆیە ئەوەش وەصفێکی ترە، وەك جەخت کردنەوەی ڕستەی یەکەم هێنراوە، لەوەشدا (جەختی وەصف بە وەکو لۆمە) مان بۆ بەرجەستە بووە.

ـ ئەی صەبا ئەی قاصیدی ئەڕبابی نامووس و شەڕەف
هەستە تا کەرکوك بچۆ، ئازانە ئەمما لا تەخەف... بێخود

بێخود کە ڕوو لە بادی صەبا دەکات، پێی دەڵێت: ئازانە هەڵیکە، ئەمە وەصفە، دواتر ئامرازی جیاکردنەوەی (ئەمما) دێنێ، بەوە بیر بۆ ئەوە دەچێ، دوای ئەم وەصفە لۆمەیەك بکات، کەچی کە مەبەستی دەردەخات، دەڵێت: بەڵام نەترسی، ئەوەش وەصفێکی دیکەیە، ئەمە ئەوە دەردەخات، دیسانەوە جەخت لەسەر وەصفی ئەو ژنە دەکاتەوە، بەوەش جەختی وەصف بە وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

ـ ژن ئەمما (فی الحقیقه) خادیمەی قەوم
کە یەعنی سەییدەی غیرەت شکاران... بێخود

بێخود کە باسی ئەو ژنە دەکات، دەڵێت (ژنە)، واتە بە واتای وشە ژنە، دواتر ئامرازی جیاکردنەوەی (ئەمما) دێنێ، بەوە بیر بۆ ئەوە دەچێ، دوای ئەم وەصفە لۆمەیەك بکات، کەچی کە مەبەستی دەردەخات، دەڵێت: لە هەقیقەتدا خزمەتکاری نەتەوەکەی بووە، ئەمەش وەصفێکی دیکەیە، ئەوەش ئەوە دەردەخات، دیسانەوە جەخت لەسەر وەصفی ئەو ژنە دەکاتەوە، بەوەش جەختی وەصف بە وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

دووەم: سەرەتا پەسندراو وەصف دەکرێت، ئینجا دواتر لە پەنایی چەند وشەیەك کە بۆنی لۆمەیان لێ دێ، وەصفێکی تریش دەکرێت، وەك جەختکردنەوە بۆ ڕستەی یەکەمی.. بۆ وێنە:

ـ لە سەخاو لە کەرەمدا
لە فەساحەت لە ئەدەبدا
یەکە بازە لە سەفەردا
یەکە تازە لە حەزەردا
تاقە عەیبێ کە هەیبێ

هەر ئەوەیە تاقە کەسە

لە هەموو خاکی عەرەبدا

لە هەموو شاری عەجەمدا... شێخ ڕەزای تاڵەبانی

شێخ ڕەزا کە باسی یەك لە پیاوە بەڕێزەکان دەکات، چی صیفاتی جوانی سەخاوەت و کەرەم و فەصاحەت و یەکەبازی سەفەر و یەکەتاز و بێوێنەی نێو (شار)ی پێدەدات، ئەمانەش هەموویان وەصفن، دواتر دوای ئەمانە دەڵێ: تاقە عەیبێك کە هەیبێ! ئەم وشانە هی لۆمەن، بۆیە خوێنەر وا دەزانێ، ئێستا لۆمەیەکی دەکات، کەچی کە مەبەستی دەردەخات، دەڵێت: عەیبی هەر ئەوەیە لە هەموو خاکی عەرەبدا نمونەیەکی دیکەی نییە! کە ئەوەش وەصفێکی دیکەیە، بەوە بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر دیسانەوە جەخت لەسەر وەصفی ئەو بەڕێزە دەکاتەوە، کە پێشتر لە سەرەتاوە وەصفی کردبوو، بەوەش جەختی وەصف بە وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

ـ موحەممەد دادگرە نیتی غەل و غەش

ئەوەی هەیتی بۆ هەمووان لێی دەدا بەش... مەلا عەبدی

لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕەدا شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێغەمبەر موحەممەد (درودو سڵاوی خوای لەسەر) دادگرە، ئەوەش وەصفە، بەڵام لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا دەڵێت: (ئەوەی هەیتی)، بەم دەربڕینە، خوێنەر دڵی لەوە دەترسێ، مەبادا شاعیر شتێکی نەشیاو بەرامبەر پێغەمبەر (درودو سڵاوی خوای لەسەر) بڵێ، بەڵام کە تەواوی دەکات، دەڵێت: ئەوەی هەیەتی بەشی هەمووانی لێ دەدات. دەبینین ئەمە دیسانەوە وەصفێکی دیکەیەو بەمە جەختی وەصفەکەی پێشووی دەکاتەوە، بەوەش جەختی وەصف وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

***

شازدە: جەختی لۆمە بە وەکو وەصف

ئەمە لە عەرەبیدا (تأكيد الذم بما يشبه المدح)ی پێدەگوترێت.. سێ جۆری هەیە:

یەکەم: سەرەتا لەپەسندراودا، نەفی وەصفێك دەکرێت، ئینجا بەهۆی یەکێ لەئامرازەکانی جیاکردنەوە، وەك جەختکردنەوەی واتای ڕستەی یەکەم، لۆمەشی دەکرێت، بۆ وێنە:

ئەوەی خوا پێی خۆشبێت، نایکات، بەڵام ئەوەندە هەیە، ترسنۆکە.

لەم پارچەیەدا، سەرەتا نووسەر نەفی ئەوە دەکات، کە لەپەسندراودا هیچ سیفەتێکی باش هەبێت، بەڵام دواتر کە ئامرازی جیاکردنەوەی (بەڵام) دێنێت، سەرەتا خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە لەوانەیە، ئەمجارە وەصفێکی باشی بکات، کەچی کە ڕستەکەی تەواو دەکات (ئەوەندە هەیە ترسنۆکە)، ئینجا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، کە ئەم بەشەی دووەمی قسەکەشی هەر لۆمەیەکی ترە، دیسانەوە جەختە بۆ لۆمەکەی پێشوو، بەوەش دەگوترێت (جەختی لۆمە بە وەکو وەصف).

دووەم: سەرەتا پەسندراو لۆمەیەك دەکرێت، ئینجا دواتر بە هۆی یەکێ لە ئامرازەکانی جیاکردنەوە لۆمەیەکی تریش دەکرێت، بۆ وێنە:

ـ شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کردو دەربەدەر

چاکە هەجوێکت بکەم، ئەمما موفیدو موختەصەر... شێخ ڕەزا

لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەو دێڕەی سەرەوەدا، سەرەتا شاعیر باس لەوە دەکات کە شێخ عەلی خراپەی لە دەرهەقی کردووە، ئاوارەو دەربەدەری کردووە، بۆیە ڕێگە بە خۆی دەدات، کە وا باشە منیش هەجوێکت بکەم و پاداشتی خراپەکارییەکەی خۆت بدەمەوە، بەڵام کە دوای ئەوە ئامرازی (ئەمما) دێنێ، سەرەتا زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە دەشێت بڵێ، ئەمما لەبەر ئەوەی لە من گەورەترەو چاکەی تری لەگەڵما زۆرە، قەیناکات دەیبەخشم، کەچی کە ڕستەکەی تەواو دەکات (ئەمما موفیدو موختەصەر)، ئینجا خوێنەر لەوە حاڵی دەکات، کە بە هەڵەی بردووە، دەنا مەبەستی ئەوە نییە، دوای (ئەمما)یەکە لە بڕیارەکەی لە هەجوی (شێخ عەلی) پاشگەزببێتەوە، هەجوەکەی نەکات، بەڵکو ئەوەتا هەر سوورە لەسەر هەجوکردنەکەی، جەختیش دەکاتەوە لەسەر بڕیاری هەجوکردنەکەی، ئەمەش (جەختی لۆمەی بە وەکو وەصفە).

ـ خۆشی و دەسەڵاتی خۆی دەویست و بەس

بێجگە لەوە زوڵمی پێ ڕەوا بوو... هێدی

لەم دێڕەدا سەرەتا باس لەوە دەکات، کە ئەو پاشایە هەر تەنها خۆشی و دەسەڵاتی خۆی دەویست، ئەوەش بێگومان لۆمەی پاشایە، لە پاشان بە وشەی (بێجگە)، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە ئێستا شتێکی جیا بڵێت و وەسفێکیشی بڵێت، کەچی کە قسەکەی تەواو دەکات، لۆمەی زیاتریشی دەکات و پەسنی خراپتریشی ئاشکرا دەکات، ئەوەش (جەختی لۆمە بە وەکو وەسف)ە.

سێیەم: جاری واهەیە بەبێ بەکارهێنانی ئامراز و بەشێوەیەکی تر شاعیر جەختی لۆمەکەی پێشووی دەکات.. بۆ وێنە:

ـ ئەو مریشك و کەڵەشێرەی کە گوتم بینێرە

دووی لە ڕێگە مردو یەکێکی بە نەخۆشی لێرە... شێخ ڕەزا

لە نیوە دێڕی دووەمدا، کاتێك شاعیر دێتە سەر پەسنی، ئەو مریشك و کەڵەشێرەی کە لە نیوە دێڕی یەکەم ئاماژەی بۆ کردوون، سەرەتا دەڵێت (دووی لە ڕێگە مرد) ئەمەش لۆمەیەکی بەرامبەرەکەیتی، کە مریشك و کەڵەشێری نەخۆش و دەردەداری بۆ (شێخ) ڕەوانەکردووە، بەڵام کە دەڵێت: (یەکێکی).. یەکەمجار بیری خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە دەشێت، ئەوەیان جیابکاتەوەو ڕستەکەی وا لێبکات (دووی لە ڕێگە مردو یەکێکی گەیشتە ئێرە)، کەچی ڕستەکەی تەواو دەکات، دەڵێت: یەکەکەی تریشی بە نەخۆشی لای من مرد.. ئینجا خوێنەر تێدەگات، کە شاعیر بە هەڵەی بردووە، دەنا لە نیازی نەبووە، پەسنی بە تەنیا یەکێکی مریشکەکان بدات و لەوانی تری جیابکاتەوە، بەڵکو ئەو گوتەی دواییشی هەر جەختی لۆمەکەی پێشوویەتی، ئەوەش (جەختی لۆمە بە وەکو وەصف)ە.

***

هەڤدە: پۆشین

(پۆشین) لە عەرەبیدا (التوریە)ی پێدەڵێن.. بریتییە لە درووستکردنی پەیوەندی لە نێوان دوو شت، یەکیان واتایەکی دووری هەبێ، ئەوی تریان واتایەکی نزیك، بەڵام لە دەقەکە مەبەست واتا دوورەکە بێ.. یان بەواتایەکی تر: پۆشین ئەوەیەشاعیر، یان نووسەر وشەیەك بێنێت، ئەو وشەیە دوو واتا بگەینێت، یەکی دوورو یەکی نزیك، ـ (کە دەڵێین دوور، مەبەست ئەوەیە پیاو درەنگ بۆی دەچێ نەختێ لێکدانەوەی پێدەوێ، بەڵام کە دەڵێین: مانایەکی نزیك، مەبەست ئەوەیە، کە گوێگر یان خوێنەر هەر زوو بۆی دەچێ و وەریدەگرێ) ـ جا مەرجە لە پۆشین، شاعیر، یان نووسەر مەبەستی بەم وشە جووت واتایە، واتا دوورەکە بێت.

ئەم واتا دوورەش وەنەبێ لە خوێنەری زرنگ و هۆشیار ون و شاراوەبێ، بەڵکو هەر ئەوەندەیە، کە سەر لە خوێنەری کەمبین دەشێوێنێ و نەزاکەتێکی تەڕیش پەیدا دەکات.. بۆ وێنە:

ـ بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد، لەگەڵمان شێخ حەسەن

سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا، ئەوکەرە... شێخ ڕەزا

لێرەدا وشەی (کەر)، کە شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمی بەکارهێناوە، دوو واتای هەیە، نزیکەکەیان (کەر)ە ڕاستییەکەی نیوە دێڕی یەکەمە، کە لەسەریدا شەڕوگۆڤەندێکی گەورە نراوەتەوە، بەڵام مانا دوورەکەی (شێخ حەسەن)ە، کاتێ (شێخ ڕەزا)ی شاعیریش وشەی (کەر)ی لە نیوە دێڕی دووەم بەکاردێنێ، مەبەستی پێی مانا دوورەکەیە، کە (شێخ حەسەن)ە، بەڵام ئەوەی پۆشیوە، بەو وشە (کەر)ە ڕاستەقینەی یەکەمجار هێنابووی، چونکە ئەگەر شێخ حەسەن تێشبگات، شێخ ڕەزا پاساوی هەیەو دەڵێ من مەبەستم کەرە گوێدرێژەکەیە، چۆن قسە بە بەڕێزێکی وەکو جەنابت دەڵێم، بەوەش شێخ حەسەن هیچی بۆ نامێنێتەوەو ئەگەر بڕواشی پێنەکات، بەڵام چ پاساویشی نابێ، شتێك لە دژی شێخ ڕەزا بڵێ.

***

## جۆرەکانی (پۆشین)

پۆشین وەکو یەك لە شێوازە جوانەکانی دەربڕین زیاتر لە جۆرێکی هەیە، لەوانە :

یەکەم: پۆشینی ڕووت

بریتییە لە بە تەنیا هاتنی ئەو وشەیەی، کە (پۆشین)ەکەی لێدرووست دەبێت، بەو شێوەیەی کە هیچ هێماو ئاماژەیەکی لە تەك نەهاتبێت، ئەوە بخاتە ڕوو مەبەست واتا نزیکەکە، یان دوورەکەیە.. بۆ نمونە:

ـ (بانگی کوردستان)ە، وا دنیایی ئیحیاکردەوە

زامی قەلبی کوردی بێچارەی موداوا کردەوە... ئەحمەد موختار جاف

لەم دێڕەدا (بانگی کوردستان) بە دوو واتادێت، واتایەکی نزیك کە مەبەست لێی گۆڤاری (بانگی کوردستان)ە، کە لەو ڕۆژگارەدا بڵاو دەبووەوە، کوردی بووژاندۆتەوە، واتاییێکی دووریش، کە دوای بیرکردنەوە وای لێ تێدەگەیشتریَ، کە مەبەست لێی جاڕی سەر بەخۆیی و ئازادی کوردستان بێ، کە بە زمانی حاڵ داوای خەبات لە پێناو ئازادی و چوونە ڕیزی وڵاتان لە ڕۆڵەکانی دەکات، مەبەستیش واتا دوورەکەیە، ئەمەش بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی لە تەك هاتبێ، بۆ ئەوەی دەریبخات، کە مەبەست کامە مانایە.

دووەم: پۆشینی پاڵاو

بریتییە لەو پۆشینەی، کە لە تەك ئەو وشەیەی کە پۆشینەکەی لێ درووست دەبێت، وشەیەکی تر هاتبێت، وای دەربخات، کە هێمایە بۆ واتا نزیکەکە، ئەمەشیان هەر بۆ ئەوەیە، تا زیاتر بیرو هۆشی گوێگر بۆ لای مانا نزیکە نامەبەستەکە بچێت و زەین و هۆشی لە مانا دوورە مەبەستەکە دوور بکەوێتەوە.. بۆ نمونە:

ـ تا(سلێمان)ان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت

ئەحمەد موختاری ئێمە، شاهی تەخت ئارانەبوو... نالی

ئەم پارچەیەی سەروو، دێڕێکە لە هۆنراوەیەکی (نالی)، تیایدا مێژوویەکی بۆ ئەحمەد پاشای

کوڕی سلێمان پاشای سێیەمی بابان داناوە، ئەم ئەحمەد پاشایە لە پاش مردنی سولەیمان پاشای باوکی هاتۆتە سەر تەخت، جا لەم دێڕەدا وشەی (ئەحمەد) بە دوو واتا دێت.. وەك چۆن وشەی (سلێمان)یش بە هەمان شێوەی بە دوو واتا دێت.. واتایەکی نزیکی ئەو وشانە (ئەحمەد) پێغەمبەری ئیسلامەو (سلێمان) پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلییانە (درووودو سڵاوی خودایان لەسەر)، کە مەبەست لێرەدا ئەو واتا نزیکەیان نییە، بەڵام بۆ بیر سەرەتا بۆ ئەو واتا نزیکەیان دێت؟ چونکە ( صەدری تەختی ئاخیرەت) و (موختار) کە شاعیر لە دێڕەکەدا یەکەمیانی وەپاڵ (سلێمان) و دووەمیانی وەپاڵ (ئەحمەد)داوە درووودو سڵاوی خوایان لێ بێ، پەیوەندییان هەیە بەو پیاوە بەڕێزانەوە، خوێنەر بە هۆی ئەم وشانە وا لە دێڕەکە دەگات، کە (نالی) مەبەستی لێیان ئەوەیە بڵێ (تا سلێمان پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلییان و پێغەمبەرانی تری هاوشێوەی کۆچی دواییان نەکردو بەرەو دوا مەنزڵی ئاخیرەت نەڕۆیشتن، ئەحمەدی موختاری ئێمە (واتە محەمەدی پێغەمبەری ئێمە- درووودوسڵاوی خوای لێ بێ- کە یەکێ لە ناوەکانی ئەحمەدەو بە ئەحمەدی موختاریش ناوبراوە)، نەهاتە دونیاو وەك پێغەمبەرێك دەرنەکەوت. ئەمە مانای نزیکی ئەو وشانەو بەیتەکە دەخەنەڕوو، بەڵام مانای دووری بەیتەکە ئەوەیە شاعیر مەبەستی لە (سلێمان) سلێمان پاشای سێیەمی بابانەو مەبەستی لە (ئەحمەدی موختار)یش، ئەحمەد پاشای کوڕی ئەو سلێمان پاشایەیە، لە بەیتەکەیدا مەبەستی ئەوەیە (کە تا سلێمان پاشای سێیەمی بابان و هەردوو سلێمانەکەی پێش ئەویش نەمردن لە دونیا دەرنەچوون، سرەی دەرکەوتن و هاتنە سەرتەختی ئەحمەد پاشا نەهاتەپێش و نەبووە پاشای بابان) ئەمە واتای دووری بەیتەکەیەو هەر ئەو واتایەش مەبەستی شاعیرە، جا بەم شێوەیە، پۆشینە کە تیایدا وشەی (پۆشین) وشەیەکی وای لەگەڵداهات پەیوەندی بە واتا نزیکەکەی وشە پۆشراوەکە هەبوو، ئەڵێین (پۆشینی پاڵاو).

سێیەم: توانج پۆشی

بریتییە لەو پۆشینەی، کە تیایدا ئەو وشەیەی (پۆشین)ەکە دروست دەکات، هەر لە دێڕەکە، یان لە پارچە هۆنراوەکە، بۆ دوو وشە بگەڕێتەوە، یەکەمیان لە داڕشتن و واتادا وەکو

خۆی بێ، کە ئەمە دەلالەتی مانا نزیکەکەی بگەینێ و مەبەست نەبێ، بەڵکو وەك نیشانەیەك شاعیر هێنابی تا ئەگەر ویستی لە مانا دوور و مەبەستەکەی دێڕەکەی پاشگەزببێتەوە، بتوانێ سوود لەو نیشانەیە وەربگرێ و خۆی پێ دەرباز بکات، وشەی دووەمیش، کە ئەو وشەی (پۆشین)ە کە دروست دەکات، بۆی دەگەڕێتەوە، لە ڕەگەزێکی ترەو واتا دوورە مەبەستەکەیە.. بۆ وێنە:

ـ گەرچی هەژارو موفلیسە شێخ مامە سالم

نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحیبی کەرەم

میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەر دەمم

ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنونی ئەو کەرەم... شێخ ڕەزا

وشەی (کەر)ی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی دووەم، بە دوو واتا دێت، یەکەمیان کە ئەوە مانا نزیکەکەیە، ئەو (کەر)ەیە کە بەیانیان لەگەڵ نان و چا دەخورێت، لێرەدا ئەو کەرەیە مەبەست نییە، بەڵام شاعیر ئەم وشەیەی وەکو نیشانەیەکی پۆشراو هێناوە، تا ئەگەر ویستی ئەو توانجەی خۆی کە لە دێڕەکەدا گرتوویەتی بە هۆیەوەی بتوانێ بیپۆشێ، هەرچی واتای دوەمیشە، کە ئەوە واتا دوورەکەیتی، (شێخ مامە سالم) خۆیتی، کە لێرەدا (شێخ ڕەزا) بەرتوانجی دەگرێ و بە کەرو گوێدرێژێکی بێ ئەقڵی دەچوێنێ.

***

هەژدە: ڕێبازی گوتەیی

لە عەرەبیدا (المذهب الكلامي)ی پێدەگوترێت.. لەلای (ئیبنول موعتەز) بە هونەری پێنجەمی (جوانكاری) دانراوە، (ئیبن و ڕەشیق) لە بەشی دووەمی كتێبەكەی خۆیدا (العمدە) دەڵێت: ڕێبازێكی گوتەیی فەلسەفییە، (زەركەشی)ش دەڵێت: بریتییە لە پاساوهێنانەوە بۆ واتای مەبەست، بە پاساوێكی ئەقڵی وەها هیچ لاملێییكردنێك بۆ خۆی نەهێڵێتەوە. واتە بەڵگە ئەقڵییەكە بڕوا بە بەرامبەر بێنێت و ڕایەكی دیكەی بۆ نەهێڵێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕایانەش دەتوانین بڵێین: بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر لەسەر شێوازی كەلامییەكاندا بەرگری لەو بیرەی خۆی بكات، كە پێشكەشی دەكات و بەرگریكردنەكەیشی لە بیرەكەی خۆی بە بەڵگەی ئەقڵی وەهابێت، بەرانبەر چ بیانووێكی بۆ نەمێنێتەوەو یەكسەر بڕوای پێبكات. بۆ نمونە:

ـ لە كابرایەكی كوردیان پرسی خودا چەندە؟ وتی: هەر یەكە.. وتیان: بەچیدا دەیزانی؟ وتی: بە ئاشەكەی ماڵی لالەما.. وتیان: چۆن؟ وتی: ئاشەكەی لالەم تا هەر هی خۆی بوو، باش ئەگەڕا، بەڵام لەو ڕۆژەوەی بوو بە شەریك لەگەڵ حەمەی میروەیسدا، ئیتر پەكی كەوت! ئەم دنیایەش هەروایە، ئەگەر خودا یەكێكی تری لەگەڵ بووایە، هەر لە زووەوە ئەم دام و دەزگایە تێك دەچوو.

لەم پارچەیەدا، دەبینین كابرای پرسیارلێكراو، بۆ ئەوەی پرسیاری بەرامبەرەكانی بەكۆتابێنێ و ئیتر بڕوایان پێكات، دێت بەڵگەیەكی جوانیان بۆ دێنێتەوەو پاڵپشتییەكی بەهێز بۆ قسەكەی خۆی دێنێتە پێش.

ـ ئەتۆ خۆت بوویە گورگی مێگەڵی خۆت   ئیتر كێ بێت و دڵسۆزی بكا بۆت

لە خوێندا سوور بووە دندوكی ئاڵت   ئەبێ بیگریە ئەستۆی خۆت وەباڵت... هێدی

بەڵگەكە ئەقڵییە، ئەگەر ئادەمیزاد خۆی بووە دوژمنی میللەتی خۆی، ئیدی كێ لە بۆیان دەبێتە دۆست، بێگومان كەس نابێ بە دۆست لە بۆیان.

***

هەژدە: جێگۆڕین

لە عەرەبیدا (العكس) و (القلب)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لەوەی دەربڕین، لە سنووری وشەی لێکدراودا بێ یان ڕستە بێ، چ لە سەرەتاوە تا کۆتایی وشەکانی بخوێنرێتەوە، چ لە کۆتایی بۆ سەرەتا وشەکانی بخوێنرێتەوە هەر هەمان شت دەربچێت، بۆ نمونە:

ـ یەزدانی تاك و تەنیا، سەتتارو کردگاری

بێ عەیبی عەیب دەپۆشی، کردگارو سەتتاری.. بێبەش

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەم، کە شاعیر باس لە یەزدانی مەزن دەکات، بە (سەتتار و کردگار) پەسنی دەدات، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا کە هەر بەردەوام دەبێ، لەسەر پەسنی (یەزدان) ئەمجارە بە (کردگار و سەتتار) پەسنی دەدات، ئەمەش وێنەیەکی ئاشکرای (جێگۆڕین)ە، چونکە دوو پەسنەکانی (سەتتار و کردگاری)، لە جاری دووەمدا شاعیر هەڵیگەڕاندوونەتەوەو پاش و پێشی کردوون.

ـ تەنگانە وا دەبێ کە لەو جێگە تەنگەدا

سائیل نەکیری عاریف و مەعروف مونکەرە... نالی

(نەکیری عارف) کە لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا هاتووە، دواتر لە کۆتایی دێڕەکە کراوەتە (مەعروفی مونکەر)، بەوەش (جێگۆڕین) بەرهەم هاتووە.

ـ هونەرمەندیت لەوەیدا نازەنینم

کە هەم شێت چادەکەی هەم چادەکەی شێت... حەسەنی دانیشفەر

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی دووەم شاعیر دەڵێت: (شێت چادەکەی)، لە دوای ئەو ئەو ڕستەیەی هەڵگێڕاوەتەوە، جێگۆڕکێی بە وشەکانی کردووەو کردوویەتییە (چادەکەی شێت). بەوەش شاعیر (جێگۆڕین)ی درووستکردووە.

ـ ئەڵێم ئەوجار ناوت بێنم ئەوجار ئەڵێم بتناسێنم... هێدی

(ئەڵێم ئەوجار) کە لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەمدا هاتووە، دواتر لە کۆتایی لە نیوەدێڕی دووەمدا کراوەتە (ئەوجار ئەڵێم)، بەوەش (جێگۆڕین) بەرهەم هاتووە.

ـ نە تۆ بە بێ من، نە من بە بێ تۆ، ئەژین لە ژیان

ئالاین بە یەکدا، وەك و تان و پۆ، یەك لاشە یەك گیان... سەلام

(تۆ) و (من) هەردووکیان ڕاناوی کەسی سەربەخۆن، جاری یەکەم (تۆ) لەپێش (من) هاتووە، بەڵام جاری دووەم جێگۆڕکێیان پێکراوەو، ئەمجارەیان (من) لە پێش (تۆ) خراوە.

ـ چۆنت کە ئەکرد کافری موتڵەق بە موسڵمان

بەو نەوعە موسڵمانە ئەکەن ئێستە بە کافر... حەمدی

(کافر) و (موسڵمان) هەردووکیان ناون، جاری یەکەم (کافر) لەپێش (موسڵمان) هاتووە، بەڵام جاری دووەم جێگۆڕکێیان پێکراوەو، ئەمجارەیان (موسڵمان) لە پێش (کافر) خراوە، بەوەش واتا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

## جوانی جێگۆڕین

جوانی جێگۆڕین لەوەدایە، کە جۆرێکە لە گەمەکرد بە وشە، ئەوەش زۆرجار واتا دەگۆڕێت و هەندێ جاری تریش واتا وەکو خۆی دێڵێتەوە، بۆ نمونە (شێت چا دەکەی) واتە: دەتوانی شێتان لە نەخۆشیەکەیان ڕزگار بکەیت و چاکیان بکەیتەوە، بەڵام کە جێگۆڕینی لێ دروستدەکرێت و دەبێتە (چا دەکەی شێت)، ئەم ڕستەی دووەم واتاکەی جیاوازە، واتە: تۆ هۆیەکی بۆ ئەوەی خەڵك شێت بن. ئەوەش جوانییەکە دەبەخشێت.

هەندێ جاری تریش بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەمان واتای یەکەم دێت، بەڵام بە شێوەیەکی نوێ، کە خوێنەر لە وەڕسی ڕزگار دەکات.

***

نۆزده: فرەواتایی

(فرەواتایی) بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان چەند وشەو دەستەواژەیك، کە بەسەریەکەوە، زیاتر لە واتایەك ببەخشن.. بۆ وێنە:

ـ گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون

نەکەی بیدەی بەنەرگسجاڕی گەردوون... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەی سەرەوەدا، دەشێت نیوە دێڕی یەکەم بەکۆمەڵە واتاییێك بێت، لە وانە:

١ـ (گوڵ)ە (حاجیلەکان)ی دەشتی هاموون.

٢ـ (گوڵ)ە (حاجیلە)ی دەوروبەری (کانی) دەشتی هاموون.

٣ـ (گوڵ)ە (حاجیلە)ی دەوروبەری (کان)ی دەشتی هاموون.

٤ـ (گوڵی حاجیلە) و (کانی) دەشتی هاموون.

٥ـ (گوڵی حاجیلە) و (کان)ی دەشتی هاموون.

٦ـ (گوڵی حاجیلە)، (کوانێ) دەشتی هاموون.

جۆرەکانی (فرەواتایی):

لە (فرەواتایی)دا بە گوێرەی توانای شاعیرو بە گوێرەی بیرتیژی خوێنەریش، دەشێت دێڕێك، یان نیوە دێڕێك زیاتر لە واتایەك هەڵگرێت، دوو بێ، یان سێ بێ، یان چوار، یان زیاتر.. لێرەدا بۆ وێنە ئەم نموونەو جۆرانەی خوارەوە ئاماژە پێدەدەین:

یەك: دەشێ نموونەکە لە ڕستەیەکدا بەرجەستەببێت.. بۆ نمونە:

ـ فیکری موخالەفەتی وەتەن مەحو ئەکاتەوە.

(ئەهلی مەعاریفی) بە قسەی خۆشی خۆی ژیان... زێوەر

نیوە دێڕی دووەم، دەشێ بە یەکێ لەم واتایانە هاتبێت:

١ـ ڕۆژنامەی (ژیان) خوێنەرانی بە قسە خۆشەکانی ژیاند.

٢ـ ڕۆژنامەی (ژیان) بە قسەو پڕوپاگەندەی خۆی، گوایە بە بابەت و بەرهەمی چاکی خوێنەرانی

ژیاندوون.

لێرەدا دەبینین نموونەکە لە ڕستەیەکدا بەرجەستەبووە.

دوو: دەشێ نموونەکە لە (گرێ) یەکدا بێت.. بۆ وێنە:

ـ دایکی بەسۆزو دڵسۆز و دڵخۆش

لە پێشوازیدا بە ڕوویێکی خۆش

لەگەڵ باوەدا پیری بڕوادار

کردیانە باوەش ڕۆڵەی تۆبەکار... هەلۆ

نیوە دێڕی یەکەمی ئەو پارچەیە کە (گرێ)یەکە، دەشێت، بەو واتایانە بێت:

١ـ دایکی سێ کچەکان (بەسۆز)و (دڵسۆز) و (دڵخۆش).

٢ـ دایکی بەسۆز، لەگەڵ (دڵسۆز) و (دڵخۆش).

٣ـ دایکی بەسۆزو دڵسۆز، لەگەڵ (دڵخۆش).

٤ـ دایکی کوڕە تۆبەکارەکە بە بەسۆزی و دڵسۆزی و دڵخۆشییەوە.

***

بیست: بەهەڵەبردن

بریتییە لەو دەربڕینەی، کە سەرەتا لە مێشکی بەرامبەردا، واتایەك دروست دەکات، بەڵام کە قسەکەر قسەکانی تەواو دەکات، ئینجا بەرامبەرەکەی بۆی دەردەکەوێت، کە بە هەڵەچووە، ئەگینا مەبەست بە تەواوی پێچەوانەی ئەو واتایەیە کە یەکەم جار بۆی دروستبووە.. بۆ نمونە:

ـ ئەم: بەرەئی تۆ، تەلەفزیۆنی خەڵك موسەقەف دەکات؟

ئەو: تەبعەن.

ئەم: چۆن چۆنی؟

ئەو: من خۆم تەجرەبەم هەیە.. هەرکاتێ تەلەفزیۆنەکە داگیرسێنن، من لە داخا دەچمە ژوورەکەی ئەودیو، دەست ئەکەم بە کتێب خوێندنەوە)... گۆڤاری سیخوڕمە.

لەم پارچەیەدا، کاتێ (ئەم) پرسیاری تەلەفزیۆن لە (ئەو) دەکات، کە (بە ڕای تۆ خەڵك موسەقەف دکات)، (ئەو)یش وەڵام دەداتەوە: (تەبعەن). سەرەتا (ئەم) بەهەڵەدەچێ، وا دەزانێ بێگومان تەلەفزیۆن بەرنامەو بابەتانێکی ڕۆشنبیری بەهێزو بەپێز پێشکەش دەکات، بەو هۆیەوە خەڵکی ڕۆشنبیر دەکات، بەڵام کە دەیەوێت دڵنیابێ و تەواو بۆی دەرکەوێ (چۆن چۆنی) پرۆسەی خەڵك ڕۆشنبیر کردنەکە بەهۆی تەلەفزیۆنەوە دەکرێت.. (ئەو) وەڵامی دەداتەوە: (من خۆم تەجرەبەم هەیە.. هەرکاتێ تەلەفزیۆنەکە داگیرسێنن، من لە داخا، دەچمە ژوورەکەی ئەودیو، دەست دەکەم بە کتێب خوێندنەوە!).. بەوە (ئەم) بۆی دەردەکەوێت، بەهەڵەبراوە، ئەگینا مەبەستی (ئەو) هەر لە سەرەتا ئەوە نەبووە، کە (ئەم) بۆی چووە.

## شێوازەکانی (بەهەڵەبردن)

یەکەم: دەشێ ڕاستەوخۆ کەسی (یەکەم)، (دووەم) بەهەڵە ببات، بۆ وێنە:

ـ کەسی یەکەم: دەزانی تا تۆم نەدەناسی، وام دەزانی زۆر هیچ و پووچی؟!

کەسی دووەم: بە ڕاست؟! ئەی ئێستا ؟!

کەسی یەکەم: ئێستا یەقینم هات!!.

لێرەدا هەرکە سەرەتا کەسی یەکەم ڕوو لە دووەم دەکات بەهەڵەی دەبات، بەڵام دووەم نازانێ.. ئەی کەی لەخۆی دەگات، کە بە هەڵەبراوە؟ ئەوکاتە تێدەگات، کە دەیەوێت دڵنیابێ لەوەی ئێستا چی وایکردووە ڕاکەی بگۆڕێ و لەم بارەیەوە پرسیاری لێدەکات، بەڵام کە (یەکەم) وەڵامی ئەداتەوە (ئێستا هەر یەقینم هات) کە تۆ لە ڕاستیدا وەك پێیشتر دوور بەدوور تێدەگەیشتم هیچ و پووچ بی، ئێستا دڵنیا بووم لە هیچ و پووچییەکەت.. بەمەش دووەم دەشکێتەوە، ئینجا تێدەگات، کە هەر سەرەتا کەسی یەکەم لە قسەکەی مەبەستی ئەوە نەبووە، کە بڵێ: جاران وا لە تۆ دەگەیشتم، بەڵام ئێستا نا.. کە لە ڕاستیدا قسەکەی کەسی یەکەم ئەوەی لێدەخوێنرایەوە، بەڵکو هەر سەرەتا مەبەستێکی تری بووە، بەڵام لەو شێوازەی دەربڕینی، هاتووە (دووەم)ی بەهەڵەبردووە.

دووەم: دەشێ دوای پرسیاری کەسی (یەکەم)، (دووەم) بە هەڵەی ببات، بۆ وێنە:

ـ یەکەم: ئەرێ تۆ کاك فلان ئەناسیت؟

دووەم: ئەی چۆن نایناسم، عائیلەوییەن شەڕەجنێومان لە نێوان دایە!

لێرەشدا کە (دووەم) وەڵامی پرسیارەکەی (یەکەم) دەداتەوە، وەڵامەکەی ڕستەیەکی لێکدراوە، بەشی یەکەمی (ئەی چۆن نایناسم)، (یەکەم) بەهەڵەدەبات، چونکە وا تێدەگات پەیوەندییان لەگەڵ یەك باشبێ و لە نزیکەوە یەکتر بناسن، بەڵام کاتێك قسەکەی درێژە پێدەدات و دەڵێت: (عائیلەوییەن شەڕە جنێومان لە نێوان دایە!) ئینجا (یەکەم) تێدەگات، کە بەهەڵەبراوە، دەنا (دووەم) مەبەستی ئەوە نەبووە، لە قسەکەی وەك ئەو تێگەییوە پەیوەندییان لەگەڵ یەك باشبێ، بەڵکو مەبەستی شتێکی ترەو دەیەوێت بڵێت، پەیوەندیمان لەگەڵ یەك هەر تەنها شەڕە جوێنەو بەو شێوە یەکتر دەناسین.

دوو نمونەی دیکەی بەهەڵەبردن

ـ تا وەها بێ ئیتتیفاق و سەرکەشی بێ شێوەتان

تاجی کیبر و نیخوەت و غیرەت لە سەرتان دادەنێ... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا شاعیر کاتێك دەڵێت: (تاجی کیبر و نیخوەت و غیرەت لە سەرتان دادەنێ)، خوێنەر سەرەتا وای بۆ دەچێت، مەبەستی شاعیر ئەوەیە بڵێ: (تاجی گەورەیی و پاشاییتان دەخاتە سەر سەر)!! واتە دەتانکاتە پاشاو گەورەتان دەکات!! بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی شاعیر ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لە خۆیاندا پاشای لوتبەرز و سەرکێش و توڕەتان بۆ دادەمەزرێنێت و دەیخاتە سەرتان، بە هۆشیەوەی خراپەو ئازاری جۆراوجۆرتان تووش دەکات، تووشی ڕۆژە ڕەشی خۆتانتان دەکات، ئەوەش کەواتە (بەهەڵەبردن)ەو شێوازێکی خۆشی بەرهەمهێناوە.

ـ هەوێنی شیری سافی شیعری حەمدی باسی شێخانە

دەترسم بیبزڕکێنن، کە نابن قەت بە بێ ئاشووب... حەمدی

لە نیوەدێڕی یەکەمدا باسی شێخانی بە هەوێنی شیعرەکانی خۆی داناوە، ئەمەش خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، وا بزانێ لەبەر گرنگی و پیرۆزی شێخەکان، چونکە هەوێن زۆر گرنگ و پیرۆزە بۆ ئەوەی شیرەکە بگەینێتە دوا قۆناغ و بیکاتە ماست، کەچی کە تەواوی دەکات، دەڵێ دەترسم شیعرەکەم ببزڕکێنن وەکو ماست، چونکە شێخەکان هەمیشە بە بەڵاو ئاشووبن! ئەمە خوێنەر سارددەکاتەوەو ئەوەی لە لا درووست دەبێ، کە بەهەڵەچووە، دەنا مەبەستی شاعیر لە سەرەتاوە پیاهەڵدان و بە گرنگگرتنی شێخان نەبووە.

## جوانی بەهەڵەبردن

خوێنەر لە سەرەتاوە تێی ناگات و دواتر لەوە دەگات، کە مەبەست شتێکی وردترە لەوەی ڕووالەتی دەربڕین لە مێشکیدا درووستی کرد.

***

بیست و یەك: خۆ هەڵەکردن

(خۆهەڵەکردن) لە عەرەبیدا (تجاهل العارف)ی پێدەڵێن.. لە کوردیشدا (راگومکی ئاشنا)و (خۆگێل کردن) و (خۆلەگێلیدان)ی بۆ بەکارهێنراوە.. بریتییە لە خۆهەڵەکردنی شاعیر بەرامبەر شتێك، کە باش دەزانێ ڕاستی ئەو شتە چییە، یان چۆنە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تایبەت، بەوشێوەیە خۆی هەڵەدەکات، بۆ وێنە:

ـ بۆ هەوا ئاڵۆزە؟ بۆچی لێڵ وسوورە ئاسمان؟

گێژە لووکی نەگبەتە؟ یان فیتنەیی ئاخرزەمان؟... حەمدی

ئەو دێڕە پارچەیەکە لەو هۆنراوە بەناوبانگانەی (حەمدی) شاعیر، کە دوای کارەساتەکەی (٦)ی ئەیلوولی (١٩٣٠)، بەردەرکی سەرای سلێمان گوتوویەتی، بۆ تەعبیردان لەو غەمە زۆرانەی، کە بەهۆی گوللە بارانکردنی خەڵکانێکی بێ تاوانی شارەکەی، کە تەنها لەبەر داوای مافەکانیان بەم دەردە بران.. شاعیر ئەم ڕاستییەو هۆی ڕوودانی کارەساتەکەو کەوتنی خەڵکە شەهید و زامدارەکەو.. هتد، هەموو ئەوانە باش دەزانێ، بەڵام کە هۆنراوەکەی دەهۆنێتەوە، بەشێوەیەکی وا دەست پێدەکات، خۆی لە ڕاستییەکە هەڵەدەکات، وەك ئەوەی ئاگای لە دەنگ و باس نەبێ، لەبەر تێکچوونی باری ئاوو هەواو سووربوونی ڕەنگی ئاسمان کەوتبێتە شیعر گۆتن، کەچی لە دێڕەکەی دواتری دەبینین، دەڵێت:

ـ ئەم هەموو لاوە نەمامن نێژران لەم باخچەیە

ریشەیی کوردایەتی بوو، یەعنی بۆمان نێژران... حەمدی

ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە شاعیر هەر لە سەرەتاوە زاینویەتی مەسەلە چ بووە، بەڵام بۆ مەبەستێکی شاعیرانە هاتووە، لە دێڕی یەکەمدا، خۆی هەڵەکردووە.

شایانی باسە حەمدی شاعیر لە شیعرەکانیدا زۆر گرنگی بەم شێوازەی خۆهەڵەکردن دەدات و لە شوێنانی زۆر و بۆ زۆربەی مەبەستەکان، دێت بە شێوازی خۆهەڵەکردن مەبەستەکەی دەخاتە ڕوو.. ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو نمونانەی ئەون.

ـ هەوری قەهرە مەوجی دەریای غەزەب دێنێتە جۆش
یا فیغان و دوو کەڵی ئاهی هەناسە سەردەکان... حەمدی

ـ وەختە ساڵێکە کە ڕۆژێکم نەدیوە هەر شەوە
مردنە ئەو حاڵە یا ئاخیر زەمانە یا خەوە... حەمدی

ـ ئاوە یا نوورە لە عەکسی خۆر کە ئەبریسکێتەوە
ئەهلی حیکمەت وا دەزانێ دووڕڕەکانی کانتە... حەمدی

لە هەموو ئەو نمونانەش شاعیر هۆی ڕاستەقینەی ئەو دۆخانە دەزانێت، کە باسیان دەکات، بەڵام وای پیشان نادات و بە پێچەوانەوە خۆی لە هۆی ڕاستەقینەیان بێ ئاگا پیشان دەدات، ئەوەش جوانییەکی ئەدەبی دەداتە تێکستەکان.

## هۆیەکانی (خۆهەڵەکردن)

(خۆهەڵەکردن) وەك هونەرێکی جوانکاری دەشێت بە چەند هۆیەکەوە بێت، لە وانە:
یەکەم: (خۆهەڵەکردن) لەبەر هۆی سیاسی: وەکو لە دوو نمونە یەکەمەکانی سەروو خرایە ڕوو.

دووەم: (خۆهەڵەکردن) لەبەر مەبەستی شاعیر خۆی، تا شیعرەکەی بەڕای خۆی جوانتر بخاتەروو:

ـ لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە، تۆراوە دڵی من
هەرچەند دەگەڕێم، بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە، گیرساوە دڵی من
یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من... بێخود

ئەمە یەکێکە لەو چوارینانەی هۆنراوەیەکی درێژو بەپێزی شاعیر، تیایدا وەك دیارە، لەم پارچەیەو لە چەندان پارچەی دواشی هەر بە دوای سۆراغی دڵەکەیەتی، وەك دەڵێ لێی ونبووەو نایدۆزێتەوە، کەچی لە کۆتاییدا لە یەکێ لە چوارینەکانی دوایی لە پڕیکا دەڵێت:

ـ مەعلوم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە

وامزانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دڵی من... بێخود

بەمەش دەردەکەوێت کە هەر لە سەرەتاوە شاعیر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، خۆی هەڵەکردووە، ئەگینا دڵ شتێك نییە ونبێ و خاوەنەکەی پێی نەزانێت، کە لێرەشدا مەبەستی لە دڵ، مەیل و سۆزی دڵەکەیتی، واتە مەبەستی لە دڵ مەعنەوییەکەیتی، نەك ئەو دڵەی کە پارچە گۆشتێکەو لە سنگیدایە.

## جیاوازی نێوان (بەهەڵەبردن) و (خۆهەڵەکردن)

گەربێت و نموونەکانی پێشووی ئەو دوو هونەرە بەراورد کەین، کە لە بۆ هەریەکەیان ئاماژە بۆ کرا، دەکرێ گرنگترین جیاوازییەکانیان لە مانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١ـ (بەهەڵەبردن) لەو دەربڕینانە بەرجەستە دەبێت، کە بریتییە لە وتووێژی نێوان دووکەس، بەڵام (خۆهەڵەکردن) کاتێ دروست دەبێت، کە شاعیر لە شێوەی پرسیارکردن لە کۆمەڵێ شتدا، بێ ڕەچاوکردن و ویستنی وەڵامی بەرامبەر دەیانخاتە ڕوو.

٢ـ لە (بەهەڵەبردن)دا هەردەم کە دووکەسی بەرامبەر قسە بۆ یەك دەکەن، هەمیشە مەبەستی قسەکەری یەکەم لە قسەکەی، بە هەڵەبردنی دووەمە، بەڵام دووەم درەنگ تێی دەگات، کەچی لە(خۆهەڵەکردن)دا شاعیر خۆی هەر لەسەرەتاوە دیارە، کە لە ڕاست ئەوشتەی باسی لێوە دەکات گوایە لێی بێئاگایە، لە ڕاستیدا لێی بێئاگا نییە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تایبەت خۆی هەڵەدەکات.

***

بیست و دوو: گردکردنەوە

(گردکردنەوە) لە عەرەبیدا (العقد)ی پێدەگوترێت. بریتییە لە داڕشتنەوەی پەخشان بە شیعر، با ئینجا لەم پێناوەشەدا، وشەکانی دەقی یەکەم کەم یان زیاد بکەن، چونکە گرنگ ئەوەیە هۆنراوە تازەکە هەمان واتاکانی پەخشانەکەی بناغەی بەخۆوە گرتبێ.. بۆ وێنە:

ـ (هۆشی نایەتەوە بەرخۆی، تا ئەو ڕۆژەی سەر ئەکاتە سەر بەردی ئەلحەد، ئەو وەختە تێ دەگا، کە تا لە دنیادا بووە، مردوو بووە، چونکە بێئاگا بوو لە ئیشی چاکە).

ئەو پارچە پەخشانە، (صەفوەت)ی شاعیر دێت و بەم شێوەیەی خوارەوە، دەیکاتەوە بناغەی شیعرەکەی خوارەوەی:

ـ ئەو وەختەی کەوا لە دنیادا بوو
لە ڕاستی چاکە مردوویێك بوو، زیندوو
ئەو ڕۆژەی داینا، سەر لەسەر ئەلحەد
بۆی دەرکەوت کەوا زیندوویێکە مردوو
بەڵام بێ کەڵکە، زیندوێتی ناو خاك
زیندوو چاکەیە، تا نەبووە مردوو... صەفوەت

دەبینین هەمان ئەو واتایانەی پەخشانەکەی سەروو، بەخۆیان دەگرت، لەو پارچە هۆنراوەیەدا شاعیر گردیکردۆتەوە، بە ئاوازو پێزێکی تازە دایڕشتۆتەوە، بەمەش دەڵێین (گردکردنەوە).

ـ وەختی تەشریفی جەنابی مستەفا
ئەهلی شاری دیتییان زەوق و صەفا
فەخری عالەم وا لە بۆ دنیایێ هات
هیچ نەما تاریکی ئەمرۆ ڕۆژهەڵات
هات لە مابەینی بتان دەنگ و سەدا
تەرك بکەن ئەصنامی لێیان بن جودا
ئاوی شاری (ساوە) ئەو ئاوی عەجیب

غەوری عاردی بوو ئەوێ شەو زۆر غەریب!!
هەر ڕەئیسێکی هەبوو گەورەو گران
لاڵ و کەڕ کەوتن ئەوێ شەو بێ زمان
پارچە پارچە تاقی کیسڕا شەق دەبوو
جێ بە جێگای جوملە کافر لەق دەبوو
ئاتەشی ئاتەشپەرست وەختی سەحەر
وا کوژا تێکچوو نەما شوعلەو ئەسەر
هات مەلائیك چین بە چین دایان سەلام
هەم دەیانکرد بەینی خۆ قصەو کەلام... ڕەشاد موفتی

ئەم پارچەیە گردکردنەوەی ئەو پەخشانە واقیعییە مێژووییەیە، کە باس لەو ڕووداوانە دەکات، کە لە ساتی هاتنە دونیای پێغەمبەری خۆشەویستمان (درودو سڵاوی خوای لەسەر) لێرەو لەوێ وەکو نیشانەی هاتنی سەرەتایەکی نوێ لە دینداریدا ڕوویاندا. شاعیر گردیکردوونەتەوەو بە شیعر دایڕشتۆتەوە.

ـ بۆت بەیان کەم چۆن چووە ئاسمان نەبی
گوێ بدێ ئەی ئەهلی دین شوبهەت نەبی
هەر کەسێ ئینکار بکا ئەم قصەیە
فاسقەو کەم دین گوناهی گەورەیە
هەیبوو ئەو نازداری عالەم وەقتی خاص
بەحسی میعراج زاهیرە لای عام و خاص
هات بە شەو بۆ لایی ئەحمەد جوبرائیل
خوا سەلامت لێ دەکاتن ئەی خەلیل
موژدە بۆ تۆ ئەی نەبییی موحتەرەم
بۆ سەما دەعوەت دەکا ڕەببول ئومەم

وا ڕجا دائیم دەکەن جوملەی مەلەك
تۆ بچی بۆ سەیری ئاسمان و فەلەك
با بچین ئەی مەفخەری میسر و عیڕاق
وا لە دەرگا حازرە تاج و بوڕاق
چوو لە بۆ سەر بیری زمزم دابەزی
بەم قصە کافر هەموو جەرگیان تەزی
غوسلی کرد تازە، هەمین شوشتی دەستنویژ
سڕڕی وا کو تێدەگاتن قەومی گێژ؟!
حەمدو شوکری خوایی گەورەی کرد تەمام
بۆ قودس ڕۆیی شەوێ خەیڕولئەنام
عەڕزی کرد ئەڕواحی جوملەی ئەنبییا
خوا موبارەك کا مەقامت مستەفا
قامەتی کرد جوبڕائیل هەینێ لەوێ
پێش نوێژی کرد ئەحمەد بەو شەوێ... ڕەشاد موفتی

ئەمەش گردکردنەوەی ڕووداوی ئیسڕاو میعراجە کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووەو بە پەخشان کە لە کتێبەکانی سیڕەدا داڕێژراوە، شاعیر گردیکردۆتەوەو کردوویەتییە شیعر.

***

بیست و سێ: هەڵوەشاندنەوە

(هەڵوەشاندنەوە) لە عەرەبیدا (الحل)ی پێدەگوترێت.. هونەرێکە تەواو پێچەوانەی (گردکردنەوە)یە، بریتییە لە دارشتنەوەی هۆنراوە بە پەخشان، کە بە هەمان شێوەی گردکردنەوەکە، گرنگ نییە لەو گۆڕانکارییە، هەندێ وشەو ئامراز کەم، یان زیاد بکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، واتای هۆنراوەکە بە باشی وەبەر پەخشانەکە کرابێت، بۆ وێنە:

ـ من و تۆ پێکەوە، با ئاشنابین

وەکو پەروانەو شوعلەی چرابین... قانیع

ئەم دێڕە شیعرە دەبینین، ئەدیبێك هێناویەتی کردوویەتییە بناغە بۆ پارچە پەخشانێکی، بەم شێوەیەی لە پەخشانەکەی خۆیدا هەڵیوەشاندۆتەوە:

(چۆن پەپوولە - وێنە گەردانەی مرواری دەوری مل- دەسوڕێتەوە، بە دەوری چرادا، توخوا بامن و تۆیش بەو جۆرە بین.. من پێم خۆشە پەروانە بم، توخوا تۆش پێت خۆشبێ، با چرای من بیت).

ـ سەری نامەم بە ناوی تۆ خودایە

کە بێ ناوی تۆ نامە بێ نەوایە

خوای تەنیای دیارو نادیاران

خوای میرو بەلەنگازو هەژاران... هێدی

ئەدیبێکی تر ئەم پارچەیە لە پەخشانێکدا هەڵدەوەشێنێتەوەو بەم شێوەیەی لێدەکات:

خوایەگیان.. ئەی خوای تەنیای ئەوانەی دیارن و هەموو ئەوانەشی نادیار، لەوانەی کە هەر نەماون، یاخود هێشتا نەهاتوون.. خوای میرو فەرمانڕەوایانی زل، خوای فەقیرو هەژارانی ناسك دڵ.. ئەوا نامەم بە ناوی تۆ دەنووسم، چونکە گەرنا دەزانم پووچە هەوڵم.

***

بیست و چوار: ڕوونکردنەوە

(ڕوونکردنەوە) لە عەرەبیدا (التفسیر)ی پێدەڵێن.. بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر دوای ئەوەی باس لە شتێکی دیاریکراو دەکەن، دواتر پرسیار بۆ شتەکە دروست دەکەن و بە وەڵامی پرسیارەکە شتەکە چاکتر ڕوون دەکەنەوە، بۆ تیگەیشتنی بەرامبەر.. بۆ وێنە:

ـ بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم

شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەر چاوم

شریتی چی سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە

فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەسهێنانی لاویمە... ئەحمەد هەردی

لە دێڕی یەکەم نیوەی دووەمدا باسی لە شریت کردووە، لە دێڕەکەی دواتر دەپرسێك شریتی چی؟ ئینجا هەر خۆی وەڵامدەداتەوەو شتەکە ڕووندەکاتەوە.

ـ چڵ ساڵ تێپەڕی زەمانی ماندوو

لەو ساڵەی مەشهور بە عامول فیل بوو

زەمان چ زەمان سەنگین بۆ هەژار

وەك تەوقی زاڵم، تاڵ وەك ژەهری مار... ئەحمەدی موفتی زادە

لە دێڕی یەکەم شاعیر باس لە زەمانی بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام دەکات، دواتر دێت پرسیار دەکات بزانێ ئەم زەمانە چ زەمانێك بووە، ئینجا وەصفی دەکات کە چۆنی بڵێی وەها تاریك و تار بووە، ئەوەش ڕوونکردنەوەیە.

ــ مەی لەبەر دەم بێ، کە ئیمڕۆ عادەتێکی جارییە

عادەتی چی؟ موئنیسی چی؟ پیشەیی بێکارییە... دڵدار

لەم دێڕەدا، دوای ئەوەی شاعیر باس لە کۆڕی مەی نۆشی دەکات و دەڵێت، ئیمڕۆ عادەتێکی پیادەکراوە، بە ناوخەڵکانێك دانیشتنەکانیان بەبێ (مەی) بە ناتەواو دەبینن. لە نیوە دێڕی دووەم دێت دوو پرسیار بۆ (عادەتەکە) دروست دەکات، یەکەمیان (عادەتی چی؟)، کە ئەمە

پرسیارە لە خودی عادەتەجارییەکە، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا، باسی لێوەکراوە، دووەمیش (موئنیسی چی؟) واتە: خەمڕەوێنی چی؟ کە ئەمە لە دێڕەکە باس نەکراوە، بەڵام بیانووی خەڵکە مەینۆشەکانە، بۆ مەی نۆشینەکەیان.. ئینجا پاش ئەم پرسیارانە، ڕاستییەکە ڕووندەکاتەوە، کە مەینۆشی نە عادەتەو نە بۆ هاودەمی و خەمڕەوێنیش سوودێکی هەیە، بەڵکو پیشەی کەسانێکی بێکارە، کە بێئاگای هەموو کاروبارێکن.

***

بیست و پێنج: وەرچەرخان

(وەرچەرخان) بەو دەربڕینە دەگوترێت، کە تیایدا شاعیر سەرەتا باس لە شتێك بكات. بەڵام كە لە درێژەی باسەكەیدا دەگاتە شتێكی تایبەتی، لە لاباسەكەی یەكەمی وەردەچەرخێ و باس لە شتە تازەكە دەكات.. بۆ وێنە:

ـ شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە
بانكی ئازادی و گرۆی یەكسانی یە
شیوەنی من شینی كوردی بێبەشە
ئەو گەلەی حاشا دەكەن، لێ ی و هەشە.. هێمن

لەو پارچەیەدا سەرەتا شاعیر باس لە شیوەنی خۆی دەكات، بەڵام كاتێك لە درێژەی باسی شیوەنەكەی دەگاتە سەر (كورد)، لە باسەكەی خۆی وەردەچەرخێ، دێت ئەمجارەیان باسی كورد دەكات، كە میللەتێكە، گەلێكە حاشای لێدەكەن و هەشە.. ئەمەش (وەرچەرخانە) لە باسێكەوە بۆ باسێكی تر.

بەشی دووەم ڕوونبێژی

پێناسەی ڕوونبێژی

لە ڕووی وشەییەوە

(ڕوونبێژی) وشەیێکی لێکدراوە، پێکهاتووە، لە (ڕوون) کە سیفەتێکە تایبەتە بە (ئاو)، دەگوترێت (ئاوێکی ڕوونە)، واتە: بێگەردەو چ خۆڵ و پیسییەکی تێدانییە.. لەگەڵ (بێژی) ئەمەش پێکهاتووە لە (بێژ)ی ڕەگی چاوگی (بێژتن) و (ی)ی درووستکەری (ناوی واتایی).. بەم شێوەیە بەسەریەکەوە (ڕوونبێژی) واتە: ئەو گوتەو ئاخاوتنەی لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکرایەو بێ گرفت و ئاڵۆزییە.

لە ڕووی زاراوەییەوە

(ڕوونبێژی) ناوی یەکێکە لە زانستەکانی (ڕەوانبێژی) عەرەب (البیان)یان بۆ بەکارهێناوە، لە کتێبی ڕەوانبێژانی کۆنی عەرەب بە هەموو (بەلاغە) دەگوترا (البیان)، هەشیان بووە واتاناسی جیاکردۆتەوەو ڕوونبێژی و جوانکاریشی بە ڕوونبێژی ناوبردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زاراوەیە هەر مایەوە بۆ ناوی هەموو ڕەوانبێژی، تا لە سەدەی پێنجی هیجری عەبدولقاهری جورجانی هات، ئەو لە کتێبەکانی خۆیدا (أسرار البلاغە) و (دلائل الأعجاز) بنەماکانی بەلاغەی عەرەبیی داڕێشت، لەوێدا ئەو زانستەی (بیان)ی لە زانستەکانی تر جیاکردەوە، بەڵام هێشتاش زۆر شتی زیادی هەر خستبووە سەر ئەو بەشە.

زانستێکی ڕەوانبێژییە، بە هۆیەوەی خەڵکی فێری گەیاندنی تاکە واتاییێك دەبن، بە ڕێگەی لەیەك جیا، بە ڕوون و ئاشکرایی و بە شێوازێکی جوان.

باسەکانی ڕوونبێژی

باس، یان بنەڕەتەکانی ڕوونبێژی بە پێی ڕای کۆی زانایان چوارن، لەوانە:

باسی یەکەم: لێکچوواندن (تەشبیە) ... باسی دووەم: خوازە (مەجاز)

باسی سێیەم: خواستن (ئیستیعارە)... باسی چوارەم: درکە (کینایە)

## باسی یەکەم: لێکچوواندن (تەشبیه)

لێکچوواندن بریتییە لە چوواندنی شتێك بە شتێکی دیکەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێك، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێك پێشکەش دەکرێ، هەیانە ڕاستەوخۆ و بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بە سوودوەرگتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان، یان لە یەکیان.. بۆ نمونە:

ـ کە فرسەت کەوتە دەست غەم هێرشی هێنا وەکو شەیتان

وەها ڕێکەوت کە ڕۆژگێرانی ئەمجارە لە شەودا بوو... حەمدی

غەم وەکو شەیتان هێرشی هێنا: لێکچوواندنە، چوار بنەڕەتی لەخۆدا هەڵگرتووە، برتینە لە:

غەم: لێیچووە

شەیتان: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

هێرشهێنان: ڕووی لێکچوونە

### بنەڕەتەکانی لێکچوواندن

وەکو لەم دوو نمونەی سەروو خرایە ڕوو، دەرکەوت بنەڕەتەکانی لێکچوواندن چوارن، ئەوانیش دابەشدەبنە سەر دوو بەشی سەرەکی و ناسەرەکی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن دووانن: (لێی چوو) و (لەو چوو).

٢ـ بنەڕەتە ناسەرەکییەکانی لێکچوواندن دووانن: (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون).

### ـ بنەڕەتی سەرەکی لێکچوواندن

ئەو بنەڕەتەیە، لە (لێیچوو) و (لەو چوو) خۆ دەنوێنێت، بۆیەش بە بنەڕەتی سەرەکی دەژمێردرێت، چونکە بە نەمانی هەریەکە لە (لێیچوو)، یان (لەو چوو)ەکە، (لێکچوواندن)ەکە لە بار دەچێت.

أ ـ لێیچوو

شتێکه سیفەتێکی تایبەتی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە هۆیەك لە هۆیەکان وەك پێویست بە لای بەرامبەر ئاشکرا نییە، دێین بە شتێکی تری دەچوێنین، کە بە لای بەرامبەرەوە ئاشکرایە.

ب ـ لەوچوو

ئەو شتە سیفەت ئاشکرایەیە، کە (لێیچوو)ی پێدەچووێنرێت.

٢ـ بنەڕەتی ناسەرەکی لێکچوواندن

بنەڕەتی ناسەرەکی لێکچوواندن (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون) دەگرێتەوە، ئەمانە ئەگەر بێت و لە نموونە لێکچوواندنەکاندا هاتبن، یان نەهاتبن، یان تەنیا یەکێکیان هاتبێ، هیچ لە (لێکچوواندن)ەکە کەم ناکەنەوە، بەڵکو چەندەی کەمتر بێن، لێکچوواندەکان بەهێزتر دەکەن، ئەگەرچی هەندێجاریش هاتنیان پێویستەو واتا ڕوونتر دەکەنەوە.

أـ ئەوزار

ئەو فرمان، یان پیت، یان ئامرازە ڕێزمانییەیە، کە بۆ لێکچوواندنی دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن: (لێیچوو) و (لەوچوو)، هەندێجار پەنای بۆ دەبرێت، ژمارەیان زۆرە لەوانە: (وەك ، میسل ، ئەڵێی و...هتد)، لە درێژەی ئەم بابەتە هەموو ئەو ئەوزارانە دەخەینە بەرچاو، کە ئەم دوو شاعیرانە بەکاریان هێناون.

ب ـ ڕووی لێکچوون

ئەوسیفەتەی دوو شتە لێکچووەکانە، کە تیایدا چ ( لێیچوو)و، چ (لەوچوو) بە یەك دەچن.

***

## جۆرەکانی لێکچوواندن

یەکەم: بە پێی بوون و نەبوونی بنەڕەتە ناسەرەکییەکانی لێکچوواندن.. ئەم چوار جۆرانەی لێکچوواندن هەیە:

**١ـ لێکچوواندنی ڕەهای درێژە (تەشبیهی تام)**

ئەو لێکچوواندنەیە، کە هەر چوار ڕەگەزەکان (بنەڕەتەکان)ی بە ئاشکرا تێدا هاتبێ.. بۆ نمونە:

لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش

هەموو قەڕنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش... حاجی قادری کۆیی

(ی) کۆتایی (بخۆی) ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، واتە (تۆ): لێیچووە

بەرداش: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

خول خواردن: ڕووی لێکچوونە

بەم شێوەیەش لێکچوواندنی ڕەهای درێژە (تەشبیهی موڕسەلی موفەصصەل)، یان (تەشبیهی تام) بەرهەم هاتووە، چونکە هەر چوار بنەڕەتەکانی لێکچوواندن بەرجەستەبوونەو بە ڕوونی هاتوونە.

**٢ـ لێکچوواندنی ڕەهای پوختە (تەشبیهی موڕسەلی موجمەل)**

ئەو لێکچوواندنەیە کە ئەوزاری تێدا هاتبێت، بەڵام ڕووی لێکچوونی تێدا لابراییێت.. بۆ نمونە:

موناسەبەی ئەوو لەیلا میسالی دێو و پەری

موشابەهەی ئەوو عەزرا غەزال و جاموسی... حاجی قادری کۆیی

ئەو و لەیلا: لێیچوونە

میسالی: ئەوزارە

دێو و پەری: لەوچوونە

ئەو و عەزرا: لێیچوونە

موشابەهەی: ئەوزارە

غەزال و جاموس: لەوچوونە

ئەم لێکچوواندنانە لێکچوواندنی دوو بە دوونە، لە یەکەمدا (ئەو بە دێو و لەیلا بە پەری) چووێنراون، دیارە لە نمونەی یەکەمدا کە ئەو و دێون، ڕووی لێکچوون (ناشرینی و ترسناکی شێوەو ڕووخسارە، ئەگەر هەڵسوکەوتی شێتانەو سیفەتە خراپەکانی دیکەش نەبێ)، بەڵام ئەمانە شاردراونەتەوەو نەهێندراون.

لە نمونەی دووەمیشدا کە لەیلا و پەرینەو بە یەکتری چووێنراون، دیارە ڕووی لێکچوون جوانی و ناسکی و هەر سیفەتێکی دیکەی جوانە، کە دەشێ لە هەردووکیاندا هەبێ، بەڵام ئەوەش شاردراوەتەوە، هونەرمەندی شاعیریش دیارە زیاتر لە نمونەیەکی وەهادا لەوەدایە، کە هاتووە بۆ هەردوو لێکچوواندنەکان یەك ئەوزاری بەکارهێناوە، کە ئەمەش کورتبڕی بێ کەمیبەو لەگەڵ ڕووحی پێناسەی ڕەوانبێژیدا یەکدەگرێتەوەو جوانییەکی سەیر دەبەخشێت، بەوەش لێکچوواندنی ڕەهای پوختە (تەشبیهی مورسەلی موجمەل) بەرهەمهاتووە.

بەڵام ئەم دێڕە لە نیوەی دووەمیشی دیسانەوە لێکچوواندنێکی دوو بە دوویی تێدا هاتووە، (ئەو بە غەزال و عەزرا بە جاموس) چووێنراون، لەوەشدا کە ئەو بە غەزال چووێنراوە، واتە لەبەر سوکی و جوانی و خۆشەویستی.. کە عەزراش بە جاموس چووێنراوە، لەبەر بێئەقڵی و زلی، لێرەشدا هەر یەك ئەوزار بەکارهێنراوە، ئەوەش وەکو گوتمان جوانییەکی سەیری بەخشیوەو دیسانەوە لێکچوواندنی ڕەهای پوختە (تەشبیهی مورسەلی موجمەل) بەرهەمهاتووە.

**٣ـ لێکچوواندنی جەختاوی درێژە (تەشبیهی موئەککەدی موفەصصەل)**

ئەو لێکچوواندنەیە کە ڕووی لێکچوونی تێدا هاتبێت، بەڵام ئەوزاری تێدا لابرابێت.. بۆ نمونە:

قەسری عومرم داتەپی، داری لەسەر بەردی نەما

بانیی تولی ئەمەل ئێستاکە دەستی پێ دەکا... حاجی قادری کۆیی

عومرم: لێیچووه

قەسر: لەوچووە

داتەپین و نەمانی داری لەسەر بە

ردی: ڕووی لێکچوونە

ئەوزار کە دەشیا (وەکو، دەڵێی، میسلی، ... هتد) بەکاربهێنرابووایە، نەهاتووە، بەوەش لێکچواندنی جەختاوی درێژە بەرجەستە بووە.

٤ـ لێکچوواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی بەلیغ)

ئەو لێکچوواندنەیە، تیایدا تەنها لێیچوو و لەوچوو ئەوترێ و بەس.. واتە: نە ئەوزار و نە ڕووی لێکچوون لەو جۆرەیان بوونیان نامێنێت.. بۆ نمونە:

حاجییە فیردەوسی کورد سا ئەتۆش

گوێ وەکو مەحمود مەدە قەولی بەدان... حاجی قادری کۆیی

حاجی: لێیچووە

فیردەوسی کورد: لەوچووە

لەم نمونەیەدا نە ئەوزار و نە ڕووی لێکچوون نەهاتوون، بەڵام بەوەش لێکچوواندنەکە بەهێزتر بووە، نەك بە پێچەوانەوە زیانی پێگەیشتبێت، بەوەش لێکچوواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی موئەککەدی موجمەل)، یان (تەشبیهی بەلیغ) درووستبووە.

جاری وەهاش هەیە زیاتر لە نمونەیێکی لێکچوواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی بەلیغ) لە دێڕێك، یان نیوە دێڕێك کۆدەکرێتەوە، بۆ نمونە:

مەعادین خاتری تۆ بێ لەگەڵ کان

گەنمتان زێڕە حەتتا زیوە زیوان... حاجی قادری کۆیی

نیوەدێڕی دووەم دوو لێکچوواندنی تێدایە، هەردووکیان لە جۆری: لێکچوواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی موئەککەدی موجمەل)، یان (تەشبیهی بەلیغ)ن، ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم:

گەنمتان: لێیچووە

زێڕە: لەوچووە

دووەم:

زیوان: لێیچووە

زیوە: لەوچووە

دەبینین لە هەردوو نمونەدا نە ئەوزار و نە ڕووی لێکچوون نەهاتوون، بەڵام بەوەش لێکچوواندنەکان بەهێزتر بوونە، نەك بە پێچەوانەوە زیانیان پێگەیشتبێت، بەوەش دوو جار لێکچوواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی بەلیغ) بەرهەم هاتووە.

دووەم: بە پێی ئەقڵی و هەستی دوو لایەنەکانی لێکچوواندن

بە پێی بوونی ئەقڵی و هەستی دوو لایەنەکانی لێکچوواندن ئاماژە بۆ ئەو چوار جۆرانەی خوارەوە دەکەین:

١ـ لێکچوواندنی هەستی هەستی (تەشبیهی حسی حسی)

مەبەست لە هەستی ئەوەیە: کە بەر یەك لە پێنج هەستەکانی: بینین، بیستن، بۆن، چێژ، گرتن.. دەکەون، لێرەشدا کەوابێ هەردوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن لێیچوو و لەوچوو لەوانە دەبن، کە: دەبینرێن، یان دەبیسرێن، یان بۆنیان دەکرێت، یان چێژ دەبەخشن، یان دەگیرێن، جا یان هەموو ئەو سیفەتانەیان تێدا دەبێت، یانیش یەك، یان زیاتر لە یەکێ لەو سیفەتانەیان تێدا دەبێت.. بۆ نمونە:

عوسمان کە نەهەنگێکە لە دونیایی حەیادا

کێوێکی بە تەمکینە لە دنیایی وەفادا... حەمدی

عوسمان: لێیچووە، هەستییە

نەهەنگ: لەوچووە، هەستییە

کێو: لەوچووە، هەستییە

بەمە (لێکچوواندنی هەستی هەستی یەك بە دوویی) بەرهەم هاتووە.

جاری وەهاش هەیە دوو هەستی بە دوو هەستی دەچوێنرێت، واتە: لێکچوواندنی هەستی هەستی (دوو بە دوویی) بەرهەم دێت، بۆ نمونە:

بەراو و ئەرزی ئێوە کیمییایە... دووڕڕ و گەوهەر گەزۆ و مازووی چییایە... حاجی قادری کۆیی

دووڕڕ و گەوهەر: لێیچووە، دوونە، هەستینە

گەزۆ و مازووی چییا: لەوچووە، دوونە، هەستینە

بەمە (لێکچوواندنی هەستی هەستی دوو بە دوویی) بەرهەم هاتووە.

٢ـ لێکچوواندنی (ئەقڵی ئەقڵی)

مەبەست لە ئەقڵی ئەقڵی ئەوەیە، دوو بنەڕەتەکان (لێیچوو و لەوچوو) بە ئەقڵ دەرکیان پێ دەکرێ، بەڵام بەر هیچ یەکە لە هەستەکان ناکەون، وەکو: ڕا، ڕەوشت، بەخت، هیوا، زانست، زیرەکی، ئازایەتی، توڕەیی، نەرم و نییانی.. کەواشبێ لێرەدا چ لێیچوو و چ لەوچوو دەبێ ئەقڵی بن و بەر هیچ یەکە لە پێنج هەستەکان نەکەون.. بۆ نمونە:

مەماتم حەیاتە حەیاتم مەمات

کە لێم توند دەبێ ئەو دەمی ئیلتیفات... حاجی قادری کۆیی

نیوەدێڕی یەکەم دو لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی تێدایە، ئەوانیش:

لێکچوواندنی یەکەم: مەماتم: لێیچووە، ئەقڵییە

حەیات: لەوچووە، ئەقڵییە

لێکچوواندنی دووەم: حەیاتم: لێیچووە، ئەقڵییە

مەمات: لەوچووە، ئەقڵییە

بەمەش لەم دێڕەدا دوو لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی بەرهەم هاتووە.

ـ خۆشە ژیان لە داخی عەدوو چونکە خائینە

مانی نەمانمانە نەمانی بە مانمان... حەمدی

نیوەدێڕی دووەم دوو لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی تێدایە، ئەوانیش:

لێکچوواندنی یەکەم:

مانی: لێیچووە، ئەقڵییە

نەمانمانە: لەوچووە، ئەقڵییە

لێکچوواندنی دووەم:

نەمانی: لێیچووە، ئەقڵییە

مانمان: لەوچووە، ئەقڵییە

بەمەش بۆ دوو جاری لەسەر یەك لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی بەرهەم هاتووە.

جاری واش هەیە دوو بنەڕەتەکان یەکیان ئەقڵیی هەمیشەیی و ئەوی دیکەیان ئەقڵیی کاتینە، بۆ نمونە:

کە فرسەت کەوتە دەست غەم هێرشی هێنا وەکو شەیتان

وەها ڕێکەوت کە ڕۆژگێرانی ئەمجارە لە شەودا بوو... حەمدی

غەم: لێیچووە، ئەقڵی هەمیشەییە

شەیتان: لەوچووە، ئەقڵی کاتییە، چون لە دونیادا شەیتان بەر پێنج هەستەکان ناکەوێ، کەچی لە دواماییدا ئادەمیزاد شەیتان دەبینێ، کە ئەمە لە باسە غەیبییەکانی ئاینە.. بەمەش لێکچوواندنی ئەقڵیی هەمیشەیی بە ئەقڵیی کاتی بەرهەم هاتووە.

٣ـ لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی

ئەو لێکچوواندنەیە، کە: لێیچوو ئەقڵی و لەوچوو هەستی بێت، ئەمەش لەبەرئەوە پەنای بۆ دەبرێت، تا ئەو شتە ئەقڵییەی نادیارەو بە گشتی خراوەتە ڕوو بە شتێکی هەستپێکراو

ببەسترێتەوە، بۆ ئەوەی واتاکەی زیاتر و جوانتر دەربکەوێت، وەکو ئەوەی ئازا بە شێر و دڕندە بە گورگ و زانست بە ڕووناکی و بەم شێوەیە ئەقڵییەکان بە هەستییەکان بچوێنرێن.. بۆ نمونە:

ـ ئەی گەوهەری بەحری کەرەم و ڕەحمەتی خالیق

لوتف و کەرەمت بەحرە ئەدا مەوجی منەووەر... حەمدی

لوتف و کەرەم: لێیچووە، ئەقڵییە

بەحر: لەوچووە، هەستییە

بەمە لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی بەرهەم هاتووە.

٤ـ لێکچوواندنی هەستی ئەقڵی

ئەو لێکچوواندنەیە، کە: لێیچووی هەستی و لەوچووی ئەقڵی بێت.. بۆ نمونە:

بە شوێنی عالەما دەورە خەراباتی جیهانم کرد

لەناو خاکا وەکو خەم پارە ئێسکی عالەمم دەستکەوت... حەمدی

پارە ئێسکی عالەم: هەستییە، لێیچووە

خەم: ئەقڵییە، لەوچووە

بەمەش لێکچوواندنی هەستی ئەقڵی بەرهەمهاتووە.

## سێیەم: چەند جۆرێکی دیکەی لێکچوواندن

١ـ لێکچوواندنی یەکخەر (تەشبیهی تەسویە)

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێیچووی زیاتر بێ لە یەك و لەوچووی یەك بێت.. بۆ نمونە:

زوبانی کوردیی و تورکی و فارسی و عەرەبی

وەهای دەزانی وەکو بەیتی خوسرەوو شیرین... حاجی قادری کۆیی

زوبانی کوردیی و زوبانی تورکی و زوبانی فارسی و زوبانی عەرەبی: چوارن لێیچوونە

بەیتی خوسرەو و شیرین: یەکە، لەوچووە

٢ـ لێکچوواندنی کۆ (تەشبیهی جەمع)

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لەوچووی زیاتر بێ لە یەك و لێیچووی یەك بێت.. بۆ نمونە:

حاصڵی وەصفی گوڵم نایێتە سەر حەدد و بەیان

شیرنی فەرهادە، لەیلای قەیسە، عەزرای وامیقە... حاجی قادری کۆیی

گوڵم: لێیچووە، یەکە.

شیرنی فەرهادە، لەیلای قەیسە، عەزرای وامیقە: سێنە، لەوچوونە

٣ـ لێکچوواندنی پێچراو (تەشبیهی مەلفوف)

ئەوەیە کە هۆنەر هەموو لێچووەکان لە تەنیشت یەکەوە ڕیز بکا، پاشان هەریەکەیان بە شتێك بچوێنێ و هەموو لەوچووەکانیش بە دوای یەکەوە ڕیز بکات، یان بە پێچەوانەوە لە پێشا لەوچووەکان بێنێ، ئینجا لێیچووەکان.. بۆ نمونە:

چەمەن لە لالەو و ڕەیحان و نەستەرەن ئیمڕۆ

سوپیهر و صوبح و شەوەو ئافتابی وەختی زوحا... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەم چوار شت پێکەوە پێچراون، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا چوار شتی تر بە ڕێکی لە بەرامبەر ئەم چوارانەی نیوەدێڕی یەکەم هێنراونەتەوە، بەوەش لێکچوواندنێکی پێچراو بەرهەمهاتووە.

یەك: چەمەن: لێیچووە

سوپیهر (ئاسمان): لەوچووە

دوو: لالە: لێیچووە

صوبح: لەوچووە

سێ: ڕەیحان: لێیچووە

شەو: لەوچووە

چوار: نەستەرەن: لێیچووە

ئافتابی وەختی زوحا: لەوچووە

قسەی عوششاق و تۆ هەروەك قسەی فیرعەون و موسایە

ئەگەر بووبێ لە فیرعەونا میسالی ئێوە مەغرورێ... حەمدی

ئەم دێڕە لە سەرەتایدا دوو شت پێکەوە پێچراون، (قسەی عوششاق و تۆ) لە پاشان هەردووکیان بە دوو شتی تر چوێنراون، کە بە نارێکی لە بەرانبەر ئەم دووەی پێشوو هاتوون، کە ئەوانیش (قسەی فیرعەون و موسا)نە، واتە:

لە یەکەمدا: قسەی عوششاق: لێیچووە

قسەی موسا: لەوچووە

لە دووەمدا: قسەی تۆ: لێیچووە

قسەی فیرعەون: لەوچووە

بەڵام دێڕەکە جوانییەکی دیکەی تێدایە، ئەویش کورتبڕییە، کە لەگەڵ (تۆ) و لەگەڵ (مووسا) وشەی (قسەی) لابردووەو کورتبڕی کردووە، بەوەش لێکچوواندنی پێچراو درووستبووە.

٤ـ لێکچوواندنی بڵاو (تەشبیهی مەفروق)

لەمجۆرەدا زیاتر لە وێنەییێکی لێکچوواندن لە یەك دێڕە هۆنراوەدا دەهێنرێ، بەو مەرجەی، هەریەکەیان سەربەخۆ بن و بەوانی ترەوە نەبەسترابن.

لێرەشدا لێکچوواندنەکان دەبێ بە شێوەییێکی رێك دابڕێژرێن، ژمارەی (لێیچوو) و (لەوچوو)ەکان هەر چەند بن، بەڵام هەر (لێیچوو)ێك لەگەڵ (لەوچوو)ی خۆی بهێت.. بۆ نمونە:

چیایە شێخ و کەوای سەوزە مێزەری بەفرە

سیواکی چووزەرە رێواسە، تەیلەسانی گەڵا... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا پێنج لێکچوواندن بە دوای یەکتریدا هێنراون، بریتینە لە:

یەك: چیا: لێیچووە

شێخ: لەوچووە

دوو: سەوزە (سەوزایی): لێیچووە

کەوا: لەوچووە

سێ:         بەفر: لێیچووە

مێزەر: لەوچووە

چوار:     چووزەرە ڕێواس: لێیچووە

سیواك: لەوچووە

پێنج:    گەڵا: لێیچووە

تەیلەسان: لەوچووە

هیچ یەکیش لەو لێکچوواندنانە پێکەوە گرێنەدراون، بەڵکو هەر یەکەیان بە جیا لە دوای یەکتری ڕیزکراون، بەمەش لێکچوواندنی بڵاو (تەشبیهی مەفروق) دروستبووە.

ئەحوالی ئەم زەمانە لە کایەی منالٚ ئەچێ

دنیایەکی چ پووچە لە زەرفی بەتالٚ ئەچێ... حەمدی

لەم دێڕەدا هەر نیوەی لێکچوواندنێکی تێدا هاتووە:

یەك:    ئەحوالی ئەم زەمانە: لێیچووە

کایەی منالٚ: لەوچووە

دوو:   دنیایەکی پووچ: لێیچووە

زەرفی بەتالٚ: لەوچووە

هیچ یەکیش لەو لێکچوواندنانە پێکەوە گرێنەدراون، بەڵکو هەر یەکەیان بە جیا لە دوای یەکتری ڕیزکراون، بەمەش لێکچوواندنی بڵاو (تەشبیهی مەفروق) دروستبووە.

٥ـ لێکچوواندنی ئاوەژوو (تەشبیهی مەقلوب)

بریتییە لەوەی لێیچوو بکرێ بە لەوچوو، بە بیانووی ئەوەی ڕووی لێکچوون لە ئەودا بەهێزتر و دیارترە، دیارە ئەم جۆرە لێکچوواندنەش گرنگی تایبەتی هەیەو بەلای هەندێ لە ڕەوانبێژان: ئەم وێنە لێکچوواندنە مانا بەهێزدەکات.

بۆ لێكچوواندنی ئاوەژوو مەرج هەیەو پێوەرێكی مەنتیقی و جەمالی هەیە، ئەوە وا دەكات بزانرێت، كامە لێكچوواندن هەڵگەڕێنراوەیەو كامەیان ئاساییە، گوتوویانە لە لێكچوواندنی ئاوەژوودا، ئەوەیان مەرجە، كە نابێ بهێت تەنها لەوە نەبێ، كە بەلای هەمووان ناسراوە، بۆ نمونە باو لە ڕەوانبێژیدا وەهایە، نزم بە بەرزو بچووك بە گەورە بچووێنرێت، خۆ ئەگەر لێكچوواندنەكە بە پێچەوانەی ئەوەوە هات، ئەوە وێنە هەڵگەڕێنراوەكەی تێدا دیار ناداو شتێكی ناشرینە، بۆ نمونە دەڵێیت: خەڵكەكە خەوتن وەك ئەوەی بڵێی مردوون.. بەڵام جوان نییە بڵێی: مردن، وەك ئەوەی خەوتوون.

قوڕەیشییەكان لە سەردەمی پێش ئیسلامەتی (عوسمانی كوڕی عەفان)یان زۆر خۆشدەویست، بۆیە دایكان خۆشەویستی خۆیان بۆ كۆرپەكانیان بە خۆشەویستی قوڕەیش بۆ عوسمان دەچوواند، كۆرپەكانیان لە باوەش دەكردو پێیان دەگوتن:

- خۆشتم دەوێ بە یەزدان

وەك هی قوڕەیش بۆ عوسمان

ئەمە لێكچوواندی ئاوەژووە، چونكە منداڵ لە هەموو شتێك خۆشەویستترە، دەبوو بگوترێ: ئێمە عوسمانمان وەكو منداڵەكانمان خۆشدەوێ.. نەوەك بگوترێ: منداڵەكانمان وەكو عوسمان خۆشدەوێ!! چونكە لێیچووی درووست كراوەتە لەوچوو و لەوچووی درووست كراوەتە لێیچوو.. بەوەش لێكچوواندنی ئاوەژوو بەرهەمهاتووە.

وەك مەدینە بێ نەبی بێ یا نەجەف بێ بێ عەلی

شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحمودە وەك داری كەلی... حەمدی

دەبوو بڵێ داری كەلی ئێستا وەكو شاری غەزنە بێ مەحمودە، چونكە لە كۆنەوەیە غەزنە مەحمودی نەماوە، بەڵام داری كەلی ئێستا (كاتی نووسینی شیعرەكە) مەحمودی ون كردووە، بەوەش لێكچوواندنی ئاوەژوو درووستبووە.

وەکو حەمدی دەخوێنن بولبولانی ئەم گوڵستانە

چەمەن ئارایشی داوە گوڵاڵەی خستە تووی مێزەر... حەمدی

حەمدی لە بنجدا دەبێ لێیچوو بێ و بولبولانی گوڵستان لەوچوو بن، چونکە ئەم خوێندنەی لێرەدا مەبەستە، کە ئادەمیزاد بە گۆرانی دادەنێ لە بنجدا هی بولبولەو بەمەش گۆرانی لای بولبول پێش گۆرانی لای ئادەمیزاد دەکەوێت، بۆیە هەمیشە ئادەمیزاد ئەگەر کەوتە گۆرانی گوتن بە بولوبول، یان هەر باڵدارێکی دیکە دەچووێنرێت لە کاتی خوێندنی، کەچی وێنەکە لێرەدا هەڵگەڕێنراوەتەوەو بەپێچەوانەوە بولبول بە حەمدی و ئادەمیزاد چووێنراوە لە خوێندنیدا، بەوەش لێکچوواندنی ئاوەژوو درووستبووە.

٦ـ لێکچوواندنی نائاشکرا (تەشبیهی زمنی)

لێکچوواندنێکە لێیچوو و لەوچووی ناخرێتە نێو وێنەیێك لە وێنە ناسراوەکانی لێکچوواندن، بەڵکو لە دارشتندا ئاماژەیان بۆ دەکرێ، ئەحمەد هاشمی هەمان شتی گوتووە، بەڵام ئەوەی بۆ زیادکردووە، کە: لە ڕێگەی واتاوە دەزانرێن.

هۆی پەنابردنیش بۆ ئەم جۆرە لێکچوواندنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە: ئەو حوکمەی دراوەتە پاڵ لێیچوو ئاساییە.. بۆ نمونە:

خۆتان دەڵێن ئەگەرچی مەشهوری خاس و عامە

هەر ڕێوییەك گەڕابێ ئازاترە لە شێران... حاجی قادری کۆیی

لە نیوەدێڕی دووەمدا لێکچوواندنێکی نائاشکرا (زمنی) هەیە، بریتییە لە:

ڕێوی: لێیچووە

شێر: لەوچووە

لێرەشدا ڕاستە شاعیر ئاشکرا نەیگوتووە، ڕێوی گەڕیدە وەکو شێرەکەیە، بەڵکو گوتوویەتی: لە شێرەکەش باشترە، کەواشبێ لێکچوواندنێکی نائاشکرا لە دێڕەکە بەدی دەکەین، جا ئەگەر (ڕێوی) و (شێر)ەکە لەو ڕستەیەدا بۆ واتای درووست هاتبن، هەروایەو ئەگەر بۆ واتای درکاویش هاتبن، دیسانەوە هەر جیاوازی نابێت.

ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ئەنجومم دی تێگەییم

ساحیبی خەیمەو سەراوو شەمعی ئاوێزانە ئەرز... حەمدی

لەم دێڕەدا بە ئاشکرا ئاسمان بە خەیمەو مانگ و ڕۆژ و ئەنجوم بە شەمعی ئاوێزان نەچوێنراون، نەگوتراوە ئەم ئاسمانە وەکو خەیمەو ئەو مانگ و ڕۆژ و ئەنجومە وەکو شەمعی ئاوێزانن، بەڵام کە دەڵێت: کاتێك: ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ئەنجومم دی تێگەییم (ساحیبی خەیمەو سەراوو شەمعی ئاوێزانە ئەرز)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەم قسەیەی شاعیر ویستوویەتی بڵێ: ئاسمان وەکو خەیمە، مانگ و ڕۆژ و ئەنجوم وەکو سەراوو شەمعی ئاوێزانن، لەوانەشدا دوو لێکچوواندن هەیە، بریتینە لە:

یەك: ئاسمان: لێیچووە

خەیمە: لەوچووە

دوو: مانگ و ڕۆژ و ئەنجوم: لێیچووە

سەراوو شەمعی ئاوێزان: لەوچووە

بەمەش لێکچوواندنێکی نائاشکرا لە دێڕەکە بەدی هاتووە.

ئەوزارەکانی لێکچوواندن

ئەوزارەکان: کۆمەڵێ دەربڕینن، گوزارشت لەسەر وەکیەکی دەکەن، کە ئەم وەکیەکییە دەشێ بەسترابێتەوە بە ڕووێك، یان چەند ڕووێکی لێکچوون، لەم ڕووە، یان لەو ڕووانەدا لێیچوو و لەوچوو وەکو یەك دەچوێنرێن.. ئەوانەش چەندین دەستەن، لەوانە:

یەك: هەیانە عەرەبینە.. وەکو: (کەئەننەهو، میسلی، میسالی، بە مەسەل، بە میسلی، ئەمسالی، عەینی، قەرین، شەبیهی، تەشبیهی، موشابیهی، عەینیهی، نەزیری، ئەوزاری دوویی (بە مەسەل و عەینیهی)...).

دوو: هەیانە تێکەڵەنە لە عەرەبی و کوردی، لەوانە ئەوزاری دوویی (بیعەینیهی دەڵێی، تەمسیل ئەکا).

سێ: هەیانە فارسییە وەکو: (مانەند، ئاسا، چەشنی...)

چوار: هەیانە کوردینە لەوانە: وەك، وەکو، هەر وەك، هەر وەکو، نمونەی، ئەڵێی، دەڵێی، هەر دەڵێی، بە ڕەنگی، چو (کورتکراوەی چون)ە، (ان) و (ییە) و (ین)، (لە..ئەچێ)، (لە..دەکا)...

مەبەستەکانی لێکچوواندن

هۆکاری درووستکردنی لێکچوواندن، یان مەبەست لە درووستکردنی لێکچوواندن زۆرن، لەوانە گرنگترینیان لەمانەی خوارەوە کورتدەکەینەوە:

١ـ خستنەڕووی حاڵی لێیچوو

ئەمە (تایبەتە بە لێکچوواندنی ئاشکرا) ئەو کاتە خۆ دەنوێنێ، کە سیفەتی لەوچوو لە لای قسەبۆکراو ڕوون بێ، بەلاَم سیفەتی لێیچوو لەلایدا نەزانراو بێ، بۆیە لێکچوواندنەکە درووست دەکرێ، بۆ ئەوەی قسەبۆکراو بتوانێ لە حاڵی لێیچوو تێبگات.. بۆ نمونە:

ئەم کیبارانە سیغاڕن حەمدی ئەڕبابی فەزڵ

لازمە پەروەردەیان کەن هەروەکو تیفلی بەشیر... حەمدی

کورتبڕی لە دەستەواژەکانی دێڕەکەدا هەیە، مەبەست لە کیباڕ خەڵکی کیباڕ و مەبەست لە سیغاڕ خەڵکی سیغاڕە، (خەڵك) لە هەردووکیان مەوسوفە بڕدراوەو تەنها سیفەتەکانیان ماون، ئەوانیش بریتینە لە کیباڕ و سیغاڕ و بوونەتە ئاوڵناوی بکەری.

کیباڕ: لێیچوو

سیغاڕ: لەوچوو

خەڵکی گەورە هەیە، کە لە کار و سیفەتیاندا بەداخەوە بچووکن و وەکو پێویست نین، خەڵکی ئاسایی ئەمە نازانێ، بەلاَم شاعیر ئەم حاڵەتە ئاشکرا دەکات و بە سیغاڕ و بچووك دەیانچووێنێت، کە سیفەتی کەسی بچووکیش، واتە: منداڵ و دیارە، ناتەواون و پەروەردەنەبوونە، بەمەش حاڵەتی خەڵکە لەبەرچاو گەورەکان ئاشکرا دەکرێت و شاعیر دەیانخاتە

بەرچاو، کە ئەم کیبارانە چەند سەغیرن، چۆن وەکو منداڵێکی بچووك وەهان و پێویستییان بە پەروەردە کردن هەیە.

٢ـ زەقکردنەوەی حاڵەتی لەوچوو

ئەمە (تایبەتە بە لێکچوواندنی نائاشکرا ـ زمنی ـ) ئەو کاتە خۆ دەنوێنێ، کە سیفەتی لێیچوو لە لای قسەبۆکراو ڕوون بێ، بەڵام سیفەتی لەوچوو لەلایدا نەزانراو بێ، بۆیە لێکچوواندنەکە درووست دەکرێ، بۆ ئەوەی قسەبۆکراو بتوانێ لە حاڵی لەوچوو تێبگات.. بۆ نمونە:

ـ سەعدی ئەییامی خۆی نەبوو نانی

وەکو من بوو گەڕۆك و بێ خانی... حاجی قادری کۆیی

سەعدی: لێیچووە

من (حاجی): لەوچووە

شاعیر لەم دێڕەدا بە حسێب باس لە هەژاری و دەربەدەری سەعدی شیرازی دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئاوێنەی باسی ئەودا مەبەستی خستنەڕوو و زەقکردنەوەی هەواڵی ژیانی خۆیەتی، کە چۆن دەربەدەر و بێ مەئواو بێ نان و هەژارەو دوای ئەوەی کۆیەی جێهێشتووە، هاتۆتە ئەستەنبۆل لە چ ژیانێکی ناخۆش دایە.

٣ـ تەشویق درووستکردن

هەندێ جار شاعیر بۆ ئەوەی هەستی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، تا پەیامەکەی بگات و خوێنەر، یان بیسەر بەردەوام بێت، بە هۆشەوە بابەتەکەی بخوێنێتەوە، یان گوێی لێبگرێت، دێت سۆزی خوێنەر و بیسەر دەجولێنێت، بەوەی کەوا بابەتەکەی زۆر خۆش و نایابە بۆخۆیان کێش دەکات.. بۆ نمونە:

لە جوملەی ماجەڕای دووری ویلایەت

ئەمەش باسێکی خۆشە وەك حیکایەت... حاجی قادری کۆیی

باسێکی خۆش: لێیچووه

حیکایەت: لەوچووه

شاعیر (حیکایەت)ی کردۆتە لەوچوو، دەڵێت: ئەو باسەی پێشکەشی دەکەم وەکو حەکایەت وایە، (حەکایەت)یش بە بەخشینی وانەیەك، یان زیاتر لە وانەیێکی مەعریفی ژیاری و لە هەمانکاتدا بەخشینی چێژێکی خۆشیش لە لای بیسەر ناسراوە، کەوابێ شاعیر لەم ڕێگەوە دەیەوێت ئارەزوو لای خوێنەر دروست بکات و بە شەوقەوە گوێکانی بۆ باسەکەی بکاتەوە.

٤ـ کورتکردنەوەی ڕێگا

ئەمە ئەوکاتە دەبێت، کە پێویست بێت لێیچوو بە کۆمەڵێك سیفات وەسفبکرێت، بەڵام هەموو ئەو سیفاتانە، یان زیاتریش لە لەوچوودا هەبن، بۆیە یەکسەر شاعیر لێکچواندنەکە دروستدەکات و دەڵێت: (پیاوەکە پەپوولەیە)، واتە: پاکەو بێگوناهەو ناسکەو ئازاری کەس نادات و لەبەردڵان شیرینەو خۆشەویستەو ...هتد، کە ئەگەر شاعیر هەموو ئەو سیفەتانەی بگووتبوونایە زۆری دەویست بۆ دەربڕین و کاتبردنی بەرامبەری، لەوانەیە لە مەودای دێڕە شیعرەکەشی جێیان نەدەبووەوە، بەڵام کە لێکچواندنی دروستکرد و پیاوەکەی بە پەپوولە چواند، ئیتر هەموو ئەو مەبەستانەی بە تەواوی هاتنە دی و لە ڕووی دەربڕینیشەوە کورتبڕییەکی باشی کرد، زۆر بە ئاسانی و زۆر بە کورتی مەبەستەکەی گەیاند.

٥ـ ناشیرنکردنی وەسفکراو

ئەمە بەوە دەبێ لێکچواندنەکە بدرێتە پاڵ وەسفکراوێك، ئەو وەسفکراوە بە هۆی لێکچوواندنەکەوە، حاڵەتی دروستی خراپتر بکەوێتە بەرچاو.. بۆ نمونە:

فەرقی ناکا شەربەتی مردن لەگەڵ ئاوی حەیات

چونکە بێزەوقە فەقیرە زاهیدی سەهبا نەچێژ... حەمدی

لەم دێڕەدا لێکچوواندنی نائاشکرا (تەشبیهی زمنی) هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ شەربەتی مەرگ بە ئاوی حەیات نەچووێنراوە، بەڵام سیاقەکەش هەر ئەوەمان تێدەگەینێت:

شەربەتی مردن: لێیچووە

ئاوی حەیات: لەوچووە

ئەگەر یەکێك شەربەتی مەرگ و ئاوی حەیات لێکتری جیانەکاتەوە، کەواتە بەڕاستی نەخۆشەو هەستەکانی وەکو پێویست ئیش ناکەن، بۆیە دەبیٚ خەڵك باش بزانیٚ کە وەسفکراو (زاهیدی سەهبا) چەند بیٚ ئاگایەو دیارە بەمەش چەند ناشرین دەبێت.

٦ـ بەزەییپێداهاتنەوە

لێرەدا لێیچوو زۆر بە سادەیی و لەوچوو زۆر بە گەورەیی دەخرێنە دوای یەك، بە شێوەییێك پەیوەندی نێوان ئەم دووانە دەبێتە هۆی ئەوەی حاڵی لێیچوو زۆر بەرجەستەو گەورە بکەوێتە بەرچاوو جێی بەزەییپێداهاتنەوە بێت، بە تایبەت ئەگەر ڕووی ئاخاوتنەکە لە خودای گەورە بێت.. بۆ نمونە:

وەکو کێوی گوناه هاتوومەتە بەر بارەگاهی تۆ

کە موحتاجی بە قەد یەك پەڕەگاهی عەفوی غوفرانم... حەمدی

من: لێیچووە

کێوی گوناه: لەوچووە

کەسێك کە (شاعیر)ە، لەبەر زۆری گوناهەکانی خۆی بە کێوێکی گوناح چوواندووە، (گوناح)یش واتە: خراپەکاری و ناشرینی و قێزەونی، کەواتە: وەکو کێوێکی گەورەی ناشیرین و قێزەون هاتوومەتە پێش، ئەمەش ئەوپەڕی دانان بە تاوان و خۆپیشاندانە بە زەلیلی، بەڵام لەولاشەوە ئەو کێوە بۆ عەفوی پەروەردگار شتێکی زۆر بچووکەو بەشی یەك عەفوی خوایی ناکات، بۆیە شاعیر دوعای عەفوی خوایی دەکات و پێویستییەتی زۆری بۆ ئەو عەفوە پیشان دەدات.

لێرەدا ئەگەر لێکچوواندنەکە نەبووایە، گوناه چەندەی زۆربن، شتی مەعنەوین و بارستاییان نییە، بەڵام کە بە کێو چووێنراوە، کێو ماددییەو بارستاییەکی زەبەلاح و گەورەی هەیە، ئەوەش واتای باشتر خستۆتەڕوو و مەبەستی جوانتر پیشانداوە.

٧ـ شانازیکردن

بەوەوە دەبێت، کە لێکچواندنەکە لێیچووەکەی لە ئاستی نزم و لەوچووەکەی لە ئاستی بەرزدا بێت و سەرەنجام لێیچووەکە لە هەمان ئاستی لەوچووەکە، یان لەویش بەرزتر دابنرێت.. بۆ نمونە:

تەجرەبەی کە جاهیلی وەك عاریفی قەومی ترە

کوێری مادەرزادی سەیریکە ئولولئەبسارە کورد... حەمدی

جاهیل: ئەوپەڕی نەزان و دوورە ڕۆشنبیری و هونەرەکانی ژیانە، لێیچووە

عاریف: ئەوپەڕی خوداناس و خاوەن ڕۆشنبیری و وشیار و زانایە بە شتەکان، لەوچووە

شاعیر (جاهیلی کوردی) بە (عاریفی نەتەوەکانی تر) چوواندووەو لە یەك ئاستی داناون، گوتوویەتی: جاهیلەکانمان وەکو عاریفانی نەتەوەکانی ترن، ئەوەش بێگومان بۆ شانازیکردنەو لە ڕێگەی لێکچوواندنەکەوە بە جوانی بەرهەم هاتووە.

٨ـ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی

ئەمە لە زۆربەی لێکچوواندنەکان دێتە دی، بەڵام بەتایبەتیش ئەو کاتە جوان زەقدەبێتەوە، کە لێکچواندنەکە وێنەیێکی نایاب و جوانی پێشکەش کردبێ.. هەموو ئەو تێکستانەی سەروو لە هەمان کاتدا جوانییەکی ئەدەبی و تێکستێکی ئەدەبیشیان بەرهەم هێناوە.

نەفس وەك گورگی برسی قەت تێر نابێ.. کارەساتە جڵەو لە دەست ئەو دابێ... نەجات ئەسپیندارەیی

نەفس: لێیچووە

وەك: ئەوزارە

گورگی برسی: لەوچووە

قەت تێرنەبوون: ڕووی لێکچوونە

لێرەدا فەزای چوواندنی نەفس کە شاراوەیە بە گورگێکی برسی، کە بەرچاوەو دەزانرێ چۆن وێنەی بکێشرێ، فەزایەکی ئەدەبی جوڵاوی جوان بەرجەستەیە.

## باسی دووەم: خواستن

### پێناسەی خواستن

بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك لە جیاتی وشەیەکی تر، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان ئەم دوو وشانەدا هەیە، قەرینەیێکیش هەیە ڕێگری دەکات لەوەی وشە هێنراوەکە بۆ واتای درووست بەکارهێنرابێ.. بۆ نموونە:

گوڵەکە گریا!

گوڵ: بکەرە

گریا: فرمانە

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: فرمانی (گریان) سیفەتی مرۆڤە، نەك هی گوڵ.

بۆیە (گوڵەکە) بکەری خواستراوە، لە شوێنی بکەرێکی درووست هاتووە، کە (منداڵەکە)یە، ئەمەش چوونکە (منداڵەکە) کە بکەری درووستە، لەگەڵ (گوڵەکە) کە بکەری خواستراوە، پەیوەندی لێکچوونیان لە نێواندا هەیە، ڕووی ئەو لێکچوونە (ناسکی و ئارامی و بچووکی و جوانی) و هەر سیفەتێکی دیکەی هاوبەشیانە.. لە بنجدا ڕستەکە وەها بووە:

منداڵەکە ـ کە لە جوانیدا وەکو گوڵە ـ گریا.

ئەوەش لێکچواندنێکی ئاساییە..هەر چوار بنەڕەتەکانی تیایە:

منداڵەکە: لێیچووە

لە جوانیدا: ڕووی لێکچوونە

وەکو: ئەوزارە

گوڵ: لەوچووە

کەوابێ: خواستن لێکچواندنێکی شکێنراوە، لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی، کە (لێیچوو) و (لەوچوو)نە، یەکیان ماوە.

***

پایەکانی خواستن

پایەکانی خواستن لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لەوانەی لە بارەی ئەم هونەرەیان نووسیوە، لە نێوان (٣و٤و٥) دان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانەی ئەو پایانەیان لە (٤) زیاتر داناوە، تێکەڵاوی و ئاڵۆزییەکیان بەرهەمهێناوە، لەبەرئەوە ئەم کتێبە لەگەڵ دابەشینە پێویستەکەی ئەو پایانەی خواستنە، کە بە (٤) پایە دەستنیشان دەکرێن و بریتینە لە:

١ـ لێخواستراو: (لەوچوو)ە.

٢ـ بۆخواستراو: (لێیچوو)ە، بەم دووانە دەگوترێت (دوو لایەنەکانی خواستن).

٣ ـ خواستراو.. ئەمە گۆکراوەکەیە.

٤ـ قەرینە.. ئەمە ئەو ڕێگرەیە، کە خواستنەکە ڕوون دەکاتەوەو ڕێگری دەکات لەوەی کەوا ئەو وشەیەی خواستنی درووستکردووە، بۆ واتای درووست و بنجیی بەکارهاتبێت.. واتە: هۆکارێکی ڕۆشنکەرەوەیە وادەکات پێت بڵێت کە ئەم وشەیە بۆ چ واتایەك بەکارهاتووە............

........... بۆ نمونە:

ئەگەر گوترا: (سەگێکم بینی دەگریا)!

ـ لێخواستراو: (ناوی گیاندارێك)ە کە (سەگ)ە.

ـ بۆخواستراو: (ئادەمیزاد)ە.

ـ خواستراو: گۆکراوی (سەگ)ە.

ـ قەرینە: گریانە کە دراوەتە پاڵ سەگ، لە باری ئاساییشدا گریان سیفەتی مرۆڤەو تایبەتە بە مرۆڤەکان، نەوەك بە سەگ و بە چ گیاندارێکی تر.

جۆرەکانی خواستن

بە شێوەییێکی گشتی خواستن دوو جۆری سەرەکیی هەیە، ئەوانیش بریتینە لە:

١ـ خواستنی ئاشکرا

٢ـ خواستنی درکاو

خواستنی ئاشکرا

لێکچوواندنێکی شکێنراوه، (لێیچوو)ی لابراوەو سیفەتەکەی دراوەتە (لەوچوو)، قەرینەش دەڵێ: ئەم سیفەتەی دراوەتە ئەو لەوچووە خواستراوەو دروست نییە.. بۆ نمونە:

ـ کە دوێنێ هاتی و فەرمووت بێ، نەهاتم مەصلەحەت وابوو

ئەوێستا چاوەکەی من چی دەفەرمووی بەندە فەرمانم... حاجی قادری کۆیی

ئەو ڕستەیەی خواستنەکەی تیایە بریتییە لە ڕستەی:

چاوەکەم چی دەفەرمووی؟

ئەسڵی ئەم ڕستەیە وەها بووە:

ئەو کەسەی وەکو چاوەکەی من خۆشەویستی چی دەفەرمووی؟

لەو ڕستەیەشدا، کە لێکچوواندنێکی درێژەیە، هەر چوار بنەڕەتەکان هەنە:

ئەو کەسە: لێیچووە

وەکو: ئەوارە

چاوەکەم: لەوچووە

خۆشەویستی: ڕووی لێکچوونە

چی دەفەرمووی؟.. بووەتە قەرینە

لە پاشان ئەم لێکچوواندنە شکێنراوە، (لێیچوو) لابراوە کە (ئەو کەسە)یەو (لەوچوو) ماوەتە، کە (چاوەکەی من)ە.. فرمانی ڕستەکە (چی دەفەرموی) دراوەتە (چاوەکەی من).. بەوەش خواستنێکی ئاشکرا دروست بووە.. ئێستاکە:

چاوەکەی من: بکەری خواستراوە

قەرینە ئەقڵییە، دەڵێ: پرسیاری (چی دەفەرمووی)، تایبەتە بە ئادەمیزاد و ئەوەی ئەو پرسیارەی لێکراوە، کە (چاو)ە، ئەوە لە جیاتی (ئادەمیزاد)ێك هاتووە، کە وەکو (چاو)ەکە خۆشەویستە.

بکەری دروست: (ئەو کەس ـ ئادەمیزادـ ە)یە، کە لابراوە

پەیوەندی نێوان بکەری خواستراو (چاوەکەی من) و بکەری درووست (ئەو کەسە) پەیوەندی لێکچوونە.

بەوەخواستنی ئاشکرا درووست بووە.

ـ عەزیزم ڕۆحی شیرینم دوو چاوم

دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم... نالی

ڕۆحی شیرینم، دوو چاوم: هەردووکیان خواستنی ئاشکران، لە جیاتی (کەسێك) هاتوونە

قەرینە: سیاقی دەربڕینەکەیە، کە وادەکات نەتوانین بڕوا بەوە بکەین کە ئەم (ڕۆح و دوو چاو)ە، بۆ واتای دروستیان بەکارهێنرابن، چونکە قەت نابێ گوتار ئاراستەی (ڕۆح و چاو) بکرێ.

تێبینییەکی گشتی

هەموو وشەیەکی (چاوەکەم، ڕۆحەکەم، دڵەکەم، مانگ، ڕۆژ، فریشتە، پەپولە، گورگ، شێر، ڕێوی، سەگ، بەراز، هەڵۆ...هتد) و هەر چییەکی تر لە وشە هاوشێوەکانیان، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر هاتوو لەجیاتی ناوێکی تر هاتبوون ئەوا خواستنی ئاشکرانەو لادانێکی واتایی دروست دەکەن بۆ نموونە: (گورگەکە دانیشت، ڕێوییەکە گریا، پەپولەکە پێکەنی، شێرەکە قسەی کرد) لە هەموو ئەو ڕستانەدا دەبینین (گورگەکە، ڕێوییەکە، پەپولەکە، شێرەکە) بوونەتە بکەری فرمانێك کە ئەم فرمانانە هەمووی هی مرۆڤن و ناشێ هی ئەو گیانلەبەرانە بن، لەبەرئەوە هەموو ئەو ناوانە بکەری خواستراون، لە جیاتی مرۆڤێك هێنراون، کە ئەو مرۆڤانە لە سیفەتێك لە سیفەتەکانیاندا وەکو ئەو بکەرە خواستراوانە وانە، واتە: لێکچوونێك هەیە لە نێوانیان، کەسەکان بکەری دروستن ئەو ناوانە بکەری خواستراون، ئەم جۆرە خواستنەش خواستنێکی ئاشکرایە چونکە بە ئاشکرا ناوێك لەجیاتی ناوێکی تر بەکارهێنراوە، ئەمەش جۆرێکی لادان دروست دەکات پێی دەڵێن لادانی واتایی ئاشکرا.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکارکردن

١ـ پێیان نەکا متمانە

غەلیزن ئەو سەگانە.. عەلی بەردەشانی

٢ـ کە من ڕۆحەکەم لە کوردستانە

بە من چی خۆشی ئەو هەندەرانە؟!

٣ـ دەمێ بۆ گوڵ، دەمێ بۆ دڵ، زەلیل و زار و گریانم

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم؟!!... ناری

٤ـ یاقوتی ناو سەوزە گیا

کوردستان ڕەنگینتر دەکا... هێدی

٥ـ ئەوە کاربوو کە کردی ئەم یەکانە

پەژارەی خستە شاری بەم بەیانە!!... هێمن

٦ـ وەرە ئەی شاپەڕی باڵی خەیاڵم

وەرە ئەی شەوچرای ڕووناکی ماڵم... هێمن

٧ـ وەرە ئاونگی سەر پەلکی گوڵی سوور

وەرە ئاورینگی گەرم و مەشخەڵی نوور... هێمن

٨ـ وەرە ئەی نەونەمامی باخی ژینم

وەرە ئەی شاگوڵی مێرگی ئەوینم... هێمن

٩ـ گیانەکەم پێت وانەبێ شانۆی گەزاف و لافمە

مەیلی تۆ نێشەی دڵی خەمدیوو سینەی سافمە... هێدی

***

خواستنی درکاو

لێکچوواندنێکی شکێنراوە، (لەوچوو)ی لابراوەو (لێیچوو)ی ماوە، پەیوەستێکی (لەوچوو)ەکە دراوەتە (لێیچوو)ەکە، قەرینەش زمانی بێ، یان ئەقڵی ڕێگری دەکات، ئەو پەیوەستە هی ئەو (لەوچوو)ە بێ، کە پێی دراوە.. بۆ نموونە:

ـ ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لە بن بەفری گران

کانی پێی سڕ بوو! چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی... حاجی قادری کۆیی

کانی پێی سڕ بوو! لە بنجدا بەم شێوەیە بووە: کانی وەکو مرۆڤ پێی سڕبوو.. لەمەشدا:

کانی: لێیچووە

مرۆڤ: لەوچووە

پێ: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە (کانی)

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: کانی پێی نییە.

بەوەش خواستنی درکاو درووستبووە، چونکە لێیچوو کە (کانی)یە ماوە و لەوچوو کە (مرۆڤ)ە نەماوە، بەڵام پەیوەستی (مرۆڤ)ەکە، کە (پێ)یە، دراوەتە (کانی)یەکە.

چناریش دەستی چوو!!.. لە بنجدا بەم شێوەیە بووە: چنار وەکو مرۆڤ دەستی چوو.. لەمەشدا:

چنار: لێیچووە

مرۆڤ: لەوچووە

دەست: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە چنار

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: چنار دەستی نییە!

بەوەش خواستنی درکاو درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

چناریش پەنجەی تەزی.. واتە: چنار وەکو مرۆڤ پەنجەی تەزی.. لەمەشدا:

چنار: لێیچووە

مرۆـڤ: لەوچووە

پەنجە: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە چنار

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: چنار پەنجەی نییە!

بەوەش خواستنی درکاو درووستبووە، چونکە لێیچوو ماوە و لەوچوو نەماوە.

## چەند نمونەیێك بۆ شیکارکردن

١ـ تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت

گوڵچەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچەش وا نەبوو... نالی

٢ـ من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەری خواردمەوە

بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات... سالم

٣ـ مەلە جوانەکەی سەر داری کانی

بۆچ دەناڵێنی شەو تا بەیانی؟

وەرە هەردووکمانناڵەمان یەك خەین

تاکو بەو عیشقە کوردستان سەرخەین!!!

٤ـ ئەو کەسەی ئاسوودەوو خۆش ڕایبووارد

قەت خەمی یەخسیرو کۆیلانی نەخوارد... هێمن

٥ـ دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی

دەردی وشیاری و سەبوری کوشتمی... هێمن

٦ـ کاتێ شنەی با لە دەرگام دەدا

دڵ وەکو نێرگز دەگەشێتەوە

بەڵام کە دەنگی گورگ دەبیسم

خونچەی ئارەزووم دەپووکێتەوە... نەجات ئەسپیندارەیی

٧ـ لەگەڵ تەنیایی گوزەر دەکەم و

سەگێکیش نییە ببێتە هاوڕێم

گورگ لە دەورەم چنگە کڕە دەکا

خەریکە کەڵپەی نقوم کا لە پێم... نەجات ئەسپیندارەیی

٨ـ تیغ کە بێزی نەدەهات نەیدەبڕی

دۆشکە دەڕشایەوە گوللە دەفڕی... هێدی

٩ـ خەیاڵ دێ دەورەم دەتەنێ... ئەو بەهێز و من بەتەنێ... هێدی

١٠ـ هیواکەمیان کوشت.

١١ـ خەونەکەیان زیندە بەچاڵ کرد.

١٢ـ ئاواتەکانی سووتاند.

***

## باسی سێیەم: خوازە

بریتییە لە وشەیێکی بەکارهاتوو بۆ غەیری ئەو واتایەی بۆی دانراوە، لەبەر پەیوەندییەکی نێوانیان، کە لێکچوون نییە، لەگەڵ قەرینەیێك، کە ڕێگری دەکات لەوەی بۆ واتای درووستی خۆی بەکار هاتبێ.. ئەوەش جۆر و شێوەی زۆرە، لەوانە:

### یەك: خوازە بە پەیوەندی شوێنی

لێرەدا باس لە شوێن دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لەو شوێنە دەور دەبینێت، واتە: بکەری خوازەیی شوێنەکەیە، بکەری درووستیش خەڵکی شوێنەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان شوێنە.. بۆ نمونە:

- هەولێر هۆلاکۆی بەزاند. (واتە: خەڵکی هەولێر)

هەولێر: بکەری خوازەییە

خەڵکی هەولێر: بکەری درووستە

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: هەولێر شوێنە ناتوانێ شەڕ لەگەڵ سوپای داگیرکەر بکات، بێگومان سوپا شەڕکەرە بەرگریکەرە ئازاکەی هەولێر مەبەستە.. ئەوان بکەری درووستن.

پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، چونکە: (هەولێر) شوێنی کۆبوونەوەی ئەو (خەڵك)ە بووە، کە بکەری درووستە.. بەم شێوەیە خوازە بە پەیوەندی شوێنی درووست بووە.

- وڵات یەك پارچە تورەیە!!

وڵات: بکەری خوازەییە

خەڵکی وڵات: بکەری درووستە

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: وڵات شوێنە ناتوانێ تورە بێ، ئەوەی تورە بووە، بێگومان خەڵکی شارەکەیە.. ئەوان بکەری درووستن.

پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، چونکە: (وڵات) شوێنی کۆبوونەوەی (خەڵك)ەکەیە، کە بکەری درووستە.. بەم شێوەیە خوازە بە پەیوەندی شوێنی درووست بووە.

## چەند نمونەیێك بۆ شیكار كردن

١ـ شار هەمووی تێگەیی.

٢ـ هەر لق و پۆپی درەختی میوەدارە وشك ئەكا

هەر خەریكە سەوز و تەڕ كا داری بێبەر ئاسمان... حەمدی

٣ـ جۆگەی ئاوەكان تیایا قەتیس ماو... هەر ئەڕۆن ناكەن، پێچی شاخ تەواو!! گۆران

٤ـ دەشتی كەركوك و كێوی هەورامان... شاعیری زۆرە بێ حەدد و پایان... حاجی قادری كۆیی

٥ـ ئەی موڕسەلی حەق تاجی سەری جوملە پەیامبەر

ئەی نوری دڵی ئەرز و سەما سەییدی سەروەر... حەمدی

٦ـ شاخ و دەشت و شار و گوندم تاوی سەندووە...

گۆڕی مەرگی دوژمنانم تیا هەڵكەندووە!!

٧ـ كوردەواری ئەی وڵاتە جوانەكەم

ڕۆڵەكەم خێزانەكەم باوانەكەم

ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە

ئێستە ببینن ئەریٚ دەمناسنەوە؟ ... هێمن

٨ـ لە ترسانی وڵات پڕ ترس و ڕەو بوو... ڕموزنە تاریكان و خێوی شەڕ بوو... هێمن

٩ـ بەیانییەك كە دەنگی بێ زوبان كەوتە نەڕە

گوتی تۆڵەی گەرمیان و شارەزوور كرایەوە... بەهجەت یەحیا

١٠ـ ڕۆژی شەممەیەو مانگی ڕەشەمە... دڵی ئاوایی غەرقی ماتەمە... حەسەنی دانیشفەر

١٠ـ شەقام ڕاپەڕی!

١١ـ گوندەكە گوتیان: وا نییە!

***

دوو: خوازە بە پەیوەندی کاتی

لێرەدا باس لە کات دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵك، یان شتەیە کە لە نێو ئەو کاتە دەور دەبینێت، واتە: بکەری خوازەیی کاتەکەیە، بکەری درووستیش خەڵك، یان شتێکی نێو کاتەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان کاتە.. بۆ نمونە:

زۆر جار دەڵێین: سەردەم پێشکەوتووە.

سەردەم: بکەری خوازەییە، چونکە:

قەرینە دەڵێت: سەردەم کاتەو بێ ئەقڵ و گیانە، شتی بێ ئەقڵ و گیانیش ناتوانێ، پێش یان پاش بکەوێ. بەڵام: خەڵکی نێو سەردەمەکە: ئەوانە بکەری دروستن، ئەوانەنە پێشکەوتوونە.

پەیوەندی نێوان سەردەم و ئەو خەڵکەی تیای دەژی، کە یەکەمیان بکەری خوازەیی و دووەمیان بکەری دروستە، پەیوەندی کاتییە، چونکە خەڵك بێگومان لە نێو سەردەمدا دەژی.

بەم شێوەیە خوازەیەك دروستبووە، ناوی دەنێین: خوازە بە پەیوەندی کاتی.

چەند نمونەییێك بۆ شیکار کردن

١ـ بەیانیت باش! ٢ـ ئێوارەت باش! ٣ـ شەوت شاد!

٤ـ سلاو لەو ڕۆژەی لێی لە دایك بووی!! ٥ـ سلاو لەو ڕۆژەی تیایدا دەرکەوتی!!

٦ـ با کردەوەی شێخ نەنووسێ زەمان... هەتا وەدەنگ دێ بەردە قارەمان.... هێدی

٧ـ ڕێبەندان دیسان هاتیەوە سەرمان... ڕەقمان هەڵێنی دیسان لە سەرمان... هێمن

٨ـ دەوڵەمەندو ئەهلی دنیا قەت مەکەن فکری غرور

وا ئەجەڵ کەوتۆتە شوێنتان، دائیمەن، نێزیك و دوور... حەمدی

٩ـ ڕۆژەکە هەو نییە!

١٠ـ زەمان بۆیە ئاریشیدا زەمین... تا خەڵکان لەمەولا بە شادی بژین!!

١١ـ ڕۆژگار پێم دەڵێ: ئاقڵبەو بە وریاییەوە هەنگاو بنێ!!

١٢ـ قییامەت دەمانترسێنێ!!

سێ: خوازە بە پەیوەندی ژمارەیی

لێرەدا ژمارەییێك دەخرێتە ڕوو، بەڵام بە وردی خۆی مەبەست نییە، بەڵكو مەبەست ڕێژەییێكی بچووكتر، یان گەورەتر لە ژمارە هاتووەكە.. بۆ نمونە:

هەزار جارم فێركردی، گوێت پێ نەدا!

هەزار بۆ گەورەكردنە، دەركەوتووی خوازەییە، دەركەوتووی درووست: زۆرجارم پێگوتی..

ـ دونیا پێنج و دوو ڕۆژێكە!

پێنج دوو بۆ بچووككردنەوەیە، دەركەوتووی خوازەییە، دەركەوتووی درووست: وەكو حەزی ئادەمیزاد درێژ نییە!

## چەند نمونەییێك بۆ شیكار كردن

١ـ وەستای نەجارِ بنوو بێ خەم و خەیاڵ

خودا یەكەو دەرگای هەزار!

٢ـ سەد جارم پێ گوتی: بخوێنە!

٣ـ ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قنج... كێشایە مە د گەل وی دوو سەد ڕەنج... ئەحمەدی خانی

٤ـ ملیۆنەهاین

بەڵام خاوەنی ملیۆنێ دڵ و ڕێگاین!!

ملیۆنەهاین

بەڵام دوواممان بە یەك نە لكاین؟!! شێركۆ بێكەس

٥ـ هەزار ساڵ بكەی بێگانە پەرستی

ئاخیری هەر دێنی نووشستی!.. قسەی نەستەق

٦ـ دۆستت هەزار بی كەمە... دوژمنت یەك بی غەمە... قسەی نەستەق

٧ـ پەنجا جاریشم پێ بڵێی، بۆتی ناكرِم!! قسەی سەر زاری

چوار: خوازە بە پەیوەندی ئاوەڵناوی

لێرەدا ئاوەڵناو دەردەکەوێت و مەبەست ئەو کەس، یان شتەیە، کە لە لایەن ئاوەڵناوەکەوە وەصف دەکرێت.. پەیوەندی نێوانیان ئاوەڵناوییە.. بۆ نمونە:

دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە!

ماندوو: ئاوەڵناوە

مەبەست: کەسی ماندووە.

تێر: ئاوەڵناوە

مەبەست: کەسی تێرە

## چەند نمونەیێك بۆ شیکار کردن

١ـ ئەگەر پارە نەبووبا بیرو بڕوا... دەبوو زاڵم لە کوێ وا دەستی بڕوا؟! هێمن

٢ـ لە شاری کەوتووە هاوار و گریان... دڵی گەورەو بچووکان بۆتە بریان... هێمن

٣ـ قوتابخانەکەی هەولێر بوو... هەزارانی لێوە فێر بوو!! عەلی فەتاح دزەیی

٤ـ گەنجەکان هاتن!!

٥ـ هەژارەکان فەوتان!

٦ـ ڕەشم بینی ئالای هەبوو

سپیم بینی ئالای هەبوو

قیژاندییان:

ئەی بێ ئالا بۆ دەرەوە

ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە... عەبدوڵڵا پەشێو

٧ـ ماڵی نەخۆری بۆ چەکمەبۆری!

***

پێنج: خوازە بە پەیوەندی بەرکاری

لەو پەیوەندییەدا بەرکار چاڵی بکەری پێ پڕ دەکرێتەوە، واتە: ئەوەی هاتووە: (بەکار)ە، ئەمە بکەری خوازەییە، بەڵام ئەوەی مەبەستە (بکەر)ە، ئەوەش بکەری درووستە.. چونکە قەرینەیێکی ئەقڵی هەیە، ئەوە دەچەسپێنێت.. بۆ نمونە:

بەهار هاتەوە بەهار هاتەوە.........دۆست و دەستگیران شاد دەکاتەوە

بەهار هاتەوە: بەهار خوازەیە بە پەیوەندی بەرکاری، چونکە لە لایەن (خودا)وە (هێنراو)ە، دەنا خۆی ناتوانێ: بهێ.

## چەند نمونەیێك بۆ شیکار کردن

١ـ زستان بەسەرچوو!

٢ـ بایێکی خۆشی دێ!

٣ـ هەورەکە بارانێکی باشی باراند!!

٤ـ چیایەکە ڕازایەوە!!

٥ـ ڕزق هات.

***

شەش: خوازە بە پەیوەندی ئامێری

لێرەدا باس لە ئامێر دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لە نێو ئەو ئامێرە دەور دەبینێت، واتە: بکەری خوازەیی ئامێرەکەیە، بکەری درووستیش خەڵکی پشت ئامێرەکەیە..

بۆ نمونە:

ئەو ڕۆژەی مەککەت ڕزگار کرد

نەتگوت: ئا دەی کیمیاوییان پیا برێژن!!!

ئەوەت نەبوو!!

بەس هیچ نەبێ دە هەزار شمشێرت هەبوو!!... جەلالەدین نەجمەدین

شمشێر: بکەری خوازەییە

جەنگاوەر (ئەوەی ئەو شمشێرە بەکاردێنێ): بکەری دروستە

پەیوەندی نێوانیان ئامێرییە، چونکە:

قەرینە: ئەقڵییە، دەڵێ: شمشێر لە خۆیەوەی هەوڵ و قووەتێکی نییە، تا گرنگ بێ، بۆیە دەبێ مەبەست ئەو جەنگاوەرە بێ، کە ئەو شمشێرە بەکار دێنێ، نەك شمشێرەکە خۆی.

بەم شێوەیە خوازەیەك درووستبووە، ناوی دەنێین: خوازە بە پەیوەندی ئامێری.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکار کردن

١ـ ئیتر گۆزەکان لە کانی نایێنەوە؟!

٢ـ وریابە قەڵەم باسی ئەبوبەکری صدیقە.. ئیمانی کە دەریایەکی بێ حەدد و عەمیقە.. حەمدی

٣ـ گوایە تۆم هەیە زۆر شادومانم

سەرچاوەی سۆزی تەلی کەمانم... گۆران

٤ـ تا کوشتییان دەیگوت: زوو کەن

خۆ بشمرم، لە خوێنی من تفەنگ دەڕوێ!!! جەمیل ڕەنجبەر

***

پرسیار:

ـ ئایا دەشێ خوازەیەك، بەرکای بێ و شتێکی تریش بێ؟ یان گشتی بێ و شتێکی تریش بێ؟

وەڵام: بەڵێ: ئاساییە، خوازەیەك هەبێ بەرکاری بێ و لە هەمان کاتدا ئامێریش بێ، یان جۆرێك بێ و لە هەمان کاتدا جۆرێکی دیکەش بێ.. بۆ نمونە:

ـ سەیارەکە منی هێنایە ئێرە!

سەیارەکە.. خوازەیە بە پەیوەندی بەرکاری، چونکە شۆفێرەکە بە سەیارەکەی منی هێنایە ئێرە.. سەیارەکە بەرکارە، بووەتە بکەری خوازەیی، لە هەمان کاتدا: خوازەشە بە پەیوەندی ئامێری.

یان کە دەڵێین: شار تێگەیی.

لە (شار)دا خوازەیەك هەیە بە پەیوەندی شوێنی، چونکە مەبەست (خەڵکی شار)ە، نەك (شار)ەکە.. لە هەمان کاتدا لەمەدا خوازە هەیە بە پەیوەندی گشتیش، چونکە مەبەست دەبێ (هەندێ خەڵکی شار) بێ، نەك هەموو خەڵکی شارەکە.

***

حەوت: خوازە بە پەیوەندی کەرتی

لێرەدا باس لە کەرت دەکرێت و مەبەست ئەو گشتەیە کە کەرتەکەکە پارچەیەکیەتی.. واتە: بکەری خوازەیی کەرتەکەیە، بکەری درووستیش گشتەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان کەرتییە.. بۆ نمونە:

ـ فەرموون نان بخۆن!

نان کەرتێکە لەو گشتەی لە سەر سفرە دانراوە، مەبەست هەر نانەکە نییە، بەڵکو مەبەست هەموو خواردنەکانی سەر سفرەکەیە.

ـ چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ جەرگێکی بێ داغم نەدی

ناڵەیی بولبول لە باغا بێ قڕەی زاغم نەدی... حاجی قادری کۆیی

(جەرگی بێ داغ)، واتە: (کەسێکی بێ داغ)، جەرگ سەبارەت بە کەس کەرتێکی بچووکە، باس لەو کەرتە کراوەو مەبەست خاوەنی ئەو کەرتەیە، کە مرۆڤەکەیە، قەرینەش ئەوەیە جەرگ شاراوەیەو نابینرێ، ئەوەی دەبینرێ هەر ڕووخساری دەرەوەی مرۆڤەکەیە، لەمەوە کەسی بەرامبەر خوێندنەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤەکان دەکات و دەڵێت جەرگسووتاون، جەرگداغکراون.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکار کردن

١ـ سەری بێ ڕزق لەژێر خاکدایە!!

٢ـ سوپاسی زەوقی جوانت دەکەم!!

٣ـ من دەنگێکی زۆر بەجۆشی پێنج پارچەکەی کوردستانم!!

٤ـ شورەییێکی لە گۆشت درووست کرد!!

٥ـ خوێنی نوێ لە نێوانیاندا دەبینم!!

٦ـ چاوەکان بە هەموو شوێنێك بڵاوبوونەتەوە!!

٧ـ قوڕگەکانیان خنکاند!!

٨ـ چییە دەردێ تە بێژە ئەی دل ئەی دل.. ژ چاڤان خون بڕێژە ئەی دل ئەی دل... پەرتۆی هەکاری

**٨ـ خێرا خێرا بە لۆقە لۆق**

**نەمزانی کەس بە دوامەوە**

**دەنگێکی لەرزۆك و ناسك**

**بە سپایی جوابی دامەوە... هێمن موکریانی**

**٩ـ** دوور قاقاییێکم گوێ لێ بوو

**دەتگوت: گوللەم پێوە دەنێ**

**بۆچ بە ئێوارەی پاییزیش**

**هی وا هەیە پێ بکەنێ... هێمنی موکریانی**

***

هەشت: خوازە بە پەیوەندی گشتی

لێرەدا باس لە گشت دەکرێت و مەبەست ئەو کەرتەیە کە پارچەیەکە لەو گشتە.. واتە: بکەری خوازەیی گشتەو بکەری درووستیش کەرتەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان گشتییە.. بۆ نمونە:

- من نەخۆشم!

باسی (من) کراوە، کە گشتە، بەڵام مەبەست (زگ)، یان (سەر)، یان هەر شوێنێکی تری منە نەخۆشەکەیە، ئەگینا قەرینە دەڵێ: نەبووە مرۆڤێك هەموو شوێنی نەخۆش بێ، ئەگەر وابێ: چۆن دەژی؟!

- ئەمەند خاکم بە سەردا کرد، لە سەردا ئەشکی خوێنم ڕشت

بە کەیفی خۆم شوکر ئێستا لە خاك و خوێن غەلتانم... حەمدی

لێرەدا باس لە (سەر) کراوە، گوایە ئەشکی خوێنینی لێ ڕشتووە، بەڵام مەبەست (چاو)ە، ئەمەش چونکە (چاو) بەشێکە لە (سەر) واتە پەیوەندی نێوان هەردوو وشە پەیوەندی گشتییە، باس لە گشت کراوە، کە (سەر)ەو مەبەست (چاو)ە، کە کەرتە.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکار کردن

١ـ سواری پاس بووم!

٢ـ مەلیك عادل خوشکی شای فەرەنگ بێنێ

خوێن تێکەڵ بێ و دوژمنداری نەمێنێ

بەڵام کەنیسە ڕێی نەدا ئیش وابێ

ڕۆژئاوا بووك بێ و ڕۆژهەڵات زاوا بێ... عەلی فەتاح دزەیی

٣ـ میللەت هاتە پێشوازی!!

٤ـ قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین

میللەتێکی قارەمانن هەر دەبێ سەربەرز بژین!!! بێکەس

٥ـ ئەوروپا بەوە ڕازی نییە!!

٦ـ خەڵك وشیارە!!

٧ـ عالەم نەزانە!!

٨ـ ئاوی کانیم خواردەوە.

٩ـ لە کوردستان دادەنیشم.

١٠ـ دنیایان خوارد!

١١ـ عالەمێکم دی نەخۆش و یەك کەسی ساغم نەدی

جیا لە مەردانی خودا، غەیری قوڕمساغم نەدی... شێخ ڕەزای تاڵەبانی

١٢ـ ـ دەستم دامێنت ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی

نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕژێ بە خۆڕایی... ئەحمەد هەردی

***

نۆ: خوازە بە پەیوەندی ڕابردوویی

لێرەدا شت بە ناوی ڕابردووی دێت و مەبەست باری ئایندەی ئەو شتەیە، قەرینەییێکیش هەیە، ڕێگری لەوە دەکات ئەو وشەیە بۆ واتای درووستی خۆی بەکارهێنرابیٚ.. بۆ نمونە:

ـ دوو منداڵی لە دوا جێماون، یەکیان مامۆستاو ئەوی تریان ئەندازیارە!!

منداڵ: هی سەردەمی بچووکی ئەندازیار و مامۆستاکەیە، کە لە ڕابردوودا منداڵ بوونە.

قەرینە ئەقڵییە، دەڵیٚ: ناشیٚ ئەندازیار و مامۆستا منداڵ بن.

ـ ئەم شەکوەیی ئێمە کە لە باریٚ دەنکێکە

بۆ تۆیە لەبەر تۆیە لە دەست نوتفەیی حەیدەر... حەمدی

مەبەست لە (نوتفە) واتە (منداڵ و نەوە)، چونکە نوتفە ناشیٚ چ کارێکی مەترسیدار بۆ بێجگەی خۆی بکات، بەڵام بۆیە هێنراوە، چونکە لە ڕابردوودا منداڵ و نەوە (نوتفە) بوونە، بەوەش خوازەی بە پەیوەندی ڕابردوویی بەرهەم هاتووە.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکار کردن

١ـ دوکاندارەکەمان ئەسپاردە کرد!

٢ـ سەرۆکەکەمان لە سێدارەدا!!

٣ـ مامۆستاکەمان بە خاك سپارد!!

٤ـ شارەکەی سوڵتان موزەفەر یادی مەولود دەکاتەوە!!

٥ـ ئەوەی لە قیامەتدا پیاوکوژ بیٚ، ئەنجامی خراپ دەبێت!!

٦ـ ئەم ئەفسەرە دە ساڵی وازی لە ئەفسەرییەکەی هێناوە!!

***

دە: خوازە بە پەیوەندی ئایندەیی

لێرەدا شت بە ناوی ئایندەی دێت و مەبەست باری ڕابردووی ئەو شتەیە، قەرینەیێکیش هەیە، ڕێگری لەوە دەکات ئەو وشەیە بۆ واتای درووستی خۆی بەکارهێنرابێ.. بۆ نمونە:

ـ واقیعەن خزمەتی لە بۆ خودایە

چ دەبوو ئەگەر بە کوردی نەبووایە... حاجی قادری کۆیی

خزمەتی لە بۆ (خودا)یە، واتە خزمەتی لەبۆ (خەڵك)ە، بەڵام بەو پێیەی، لە کۆتاییدا خزمەتی خەڵك هەر لەبەر خوایە، ئەو زانایە وەکو هەر زانایێکی دیکەی لەخواترس لەبەر خاتری خودا نییەتی خزمەتی خەڵکیی هێناوەو بە تەمای پاداشتی دوابیە، بۆیە خزمەتەکە دراوەتە پاڵ (خودا) و مەبەست لێی، وەکو گوترا (خەڵك)ە، قەرینەش (خزمەت)ە، کە (خودای گەورە) پێویستی بە خزمەت نییە، چونکە چاوەڕوانی سوود و زیان لە هیچ یەکێك لە مەخلوقاتەکانی ناکات و لە هەموویان دەسەڵاتدارتر و دەوڵەمەندترە.

## چەند نمونەییێك بۆ شیکار کردن

١ـ جوتیارەکە سەیری دەغڵەکەی دەکات!! دەڵێ: گەنمەکەم جوانە!!

٢ـ باوك بە منداڵە پێنج ساڵییەکەی دەڵێت: پیاوە ئازاکە چۆنی؟!

٣ـ خانمەکە بە کچانی گوت: ئێوە دایکانی ئەم وڵاتەن!!

٤ـ مردووەك خانووی لە مردووێك کڕی!!

٥ـ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، کە خواحافیزی لە حوسەینی کوڕی عەلی کرد، بە گریانەوە ماچی کرد و پێی گوت: من کوژراوێك ماچ دەکەم!!

٦ـ وەختە ئەهلی دۆزەخ و جەننەت لە یەك جیا ببنەوە

وەك زەبانی وایە هەرکەس لێرە بەم حاڵە ژییا... حەمدی

٧ـ چارەسەریت وەرگرتووە؟!

***

یانزە: خوازە بە پەیوەندی هاوسێیەتی

بریتییە لە ناونانی شت، بە ناوی هاوسێکەی، واتە: لەم پەیوەندییەدا باسی شتێك دەکرێت و مەبەست ئەو شتەی ترە، کە هاوسێی ناوهێنراوەکەیە، لەبەر پەیوەندی هاوسێیی، کە لە نێوانیاندا هەیە.. بۆ نمونە:

ـ سەلاّم لە ماڵەوەت بکە!

باس لە (ماڵەوە) کراوە، بەلاّم مەبەست (ژن)ە، واتە قسەکەر مەبەستی ئەوەیە بڵێ: (سەلام لە ژنەکەت بکە)!!

پەیوەندی نێوان (ژن) و (ماڵ) پەیوەندی هاوسێییە، چونکە ئەوەی زۆرتر و بەردەوام لە ماڵەوە بووە، هەر لە کۆنی کۆنەوە، تا ئێستاش لە زۆرێکی کۆمەڵگاکان، هەر ژنە، لەبەرئەوە لە کۆنەوە کە ناوی ژن مەبەست بووبێ، بە ناوی (ماڵ) ناوبراوە.

قەرینەش ئەقڵییە، دەڵێ: ماڵ لە شتە مادییە بێ هەستەکان پێك دێ، بۆیە نابێ مەبەست ئەوان بێ، بەڵکو دەبێ مەبەست ئەو کەسە بێ، کە لە نێو ماڵەکەیە، ئەویش کێیە؟ ئەو ژنەکەیە!!

چەند نمونەیێك بۆ شیکار کردن

١ـ دیوار بە گوێیە!

٢ـ ئەو جامە پێم دەڵێ!

٣ـ دار و بەرد بە قسە هاتوون!

٤ـ ئاگاداری چاویلکەکەت بە! ئەو دارەی تێ نەچەقێ!!

٥ـ وریابە ئاسنەکە شەرواڵەکەت کون نەکات!!

***

## باسی چوارەم: درکە

بریتییە لە ڕستەیەك، کە بۆ غەیری واتای دروستی خۆی دێت و واتاییێکی درکاو دەگەینێت، هەرچەندە هیچ ڕێگرییەك نییە لەوەی ڕستەکە بۆ واتای دروستیش بەکارهاتبێ، ئەوەش لەبەر ئەو لێکچوونەیە، کە لە نێوان دەربڕینی درکاو و واتای درکاوی ڕستەکەدا هەیە.. بە واتاییێکی تر دەتوانین بڵێین: درکە وێنەییێکە، بە پێکهاتەکەی خۆی، بەرەو واتاییێکی ترمان دەبات.

بنەڕەتەکانی درکە

درکە دوو بنەڕەتی هەیە، ئەوانیش بریتینە لە.. یەکەمیان: دەربڕینی درکاو .. دووەمیان: واتای درکاو.

١ـ دەربڕینی درکاو: ئەو ڕستەیە کە گۆکراوە، بەڵام بۆ واتاییێکی درکەیی گۆکراوە.

٢ـ واتای درکاو: ئەو واتایە نوێیەیە، کە بە هۆی دەربڕینە درکاوەکە لە مێشکمان درووست دەبێ.. بۆ نمونە: چەم بێ چەقەڵ نابێ!

ئەم ڕستەیە (درکە)یە، چونکە:

چەم بێ چەقەڵ نابێ: دەربڕینی درکاوە

کۆمەڵگە بێ کەسی خراپ نابێ: واتای درکاوە

ـ وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕوو سیاهی مەککە خۆم

دەرکراو و دەربەدەر یاڕەب دەخیلی عەفوی تۆم... نالی

لەم دێڕەشدا هەست بە دوو درکە دەکەین.. ئەوانیش:

ڕوو زەردی مەدینەم: دەربڕینی درکاو

شەرمەزاری پێغەمبەرم (درودو سڵاوی خودای لەسەر): واتای درکاوە

ڕوو سیاهی مەککە خۆم: دەربڕینی درکاوە

گوناهباری پێش خودای گەورەم: واتای درکاوە

لێرەشدا درکەیەك هەست پێ دەکەین.. ئەویش بەم شێوەیە درووست بووە:
دەستم دامێنت: دەربڕینی درکاوە
تکات لێ دەکەم: واتای درکاوە

هەندێ نمونەی درکە بۆ شیکار کردن

١ـ زمانی کورتە
٢ـ زمانی درێژە
٣ـ زمانی لووسە
٤ـ گەر بیسوتێنی بۆن سۆی لێ نایە
زۆر پەشیمانم خۆزگە نەمدیایە... مەدهۆش
٥ـ گۆزە هەموو جارێ بە ساغی ناگەڕێتەوە
٦ـ لە هەموو هەورێك باران ناباریٚ
٧ـ نانی خۆی تاکو بە تەندووری گەرم پێوە نەدا
ناڕوا حاجی ئەگەر چاوی دەرێنن بە بزووت... حاجی قادری کۆیی
٨ـ بە بادی سەرِ سەڕی سەدری دەوت من ناشکێم، ئەمما
برا پشتی شکاندووم بێکەسی بەستوویەتی باڵم.. حەمدی
٩ـ جگەر سووتاوم و تووشنەی نماری رەحمەتم، دەشڵێم
بە ئاهی سەردەوە خاکی بە سەرداکەم بە دامانم... حەمدی
١٠ـ لە ژێر پێدا دەچن حەیف و مخابن
گەدا بن ئێوە دوژمنتان بە شابن... حاجی قادری کۆیی
١١ـ من لە تۆفانا بەرەی خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم... حاجی قادری کۆیی

***

# بەشی سێیەم: واتاناسی

## دەروازەیەك بۆ واتاناسی

### لە ڕووی وشەییەوە

واتاناسی وشەیێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (واتا) و (ناسی)، کە بە هەردووکیان مەسەلەی (تێگەیشتن و شارەزابوون و ناسینی واتا) دەگەینن.

### لە ڕووی زاراوەییەوە

زانایانی ڕەوانبێژی لە بارەی (واتاناسی)یەوە گوتوویانە: واتاناسی ئەو زانستەیە، کە بە هۆیەوەی دەربڕینەکانی زمان دەناسرێتەوە، کە ئایا تا چەند لەگەڵ ئەو بارەی گوزارشتی لێدەکات گونجاوەو تا چەند فەصاحەتی تیایە.

### باسەکانی واتاناسی

زانستی واتاناسی وەکو هەر زانستێکی دیکەی ڕەوانبێژی ژمارەیەك باسی لە یەکجیا لە خۆوە دەگرێت، ئەوانەی لێرەدا تیشکیان دەخەینە سەر، بریتینە لە: هەواڵ (خەبەر) ـ دارشتن (ئینشا) ـ تایبەتی ـ کورتبڕی ـ درێژبڕی... لەبەر ئەوەی درێژنەبێتەوە، تەنیا تیشك دەخەینە سەر دوو باسەکەی یەکەم.

#### باسی یەکەم: هەواڵ (خەبەر)

هەواڵ.. ئەو ئاخاوتنەیە، کە ڕاستی و درۆ هەڵدەگرێت.. بۆ نمونە ئەگەر گوتمان:

ـ (ئازاد لەبەر دەرگایە).

ئەمەی سەروو هەواڵە، دەشێ ڕاست بێت و دەشێ درۆ بێت، چونکە هەواڵەکە یان بوونێکی دەرەکی هەیە، واتە ئەوەی لە واقیع هەیە، ڕێکە لەگەڵ ئەوەی وەکو هەواڵ دراوە، لەمبارەدا کەواتە هەواڵەکە ڕاستە، یانیش بوونی دەرەکی نییە، واتە واقیعەکە جیایە لەوەی

هەواڵی لەبارەوە دراوە، لەوبارەشیاندا کەواتە هەواڵەکە درۆیە. بۆیە کاتێك هەواڵێکی وەکو ئەوەی سەرەوومان دەکەوێتە بەر گوێ، دەچینە بەر دەرگا، ئەگەر (ئازاد)ی لێ بوو، ئەوە کەواتە: هەواڵەکە بوونی دەرەکیی هەیەو ڕاستە، ئەگەریش ئازاد لەبەر دەرگا نەبوو، ئەوە کەواتە هەواڵەکە بوونی دەرەکیی نییەو درۆیە.

## جۆرەکانی هەواڵ لە ڕووی ڕاستی و درۆوە

لە ڕووی ڕاستی و درۆوە سێ جۆر هەواڵ هەیە، بریتینە لە: هەواڵی بێگومان ڕاست و هەواڵی بێگومان درۆ و هەواڵی گوماناوی.. لە خوارەوە تیشکیان دەخەینە سەر.

### ١ـ هەواڵی بێگومان ڕاست

ئەو هەواڵەیە کە پەیامەکەی سەداسەد ڕاستەو تەواوی بەڵگە ئەقڵی و نەقلییەکان گەواهی ڕاستیی بۆ دەدەن.. بۆ نمونە:

خەللاقی بێ فتوری، سوڵتانی بێ قسوری

ڕەززاقی مار و مووری، ئاودێری دێمەکاری...   حاجی قادری کۆیی

هەواڵی ئەم دێڕە لە بارەی چەندین سیفەتی خودای گەورەیە، کە دەسەڵاتدار و حاکمی ڕاستەقینەیە، ڕەززاقە، بارانبارێنە، خالقی هەموو شتێکە، هەموو ئەو هەواڵانەش بێ گومان ڕاستن و تەواوی بەڵگە ئەقڵی و نەقلییەکان شایەدی بۆ دەدەن.

### ٢ـ هەواڵی بێگومان درۆ

ئەو هەواڵەیە کە پەیامەکەی سەداسەد درۆیەو تەواوی بەڵگە ئەقڵی و نەقلییەکان ڕەتی دەکەنەوە، واتە پەسندی ناکەن و پێچەوانەکەی دەسەلمێنن.. بۆ نمونە:

شۆڤێنییە عەرەبەکان دەڵێن: سەلاحەددینی ئەیوبی عەرەبە.

ئەم هەواڵە بە پێی بەڵگە درووستەکان درۆیە، چونکە سەلاحەددین کوردەو گومانی لەسەر نییە.

٣ـ هەواڵی گوماناوی

ئەو هەواڵەیە کە پەیامەکەی بەوە ناپێورێ، بگوترێ سەداسەد درۆیە، یان سەداسەد ڕاستە، چونکە باس لە شتێکی تایبەت دەکات و پەیوەندی بە باری دەروونی و هەست و سۆزی خاوەنەکەیەوەی هەیە.. بۆ نمونە:

لە هەر باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ

بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ... گۆران

هەواڵەکە گوماناوییە، چونکە گوزارشت لە هەستێکی کاتی دەکات، ناکرێ چ بەڵگەیێك پشتگیری بکات، یان ڕەتی بکاتەوە.

## هەواڵی درووست و هەواڵی خوازەیی

بە بەرچاوگرتنی ئەو واتایەی هەواڵ دەیگەینێ، دەتوانین بڵێین دوو جۆری هەواڵ هەیە، ئەوانیش (هەواڵی درووست و هەواڵی خوازەیی)ن، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر یان.

١ـ هەواڵی درووست.. ئەو هەواڵەیە، کە سێ مەرجی تیایە:

أ ـ زانیاریەکی نوێ پێشکەش دەکات، پێشتر هەواڵپێدراو ئەو زانیاریەی نەزانیوە.

ب ـ ئاراستەی ئادەمیزاد کراوە.

ج ـ چ زێدەڕۆییەکی تیا نییە.

بۆ نمونە:

جەماوەری گەلەکەمان ئاگاداردەکەینەوە، کە: بەیانی سەرۆك کۆمار بەرەو وڵاتی سوید دەچێت!!

ئەم هەواڵە درووستە، چونکە:

أـ تازەیەو خەڵك لێی بێ ئاگایە.

ب ـ ئاراستەی خەڵك کراوە.

ج ـ زێدەڕۆیی تیا نییە.

کەواشبێ هەر سێ مەرجەکانی تیایەو وەکو گوترا: هەواڵی درووستە.

٢ـ هەواڵی خوازەیی.. هەر کاتێك هەواڵ یەك، یان دوو، یان هەر سێ مەرجەکانی هەواڵی درووستی لە دەست دا، ئەوسا پێی دەگوترێت: هەواڵی خوازەیی.

ڕۆژنامەگەری و دەنگ و باس دەبێ هەواڵی درووست پێشکەش بکات.. بەڵام ئەدەب جوان وایە، زۆربەی هەواڵەکانی خوازەیی بن.. لە خوارەوە نمونە بۆ هەندێ هەواڵی خوازەیی دێنینەوە

## هەندێ جۆری هەواڵی خوازەیی

یەك: هەواڵ بۆ بە گەورەگرتن

ئەو هەواڵەیە، کە سوودی بە گەورە گرتنی لێ وەردەگیرێ، زۆربەی جارەکانیش ئەو بە گەورەگرتنە بۆ خودای بەرزو باڵایە.. بۆ نمونە:

لە ئەزەل تا ئەبەد خوا خوایە

جیلوەییێکە، کە پڕ دوو دنیایە... حەمدی

هەواڵێکە نوێ نییەو هەموو کەس دەیزانێ، کەوابێ خوازەییە.. بۆ پیشاندانی گەورەیی و شکۆیی خودا هێنراوەتەوە.

دوو: هەواڵ بۆ مەبەستی پاڕانەوە (دوعا)

لێرەدا لەو دیو دەربڕینەکانەوە، مەبەستی هەواڵدەر دەردەکەوێت، کە پاڕانەوەییێکی جوانەو ناوەڕۆکەکە بۆ خودای گەورە خراوەتە ڕوو.. بۆ نمونە:

لە ترسی قەهری تۆ ڕەببی خەریکی شین و گریانم

جگەر خوێنین و دڵغەمگین و شێت و وێت و عوریانم... حەمدی

هەواڵێکە ئاراستەی خودا کراوە، ئەوەش لە دەستچوونی مەرجی سەرەکی هەواڵی درووستە، کەوابێ خوازەییە.. پاڕانەوەو دوعایە بۆ لێخۆشبوونی خوایی.

سێ: هەواڵ بۆ پیشاندانی لاوازی و ترس

ئەو هەواڵەیە، کە لاوازی خاوەنەکەی لە پێشە خۆی، یان لە پێش خەڵکانی تر دەردەخات و هەواڵدەر سەرکۆنەی خۆی دەکات.. بۆ نمونە:

وەی کە ڕوو زەردی مەدینەو ڕوو سیاهی مەککە خۆم

دەرکراوو دەربەردەر یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم... نالی

هەواڵێکە جارێك لە بارەی خۆیەو جارێك ئاراستەی خودا کراوە، ئەوەش لە دەستچوونی مەرجی سەرەکی هەواڵی درووستە، چونکە نوێ نییەو ئاراستەی ئادەمیزاد نەکراوە، کەوابێ خوازەییە.. مەبەست پیشاندانی لاوازی هەواڵدەرە، دەرخستنی ترسییەتی لە بەرامبەر خودا بە هۆی گوناهەکانی، کە ئەگەر خودا لێی خۆش نەبێ، ئەوا دەفەوتێ.

چوار: هەواڵ بۆ پیشاندانی ئاخ و پەژارە

ئەو هەواڵەیە کە مەبەست لێی دەربڕینی ئاخ و پەژارەیە لەسەر شتێك، یان شتانێکی لەدەستچوو.. بۆ نمونە:

کەل و کۆم و شەل و شێت و فوتادەو پیر و داماوم

بەجێماوم لەگەڵ چی بکەم؟ لەگەڵ هاوفکری شەیتانم... حەمدی

یەك لە هەواڵەکان ئەوەیە: (لەگەڵ هاوفکری شەیتانم).. مەبەستیش لەمە ئەوەیە بڵێ: بەداخەوە ڕێی ڕاستیم لێ ونبووەو بەگەڵ هاوبیرانی شەیتان کەوتووم، کە ئەمەش هەواڵی

خوازەییە، چونکە هەواڵەکە ڕوو لە خۆ کراوە، ئادەمیزادیش لە باری ئاسایی پێویستی بەوە نییە ئەوەی دەیزانێ وەکو هەواڵ پێشکەشی خۆی بکاتەوە، مەگەر بۆ مەبەستێکی خوازەیی نەبێت، کە ئەو مەبەستە لێرەدا دەربڕینی ئاخ و پەژارەیە بۆ ئەو ڕێگەیەی گرتوویەتییە بەر.

پێنج: هەواڵ بۆ ئاگادارکردنەوە

ئەو هەواڵەیە، کە مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەی هەواڵپێدراوە لە باسێکی دیاریکراو، کە پێویستە لێی دووربکەوێتەوە.. بۆ نمونە:

تەرکی دنیام وا لە داخی سفلەو ئەحمەق کردووە

ڕێی ئەوانی تێکەوێ شەرتە نەکەم سەیری جینان... حەمدی

هەواڵێکە شاعیر تێیدا ڕووی لە خۆی کردووە، بەڵام دیسانەوە لە باری درووستدا نابێ ئادەمیزاد شتێکی دەیزانێ، بیکاتەوە هەواڵ و ئاراستەی خۆی بکاتەوە، بۆیە ئەمە هەواڵێ خوازەییە، ڕووی دەمی تێدا کردۆتە خۆی، بەڵام مەبەستی بەرامبەرە، دەیەوێ ئاگاداری بکاتەوەو پێی بڵێت: دەبێ ئاگاداربی وەکو سفلەو ئەحمەقان نەکەی، چونکە گەر وەها بکەی و ببیە سفلەییێکی بێ ئەقڵ، ئەوا بێگومان لە بەهەشتیش بی، بەلاتدا نایێم.

شەش: هەواڵ بۆ ترساندن

هەواڵ بۆ ترساندن ئەو هەواڵەیە، کە درووست نییە، لەوەش دەرچووە بۆ گاڵتەجاڕی بێت، بەڵکو بۆ ترساندن و ڕاچڵەکاندنە.. بۆ نمونە:

بەهاری وا هەمووساڵێکی دێتەوە ئەمما

ئەوانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا

یەکێکی نایەتەوە چوونیان هەر ئەو چوونە

لە شێخ و عالیم و جاهیل، لە پادشاو گەدا... حاجی قادری کۆیی

ئەم هەواڵە هەموو کەس دەیزانێ، بەڵام مەبەستێکی دیکەی خوازەییی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە خەڵکینە بترسن، ئاگاداربن ساڵ و بەهار و وەرزەکانی تری دەسوڕێن و دێن و دەچن،

بەلآم ئەوەی دەمرێ و لە شەمەندەفەری ژیان دێتەخوار، چیتر نایێتەوە، واتە: وشیار بن، لەوانەیە ئەمجارە ئێمە بمرین و جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە، ئەم هەواڵەش لەوە دەرچووە بۆ گاڵتە بێت و جددی نەبێت، بەڵکو جدییەو بەرامبەر دەترسێنێت.

حەوت: هەواڵ بۆ جولاندنی ورە (هاندان)

ئەو هەواڵەیە، کە لێیەوەی سوودی ئەوە وەردەگرین، هاندەر بێت بۆ ئەوەی هەواڵپێدراو هەڵسێ بە ئەنجامدانی کارێکی پەسند، یان بە واتایێکی تر: بریتییە لە ئاگادارکردنەوەو هاندانی هەواڵپێدراو بۆ هەڵسان بە کارێکی سوپاسکراو.. بۆ نمونە:

ئافەرین بۆ ئێوە!! کارێکی باشتان کردووەو هێندەتان نەماوە، دڵنیامە سەردەکەون!!

ئەم هەواڵە هەواڵی کارکردنی خەڵکێکە دراوەتەوە خەڵکەکە، ئەوەش کەوابێ نوێ نییە، بۆیە خوازەییەو بۆ هاندان و جولاندنی ورەی هەواڵپێدراوەکانە.

هەشت: هەواڵ بۆ شانازی

هەواڵ بۆ شانازی هەواڵە بۆ پیاهەڵدان، بەلآم لێرەدا شاعیر پیاهەڵدانەکە تایبەت دەکات بە خودی خۆی و نەتەوەکەی و هەر شتێکی تر، کە دڵی پێی خۆشە.. بۆ نمونە:

هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جود

لە شەڕدا کێوی جودی و بەحری مەمدود... حاجی قادری کۆیی

هەواڵەکە زێدەڕۆیی زۆری تیاکراوە، واتە مەرجێکی سەرەکیی لە دەست داوە، بەوەش بووەتە هەواڵ بۆ شانازی.

نۆ: هەواڵ بۆ پیشاندانی سەرسامی

ئەو هەواڵەیە بۆ گەیاندنی زانیارییەك نییە، بەڵکو بۆ پیشاندان و دەرخستنی سەرسامی هەواڵدەرەکەیە لە هەر شتێك، کە پێی سەرسام بووە.. بۆ نمونە:

شریتی چی؟ سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە

فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە... ئەحمەد هەردی

سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە.. هەواڵە شاعیر ئاراستەی خۆی کردووەو لە خۆیەوە ئینجا بۆ خەڵکانی ئاشکرا کردووە، کۆنەو زێدەڕۆیی تیاکراوە، بۆیە هەواڵێکی خوازەییەو بۆ پیشاندانی سەرسامی خۆیەتی لە هەمبەر سەرگوزشتەی نائومێدی خۆی.

دە: هەواڵی حەسرەتدار

ئەو هەواڵەیە کە حەسرەت بۆ مردنی ئازیزێك، یان لە دەستچوونی هەر شتێکی بایەخدار لەخۆ دەگرێت، مەرجی نوێیی و هەندێ جار مەرجی زێدەڕۆیی نەکردنیش لە دەست دەدات.. بۆ نمونە:

ئەتۆ ماوی لە نوقڤادی ویلایەت

ئەوانی تر هەمووی بوونە حیکایەت... حاجی قادری کۆیی

هەواڵەکە بە زێدەڕۆییەوە ئاراستەی یەکێك کراوە، کە بۆ ئەو ئەم هەواڵە کۆنەو نوێ نییە، بۆیە هەواڵی خوازەییەو بۆ پیشاندانی داخ و پەژارەیە.

***

## باسی دووەم: دارشتن

دارشتن.. داوای وەدیهێنانی داواکراوێکە، تا کاتی داواکردنەکە وەدی نەهاتووە، ئەو دەربڕینەیە کە ناشێ ڕاست، یان درۆ بێت، بەشەکانی زۆرن بریتینە لە: فرمان ـ نەهێشتن ـ پرسیار ـ خۆزی ـ بانگکردن.. بۆ نمونە گەر گوتت:

ـ (خودایە بمبەخشە)!

ناکرێ بە پێوەری ڕاستگۆیی و درۆزنی بتپێون و پێت بگوترێ، درۆزنی، یان ڕاستگۆی.

### بەشەکانی دارشتن

دارشتن دوو جۆری هەیە، بریتینە لە: (دارشتنی بێلەداخوازی) و (دارشتنی داخوازی)، ئەمانەش لق و بەشی دیکەیان لێ دەبێتەوە، لەو لاپەڕانەی دوایی تیشکیان دەخەینە سەر.

### یەکەم: دارشتنی بێلەداخوازی

ئەوەیە داوای داواکراوێك ناکات، کە لە کاتی داواکەدا بەجێ نایێ، ئەوەش چەند بەشێکی هەیە، بریتینە لە:

١ـ سوێندخواردن.. ئەمە بە (بە) و (وە) و (ب) و ئەم پیتانە بەرهەم دێ، بۆ نمونە: (ب خودێییێ مەزن ئەم نکارین)، (بە خودای وەها نابێت)، (وەڵڵاهی هەق بە ئیماندارەکەیە).

٢ـ سەرسوڕمان.. ئەمە بە شێوەییێکی قیاسی بە چەند دەربڕینێك بەرهەم دێ، بریتینە لە: (ئای!)، (وای!).. بۆ نمونە: (ئای کە پیاوێکی باشە!)، (وای کە مندالێکی ئاقڵە)!

٣ـ تکا.. بە وشەکانی (بەڵکو، باشترە...) بەرهەم دێ، بۆ نمونە: (بەڵکو ئەوە خوایە بارانەکە بباریێ)، (باشتر وایە خۆی بچێ).

ئەمجۆرەش لە قسەی ئاسایی زۆرە، بەڵام ئەگەر لە ئەدەبیش هات لە خودی خۆیدا سەیرییەکی ئەوتۆ نابەخشێت، بۆیە وەکو زانستەکانی زمان ڕستەسازی و واتاسازی بە درێژی باسی لێوەدەکرێ، بەڵام وەکو ئەدەب و ڕەوانبێژی ئەو گرنگییەی پێنادرێ.

دووەم: دارشتنی داخوازی

ئەوەیە، کە داوای داواکراوێك دەکات، لە کاتی داواکردنەکە ـ بە پێی بۆچوونی داواکەر ـ هێشتا جێبەجێ نەبووە، دوو بەشی درووست و خوازەیی هەیە، بەشە خوازەییەکەی لە (زانستی واتاناسی)دا لێکۆلینەوەی لە بارەوە دەکرێ، چونکە گەلێ شتی جوان و ناسکی پڕ لە ڕەوانبێژی لەخۆ دەگرێ، جۆرەکانی لای زۆرێکی زانایان پێنجن، وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردن، بریتینە لە: فرمان، نەهێشتن، پرسیار، بانگکردن، خۆزی.

یەك: فرمان

لای زۆربەی ڕەوانبێژان مەبەستی یەکەمی (دارشتن)ە، ((بریتییە لە داوای بەجێهاتنی کارێك لە فرمانپێکراودا)).. ئەمەش دوو جۆری هەیە.. فرمانی درووست و فرمانی خوازەیی.

فرمانی درووست و فرمانی خوازەیی

١ـ فرمانی درووست : ئەو فرمانەیە، کە دەبێ سێ مەرجی تیا بێت:

أ ـ فرمانکەر لە پایەیەکی سەرووی فرمانپێکراو بێت.

ب ـ فرمانەکە پابەندبوون لە فرمانپێکراو درووست بکات.

ج ـ ئەگەر لە خواو و پێغەمبەرەکەی دەرچوو بوو، ئاراستەی هەر کەس و شتێك کرابێ ئاساییە، بەلام ئەگەر لە ئادەمیزادەوە دەرچوو بوو، دەبێ ئاراستەی ئادەمیزاد بەرامبەر کرابێت.

بۆ نمونە:

باوك بە کوڕەکەی دەڵێت: ڕۆڵە باش بخوێنە.

بخوێنە فرمانێکی درووستە، چونکە لە باوکەوە ئاراستەی کوڕەکەی کراوە، باوکیش بەرزترە لە کوڕەکەی و دەسەلاتی بەسەریەوە هەیە، بەم هۆیەوە پابەندیش لە کوڕەکەی درووست دەکات.. لەبەر ئەوە فرمانەکە درووستە.

٢ـ فرمانی خوازەیی

ئەگەر هات و فرمان یەك، یان زیاتر لەو سێ مەرجانەی فرمانی درووستی لەدەستدا، ئەوا پێی دەگوترێت فرمانی خوازەیی، ئەویش لە چەندین شێواز دەردەکەوێت جوانییە ڕەوانبێژییەکەش وەك گوتمان، لەم بەشەیان بەرهەم دێ.. شێوازەکانی زۆرن، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

یەك: پاڕانەوە (دوعا)

ئەمە فرمانێکی خوازەییە لە بەندەوە ئاراستەی خودا دەکرێت، هەر سێ مەرجەکانی فرمانی درووست لە دەست دەدات، چونکە فرمانکەر بەندەیە و لە خودا زۆر بچووکترە، کە فرمانەکەی بۆ بەرزکردۆتەوە، خوداش قەت ناچار نابێ جێ بە جێی بکات، ئەگەر بیکات ئەوە لەبەر ڕەحم و بەزەیی خۆی بەجێی دێنێ، دەنا هیچ.. بۆ نمونە:

چ کوردێ؟ خوا موسەبیبیان لە قەعری بەحری قەهریدا

بکا غەرقێ، کە تا ڕۆژی قیيامەت دەرنەهێنێ سەر...  حەمدی

دوو: تکا (إلتماس)

ئەمە فرمانێکی خوازەییە، کاتێك بەرهەم دێ، کە فرمانکەر و فرمانپێکراو لە یەك ئاست بن، واتە فرمانکەر بەرزتر نەبێ لە فرمانپێکراوو فرمانەکە پابەندی لە فرمانپێکراو دروست نەکات، بۆ نمونە:

برادەرێك تکای شتێك لە برادەرەکەی دەکات:

ـ تکایە ئەو کارەم بۆ بکەن!

ـ وەکو من تۆش بنووسە بێ تەئەممول

جەوابی نامەکەم مانەندی بولبول...  حاجی قادری کۆیی

فرمانەکانی هەردوو ئەم نمونانە ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە، کە فرمانکەر و فرمانپێکراو لە یەك ئاستن و فرمانکەر بەرزتر نییە، کەوابێ پابەندیش درووست ناکات، مەگەر فرمانپێکراو لە باشی خۆی فرمانەکە بەجێ بێنێ.

سێ: بۆ هەرەشەکردن و ڕێگری کردن لە ئەنجامدانی کارەکە

بریتییە لەو فرمانە خوازەییەی مەبەست لێی هەرەشەکردنە، نەك فرماندان بۆ جێبەجێجێکردن، چونکە مەبەستی فرمانکەر پێچەوانەی فرمانەکەیەتی.. بۆ نمونە:

ـ باشە!! بڕۆ کارەکەت بکە!!

واتە: ئەگەر ئازای کارەکەت دەکەی.. فرمانی خوازەییە، چونکە لەوانەیە لە بچووکەوە بۆ گەورە ئاراستە کرابێ.. جگە لەمە: وەکو گوتمان هەر لە بنجدا بۆ جێبەجێکردنیش نییە، چونکە فرمانکەر دژی ئەنجامدانی فرمانەکەیە، بەڵام ئەو شێوازە هەڵدەبژێرێ وەکو هەرەشەکردن لە فرمانپێکراو.

چوار: بۆ ئامۆژگاری

ئەو فرمانەیە، کە لە تاکی نزمەوە ئاراستەی زۆرینە دەکرێت، ئەوان زۆریان بەرزترن لە شاعیر و هەمووشیان بە دەرن لە دەسەڵاتی فرمانکەر، واتە فرمانکەر هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر فرمانپێکراوەوە نییە، جگە لەمە دەنگیشی ناگاتە هەمووان، کە ئەمەش دیسانەوە لە نرخی فرمانەکە کەم دەکاتەوە، بۆیە فرمانێکی خوازەییە، ناتوانێ پابەندی درووست بکات، بەڵام دەشێ ئامۆژگارییەکی جوان بێ و ببێتە هۆکارێك بۆ درووستکردنی پابەندی لە هەندێ لە وانەی بە ئامۆژگارییەکی جوانی دەبینن.. بۆ نمونە:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنان

هەموو ئان و زەمانێك عەینی قەڵغان و سوپەرتانە... ئەحمەد موختار جاف

شاعیر لە خەڵکی بەرزتر نییەو دەسەڵاتێکی بەسەر کەسەوە نییە، بۆیە فرمانی خوازەییەو مەبەست لێی ئامۆژگاری کردنی خەڵکییە.

پێنج: بۆ کڕوزانەوە

فرمانێکی خوازەییە، لە دەرکەوتنەکەیدا هەست بە کڕوزانەوەو لاوازی فرمانکەر دەکەین.. بۆ نمونە:

مەمدەنە دەستی ڕەقیب و بمکوژن ئێوەو خودا

لەتلەتم کەن بمخەنە بەر ئەو سەگانە نەخت نەخت... حەمدی

لێرەدا مەبەست لە (بمکوژن ئێوەو خودا) و (لەتلەتم کەن، بمخەنە بەر ئەو سەگانە نەخت نەخت) فرمانی درووست نیینەو بۆ بەجێهێنانی واتای درووستی ئەو فرمانانە نەهاتوونە، بەڵکو ئەمە لە حاڵی کڕووزانەوەدا قسەکەر بەم شێوازە لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەدوێ، بە واتە: تکایە هەر شتێکم لێبکەن، بەڵام مەمدەنە دەستی دوژمن.

شەش: بۆ بەئەدەبکردن (التأديب)

ئەو فرمانە خوازەییەیە، کە مەرج نییە فرمانپێکراو بچوکتر بێ و مەرج نییە جێبەجێش ببێ، بەڵام فرمانکەر بۆ بەئەدەبکردنی بەرامبەر ئاراستەی دەکات.. بۆ نمونە:

ئیسلاحی نەفسی خۆت بکە ڕازی ببە بە حەق

ئیزهاری عیجزە بەسیە ڕەواجی شکا شکات... حەمدی

لێرەدا مەبەست لەو فرمانانەی (بکە) (ببە) و (بەسیە)، ئەو دیوی واتای ئەم فرمانانەیە، کە فێرکردن و ئاقڵکردنی فرمانپێکراو مەبەستەو بۆ ئەو مەبەستە گەورەیە ئەو فرمانانەی بەسەردا دراوە.

حەوت: گەیاندنی هەواڵ

بریتییە لەو فرمانە خوازەییەی مەبەست لێی گەیاندنی هەواڵێکەو فرمانەکە مەبەستەکانی فرمانی درووستی لە دەستداوە، بۆ نمونە:

ئەی خامە بەسە، تەژی درێژکر

ئەڤ نامە بەسە، تە پڕ قرێژ کر... ئەحمەدی خانی

لێرەدا شاعیر فرمانی (بەسە)ی بە شێوەییێکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی (خامە)کەیەوە ئاراستەی خودی خۆی کردووە، ئەوەش فرمانی خوازەییە، چونکە ئەو مەرجەی لە دەست داوە، کە ئاراستەی بەرامبەر کرابێ، ئادەمیزاد پێویست ناکا فرمان بە خۆی بکات، ئەوەی مەبەستی بێ دەیکات.. بەڵام فرمانە بۆ گەیاندنی هەواڵی ئەوەی: ئیتر ئەم نامەیە لێرە تەواو دەبێ، ئەمە لە شیعردا بە (کۆتایی دڵگیر) ناو دەبرێت، چونکە هەواڵی کۆتا هاتن دەگەینێ.

### دوو: نەهێشتن

نەهێشتن (النهی) هونەری دووەمی دارشتنی داخوازییە، ئەمە داوای وازهێنانە لە کارێك لە ڕووی بەرزییەوە، واتا: ئەو قسەکەرەی داوای وازهێنانی کارێك لە قسەبۆکراوێك دەکات، ئەو قسەکەرە لە قسەبۆکراوەکە لە پایەیەکی بەرزتر دایە، ئەوەش کەواتە پابەندی لە قسەبۆکراو درووست دەکات.. بۆیە زانایانی ڕەوانبێژی ئەو مەرجانەی بۆ (فرمان)ی درووستیان دانابوو، هەمان ئەو مەرجانەیان بۆ (نەهێشتن)ی درووستیش داناوە، بەڵام لە (فرمان) بە داوای جێبەجێکردن بوو، لێرەدا بە داوای وازلێهێنانە.

لەبەر ئەوەی (نەهێشتن) لە هەموو ڕووێکەوە هەر وەکو (فرمان)ە، تەنیا ئەوەندەیە (فرمان بە (ئەرێ) و نەهێشتن بە (نەرێ)یە، بۆیە باسی نەهێشتن درێژناکەینەوە.

***

سێ: پرسیار (أستفهام)

پرسیار داوای تێگەیشتنی شتێکە کە بەلای پرسیارکەرەوە نەزانراوە، دەشێ بە یەك لە ئامرازەکانی پرسیار پێشکەش بکرێ و دەشێ بەبێ ئامرازی پرسیاریش پێشکەش بکرێ، کە ئەمەی دووەم لە ڕێگەی سیاق و ئاوازی دەربڕینەوە دەناسرێتەوە.

مەبەستەکانی پرسیار

بۆ سێ مەبەست پرسیار دەکرێت، لە خوارەوە تیشکیان دەخەینە سەر، یەکەم و دووەمیان پرسیاری درووست بەرهەمدێنن و سێیەمیش پرسیاری خوازەیی بەرهەم دێنێت:

١ـ بۆ زانینی شتێکی نەزانراو.. بۆ نمونە کەسێك کە لە بارەی شۆڕشەکەی (شێخی پیران)ەوە هیچ نازانێ، دەیەوێت خۆی فێربکات، بۆیە دەپرسێت:

ـ ئەرێ شۆڕشکەی شێخی پیران کەی ڕوویداو؟ چۆن؟

ئەمە پرسیارێکی مێژووییەو وەڵامی دەوێت، چونکە وەکو گوتمان پرسارکەر وەڵامی نازانێ و بەدوایدا دەگەڕێت.

٢ـ بۆ دڵنیابوون لە زانیارییەك، کە پرسیارکەر شتێکی لێ دەزانێ، بەڵام زۆر لێی دڵنیا نییە، بۆیە دەیەوێت بە هۆی پرسیارەکەی، خۆی دڵنیا بکات، بۆ نمونە دەپرسێت:

ـ ئەرێ ئازاد قوتابییە؟ یان تەواو بووە؟

ئەم پرسیارە دیارە خاوەنەکەی شتێکی لە بارەوە دەزانێ، بەڵام لە ڕاستیەکەی دڵنیانییەو نازانێ کامەیان ڕاستە، قوتابییە، یان تەواوبووە؟ بۆیە بەم پرسیارەی خۆی دڵنیا دەکات.

هەردوو جۆری یەکەم و دووەم پرسیاری درووستن، چونکە بۆ وەرگرتنی زانیاری هاتوون.

٣ـ بۆ خستنەڕووی مەبەستێکی تر، چونکە پرسیارکەر وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەزانێت، بەڵام بۆ ئەوە دەیکات، نەفی شتێك بکات، یان یەکێك وشیاربکاتەوە، یان سەرزەنشت و ئامۆژگاری یەکێك بکات، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر، لەو بارانەشدا پرسیارەکە لە واتای درووستی خۆی دەردەچێت و دەبێتە پرسیاری خوازەیی.

پرسیاری درووست

پرسیاری درووست دوو مەرجی هەیە، ئەوانیش:

١ـ پرسیارکەر مەبەستی فێربوون و دڵنیابوونی خۆی بێ لە پرسیارەکەی.

٢ـ پرسیارەکە وەڵامی بوویێت.

پرسیاری خوازەیی

هەندێ جار پرسیار دەشێ مەرجەکانی پرسیاری درووست لە دەست بدات، واتە: پرسیارکەر زانیاری هەبێت لە بارەی پرسیارلێکراوەو وەڵامی نەوێت، بەوەش کەواتە بۆ مەبەستێکی خوازەیی پرسیارەکەی دەکات، جا ئەو مەبەستە هەر چییەك بێت، چونکە مەبەستە خوازەییەکان زیاترن لە یەکێك، زانایان هەیە حەوت و هەشت و هەیشە بیست مەبەستی خوازەیی بۆ پرسیار دەستنیشانکردووە، لای ئەم شاعیرانە لە خوارەوە نۆزدە مەبەستی خوازەیی پرسیار بەدیکراون:

١ـ پرسیار بۆ گەورەگرتن

بەسیرێ ڕۆژی ئەووەل کردەوەی ئاخر شەوی دیبێ

چلۆن وەسفی دەنووسێ بۆم ئەگەر بینایی چاوانم... حەمدی

چلۆن وەسفی دەنووسێ؟ پرسیاری خوازەییەو وەڵامی ناوێ.. واتە: خوایێکی بینەر لە ئەزەلەوە کردەوەی شەوانی دوایی دیبێ، خاوەنی ئەو دەسەڵاتە زۆر فراوانەی بینین بێت، لە ڕاستیدا هێندە گەورەو بەدەسەڵاتە، قەڵەمی من ناتوانێ وەصفی بنووسێت! ئەمەش بۆ بە گەورە پیشاندانی دەسەڵاتی خودای گەورەیە.

٢ـ بۆ گەیاندنی خەبەرێك

ئەرێ دەزانن: بوومەلەزەیەك لە هەندێ ناوچەی ئێرانی داوە؟

ئەم پرسیارە خوازەییە، چونکە وەڵامی ناوێ، مەبەستی گەیاندنی ئەو هەواڵەیە، کە دەڵێ: بوومەلەزەیەك لە هەندێ ناوچەی ئێرانی داوە!

٣ـ بۆ ڕەتکردنەوە

بە گوێی هەمرازی تۆدا ئاشنا نابێ فیغانی من

لە برسی قەت ئەپرسێ ئەو کەسەی تێری تەعاماتە؟... حەمدی

(لە برسی قەت ئەپرسێ ئەو کەسەی تێری تەعاماتە)؟ ئەم پرسیارە خوازەییە، چونکە وەڵامی ناوێ، مەبەستی ئەوەیە بڵێ: کەسی تێر قەت لە برسی ناپرسێت.

٤ـ بۆ شانازی

لە نقووشی غەزەلم چین و خەتا داماون

کێ دەڵێ ئەمتیعەیی کوردە کەڵاش و کەپەنەك... حاجی قادری کۆیی

(کێ دەڵێ ئەمتیعەیی کوردە کەڵاش و کەپەنەك)؟ پرسیاری خوازەییە، چونکە وەڵامی ناوێ، بۆ مەبەستی شانازی خراوەتە ڕوو، واتە: کەڵاش و کەپەنەکی کورد هێندە چاك و گرنگن، خەڵك ناڵێن ئەوانە کورد درووستی کردوون.

٥ـ بۆ خۆزی

کوانێ فاروقی نەژادێ ئیرسی خۆی بێنێتە جێ

تا لە چنگ بووجەهلی دەرکا دین و دیناری وەتەن... حەمدی

ئەم دێڕە هەمووی پرسیارێکی لەخۆ گرتووە، بەڵام ئەم پرسیارە پرسیارێکی خوازەییە، چونکە وەڵامی ناوێت، مەبەست لێی دەربڕینی خۆزگەیە، واتە: خۆزگە فاروقی نەژادێ دەهات و دین و دیناری وەتەنی لە چنگ ئەبوجەهلەکان دەرباز دەکرد!

٦ـ بۆ نەهێشتن و ڕێگری کردن

خوای گەورە لە بارەی عەرەقەوە، بە شێوازی پرسیار ڕوو لە ئیمانداران دەکات، پێیان دەفەرمووێت: ((جا ئایا ئێوە واز دێنن))؟!

ئەم پرسیارە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام نییە، بەڵکو بۆ حەرامکردن و نەهێشتنی خواردنەوەی عەرەقە؟! چونکە ئەگەر خودا پرسی: (جا ئایا ئێوە واز دێنن)؟! کەس هەیە ئیماندار بێت و بڵێ: نەخێر من واز ناهێنم؟! بێگومان: نەخێر.. هەمووی دەڵێ: بەڵێ من واز دێنم!!

٧ـ بۆ گلەییکردن

خۆزگە بەو ڕۆژە لە دەرگاکەت بە شەق دڵ دەرکرا

فەزڵی ئەربابی حەمییەت بۆ بەسەر خەڵکا درا... حەمدی

(فەزڵی ئەربابی حەمییەت بۆ بەسەر خەڵکا درا)، پرسیاری خوازەییە، چونکە وەڵامی ناوێ، مەبەستی ئەوەیە: گلەیی بێ لێت: چونکە نەدەبوو فەزلی ئەربابی حەمییەت بەسەر خەڵکا بدرێت؟!

٨ـ بۆ پیشاندانی بێئومێدی

خاکسارێکی وەکو من چۆن دەگاتە قاپییێ؟

بۆ جەلال و شەوکەتە حەڵقەی لە گوێچکەی قەیسەرا؟... حەمدی

پرسیاری خوازەییە، بۆ پیشاندانی بێئومێدییە، واتە: ئاخ! خاکسارێکی وەکو من قەت ناگاتە قاپییێکی وەها بە شانو شەوکەت!

٩ـ بۆ پیشاندانی داخ و پەژارە (التحسر)

کوا والیی سەنەندوج بەگزادەیی ڕواندوز

کوا حاکمانی بابان میری جزیر و بۆتان... حاجی قادری کۆیی

پرسیاری خوازەییە، بۆ دەربڕینی داخ و پەژارەیە، واتە: بەداخەوە ئەم والی و حاکمانەمان هیچیان نەمان و بە نەمانیان شکۆ و دەسەڵاتمان نەمان!

١٠ـ بۆ ئامۆژگاریکردن

ئەتۆ مەصنوعی چیت داوە لە صانیع

لە زانینی ئەوە نادانە دانا... حاجی قادری کۆیی

ئەمە پرسیاری خوازەییە، مەبەستی ئامۆژگاری کردنە، واتە: تۆ مەخلوقی تەماشای مەخلوقان بکە و لەوان بکۆڵەوە، ئەگەر دەتەوێت لە گەورەیی خودا بگەی، دەنا واز بێنە لەوەی پەنا بە خوا پرسیار بخەیتە سەر خودا، چونکە چی دانایە، لە بەرامبەر لێکۆڵینەوەی وەهادا نەزانەو شکست دەخوات.

١١ـ بۆ بەزەییپێداهاتنەوە

سەرتان لە قوڕ هەلێنن، ئەحواڵمان ببینن

چۆنین لە دەستی زوڵمی بێ دینی دوور لە ئیمان... حاجی قادری کۆیی

ئەم دێڕە هەمووی پەیوەندی پێکەوە هەیەو فرمان و پرسیاریشی لەخۆ گرتووە، پرسیارەکە پرسیارێکی خوازەییە، چونکە وەڵامی ناوێت، مەبەست لێی سەرنجڕاکێشانی جەماوەرە بۆ ئەوەی بەزەییان بە حاڵی قسەکەر و نەتەوەکەیدا بێتەوە، بەم پرسیارە دەڵێت: ئای کە حاڵمان زۆر خراپە لە دەستی زاڵمی بێ دین و بێ ئیمان.

١٢ـ بۆ تەحەددا کردن

کام حەدیس و ئایەتی موعجیز نوما

هاتووە بۆ ڕەغبەتی ڕەقس و سەما... حاجی قادری کۆیی

ئەم دێڕە وەکو پرسیار هاتووە، بەڵام مەبەستی پرسیار نییەو وەڵامی ناوێت، بەڵکو مەبەستی تەحەدداکردنەو دەیەوێ بڵێت: ئەی شێخ و دەروێشانی ڕیا، من تەحەدداتان دەکەم تەنیا یەك ئایەت و حەدیسی پڕ لە موعجیزەو هێز بۆ پشتگیری ئەو ڕەقس و سەمایەی ئێوە هاتبێت!!

جوانی پرسیاری خوازەیی

ئەو مەبەستەی بە پرسیاری خوازەیی دەخرێتە ڕوو، بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت، لەو مەبەستەی لە باری ئاساییدا بە خەبەرێکی درووست، یان نەهێشتنێکی درووست دەخرێتە ڕوو. بۆ نمونە:

ئەگەر بڵێیت: ـ ئەمە پیاو نییە.

یان بڵێیت: کەی ئەمە پیاوە؟

ئەم دوو ڕستانە هەردووکیان یەك واتایان هەیە، یەکەمیان شێوازەکەی خەبەرییەو دووەمیان شێوازەکەی پرسیارە، دەبینین شێوازە پرسیارەکە کاریگەری زۆرترە، لە شێوازە خەبەرییە درووستەکە، ئەگەرچی هەردووکیشیان یەك پەیام دەگەینن.

تێبینی

هەر پرسیارێکی خوازەیی دەشێ بۆ زیاتر لە مەبەستێك هاتبێت، واتە: لە یەك کاتدا بۆ (ئامۆژگاری) و بۆ (نەفی)یش هاتبێت، بۆ (خەبەر) و بۆ (ترساندن)یش هاتبێت، ئەوەش ئاساییە دەوڵەمەندی مەبەستی قسەکەر پیشان دەدات، بۆ نمونە:

کامە لوقمان کەوتە چنگی پیری دەستی با نەدا

کامە ڕۆستەم تووشی بوو، نەیخست و دەستی پێ نەبەست...  حاجی قادری کۆیی

ئەمە پرسیاری خوازەییە، دەشێ بۆ یەك لەو مەبەستانە هاتبێت:

أـ دەشێ بۆ مەبەستی ئامۆژگاریکردن هاتبێت، واتە: ئاگاداربن پیری کەس ناپارێزێ و هەمووان وەکو یەك پەك دەخات، ئیتر تا گەنجن کاری خۆتان بکەن.

ب ـ دەشێ بۆ پیشاندانی لاوازی هاتبێت، واتە: ئاخ پیری، خۆ ئەگەر لوقمان و ڕۆستەمیش بین، توشمان بی دەمانشکێنێ و لە زەویمان دەدەی!

***

چوار: خۆزی (التمنی)

یەکێکی دیکەیە لە پێنج بەشەکانی دارشتنی داخوازی، لە ئاخاوتن و لە ئەدەبیاتیشدا قسەکەر گەلێ جار پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبات: خۆزگەی بە ئەنجام گەیشتنی شتێکە لە شتەکان، کە لە دەست چووەو وەدی نایێ!!

بۆ نمونە:

خۆزگە دەمزانی تۆ بۆ

وا خۆت دەکەی ڕەنجەڕۆ؟!

داوای زانینی هۆی خۆ ڕەنجەڕۆکۆدنەکە لە بەرامبەر بە خۆزگە دەزانێ، بەڵام وەڵامی دەستناکەوێتەوەو بە داخ و مەینەت بۆی دەمێنێتەوە.

شێوازەکانی خۆزی

خۆزی دوو شێوازی هەیە، ئەوانیش بە ڕەچاوکردنی ئامرازی خۆزی دەستنیشاندەکرێن، شێوازێکیان بە ئامرازەو شێوازێکیش بەبێ ئامرازە.

١ـ خۆزی بە ئامراز

ئەم شێوازەی خۆزی بە هۆی ئامرازەکەی دەناسرێتەوە، ئەو ئامرازانە لە هەر زمانێکدا چەندانێکن، لای کوردیش بە هەمان شێوە بە گوێرەی زار و شێوە زارەکان ژمارەییێکن، لەوانە:

أـ خۆزگە .. خۆزگە باشم بخوێندبووایە!

ب ـ کاشکێ.. کاشکێ ئەویش وەکو من با!

ج ـ بریا باوکم بمابووایە!

٢ـ خۆزی بەبێ ئامراز

ئەم شێوازەی خۆزی بە هۆی شێوازی دەربڕینەکەی دەناسرێتەوە، کە دەربڕینەکەی چ پەیامێکی هەڵگرتووەو گوزارشت لە چی دەکات.. بۆ نمونە:

هەر نەبوومایە بە دەردی عەشقی یاری موبتەلا

جا دەبووم قیڕووسیا ڕۆژێ دووچاری سەد بەڵا... حەمدی

واتە: دە خۆزگا نەبوومایە، بە دەردی عیشقێ موبتەلا، جا قیڕووسییا با هەر ڕۆژەی دووچاری سەد بەڵای دیکە ببوومایە.

## خۆزی درووست و خۆزی خوازەیی

### خۆزی درووست

خۆزی درووست دەبێ بۆ شتی لە دەست چوو بێ، کە ئیتر وەدی نایێت و هەمیشە جێی داخ و خەمخواردنە، بۆ نمونە:

ـ خۆزگە دایکم بمابووایە؟!

ـ خۆزگە باوەگەورەم دەوڵەتێکی کوردی درووستبکردبووایە؟!

ـ خۆزگە کوردستان لە سەر دەریا بووایە؟!

هەموو ئەو نمونانە خۆزی درووستن، چونکە لە دەست چوونەو ئیتر وەدی نایێن.

### خۆزی خوازەیی

هەر کاتێك خۆزی بۆ شتێك بوو، کە ئاسان بوو لە ئایندەدا وەدی بێ و بە خەمی هەمیشەیی نەمێنێتەوە، ئەوە بۆ مەبەستی ترەو دەبێتە خۆزییەکی خوازەیی.. ئەوەش جۆری زۆرە، لەوانە:

١ـ بۆ پیشاندانی نەبوونی.. بۆ نمونە: خۆزگە پارەم دەبوو!!

واتە: ئەگەر پارەم هەبووایە، دڵنیابە بە قەرزم پێ دەدای، بەڵام پارەم نییە.

٢ـ بۆ ڕەتکردنەوەی واقیع.. بۆ نمونە: خۆزگە دەستەکانم کەلەبچە نەدەبوون!!

واتە: ئەگەر دەستەکانم کراوەبوونایە، ئێستاکە ئەم واقیعەم دەگۆڕی و نەمدەهێشت ئاوام لێ بکەیت.

٣ـ بۆ گەیاندنی هەواڵ.. بۆ نمونە: خۆزگە ئێستاکە میوانمان دەهات!!

٤ـ بۆ ناشیرینکردن.. بۆ نمونە:

ـ خۆزگە منداڵی وەکو تۆم هەر نەبووایە!!

واتە: هێندە خراپی، نەبوونت باشتربوو، لە بوون.

٥ـ بۆ دوعا کردن.. بۆ نمونە:

ـ خۆزگە کەسی خراپ وەکو هەنگ بووایە

هەرکە پێی وەدا خۆی بمردبووایە!!

واتە: یاخوا هەرکە کەسی خراپ خراپەیکی کرد، بەسەر خۆیدا بشکێتەوە!!

پێنج: بانگکردن (نیدا)

بانگکردن داوای بانگکەرە لە بانگکراو بۆ ئەوەی وشیاربێتەوەو بەرەو ئەو پەیامە بچێ، کە بانگەکە لە خۆوەی دەگرێت، یانیش بۆ ئەوەی وشیاربێتەوەو لە شوێنی خۆی بە دڵ ڕووبکاتە بانگکەر و بە گوێیەکانی خۆی گوێڕایەڵی بۆ بکات، ئەمەش دەشێ بە ئامرازەوە ئەنجامبدرێ و دەشێ بەبێ ئامرازیشەوە ئەنجامبدرێ.

شێوازەکانی بانگکردن

بانگکردن دوو شێوازی هەیە، یەکیان بە هۆی ئامرازەکانی بانگکردنەو ئەوی دیکەیان بە بێ ئامرازەکانی بانگکردن.

یەکەم: بانگکردنی بە ئامراز

ڕاست وایە بانگکردن بە هۆی یەك لە ئامرازەکانی تایبەت بە بانگکردن ئەنجامبدرێت، ئەو ئامرازانەش ژمارەییێکن، وەکو (ئەی، ـە، ینە، ێ، هۆ هۆ، ئەی ...هتد).. لەوانە ئەوەی لەم دیوانانەدا هاتوون:

١ ـ ئەی

هەموو عومرم لە ڕێی هات و نەهاتی

بەسەرچوو ئەی ئەجەل هەر تۆ نەهاتی... حاجی قادری کۆیی

٢ـ ــە

خەڵکە گوێبگرن لە فەریادی پەرێشانی دەخیل

دەستی عیبرەت زوو بەرن بگرن بە دامانی دەخیل... حەمدی

٣ـ ینە

ناوی خەڵکی بۆ بەرم شوبهی گەلێکم پێ وتوون

خوێندەوارینە بتاشن شوبهی باقیکەی لە دار... حەمدی

٤ـ (یا)ی عەرەبی

یا موحەممەد ڕووڕەشی دەرگانەکەی تۆم، تۆبەبێ

هەرچی هەم، بێشك سەگی ئاستانەکەی تۆم، تۆبەبێ... حەمدی

دووەم: بانگکردنی بەبێ ئامراز

ئەو بانگکردنەیە، کە بەبێ ئامراز مەبەستی بانگکردن وەدیدێنێ، کە ئەمە لە سیاق و ئاوازی دەربڕینەکە دەردەکەوێ، کە ئایا بانگکردنە، یان نا.. بۆ نمونە:

مەڵێ غەم گەورەیە یا گریە وردە

ئەمە گەرداوە ئەویان ئاوە گردە... حاجی قادری کۆیی

لەم نمونەیەدا دەبینین چ ئامرازێکی بانگکردن نەهاتووە، هێندە هەیە بە گۆڕانی پەردەو ئاوازی دەنگەوە، بانگەکە دەردەکەوێ.

جاری وەهاش هەیە بە دووبارەکردنەوەی هەمان ناو بانگکردنەکە بەجێدێت، بۆ نمونە: ـ ئازاد ئازاد!!

ئەمە بۆ کەسێك کە خۆی مەبەست بێت و ناسراو بێت، بەڵام ئەگەر بانگی یەکێك کرا، لەبەر ئەوەی خەریکبوو سەیارەیەك لێی ئەداو ئەو بێئاگابوو، بۆ ئەوەی بانگکەر وشیاری بکاتەوەو لەو مەترسییە ڕزگاری بکات، کە دەشێ ناوی کەسەکە بزانێ، یان نەزانێ، بەڵام ئەو

هەر ڕووی دەمی دەکاتە کەسەکەو ناوی سەیارەکە دووبارە دەکاتەوە، دەڵێت: ـ سەیارەیە سەیارە؟!

لە هەردوو ئەم بارانەشدا لە باری ئاساییدا بانگکراو تێدەگات و وەڵامی بانگکەر دەداتەوە.

## بانگکردنی درووست و بانگکردنی خوازەیی

### بانگکردنی درووست

لەم جۆرەیاندا دەبێ بانگکردنەکە چەند مەبەستێك وەدی بێنێ:

١ـ بانگکردنەکە بۆ مەبەستی وشیارکردنەوەی بانگکراو بێت.

٢ـ بانگکراو دەبێ ئاقڵ بێت و ئادەمیزاد بێت، چونکە ئەگەر ئادەمیزاد نەبێت، یان ئاقڵ نەبێت، ئەوا بانگکردنەکە ئەرکی خۆی بەجێ ناهێنێت.

٣ـ بانگکراو دەبێت کەسێك، یان چەند کەسێك بێت، لە نزیکی بانگکەر بن و دەنگیان بگاتە یەك، نەك بە پێچەوانەوە ڕووی بانگەکە لە خەڵکێکی دوور، یان مەعنەوی، یان لە خودی خۆ بێت.

٤ـ لە بانگکراودا پابەندی درووست بکات.

### بانگکردنی خوازەیی

ئەمەیان ئەو کاتە بەرهەم دێت، کە بانگکردنەکە لە یەك، یان هەر چوار مەبەستەکانی بانگکردنی درووست لایدابێت و ئەدای گەیاندنی مەبەستێکی دیکە بکات.

### مەبەستە خوازەییەکانی بانگکردن

لە ئەدەبیاتدا جوانی بانگکردن لەو جۆرە دایە، کە بە بانگکردنی خوازەیی دەژمێردرێت، چونکە بانگکەر کەس بۆ لای خۆی بانگناکات و نایەوێ بانگکراو بۆ لای ئەو بچێ، بەڵکو

مەبەستیەتی هەندێ واتای دیکە بەو بانگکردنە بچەسپێنێ، ئەو واتایانەش لای هەندێ ڕەوانبێژ سێنە، لای هەندێکی دیکە پێنجن، لای هەندێکی دیکە شەش و لای هەندێکی دیکەش حەوتن.. لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەندێ لەو مەبەستە خوازەییانەی بانگکردن:

١ـ دەربڕینی داخ و پەژارە

ئەی پشیلەی قوڕبەسەر گۆڕ هەڵتەکێنە وای لە کوێ

وا تلی لیلی دەکەن مشکان لەسەر بانی عەمار... حەمدی

لێرەدا بانگکراو پشیلەیە، ئەوەش کەواتە ناتوانێ وەڵامی بانگکەر بداتەوەو بەدەمیەوە بچێ، بەوەشە ئەم بانگکردنە لە مەبەستی بانگکردنی درووست دەترازێ و مەبەستێکی دیکەی خوازەیی بەرهەمدێنێت، کە ئەویش دەربڕینی داخ و پەژارەیە بۆ نەمانی پشیلە، ئەمەش لە بارێکدا ئەگەر پشیلەو مشکەکان بۆ واتای درووست هاتبن، بەڵام ئەگەر بۆ واتای خوازەیی هاتبن، کە ئەمەیان جوانتر و لەجێتره، ئەوا واتە: بەداخەوە کە خاوەن ماڵ نەما، ئەوساکە دوژمنانی خۆش دەبن، بە ماڵەکەیدا بڵاودەبنەوە، لەسەر میرات و جێماوەکانی هەلیکسە دەکەن.

٢ـ شانازی

ئەی وەتەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە

ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە... حەمدی

لێرەدا ڕووی بانگکەر لە وەتەنە، وەتەنیش بێگیانەو ئاقڵ نییە، کەوابێ سیفەتی بانگکردنی درووستی لە دەست داوەو بانگکردنێکی خوازەییە، بۆ مەبەستی شانازی هاتووە، واتە: ئەی وەتەن تۆ زۆر بەرز و پڕ لە خێراتی، بۆیە هەمووان چاویان تێبڕیوی و لای نەتەوەکەی خۆشت جێی شانازییی.

٣ـ سەرزەنشتکردن

تێبگەن خەڵکینە توخودا بەس ئیتر تەفرە بخۆن

ئەجنەبی بۆ نەفعی خۆیانە دەکەن دایم حییەل... حەمدی

ڕووی بانگکەر لەم دێڕە لە خەڵکە بە گشتی، ئەوەش ئاسان نییە، خەڵك بە گشتی بەرەو بانگێك بێن، چونکە کات و شوێنی بانگکەر و بانگکراوەکانیش دیارنییە، نازانرێ کەی بانگەکە ئاراستەکراوەو کەی بانگکراوەکان بیستوویانە، ئەوەش کەوابێ بانگکردنێکی خوازەییە، مەبەست لێی سەرزەنشتکردنی خەڵکە، چونکە هێشتا لەوە نەگەیشتوونە، کە دوژمنی داگیرکەر و بێگانە بە وڵاتەکەیان چی بۆیان دەوێت؟! واتە مەبەستیەتی پێیان بڵێ: خەڵکینە زۆر عەیبە بۆتان تا ئێستا تێناگەن دوژمنی بێگانەو داگیرکەر بۆچی ئەم هەموو فێڵ و حیلەیەتان لەگەڵ دەکەن؟!

٤ـ بۆ گوزارشتکردن لە ئێش و ئازار

وای نەنەی پۆلیسی تورك و یومە یومە عارەبی

بۆ قەوان هەڵناکەوێ جارێکی تر بەم نەوعە هەل... حەمدی

لە نیوە دێڕی دووەم (وای نەنە)ی پۆلیسی تورك، بانگی پۆلیسی تورکە لە (نەنە)ی، (یومە یوومە)ی عەسکەری عەرەب، بانگی عەسکەری عەرەبە لە دایکی، ئەمە لەو بارەدا کە تێکشکاون و ئاگر و ئاسنیان بەسەردا دەبارێت و لە بارێکی دەروونی و لاشەیی تا بڵێی زەحمەت و پڕ ئازار و ترسناکدا دەژین، ئەوەش بۆ ئەوە نییە، دایك و نەنەیان بە هانایانەوە بێن، چونکە ئاشکرایە دەنگیان ناگاتە دایك و نەنەکانیان، ئەوەش کەوابێ بانگکردنێکی خوازەییە، نەك بانگکردنی درووست، چونکە بۆ وشیاربوونەوەی دایەو نەنە نییەو بۆ ئەوە نییە بە دڵ، یان بە لاشە بەرەو ڕوویان بێن، بەڵکو ئەم بانگکردنە شێوازێکی دەربڕینی کاتی تەنگانەیەو گوزارشت لەوە دەکات، لە بارێکی سەختدا کەوتووینەو ئەو ڕۆژی تێبچین لەوانەیە ئەمڕۆ بێت.

٥ـ بۆ ترساندن

جەبری نەفسی پێ دەوێ خەڵکینە کەسری ئیعتیبار

ئیعتیبار و نەفس ئەکەن لەم باسە چونکە ئینکیسار... حەمدی

ڕووی بانگکەر لەم دێڕەشدا دیسانەوە لە خەڵکە بە گشتی، ئەوەش وەکو گوتمان ئاسان نییە، خەڵك بە گشتی بەرەو بانگێك بێن، چونکە کات و شوێنی بانگکەر و بانگکراوەکانیش دیارنییە، نازانرێ کەی بانگەکە ئاراستەکراوەو کەی بانگکراوەکان بیستوویانە، ئەوەش کەوابێ بانگکردنێکی خوازەییە، مەبەست لێی ترساندنی خەڵکە، تا وشیاربینەوەو هەست بە ترسناکی شکاندنی پلوپایەی یەکتری بکەن.

٦ـ بۆ دەربڕینی خۆزی

کە شەیتان تاقی میحرابی برۆی تۆی دی گوتی: یا ڕەب

لە سەجدەی حەزرەتی ئادەم سەری خۆم بۆچی باداوە؟!... حاجی قادری کۆیی

واتە: شەیتان دەڵێ: خودایە.. خۆزگە لە سەجدەی حەزرەتی ئادەم سەری خۆم بانەدابووایە!

***

## باسی سێیەم: تایبەتی

لە عەرەبیدا (القصر)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە تەرخانکردنی شتێك بۆ شتێکی تر، بە شێوەییێکی دەربڕینی تایبەت، جا ئەم تەرخانکردنە لە ڕاستەقینەدا وەها بێت، یان وەها درووستکرابێت.. بۆ نمونە:

- ئەی بێ نەظیر و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری

بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا (بێ نەظیر و هەمتا) هەیە، لەگەڵ (بەرقەراری)، (بێ نەظیر و هەمتا) درکەیە لە (زاتی خودا) مەوصوفەو تایبەتدارە، (بەرقەراری) وەصفەو تایبەتە بۆ ئەو تایبەتدارەی پێشوو، کە زاتی خودای گەورە بوو، کەوابێ لێرەدا صیفەت تایبەت کراوە بۆ مەوصوف، ئەم صیفەتەش لە ڕاستەقینەدا هی خودایەو تایبەتە بە خودا، بۆیە چ گومان و دوو دڵییەك هەڵناگرێت و دەچێتە خانەی شایەتیدانێکی درووست و لەجێ و ڕاستەقینە.

### بنەڕەتەکانی تایبەتی

تایبەتی دوو بنەڕەتی هەیە، بریتینە لە: تایبەت (مقصور): ئەوەی کە بڕیاری بەسەردا دراوەو شتە چەسپاو و بنجییەکەیە، وەسفکراوەکەیە.. لەگەڵ تایبەتدار (مقصور علیە): ئەوەیە کە بە هۆیەوەی بڕیارەکە دراوە، سیفەتەو هەمیشە گۆڕاوە.. ئەم نمونانەی خوارەوە ئەم بنەڕەتانەمان جوانتر بۆ ڕوون دەکەنەوە:

+ ئەوە شاهەنشەهە بۆ عەبدو پاشا... موعەللەق خەیمەیی ئەفلاکی هەردا... حاجی قادری کۆیی

- (ئەو) کە (خودای گەورە)یە.. .. (تایبەتدار)ە (مقصور علیە)
- (شاهەنشەهی بۆ عەبدو پاشا).. (تایبەت)ە (مقصور)

+ کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن... پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن... حاجی قادری کۆیی

- (کوردی ئێمە) .. (تایبەتدار)ە (مقصور علیە)
- (نەزانی و پاشکەوت)ی .. (تایبەت)ە (مقصور)

جۆرو شێوازەکانی تایبەتی

هەروەکو لە پێناسەکەیشیدا هاتبوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تایبەتی دوو جۆر، یان دوو شێوازی هەیە، زانایان گوتووە: تایبەتی دوو جۆرەو سێیەمی نییە، یەکەمیان: قەصری سیفە لەسەر مەوسوف و دووەمیان: پێچەوانەی ئەمەیە، واتە: قەسری مەوصوف لەسەر سیفەت. مەبەستیش لە سیفەت هەواڵە نەك ئاوەڵناو، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەردوو جۆر و شێوازی تایبەتی و نمونەیان بۆ دێنینەوە:

١ـ تایبەتی سیفەت لەسەر مەوسوف

ـ بە خۆی شێرە وەکو ناوی لە شەڕدا دوشمن ئەندازە

تەمایان هەر بە ئەو ماوە جەمیعی خاکی کوردستان... حاجی قادری کۆیی

(تەمای جەمیعی خاکی کوردستان) لەم دێڕەدا (تایبەت)ەو (وەسف)ە، کورتکراوەتەوە لەسەر (ئەو)، کە بە هۆیەوەی بووەتە (تایبەتدار) و (مەوصوف). واتە: لێرەدا: سیفەت لەسەر مەوصوف کورتکراوەتەوە.

٢ـ تایبەتی مەوسوف لەسەر سیفەت

ـ سولەیمانێکە نالی خاوەنی دیوان و فرمانە

نییە کەس بێتە مەیدانی مەگەر حاجی خودئاسایە... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا (نالی) هاتووە، ئەمە (تایبەتدار)ە (مەوسوف)ە، (نییە کەس بێتە مەیدانی)شی (تایبەت)ەو (سیفەت)ی (نالی) دەخاتە ڕوو، ئەمەش تایبەتی درووستکراو و زیادکراوە، چونکە لە ڕووانگەی (حاجی)یەوە ئەمە ڕاستە، بەڵام مەرج نییە لە ڕووانگەی هەموو خەڵکییەوە ئەم ڕایەو ئەم تایبەتکردنەی ئێرە بۆ نالی ڕاست و وەرگیراو بێت. جگە لەوەش ئەمە تایبەتی مەوسوفە لەسەر سیفەت.

***

## تایبەتی درووست و تایبەتی زیادکراو (دراوەپاڵ)

تایبەتی یان لە ڕاستەقینەی خۆیدا درووستەو چ گومانێك هەڵناگرێ، یانیش لە بنجدا نییەو درووست نییەو دواتر درووست دەکرێ.. لە خوارەوە بە نمونەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

### ١ـ تایبەتی درووست

ئەو تایبەتییەیە، کە تایبەتەکەی درووستە بۆ تایبەتدارەکەی و بە خەیاڵ پێکەوەنەنراون، بەڵکو بەڵگە ئەقڵی و نەقلییەکان وەهای دەخوازن.. بۆ نمونە:

هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کارو باری عالەم

هەرچەندە بێ وەزیر و بێ صەدرو کاروباری... حاجی قادری کۆیی

(ئەمر مەداری) سیفەتە لەسەر (تۆ) کورتکراوەتەوە، کە مەوسوفەو مەبەست لێی خودای گەورەیە، تایبەتی ڕاستەقینەیە، چونکە بەڵگەی نەقلی و ئەقلی پاڵپشتی دەکەن و بە ڕاستی دەژمێرن.

ماڵی وێرانە ئەوانەی هەر خەریکی قەیسەرین

ئەو کەسانە قەیسەرن ماڵی توڕابینکەن عەمار... حەمدی

لەم دێڕەدا لە نیوەدێڕی یەکەمدا (ماڵی وێرانە) هەیە، لەگەڵ (ئەوانەی هەر خەریکی قەیسەرین)، ماڵی وێرانە (تایبەت)ە (ئەوانەی هەر خەریکی قەیسەرین)یش (تایبەتدار)ە، واتە: (ماڵی وێرانە) تایبەتکراوەو کورتکراوەتەوە لەسەر (ئەوانەی هەر خەریکی قەیسەرین). ئەم بیرە لە فیکری ئاینییەوە هاتووە، ئەوە دەگەینێت ئەوانەی هەر خەریکی دونیا و بازاڕ و کۆکردنەوەی ماڵ و سامانن بە هەق و بە ناهەق و بە هەموو شێوەیێك، کە ناڕەوایە، ئەوانە لە ئەنجامدا چ لە دونیاو چ لە دوامایی ماڵوێران دەبن و لە ڕیسواییدا دەمێننەوە، ئەم فیکرە وەکو گوتمان هەڵگۆزراوی ئاینەو بەڵگە نەقلی و لە دوای ئەوان ئەقلی و مێژوویی و واقیعیەکانیش شایەدی ڕاستیی بۆ دەدەن، بۆیە بە (تایبەتی ڕاستەقینە) دەزانرێت. ئەمەش تایبەتی سیفەتە لەسەر مەوسوف.

٢ـ تایبەتی دراوەپاڵ

ئەو تایبەتییەیە، کە تایبەتەکەی درووست نییە بۆ تایبەتدارەکەی و بە سۆز و خەیاڵ پێکەوەنراون، دەنا چ بەڵگەیێکی ئەقڵی و نەقلیی شایەدی وەهابوونی بۆ نادەن.. بۆ نمونە:

ـ کەس نەماوە بە غەیری کاك ئەحمەد

شەیخی مەعروف و عالیمی ئەرشەد... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا (کاك ئەحمەد) هەیە، (تایبەتدار)ە (مەوسوف)ە، (شەیخی مەعروف و عالیمی ئەرشەد)یش کە بە دوایدا هاتووە (تایبەت)ەو (سیفەت)ی (کاك ئەحمەد) دەخاتە ڕوو، ئەمەش کورتکراوەی سیفەتە لەسەر مەوسوف. تایبەتی درووستکراو و زیادکراوە، چونکە لە ڕووانگەی (حاجی)یەوە ئەمە ڕاستە، بەڵام مەرج نییە لە ڕووانگەی هەموو خەڵکییەوە ئەم ڕایەو ئەم قەصرکردنەی ئێرە بۆ (کاك ئەحمەد) ڕاست و وەرگیراو بێت.

ـ موو شکاف حەمدی گەدایانن ئەناسن خەڵك بە موو

دەوڵەمەند مووی ڕۆشن و سافە گەدا گرژ و گرووز... حەمدی

(موو شکاف) لە نیوەدێڕی یەکەمدا (تایبەت)ەو لەسەر (گەدایان) کورتکراوەتەوە، کە بە هۆیەوەی بووە بە (تایبەتدار)، ئەم تایبەتییەش ڕاستەقینە نییەو درووستکراوە، چونکە مەرج نییە هەر گەدایان (موو شکاف) بن، بەڵکو خەڵکی دیکەش ئاساییە (موو شکاف) بن، کە ئەمە واقیعەو هیچ بەڵگەیێکی ئەقڵی و نەقڵی و واقیعی و هیدیکە پشتگیری ئەوجۆرە تایبەتییە ناکەن،  بۆیە بەم جۆرەی تایبەتییە دەگوترێت (تایبەتی زیادکراو).

## تایبەتی مەرجدار و تایبەتی بێ مەرج

١ـ تایبەتی مەرجدار.. ئەو (تایبەتی)یەیە، کە بە مەرج درووست دەبێت و بەبێ ئەو مەرجە درووست نابێت.. بۆ نمونە:

ـ ڕۆشنایی گەر لە دڵتایە شەوە وادەی ویساڵ

بۆ عیبادەت خەڵوەییێکی موشکیل و ئاسانە شەو... حەمدی

لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەو دێڕەدا (شەو) هەیە لەگەڵ (وادەی ویساڵ)، (شەو) لێرەدا (تایبەتدار)ەو (وادەی ویساڵ)یش (تایبەت)ە، ئەم تایبەتە کە (وادەی ویساڵ)ە، کورتکراوەتەوە لەسەر (شەو) و بە هۆیەوەی (شەو) بووەتە (تایبەتدار)، بەمەش (تایبەتی) درووستبووە، بەڵام ئەم (تایبەتی)یە مەرجدارە، چونکە بۆ کەسێك ڕاستە ئەگەر (ڕۆشنایی لە دڵدا هەبێت)، وەکو نیوەدێڕەکە وەهای دەرخستووە، خۆ ئەگەر وەها نەبێت و ئەو مەرجە نەیەتە دێ، ئەوا دیارە (تایبەتی)یەکەش ڕاست دەرناچێت، بۆیە بەم جۆرەی (تایبەتی) دەڵێم: (تایبەتی مەرجدار)، کە لە ڕاستیدا لە کتێبەکانی پێشە خۆم ئەمەم نەبینیوە.

٢ـ تایبەتی بێ مەرج.. ئەو (تایبەتی)یەیە، کە بێ مەرج درووست دەبێت و وەکو هەواڵێك دەخرێتە ڕوو، وەکو زۆربەی (تایبەتی)یەکان لەم جۆرەن.. بۆ نمونە:

ـ پێی بەسەردا قەت مەنێن نامەرد بە عیزز و شانە ئەرز

خاکەکەی پاکی غوباری مەقدەمی جانانە ئەرز... حەمدی

(بە عیزز و شانە) لەم دێڕەدا، کە لە نیوەی یەکەمی هاتووە، (تایبەت)ە، (وەسف)ە، (ئەرز) کە بەدوایدا هاتووە، (تایبەتدار)ە، (مەوسوف)ە، دەبینین وەکو هەواڵێك ئەو (تایبەتی)یە بەرهەم هاتووەو چ مەرجێك نییە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو مەرجە (تایبەت) و (وەسف)ەکە خزمەتی (تایبەتدار)ەکە (مەوسوف)ەکەیان کردبێ.

ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی تایبەتی

١ـ ناکردن و جیاکردنەوە.. مەبەست لە ناکردن و جیاکردنەوە ئەوەیە، لە دەربڕیندا سەرەتا شتێك بە گشتی ڕەتبکرێتەوەو نابکرێت، دواتر شتێکی تایبەت لە نێو ئەو شتە گشتییە جیابکرێتەوەو سیفەتێکی دیکەی جیا لە حوکمە گشتییەکەی پێبدرێت.. لەم بارەدا تایبەتکراو

دەکەوێتە دوای ئامرازی جیاکردنەوەکە.. بۆ نموونە: ئازاد هیچ نییە، مامۆستا نەبێ. لە شیعریشدا هاتووە:

ـ ئەوی شاعیر نەبێ کۆرە وەجاغی

لە سایەی شیعرەکان بابی کوڕانم... حاجی قادری کۆیی

٢ـ بەکارهێنانی ئامرازەکانی (نا) و (بەڵکو).

٣ـ بەکارهێنانی (وەکو ئەزانین)، یان (تەنیا)، لێرەدا تایبەتکراو دەبێت بکەوێتە کۆتایی.

٤ـ دواخستنی ئەوەی هەقی خۆیەتی لە پێشەوە بێت، لێرەدا تایبەتکراو دەکەوێتە پێشەوە.

٥ـ بە ڕێگەی تەواوکردن.. بۆ نموونە:

هەر بە خوێنی دیدەکانی دامەنی گوڵگوڵ دەکا

مەیلی گوڵشەن بۆ دەکا، حەمدی ئیتر فەصڵی بەهار... حەمدی

(خوێن) لێرەدا بە (دیدەکان) تەواوکراوە، بۆ ئەوەی ئەوە دەربکەوێت، ئەو خۆێنەی دامەنی گوڵگوڵ دەکات، خوێنی دیدەکانیەتی، نەك خوێنی دەست و قاچ و شوێنانی دیکەی.. خوێن (تایبەتدار)ەو (مەوسوف)ە، (دیدەکان)یش (وەسف)ەو (تایبەت)ە، بەمەش تایبەتی درووست بووە.

٦ـ تایبەتکردن بە ئامرازەکانی: (غەیری، جگە، بێجگە، مەگەر...هیدیکە) بۆ نموونە:

لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی

ئەساسی نەزمی کوردیی دانەناوە... حاجی قادری کۆیی

٧ـ تایبەتکردن بە (هەر)ی وشەی نادیار، کە وەکو ئامرازێك هاتووە:

ـ هەر منم ئێستا واریسی عیسا

بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا... حاجی قادری کۆیی

***

## باسی چوارەم: کورتبڕی

عەرەب (أيجاز)ی پێدەڵێن.. لە ڕووی وشەییەوە کورتبڕی بە واتای کورتکردنەوە دێت، کە دەڵێن: فلان لە کورتی بڕییەوە.. مەبەست ئەوەیە: فلان قسەکانی خۆی کورتکردەوەو ئەنجامەکەی بە زوویی گەیاند..

لە ڕووی زاراوەییشەوە، هەر نزیکە لە واتا وشەییەکەی، لێرەدا مەبەست لە کورتبڕی ئەوەیە: بە وشەی کەم واتای زۆر بگەیەنرێت، بەو مەرجەی چ کەموکوڕییەك لە ئەدای قسەکانەوە نەبێ، تەفتازانی گوتوویەتی: کورتبڕی ئەوەیە وشە کەمتر بێت لە مەبەستی بنجی و واتاشی تەواو بێت.. ئەوەش دوو جۆری سەرەکیی هەیە، بریتینە لە: کورتبڕی بە لابردن (ايجاز حژف) و کورتبڕی کورتکردنەوە (ايجاز قصر).

یەکەم: کورتبڕی بە لابردن (ايجاز حذف)

ئەم جۆرەیە، کە بە لابردنی بەشێکی ئەو گوتەیە درووست دەبێت، کە بە هۆیەوەی گوزارشت لە واتای مەبەست دەکرێت، لەگەڵ بوونی ئەو قەرینەیەی ئاماژە بۆ ئەو لابراوە دەکات.. مەبەستیش لە قەرینە ئەو هۆکارەیە، کە ئەوە ئاشکرا دەکات، ئەم دێڕە، یان ئەو دەربڕینە شتێکی لابراوە، ئەوەش زیاتر لە جۆرێکی هەیە، یەك لەو جۆرانە (قەرینەی ڕێزمانی)یە، کە لێرەدا ڕێزمان ڕوونکەرەوەی دەربڕنە لابراوەکەیە، چونکە شتێکی حسێببۆکراو لابراوە، بۆ نمونە:

لەم حەبس و کەمەندە فیکری دەرچوون

مومکین نییە، من یەکم ئەوان دوون... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی دووەمی ئەم دێڕەدا وشەی (چونکە) لابراوە، دەنا ڕستەکە ڕستەییێکی لێکدراوە، دەبوو بەم شێوەیە بێ:

لەم حەبس و کەمەندە فیکری دەرچوون

مومکین نییە، چونکە من یەکم ئەوان دوون

قەرینەش لێرەدا ڕێزمانییە، ئەوەیە لە ڕستەی لێکدراودا، کە شاڕستەو پاڕستە هەنە، پاڕستە بە ئامرازێکی لێکدەر دەست پێدەکات، کە لە دێڕە شیعرەکە وەکو دەبینین لابراوە.

## چەند شێوەییێکی کورتبڕی بە لابردن

١ـ لابردنی پیت لە وشە

عادەتی گرتووە عوششاقی نەبێ هەڵناکا

وەرنە بۆ کوشتنیان نیمەنیگاهێکی بەسە... حاجی قادری کۆیی

(وەرنە) لە باری درووستدا (وە ئەگەرنا)یە، کورتکراوەتەوەو چەند پیتێکی لابراوە.

٢ـ لابردنی ڕاناوی لکاو

چۆنت کە ئەکرد کافری موتڵەق بە موسڵمان

بەو نەوعە موسڵمانە ئەکەن ئێستە بە کافر... حەمدی

ڕاناوی (ی)ی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، کە شوێنی (موسڵمان)ی ڕستەی دووەمی گرتۆتەوە، کە ئەو (ی)یە دەبوو بچێتە سەر بەشی یەکەمی فرمانی (ئەکەن) و ببێتە (ئەیکەن)، بەڵام ئەم (ی)یە لەبەر کێشی هۆنراوەکە لابراوەو کورتکراوەتەوە، واتاکەش وەکو خۆیەتی.

٣ـ لابردنی ئامرازی کۆ

ئەو وەکو ئێمە نین بە ئیدراکن

صاحێبی نوسخەیی گەلێ چاکن... حاجی قادری کۆیی

(ان)ی نیشانەی کۆ لەسەر ڕاناوی (ئەو) لابراوە، دەنا ئەمە بۆ کەسی سێیەمی کۆیە، دەبوو (ئەوان) بێ.

***

٤ـ لابردنی وشەی پرسی چۆن

چۆن زمانی خامە نەشکێ نەپچڕێ ڕشتەی خەیاڵ

کاسەیی پڕ مێشکی کەللە بۆ نەبێ یەکسەر بەتاڵ... حەمدی

(چۆن نەپچڕێ ڕشتەی خەیاڵ) ڕاستە، لە سەرەتای ئەم ڕستەیە لەبەر کێشی هۆنراوەکە، وشەی پرسی (چۆن) لابراوە.

٥ـ لابردنی فرمان

سەققی وەکو گەردوونە شکاففی وەکو ئەنجوم

پەردەی وەکو ئەدواری سەما ئەتڵەسی سەوزە... حاجی قادری کۆیی

(وەکو ئەنجومە) درووستە (ە)ی فرمانی ناتەواو لابراوە.

٦ـ لابردنی ئاوەڵفرمانی چۆنی

کە پیربووم تێگەیشتم دەستی گرتم.. لە کەسب و کار و تەحصیلی مەعانی... حاجی قادری کۆیی

واتە: کە پیربووم تێگەیشتم (چۆنی) دەستی گرتم.. (چۆن) ئاوەلفرمانی چۆنییەو لابراوە، واتاش وەکو خۆی ماوەتەوە.

٧ـ لابردنی ڕستە

ڕاستە دڵ خەستەوو بێچارە وەکو نەرگسی تۆ

نەرگسی مەستی ئەتۆ بەس نییە خوابێکی هەیە... حاجی قادری کۆیی

لە نیوەدێڕی دووەم ڕستەی (بەڵام دڵی خەستەی من ئەو خوابەیشی نییە) لابراوەو بە تەنیا ڕستەی (نەرگسی مەستی ئەتۆ بەس نییە خوابێکی هەیە) هێنراوە، چونکە: نەرگسی تۆ بەس نییە ئەوەی هەیە، واتا هی من ئەوەیشی نییە.

٨ـ لابردنی بکەر

نییە لە مومکینی ئیمکان خەتاو و سەهوی نەبێ

به غەیری خواجەیی دیوانی ﴿علم الأسما﴾... حاجی قادری کۆیی

واتە: (هیچ یەکێك نییە لە مومکینی ئیمکانا خەتاو سەهوی نەبێ)، (هیچ یەکێك بکەرەو لابراوە.

٩ـ لابردنی تەواوکراو (مەوسوف)

لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارە بارِی مەڕان

لە دەنگی قۆڕەیی گا جووت و بۆڕەیی مانگا... حاجی قادری کۆیی

خۆی لە حیلە حێلی (ئەسپی کەحێل)ە، ئەسپ مەوسوفەو کەحێل سیفەی تەواوکەریەتی، کەچی مەوسوف لابراوەو بە تەنیا سیفە تەواوکەرەکەی وەکو سیفەتێکی ڕوونکەرەوە بۆی ماوەتەوە، وایلێهاتووە سیفەت ئەرکە ڕێزمانیەکەی مەوسوفیشی پڕکردۆتەوە.

١٠ـ لابردنی تەواوکەری ناوی

هەر سێ کوڕی کردییانە مەسکەن

ئەو جێ و مەکانە میسلی گوڵشەن... حاجی قادری کۆیی

درووستەکە: هەر سێ کوڕی (نوح) کردییانە مەسکەن، (نوح) ناوە تەواوکەری ناوەکەی پێشە خۆیەتی، لابراوە.

دووەم: کورتبڕی کورتکردنەوە (ایجاز قصر)

ئەمەیان ئاماژە (اشارە)یشی پێدەگوترێت.. ئەوەیە وشەی کەم واتای زۆر بگەینێ، یانیش دەربڕینە کورتەکان مانای زۆر لەخۆ بگرن، بێ ئەوەی هیچ وشەو لەتە وشەیەکیش بڕدرابن.. بۆ نمونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿الا له الخلق والأمر﴾.. دەبینین ئەم ئایەتە پیرۆزە بەم دوو وشەیەی ﴿خەلق و ئەمر﴾ە واتاییێکی زۆری لەخۆدا کۆکردۆتەوە، دەگێڕنەوە ئیبن و عومەر کە ئەمەی خوێندۆتەوە گوتوویەتی: ئیتر ئەو کەسەی شتێکی بۆ ماوەتەوە؟! با داوای بکات.

دەمێکە ئینتیزاری هاتنی دەورو زەمانێکم

لە دوونانم فەرقكا چونكە من موحتاجی نانێكم... حەمدی

(دوونان) وشەیێکە، بەڵام ئەم وشەیە ژمارەیێك خەڵکی نزم و خراپ و ناپەسندی لێکجیای لەژێردا کۆدەبێتەوە، وەکو: دز، درۆزن، دووڕوو، داوێن پیس، زمان پیس، ناتێگەیشتوو، هتد، شاعیر هەموو ئەوانەو زیتریشی لەژێر ئەم وشەیەدا کورتکردۆتەوە.

تێبینی:

دیارە هەندێ کەسی وەکو (ئیبنوقەییمی جۆزی) ئەم باسەی بە وەکو خوێی ئاخاوتن و دووڕرو گەوهەری شیعر و پەخشان داناوە، هەندێ نمونەی درکە (کینایە)یشی خستۆتە ژێر ئەو ناونیشانە، بەڵام بە ڕای ڕەوانبێژانی تر و بە ڕای منیش ئەگەر بێت و ئەم باسەی (کورتبڕی کورتکردنەوە)، یان (ئاماژە) بە هونەرێکی سەربەخۆ بژمێرین، ئەوا نابێ درکە (کینایە) بە (ئاماژە) دابنێین، چونکە لە لاییێك درکە باسێکی سەربەخۆیە، لەو لاشەوە ڕاستە هەموو درکەیێك (ئاماژە)یە، بەڵام هەموو (ئاماژە)یێك درکە نییە، چونکە درکە لە سنووری ڕستەدایەو ئاماژە لە سنووری تاکە وشەدایە. لەلاییێکی دیکەوە خۆ ئەگەر درکەمان خستە ژێر ئەو ناونیشانە، بەوە کەوابێ درکە دەبێ وەکو باسی سەربەخۆ نەمێنێت و لەژێر ئەم ناونیشانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەوەش بێگومان واقیعێك کە زانستەکانی ڕەوانبێژی دۆخیان پێوە گرتووە لەبار دەچێت و ئیتر بەم شێوەیە، دەشێ زۆرێکی باسەکانی تریش لە ناو هیدیکە بتوێنەوە.

جوانی کورتبڕی

١ـ بە دەربڕین و وشەی کورت و پوخت واتای زۆر و دەوڵەمەند پێشکەش دەکات.

٢ـ کارێکە پڕ لە داهێنانەو خەڵکی سادە بە سادەیی تێیدەگات و خەڵکی خوێندەواریش هەست دەکات، کە ئەم دەربڕینە کورتە واتاییێکی زۆر و جوانی هەڵگرتووە، ئەوەش ئەدەبی داهێنەر درووست دەکات.

***

## باسی هەشتەم: درێژبڕی

عەرەب (الأطناب)ی پێدەڵێن.. پێچەوانەی (کورتبڕی)یەبریتییە لەوەی وشە زیاتر بێت لە مەبەستی بنجی، ئەمەش لەبەر گەیاندنی سوودێك.. زانایانی نوێش بە شێوازی دیکە، هەر ئەوەیان گوتووە: بریتییە لە زیادی وشە لە واتا بۆ بەهێزکردن و جەختلەسەکردنەوەی.. بۆ نمونە:

مەغرووری بە دوو پارەوە پارت لە فیکر بێ

سالێکی تریش هەر هەیە بێ خاکت بەسەر سەر... حەمدی

لە نیوەدێڕی دووەمدا، (خاکت بە سەر)، واتای تەواوی گەیاندووە، (سەر)ی دوایی زیادەو هیچ لە واتای زیادنەکردووە، بەڵام واتای بەهێزو تۆختركردتۆتەوە، ئەوەش درێژبڕییە.

### چەند شێوازێکی درێژبڕی

یەکەم: حەشو

لە حەشوی عەرەبی هاتووە، عەرەب خۆیان (اعتراض) و (حشو)شی پێدەڵێن.. ئەوەیە کە قسەکەر بەر لە تەواوکردنی ئاخاوتنەکەی شتێکی تر دەڵێت، مەبەستە سەرەکییەکەی بەبێ ئەو شتەی ترەش وەدی دەهات.. دیارە لێرەدا ئەوەی گرنگ بێ، ئەوەیە: حەشوەکە دەشێ وشەییێك و یان زیاتر و یانیش ڕستەییێك بێت.. بۆ نمونە:

دڵ کە دەربەندی حەیاو و نەنگ و نام و عارییە

ئەو قصوری کردووە، دێ ئارەزووی نازی دەکا... حاجی قادری کۆیی

مەبەستی شاعیر گلەییکردنە لە دڵ، بەڵام هەر لە سەرەتای قسەکەیدا، دوای ئەوەی باس لە دڵەکەی دەکات، پەرچەڕستەییێك دێنێ، ئینجا دەگەڕێتەوە سەر باسی دڵکەی، لە ڕاستیشدا ئەم پەرچە ڕستەیە زیادە، چونکە مەبەستەکەی بەبێ ئەوەش هەر وەدی دەهات، ئەوەتا لە خوارەوە دەبینین:

ڕستەی مەبەست بریتی بووە لە: (دڵ قصوری کردووە، دێ ئارەزووی نازی دەکا).. ئەمەش واتای تەواوی گەیاندووە

پەرچە ڕستەکە بریتییە لە: (دڵ دەربەندی حەیاو و نەنگ و نام و عارییە).. ئەمەش زیادەیە و درێژبڕی بەرهەم هێناوە.

دووەم: ئیغال

جۆرێکی دیکەی درێژبڕییە.. بریتییە لەوەی هۆنراوە بە شتێك بە کۆتابێ، بەبێ ئەو شتەش واتا گەیشتبێ.. بەڵام ئەم شتە یان بۆ زیادە موبالەغەیە، یانیش بۆ زیادە جەختکردنەوەیە، لە درووستکردنی لێکچوواندندا.. لە شیعری ئەم دوو شاعیرانەش نمونەی ئەمجۆرانە بەرجەستەبوونە، بۆ نمونە:

١ـ بۆ زیادە جەختکردنەوە

تۆ دەزانی خۆ هەتیویت صەبر بێ (حاجی) نییە

بۆچی مەنعی لێ دەکەی گەووادی بێ دین، هەی تەرەس... حاجی قادری کۆیی

لە نیوەدێڕی دووەمدا (هەی تەرەس) بۆ زیادە موبالەغەیە لە ناشیرنکردن، دەنا کەسێك گەوادی بێ دین بێ، دیارە تەرەسیشە، ئیتر پێویست نەبوو، (هەی تەرەس) بێتەوە.

٢ـ بۆ وێناندنی حاڵەتەکە

بۆ تەماشای بەلەك و زەندی سپی و چاوی بەڵەك

نیشتووە لەم دەرە عاشق، وەکو حاجی لەك لەك... حاجی قادری کۆیی

لە نیوەدێڕی دووەم (وەکو حاجی لەك لەك) ئەگەر نەشهاتبووا، واتاکە گەیشتووە، بەڵام ئەمە بۆ وێناندنی حاڵەتەکەو بۆ درووستکردنی لێکچوواندنێك، کە واتاکە قووڵتر دەکاتەوە هێنراوەتەوە.

جوانی ئیغال

١ـ لە ڕووی کێش و سەرواوە دێڕەکە ڕێك و جوان دەکات.

٢ـ لە ڕووی واتاوە فراوانییەکی دیکە دەبەخشێت.

***

یەکەم: کتێبی زانستی بە زمانی کوردی

١ـ ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.

٢ـ ئیدریس عەبدوڵڵا و نووسەرانی تر، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

٣ـ عەبد ولکەریمی مودەڕیس، بەدیع و عەروزی نامی، (چ:١) بەغداد، ١٩٩١.

٤ـ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: جوانکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.

٥ـ عەزیز گەردی ،ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم: جوانکاری (چ:١) هەولێر ١٩٧٦.

٦ـ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، واتاناسی، ١٩٧٩ز.

٧ـ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٤٢٣هیجری، ٢٠٠٢زاینی.

٨ـ عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٨.

٩ـ عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٦.

١٠ـ عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، (چ:٢) بەغداد ١٩٧٣.

دووەم: کتێبی زانستی بە زمانی عەرەبی

١١ـ ابن عبدالله أحمد شعيب، بحوث منهجية في علوم البلاغة العربية، دار أبن حزم، بيروت ـ لبنان، الطبعة الأولى ١٤٢٩هـ.

١٢ـ ابي عبدالله محمد بن ابي بكر الرازي، روضة الفصاحة، تحقيق: د. خالد عبدالرؤف الجبر، ط.١، دار وائل للنشر، ٢٠٠٥م.

١٣ـ ابي عثمان عمرو بن محبوب الملقب بالجاحظ، رسائل الجاحظ (الرسائل الأدبية)، تقديم وتبويب: د. علي بوملحم، الطبعة الأخيرة، دار ومكتبة الهلال، بيروت — لبنان، ٢٠٠٤م، ص ٥٣.

١٤ـ الدكتور الأخضر جمعي، اللفظ والمعنى في التفكير النقدي والبلاغي عند العرب، اتحاد الكتاب العرب، دمشق — سوريا، ٢٠٠١م، ص ١٣٥.

١٥ـ د. أحمد مطلوب، معجم المصطلحات البلاغية وتطورها، الدار العربية للموسوعات، الطبعة الأولى، الجزء الثالث، الدار العربية للموسوعات، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٧هـ، ٢٠٠٦م.

١٦ـ د. احمد مطلوب، فنون بلاغية، (ط:١)، كويت ١٩٧٥.

١٧ـ د. أنعام فوال العكاوي، المعجم المفصل في علوم البلاغة، ص ١٤٧.. ئەویش لە: ابن قيم الجوزي.

١٨ـ د. محمود بن سعود بن عبدالعزيز الحليبي، الحركة الادبية في مجالس هارون الرشيد، المجلد الاول، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت — لبنان، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٨م، ص ٤٣٠.

١٩ـ د. داود سلوم و د. عمر الملا، نصوص النظرية البلاغية (في القرنين الثالث والرابع للهجرة)، مطبعة الأمة، بغداد، ١٣٩٧هـ.

٢٠ـ د. بن عيسى باطاهر، البلاغة العربية مقدمات وتطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، ليبيا، ٢٠٠٨م.

٢١ـ د. عبدالعزيز عتيق، علم المعاني، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان، دون سنة الطبع، ص ١٧٦.

٢٢ـ د. عيسى علي العاكوب، المفصل في علوم البلاغة العربية، ط.١، دار القلم للنشر والتوزيع والأعلان، ١٤١٧هـ، ١٩٩٩م.

٢٣ ـ د. منير سلطان، بديع التراكيب في شعر ابي تمام (٢- الجمل والاسلوب)، منشاة المعارف، اسكندرية — مصر، ٢٠٠٥م.

٢٤ـ سعدالدين التفتازاني، كتاب مختصر المعاني، تحقيق: محمد عثمان، ط.١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ١٤٣٠هـ.

٢٥ـ محمد طاهر اللاذقي، المبسط في علوم البلاغة، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ١٤٢٩هـ، ٢٠٠٨م، ص ١١٥.
٢٦ـ د. عبدالمتعال الصعيدي، بغية الأيضاح لتلخيص المفتاح في علوم البلاغة، مكتبة الأداب، قاهرة، ١٤١٢هـ، ص ١٢٠.
٢٧ـ الخوري بولس عواد، العقد البديع في فن البديع، ط.١، دار المواسم للطباعة والنشر، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٠م، ص ٢٠٤.
٢٨ـ لؤي الطيبي، الخلط والالتباس بين المقابلة والطباق، شبكة الفصيح لعلوم اللغة العربية، ٢٠٠٦/٨/١٢.
٢٩ـ محمود البستاني، القواعد البلاغية، (ط:١)، مشهد ١٤١٤هجريية.
٣٠ـ علي بن نايف الشحود، الخلاصة في علوم البلاغة، كتێبی ئەلیكترۆنی، ص ٢٥٦. (لە ئەنتەرنێتەوە)
٣١ـ د. شوقي ضيف، البلاغة تطور وتاريخ (ط:٣)، مصر ١٩٧٦.
٣٢ ـ الأمام العلوي، الطرازلأسرار البلاغة وعلوم حقائق الأعجاز، جـ٣.
٣٣ـ علي الجارم ومصطفيَ امين، البلاغة الواضحة، طبعة مصر ١٩٦٩.
٣٤ـ خطيب القزويني، الايضاح في علوم البلاغة طبعة ايران.
٣٥ـ د. عبدالقادر عبدالجليل، الأسلوبية وثلاثية الدوائر البلاغية، ط.١، عمان ـ اردن، دار صفاء للنشر والتوزيع، ١٤٢٢هـ.
سێیەم: ئەو دیوانانەی شیعریان لێ وەرگیراوە
٣٦ـ ئازاد دڵزار، حاجیلەكانی دەشتی هاموون، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣٧ـ ئەژی گۆران، نەبا غەریبێ جێت بگرێ، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٧٨.
٣٨ـ كاك ئەحمەدی موفتی زادە، مەولودنامە، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٩ـ ئەنوەر قادر محەمەد، زایەڵە، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی فەرهەنگی سوێد، ١٩٨٨.
٤٠ـ بەختیار زێوەر، دیوانی بەختیار زێوەر، كۆ: مەحمود زامدار، چاپی سێیەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٤١ـ پیرباڵ مەحمود، بزەی سروشت، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٥.
٤٢ـ جەمال گردەسۆری، فرمێسكی ئەوین، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٨.
٤٣ـ جەمال گردەسۆری، گڕی شاعیر، چاپخانەی حەوادیس، بەغداد، ١٩٨٩.
٤٤ـ جەلالەدین نەجمەدین، شنەی سۆز، چاپخانەی ژین، هەولێر، ١٤٢٣هـ، ٢٠٠٢.
٤٥ـ جەوهەر كرمانج، ڕەزو زریان و مۆمێكی تر، چ. شارەوانی هەولێر، ١٩٧٨.
٤٦ـ حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، بەرگی یەكەم.
٤٧ـ خدر كۆساری، بورکانی شیعر، هەولێر، ١٤١٨هی، ١٩٩٨ز.
٤٨ـ دڵزار، دیوانی دڵزار، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٤٩ـ سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چڵ ساڵە، ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥
٥٠ـ سەعدوڵڵا پەرۆش، كۆشی ئارام، چاپخانەی شیمال، كەركوك، ١٩٦٩.
٥١ـ سعاد سلێڤانەیی، سۆزما، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، سپیرێز، ٢٠٠٦.
٥٢ـ سوارەی ئیلخانی زادە، زەمزەمەی زوڵاڵ، كۆكردنەوەی: عەبدولخالق یەعقوبی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٥٣ـ شێركۆ بێكەس ، دیوانی شێركۆ بێكەس، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٥٤ـ عەبدولڕەحمان بێلاف، گوڵدانی فرمێسك، هەولێر، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.
٥٥ـ عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی كورد (چ:١) بەغداد.
٥٦ـ عەبدوڵڵا پەشێو، شەونامەی شاعیرێكی تێنوو، چاپی ئێران ١٩٧٢.

٥٧ـ عەبدوڵڵا پەشێو، شەونییە خەونتان پێوەنەبینم (چ:١) بەغداد ١٩٨٠
٥٨ـ عەبدوڵڵا پەشێو، دیوانی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو، چاپی یەکەم، سوێد، ٢٠٠٢.
٥٩ـ عەبدوڵڵا عەزیز خالید، دیوانی شیعری (دیلان)، (چ:١) بەغداد ١٩٨٧.
٦٠ـ کۆمەڵە شاعیر، خەزانی هەڵبجە، نەشری شاهێد، ١٣٦٨ی هەتاوی، ئێران.
٦١ـ گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغداد ١٩٨٠.
٦٢ـ گۆران، دیوانی گۆران، چاپخانەی دالاهو، تەهران، ١٣٨٦هەتاوی.
٦٣ـ مارف ئاغایی، زەوی سەخت و ئاسمان دوور، چ. شوعاع، تەورێز، ١٣٧٧ هـ.
٦٤ـ محەمەد حسێن بەرزنجی، تریفەو رێژاو، ئەم. گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چ. حەوادیس، بەغدا، ١٩٨٥.
٦٥ـ محەمەد ڕەسول هاوار، دیوانی (پیرەمیرد)، (چ:١) بەغداد ١٩٦٨.
٦٦ـ ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٦.
٦٧ـ ئەحمەدی کۆر، دیوانی شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر.
٦٨ـ ئەحمەد موختار جاف، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئا: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (چ:١) بەغداد، ١٩٨٦.
٦٩ـ ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، (چ:٢)، هەولێر، ١٩٨٤.
٧٠ـ ئەمین فەیزی، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد.
٧١ـ ئومێد ئاشناو عەبدولکەریم موفتی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، (چ:١) بەغداد ١٩٩٠.
٧٢ـ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، و: هەژار، چاپی پاریس، ١٩٨٩.
٧٣ـ سەید ئەحمەدی نەقیب، دیوانی سەید ئەحمەدی نەقیب، ئا: مەحمود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی (أرشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.
٧٤ـ ئومێد کاکەڕەش، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی سلێمانی، ١٩٩٩.
٧٥ـ ئومێد کاکەڕەش، دیوانی حیلمی، (چ:١) سلێمانی، ١٩٨٥.
٧٦ـ ئیبراهیمی ئەفخەمی، دیاری نوێ، بەبێ ناوی چاپخانەو ساڵ.
٧٧ـ بورهان قانیع، دیوانی قانیع، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٤.
٧٨ـ بێبەش، هەندێ لە پێنج خشتەکییەکانی بێبەش، (چ:١) هەولێر، ١٩٨٤.
٧٩ ـ دلزار، دیوانی دلزار، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٨٠ـ مەلا تاهیر مەلا مەعروف قورشاغلویی، دیوانی پاکی، ئا: د. ئیبراهیم تاهیر، هەولێر، ١٤٢٨هیجری، ٢٠٠٧ز.
٨١ـ جگەرخوێن، گۆڤاری (بیری نوێ)، ژ- ٢٣.
٨٢ـ حەسەنی دانیشفەر، شنەی لاجانێ، (چ:١) هەولێر، ١٩٩٩.
٨٣ـ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣ هەولێر .
٨٤ـ زیوەر، دیوانی زیوەر، بەشی یەکەم، (چ:١)، بەغداد، ١٩٥٨.
٨٥ـ سامی عەودال، دیوانی سامی عەودال، ساغکردنەوەی: د. کەمال مەعروف، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠.
٨٦ـ سەردار میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، (چ:١)، هەولێر، ١٩٨٦.
٨٧ـ سەردار میران، دیوانی نووری، (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٣.
٨٨ـ صادق بەهائەدین، ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد (چ:١) بەغداد، ١٩٨٠.
٨٩ـ صافی هیرانی، دیوانی صافی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، چاپی سێهەمین ١٩٧٣ز.

٩٠ـ عاصی، دیوانی عاصی، ئا: عەزیز گەردی، بڵاوكراوەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٨.
٩١ـ عەبدولرەحمان و ساڵح عەبدوڵڵا چروستانی، دیوانی چروستانی، (چ:١) سلێمانی ١٩٨٥.
٩٢ـ میرزا عەبدولرەحیمی سابڵاخی، دیوانی وەفایی، ئا: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی ئێران.
٩٣ـ عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی كورد (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٥.
٩٤ـ عەبدولكەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولكەریم، دیوانی نالی، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٠.
٩٥ـ عەبدلكەریمی مودەڕیس، دیوانی مەحوی، (چ:١) بەغداد، ١٩٧٧.
٩٦ـ د. عەلی شەریعەتی، یەك لەپەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە و:هەژار، (چ:١) ئێران.
٩٧ـ گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەكەم، بەغداد ١٩٨٠.
٩٨ـ مەجزوب، دیوانی مەجزوب، كۆكردنەوەی: حەكیمی مەلا صالح، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٩٩ـ مەلا مەعروفی كوكایی، چاپی مهاباد، ئێران، بێ ناوی چاپخانەو ساڵی چاپ.
١٠٠ـ محەمەد ڕەسول هاوار، دیوانی پیرەمێرد، (چ:١) بەغداد ١٩٦٨.
١٠١ـ د. محەمەد نووری عارف، تێكستی ئەدەبی كوردی، هۆنراوە بەشی دووەم بۆ ساڵی یەكەم، (چ:١) سلێمانی ١٩٨١.
١٠٢ـ محەمەدی مەلاكەریم، دیوانی بێخود، چاپی ئێران.
١٠٣ـ محەمەدی مەلاكەریم، دیوانی بێكەس، (چ:٣) بەغداد ١٩٨٦.
١٠٤ـ میرزا غەفور، دیوانی میرزا غەفور، ئا: د. عەبدوڵڵا ئاگرین، بێ ناوی شوێن و چاپخانەو ساڵی چاپ.
١٠٥ـ مینە جاف، دیوانی مینە جاف، كۆكردنەوەی: مستەفا نەریمان، چاپخانەی جاحز، بەغدا، ١٩٩٠.
١٠٦ـ ناصیح حەیدەری، دیوانی حەیدەری، ئا: شێروان حەیدەری، چ. زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٤٢٠هیجری، ٢٠٠٠ز.
١٠٧ـ هێدی (خالیدی حیسامی)، كاروانی خەیاڵ، (چ:١).
١٠٨ـ هێمنی موكریانی، تاریك و ڕوون، (چ:١).
١٠٩ـ هێمنی موكریانی، ناڵەی جودایی، بەغداد ١٩٧٩.
١١٠ـ هەژاری موكریانی، هەمبانە بۆرینە، بەرگی یەكەم (چ:١) ١٣٦٨ هەتاوی.

چوارەم: ڕۆژنامەو گۆڤارەكان

١١١ـ عەلی شێخانی، ڕۆژنامەی كوردستان ڕاپۆرت، ژ: ٣٤١، ٢٠٠٧/١١/٢٧.
١١٢ـ خورشیدە بابان، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٩٩).
١١٣ـ گۆڤاری سیخورمە، ژ: ٥٨، سلێمانی ١٩٩٩.

پێنجەم: ئەو شیعرانەی لە گۆرانییەكان وەرگیراون

١١٤ـ دێینەوە، كامەران مستەفا
١١٥ـ گۆرانی (ئەی محەممەد)ی هاشم ڕێكانی و قاسم گەڵاڵی، كە: ئەیاد محەمەد دەیڵێت.

شەشەم: هەندێ لەپەندی پێشینان و قسە نەستەقەكانی سەرزاری خەڵك لە هەولێر.

***

## پوختەی ژیانی زانستی نووسەر

ناو: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

ـ لەدایکبووی ٢٩ی ١١ی ١٩٧٠یە، لە گوندی (قازیخانە)ی سەر بە ناحیەی (قوشتەپە)ی پارێزگای هەولێر.

ـ ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ـ ١٩٧٧ چووەتە قوتابخانە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، ساڵی خوێندنی ١٩٨٩ـ ١٩٩٠ لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە.

ـ ساڵی خوێندنی ١٩٩٢ـ ١٩٩٣ لە خولی دوانزەی ئەو زانکۆیە، دەرچووی سێیەمی سەر ئاستی بەشەکەی و نۆیەمی سەر ئاستی کۆلیژەکەی بووە.

ـ لە ٢٣/١١/ ١٩٩٣ وەکو مامۆستا لە قوتابخانەی دواناوەندی میری سۆران لە قەزای سۆران دەستی بە کار کردووە.

ـ دوای چوار ساڵ مامۆستایەتی لە دواناوەندی میری سۆران لە سۆران و دواناوەندی دارەتووی کوڕان و ئامادەیی ڕزگاری کوڕان لە هەولێر، لە ١٩٩٧/١١/٢٩ ڕاژەی گوازراوەتەوە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣ـ ٢٠٠٤ لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆییەکان لە خوێندنی باڵا ماستەر وەرگیراوە، لە ٢٠٠٥/٩/١٥ گفتوگۆی نامەکەی کراوە، کە تایبەت بووە بە ڕێبازە ئەدەبییەکان و ناونیشانەکەی بریتی بووە لە: (قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی ـ ١٨٥١ـ ١٩٢١).

ـ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥ـ ٢٠٠٦ بووەتە (مامۆستای یاریدەدەر) لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

ـ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ـ٢٠٠٨ لە هەمان بەش و کۆلێژەکەی خۆی لە خوێندنی باڵا دکتۆرا وەرگیراوەو لە ٢٠١٠/٩/١٨ گفتوگۆی نامەکەی کراوە، کە ناونیشانەکەی بریتی بووە لە (لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی).

ـ مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ پلەی زانستی بەرزبووەتەوە بۆ (مامۆستا).

ـ ئێستاکە مامۆستای ماددەکانی (شێوازی ئەدەبی) و (گفتوگۆی زانستی)یە، لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

ـ خێزاندارەو سێ منداڵی هەیە بە ناوەکانی: ئازیز ـ ئەحمەد ـ مستەفا.

ـ لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٤ یەکەم بابەتی لە ڕۆژنامە بڵاوکردۆتەوە.

ـ دوای ئەوە ژمارەیەك بابەت و تێکست و لێکۆلینەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی لە گەلێ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: ڕۆژنامەکانی یەکگرتوو، ڕاپەڕین، خەبات، برایەتی، دەنگی میللەت، پاشکۆی ئەدەب و هونەری یەکگرتوو، پاشکۆی ئەدەب و هونەری برایەتی، ألّفق. هەروەها بابەتەکانی لە دوو توێی ژمارەییێك گۆڤاریش دەبینرێن، لەوانە: پەیامی ڕاستی، کاروان، ڕامان، نووسەری نوێ، گۆڤاری ئەکادیمی، ڕۆژنامەڤانی، ڕۆژنامەنووس، مێرگ، زماناسی، ڕۆشنبیری کوردستانی، پەیامی مامۆستا، ئاسۆی پەروەردەیی، ئاسۆی فۆلکلۆر، ئەهودا، ئەلحیوارِ، گولان، گۆڤاری ٢٣، جگەرگۆشەکان، هەنگ، مێرگی منداڵان، هێلانەی منداڵان، ئاسۆی منداڵان.

## ژمارەی کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی

ـ ژمارەی کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی، بریتینە لە: سی و چوار کتێب و چوار نامیلکەو دوو بیبلۆگرافیاو هەشت لێکۆلینەوەی ئەکادیمی.. ئەوانیش بەو شێوەیە:

ـ ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی وەکو کتێب چاپکراون: ٢١ کتێب

ـ ئەو لێکۆلینەوە ئەکادیمییانەی لە گۆڤارە زانستییەکان بڵاویکردۆتەوە: ١١ لێکۆلینەوە

ـ ئەو کارە ئەدەبی و مێژووییانەی وەریگێڕاون و وەکو کتێب چاپ بوون: ١٤ کتێب

ـ نامیلکەکانی چیرۆك و شیعری بۆ منداڵان: ٤ نامیلکە

## نووسین و لێکۆلینەوەکان، کە وەکو کتێب چاپکراون

١ـ جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆلینەوە، ٢٠٠٣.

٢ـ ڕۆژنامەگەری منداڵان بە زمانی کوردی، لێکۆلینەوە، ٢٠٠٤.

٣ـ قۆناغی پێش ڕۆمانسیومی شیعری کوردی (١٨٥١ـ ١٩٢١)، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٦.

٤ـ بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، لێکۆڵینەوە.. چاپی یەکەم: ٢٠٠٧.. چاپی دووەم: ٢٠١١.

٥ـ غەمخۆری منداڵان محەمەد (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، ٢٠٠٨.

٦ـ لە بارەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە (چواردە لێکۆڵینەوە)، ٢٠٠٨.

٧ـ وانە زێڕینەکان .. تێکستی سەد سەربردەی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

٨ـ ڕەنگدانەوەی زەنبیلفرۆش لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٩.

٩ـ کوردۆلۆجی، بە هاوبەشی لەگەڵ م. سەلام ناوخۆش و د. نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەمی لە ٢٠١٠، تا تشرینی یەکەمی ٢٠١١ هەشت جار چاپکراوەتەوەو لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی پەروەردە کردوویەتییە مەنهەجی ڕەسمی قۆناغەکانی چوارەم و پێنجەمی پەیمانگاکانی کۆمپیوتەر و هونەرەجوانەکان و وەرزش، تا ساڵی ٢٠١٣، بە فەزڵی خودا یانزە چاپ بۆ ئەو کتێبە کراوە.

١٠ـ لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە، ٢٠١١.

١١ـ شێواز و شێوازگەری، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

١٢ـ گفتوگۆی زانستی، نووسین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

13ـ هەقایەت و قسەخۆشەکانی باوکم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤ـ کوردناسی، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢.

١٥ـ شارستانیەتی کورد، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢.

١٦ـ شێواز، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢.

١٧ـ جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.

١٨ـ جوانكاری شیعری كلاسیكی كوردی، لێكۆڵینەوە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.

19ـ كلاّوی بابردوو، تێكستی ئەدەبی میللەتان، یەكێتی نووسەرانی كورد ـ مەڵبەندی گشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٢٠ـ شێوازگەری لادان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣.

٢١ـ كۆوانەكانی ڕەوانبێژی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

## لێكۆڵینەوە ئەكادیمییەكان

١ـ بەیت و تیۆرەكانی هۆنینەوەی بەیت لە ئەدەبیاتی میللی كوردیدا، گۆڤاری ئەكادیمی، ژمارە (٥)ی ٢٠٠٧.

٢ـ هەندێ هونەری جوانكاری لە شیعری پیرەمێرددا، گۆڤاری ئەكادیمی، ژمارە (٦)ی ٢٠٠٧.

٣ـ داستان لە ئەدەبی كوردیدا، گۆڤاری ئەكادیمی، ژمارە (٧)ی ٢٠٠٧.

٤ـ خدری زیندە لە نێوان ئاین و ئەدەبدا، گۆڤاری ئەكادیمی، ژ: (٢٠)ی ٢٠١١.

٥ـ لادانی واتایی لە ناڵەی جودایی هێمنی موكریانیدا، گۆڤاری زانكۆ، ژمارە ٥٠.

٦ـ واقیعی زمانی كوردی لە نێوان مردنی زمان و پێوەرەكانی زمانی زیندوو، گۆڤاری ئەكادیمیا، ژمارە: ٢٢، ٢٠١٢.

٧ـ لادانی دارشتن لە دیوانی دیاری مەلامحەمەدی كۆیی، گۆڤاری زانكۆی نەورۆز، ژمارە (١)، ٢٠١٢.

٨ـ بنەما بەرهەمهێنەرەكانی شێواز، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە (٢٣)، حوزەیرانی ٢٠١٢.

٩ـ (شیعرییەتی لادان) لە شیعرەكانی (پەرتۆی هەكاری)دا شێوازو هۆكارەكانی، گۆڤاری زانكۆی دهۆك، بەرگی ١٦، ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٣.

وەرگێڕانی کارە ئەدەبی و مێژووییەکان، کە وەکو کتێب چاپکراون

١ـ پێشەوای گەورە، کورتە چیرۆك، وەرگێڕان، ٢٠٠٠.

٢و٣و٤و٥ـ زنجیرەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (درودو سلاوی خوای لەسەر) بە هاوکاری لەگەڵ: عەبدوللەتیف یاسین، وەرگێڕان، چوار نامیلکە، ٢٠٠٤.

٦ـ ژنە نانفرۆشەکە، ڕۆمان بۆ مێردمنداڵان، وەرگێڕان، ٢٠٠٤.

٧ـ کوردو سەلجوقییەکان (لێکۆلینەوەیەك لە پەیوەندییە سیاسییەکانیان)، نامەی دکتۆرای مێژووی (د. نیشتمان بەشیر)، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.

٨ـ بۆ ئەوەی خوێندنەوەت باشتر و وردتر بێت، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.

٩ـ گەنجینە، ڕۆمان بۆ مێردمنداڵان، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

١٠ـ کلتوری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا لە سەدەکانی (١٣تا ١٩)، وەرگێڕان، ٢٠٠٨.

١١ـ هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢ـ شۆڕشی ژنان، ڕۆمان، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١١.

١٣ـ هەقایەت و ئەفسانەی میللەتان، تێکستی میللی و فۆلکلۆری، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١١.

14ـ بووکی پاشای (ئەدەبیات و قسەی خۆشی میللەتان)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٦.

نامیلکەکانی منداڵان

١ـ دارتووەکەی بەرماڵان، کورتە چیرۆك بۆ منداڵان، ٢٠٠٨.

٢ـ هەرمێ لاسوورە، شیعری منداڵان، ٢٠٠٨.

٣ـ ئامۆژگاری گوێدرێژێك، کورتە چیرۆك بۆ منداڵان، ٢٠٠٨.

٤ـ مریشکە بەهەڵەچووەکە، کورتە چیرۆك بۆ منداڵان، ٢٠١١.